کوردۆلۆجی

پ.ی. سەلام ناوخۆش

د.نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو د.ئیدریس عەبدوڵڵا

* ناوی کتێب: کوردۆلۆجی

* نووسینی: کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ

* تایپیست و نەخشەسازی: کۆچەر ئەنوەر

* بەرگ: جومعە سدیق

* چاپ: دوازدەهەم ٢٠١٤

* چاپخانە: چاپخانەی هێڤی/ هەولێر

* تیراژ: ١٠٠٠ دانە

* نرخ : (٥٠٠٠)دینار

* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(٢٢٦٩)ی ساڵی ٢٠٠٩ی پێدراوە.

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر

ژمارە( )

ناوەرۆك

پێشەکی..............................١٧
دەروازە
چەمکی کوردۆلۆجی.........................٢٠
* مێژووی کوردۆلۆجی.......................٢١
کوردناسە موسلمانەکان.....................٢٢
کوردناسە ڕۆژئاواییەکان...................٢٤
بەشی یەکەم
مێژوی کوردان.............................٢٨
لە بارەی کوردەوە..........................٢٩
زاراوەی کورد..............................٢٩
کورد کێن؟.................................٣٠
ئاری کێنە ؟...............................٣١
هیندۆئەوروپی کێن؟........................٣١
کۆچی هیندۆئەوروپییەکان بۆ کوێ بوو؟.........٣٢
مید و فارس لە کوێی ئێرانی کۆن جێگیر بوون؟........٣٣
زمانی هیندوئۆروپیەکان چی بوو؟..............٣٣
هەرێمە کوردییە مێژووییەکان....................٣٤

(ئازەربێجان) و (ئەرمێنیا)........................٣٤
مێژووی زاراوەی کوردستان........................٣٦
بەشی دووەم
جوگرافیای کوردستان........................٣٨
سنووری جوگرافی کوردستان........................٣٩
تۆپۆگرافیای (کوردستان)........................٣٩
یەکەم: چیاکانی کوردستان........................٤٠
گرنگترین چیا و زنجیرە چیاکانی کوردستان........................٤١
گرنگی چیاکانی کوردستان........................٤٢
دووەم: گردەکانی کوردستان........................٤٢
سوودی گردەکان........................٤٣
گرنگترین گردەکانی کوردستان........................٤٣
سێیەم: دەشتەکانی کوردستان........................٤٤
سوودی دەشتەکان........................٤٤
هەندێ لە دەشتە گرنگەکانی کوردستان........................٤٥
ئاو و هەوای (کوردستان)........................٤٥
١ـ پلەی گەرمی........................٤٥
چۆنیەتی دەستنیشانکردنی جیاوازی پلەی گەرمی وڵات........٤٦
٢ـ بارانی کوردستان........................٤٦

ئەو هۆكارانەی كار لە ئاوو هەوا دەكەن........................٤٧
١ـ دەریاكان..٤٧
٢ـ وشكایی...٤٨
٣ـ بەرزی و نزمی لە ئاستی ڕووی دەریا...........................٤٨
سامانی ئاوی (كوردستان).....................................٤٩
یەكەم: ڕووبارەكانی (كوردستان)..................................٥٠
چەند زانیارییەك لە بارەی ڕووبارەكانەوە..........................٥١
دووەم: زێیەكانی (كوردستان)...................................٥٢
سێیەم: دەریاچەكانی (كوردستان)................................٥٣
بەشی سێیەم
زمان...٥٥
پێناسەی زمان...٥٦
ئەركەكانی زمان...٦٢
١ـ زانیاری و هەواڵگەیاندن............................٦٢
٢ـ پرسیاركردن.......................................٦٣
٣ـ هەست دەربڕین..................................٦٣
٤ـ هەست وروژاندن...................................٦٤
٥ـ فەرماندان...٦٥
٦ـ ڕاپەڕاندن...٦٦

٧ـ جێخۆشکردن............................٦٦
٨ـ ئەرکی سایکۆلۆژی زمان.......................٦٧
٩ـ ئەرکی تۆمارکردنی لەپێناو مانەوە.....................٦٨
١٠ ـ دیاریکردنی ناسنامەی شتەکان..................٦٨
١١ ـ ئەرکی دەربڕینی هزر..................٦٩
١٢ـ ئەرکی زەینی، ئایدیالی.................٦٩
١٣ ـ نێوخودیی............................٦٩
١٤ ـ شیعریەت.....................٧٠
١٥ـ دەق دروستکردن.......................٧٠
گریمانەکانی پەیدابوونی زمان.........................٧١
١ـ گریمانەی یەکەم: زمان کردەیەکی خواییە..................٧١
٢ـ گریمانەی دووەم: ڕێککەوتن........................٧٣
٣ـ گریمانەی سێیەم: غەریزەی تایبەتی...................٧٤
٤ـ گریمانەی چوارەم: دەنگە سروشتییەکان..................٧٤
٥ـ گریمانەی پێنجەم: کۆمەڵایەتی.....................٧٥
6ـ گریمانەی شەشەم: بانگوقیژە.....................٧٦
٧ـ گریمانەی حەوتەم: بزاوتن.....................٧٦
8ـ گریمانەی هەشتەم: مۆسیقا.......................٧٧
تایبەتمەندییەکانی زمان............................٧٧
١ـ زمان دەنگ و واتایە...........................٧٧

٢ـ زمان پێڕەو و یاسایە........................٧٨
٣ـ زمان لەخۆوەیە...........................٧٨
٤ـ زمان تایبەتە بە مرۆڤ.......................٧٩
٥ـ زمان ڕەمزە..............................٨٠
٦ـ زمان زیندووە و لە گۆڕاندایە...................٨١
خێزانە زمانەکانی جیهان...........................٨٢
یەکەم: خێزانە زمانی هیندۆ ـ ئەوروپی...............٨٢
دووەم: خێزانە زمانی سامی ـ حامی..................٨٣
سێیەم: خێزانە زمانی ئۆراڵی........................٨٤
چوارەم: خێزانە زمانی چینی تێبتی....................٨٤
* نەژادی زمان و نەژادی نەتەوە......................٨٤
ئەدگارەکانی زمانی مرۆڤ..........................٨٥
١ـ لادانی شوێنکات..............................٨٦
٢ـ لەخۆوەیی...................................٨٧
٣ـ ئەفراندن....................................٨٨
٤ـ گواستنەوەی کەلتوریی..........................٨٨
٥ـ دوالیتی ـ دووانە..............................٩٠
٦ـ قاڵبی ناوەکیی زمان............................٩٢
١ـ ئاستی دەنگسازی..............................٩٢
٢ـ ئاستی وشەسازی..............................٩٤

٣ـ ئاستی ڕستەسازی.............................٩٦
٧ـ پێکهاتەی زمان نەك ژمارەی ڕەگەزەکان..............٩٩
مرۆڤ لە زمانی ئاژەڵان دەگات یان ئەوان لە زمانی مرۆڤ دەگەن...١٠٠
زمانی ستاندەر.................................١٠٣
زمانی ستاندەر چۆن دروست دەبێت......................١٠٥
* ڕێگەی کلاسیکی................................١٠٦
* ڕێگەی پلانی زمان...............................١٠٧
یەکەم: هەڵبژاردنی زارێك یان بنزارێك....................١٠٧
دووەم: بەسیستەمکردن..............................١٠٨
سێیەم: هەمەلایەنی زاری ستاندەر.......................١٠٩
چوارەم: جێبەجێکردن...............................١٠٩
پێنجەم: پەسەندکردنی جەماوەریی.......................١١٠
ئەلفبێ.......................................١١٠
دابەشبوونی زمانەکان بە گوێرەی سیستەمی نووسین.............١١١
بنەچەی وشەی ئەلفبێ..............................١١٢
ئەلفبێی کوردی پێش ئیسلام..........................١١٣
خەتی ئێزیدی...................................١١٦
خەتی ماسی سۆراتی...............................١١٧
ئەلفبێی عەرەبی..................................١١٩

بنەچەی ئەلفبێی عەرەبی.......................... ١٢٠
ئەلفبێی کوردی و ئەلفبێی عەرەبی.................. ١٢٣
پیتەکانی ئەلفبێی کوردی......................... ١٢٤
جیاوازی نێوان ئەلفبێی زمان و ئەلفبێی فەرهەنگ............. ١٢٦
فەرهەنگە ناودارەکانی کورد و تێکەڵکردنی.................. ١٢٨
مێژووی نووسین بە ئەلفبێی کوردی.................. ١٣٠
دامەزرێنەری ئەلفبێی کوردی....................... ١٣٥
هۆکاری گەشەکردنی ئەلفبێی کوردی لەناو کورداندا............. ١٣٨
گیروگرفتی ئەلفبێی کوردی......................... ١٣٩
ئایا زمانی کوردی ئەو کێشانەی هەیە؟!.......................... ١٤٣
ئەلفبێی لاتینی.................................... ١٤٥
* مێژووی سەرهەڵدانی ئەلفبێی لاتینی..................... ١٤٦
* کورد و ئەلفبێی لاتینی............................. ١٤٧
گیروگرفتی ئەلفبێی لاتینی......................... ١٤٩
دیالێکت.. ١٥٢
چەمك و پێناسەی دیالێکت......................... ١٥٢
جۆرەکانی دیالێکت................................. ١٥٧
١ـ دیالێکتی جوگرافی............................. ١٥٧
٢ـ دیالێکتی کۆمەڵایەتی............................ ١٥٩

٣ـ دیالێکتی تاکەکەسی............................159

٤ـ دیالێکتی ڕەچەڵەکی............................160

٥ـ دیالێکتی پیشەیی............................160

٦ـ دیالێکتی تەمەنی............................161

٧ـ دیالێکتی ڕەگەزیی(جێندەر)............................162

٨ـ دیالێکتی کاتی............................162

٩ـ دیالێکتی لادێیی و دیالێکتی شارستانی............................163

١٠ـ دیالێکتی ڕەمەکی............................163

١١ـ دیالێکتی پەتی............................164

جیاوازی نێوان دیالێکتەکان............................164

١ـ جیاوازی دەنگی............................164

٢ـ جیاوازی ڕێزمانی............................165

٣ـ جیاوازی وشەیی............................166

هۆکارەکانی پەیدابوونی دیالێکت............................166

١ـ هۆکاری کۆمەڵایەتی............................166

٢ـ هۆکاری سیاسی............................167

٣ـ هۆکاری جوگرافیایی و سروشتیی............................167

٤ـ ڕادەی ڕۆشنبیریی و دواکەوتوویی کۆمەڵگە............................168

٥ـ جیاوازی لەڕووی لایەنی دەنگسازییەوە............................168

٦ـ هۆكاری ئابووریی...........................١٦٨
٧ـ هۆكاری میللی......................................١٦٨
٨ـ هۆكاری كەسی و جیاوازی قسەكردن...................١٦٩
دابەشكردنی دیالێكتەكانی زمانی كوردی.......................١٦٩
سنوور و نەخشەی دیالێكتەكانی زمانی كوردی...................١٧٦
یەكەم:دیالێكتی كرمانجی سەروو (باكوور).......................١٧٦
دووەم: دیالێكتی كرمانجی ناوەڕاست.........................١٧٧
سێیەم: دیالێكتی كرمانجی باشوور (خواروو)......................١٧٨
چوارەم ـ دیالێكتی گۆران.......................................١٧٨
جیاوازی نێوان زمان و دیالێكت.................................١٨٠
بەشی چوارەم
ئەدەب و ڕەوانبێژی كوردی......................................١٨٥
لەبارەی ئەدەبەوە...١٨٦
ئەدەب...١٨٧
چەند پێناسەیێكی ئەدەب.......................................١٨٧
مێژووی سەرهەڵدانی ئەدەب.....................................١٨٨
ئەدەبی كۆنی میللەتان..١٨٨
تایبەتمەندییەكانی ئەدەبی فۆلكلۆر..........................١٨٩
ئەركەكانی ئەدەبیاتی فۆلكلۆر و ئەدەب بە گشتی..............١٩١

بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر.................................١٩٣
یەکەم: ئەفسانە...١٩٣
دووەم: حەکایەت یان سەربردە..........................١٩٤
ئامانجی حەکایەتەکان.....................................١٩٥
سێیەم: پەندی پێشینان...................................١٩٥
گرنگی پەندی پێشینان....................................١٩٦
جۆرەکانی پەندی پێشینان................................١٩٨
تایبەتمەندییەکانی پەندی پێشینان.........................١٩٩
چوارەم: ئیدیۆم...١٩٩
پێنجەم: نوکتە..٢٠٠
کۆنترین نوکتە..٢٠١
ڕووخساری نوکتە...٢٠٢
شەشەم: مەتەڵ...٢٠٢
حەوتەم: گۆرانی..٢٠٣
ئەدەبیاتی هونەری بەرز...................................٢٠٤
یەکەم: شیعر..٢٠٤
جۆرەکانی شیعری کوردی.................................٢٠٤
یەکەم: بەیتی یەتیم.......................................٢٠٤
دووەم: دوو بەیت...٢٠٥

سێیەم: پارچە.................................٢٠٥
چوارەم: غەزەل.................................٢٠٦
پێنجەم: قەسیدە.................................٢٠٩
شەشەم: مەسنەوی.................................٢٠٩
حەوتەم: چوارین.................................٢١٠
هەشتەم: چوارخشتەکی.................................٢١٠
نۆیەم: پێنجین.................................٢١١
دەیەم: پێنجخشتەکی.................................٢١٢
یازدە: شیعری خۆماڵی.................................٢١٤
دووەم: پەخشان.................................٢١٦
بەشەکانی پەخشان.................................٢١٧
١ـ پەخشانی زانستی.................................٢١٧
گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەمجۆرە پەخشانە.............٢١٧
٢ـ پەخشانی ئەدەبی.................................٢١٩
گرنگترین تایبەتمەندییەکانی پەخشانی ئەدەبی.............٢١٩
ـ جۆرەکانی پەخشانی ئەدەبی.................................٢٢
١ـ وتار.................................٢٢٠
٢ـ چیرۆك.................................٢٢١
ـ جۆرەکانی چیرۆك لە ڕووی فۆڕمەوە.........................٢٢١

٣ـ ڕۆمان........................ ٢٢٢
٤ـ كورتيله پەخشان........................ ٢٢٣
٥ـ نامه........................ ٢٢٤
٦ـ ژياننامه........................ ٢٢٤
٧ـ شانۆگەری........................ ٢٢٥
٨ـ خوتبه........................ ٢٢٦
٩ـ لێكۆلينەوەی ئەدەبی........................ ٢٢٧
هەندێ هونەری ڕەوانبێژی........................ ٢٢٨
يەكەم: هونەری جوانی بايس........................ ٢٢٨
دووەم: موشاكەله........................ ٢٣٢
سێيەم: وەصفی له بەرگی لۆمه........................ ٢٣٦
چوارەم: لۆمه له بەرگی وەصف........................ ٢٣٧
پێنجەم: ڕێبازی گوتەيی........................ ٢٤٠
بەشی پێنجەم: مەدەنيەت و هەندێ بەها........................ ٢٤٤
بەها چييه؟........................ ٢٤٥
ژيار چييه؟........................ ٢٤٥
بابەتی بەها........................ ٢٤٥
بەها ژيارييەكانی كۆمەڵگای كوردی........................ ٢٤٦
يەكەم: بەهای ڕۆحی........................ ٢٤٧

خوداناسی.......................................٢٤٧
دووەم: بەهای نیشتمانی..........................٢٥٠
یەك: نیشتمانپەروەری.............................٢٥٠
دوو: پاراستنی داب و نەریت و كەلتوری نەتەوەیی..........٢٥٢
سێ: ژینگە پارێزی...................................٢٥٤
چوار: بەرەوپێشبردنی بەرهەمی خۆماڵی..........٢٥٥
سێیەم: بەهای پەروەردەیی..........................٢٥٨
یەك: خوێندن..٢٥٨
دوو: پەروەردە..٢٦٢
چوارەم: بەهای كۆمەڵایەتی.........................٢٦٥
یەك: خۆشەویستی...................................٢٦٥
دوو: هاوسەرگیری...................................٢٦٨
پێنجەم: بەهای سیاسی..............................٢٧٠
یەك: ئاشتی...٢٧١
دوو: ئازادی..٢٧٣
سێ: لێبووردەیی.....................................٢٧٥
چوار: سەربەخۆیی...................................٢٧٨
شەشەم: بەهای دەوڵەتی............................٢٨٢
یەك: دادگری...٢٨٢

دوو: مافی مرۆڤ.................................٢٨٤
تاكی مەدەنی و كۆمەڵگەی مەدەنی...................٢٨٨
یەك: تاكی مەدەنی................................٢٨٨
ئەو سیمایانەی تاكی مەدەنی پێ دەناسرێنەوە...........٢٨٨
گرنگی تاكی مەدەنی...............................٢٨٩
دوو: كۆمەڵگەی مەدەنی...........................٢٩٠
كورتەییێكی مێژوویی..............................٢٩٠
تایبەتمەندییەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی...................٢٩١
ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی.....................٢٩٢
گرنگی كۆمەڵگەی مەدەنی...........................٢٩٣
سەرچاوەكان.....................................٢٩٤

پێشەکی

لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ و هەڵبژاردنی پەرلـەمانی کوردسـتان و دامەزرانـدنی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان، بابـەتێکی ڕۆشـنبیری لـە قۆناغی یەکەمی زانکۆ داندرا بە ناوی "کوردۆلۆجی" .

لەبەر ڕۆشنایی هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی مێـژوویی و نەتـەوەیی لـە ئاست ئـەم مـاددە بـەڕێزە، ئێمـە وەك چـەند مامۆسـتایەکی زانکـۆ و نووسـەر بەپێویسـتمان زانـی ئاوڕێـك لـەم بابەتـە بدەینـەوەو سـەنگێکی زانستی بۆ ئەم بابەتە دابنێین.

سوپاس بۆ خـوا ئـەم کتێبـە جوانـە بەرهـەك هـات و پێشـوازییەکی باشـی لێکرا، لە زیاتر لە زانکۆیەك و پەیمانگایـەك و لـە چـەندین بەشـی زانسـتی کرایە پرۆگرامی خوێنـدن.. لـە سـاڵی خوێنـدنی (٢٠٠٩ــ ٢٠١٠)، لـە لایـەن بـەڕێزان پسـپۆڕانی وەزارەتـی پـەروەردەش ئاگـادار کراینـەوە، کـە بـە پێویستی دەزانـن، ئـەم کتێبـە بکەنـە پرۆگرامـی خوێنـدنی پـەیمانگاکانی (وەرزش و کۆمپیوتـەر و هونەرەجوانەکان)، ئەوەش دڵخۆشی کـردین و لـە ساڵی (٢٠١٠ـ ٢٠١١) ئەو کتێبە بە فەرمی لەو پەیمانگایانەش خوێنرا.

لە دانانی ئـەم کتێبـە (کوردۆلـۆجی)، ئێمـە دوو ئامـانجی سـەرەکیمان هەیە:

یەکەم: کوردۆلۆجی وەك وانەیەك گرنگی پێبدرێ، چـونکە هـەبوونی ئـەم بابەتـە نـەك هـەر لـە کۆلێـژ و پەیمانگـە مرۆڤایەتییـەکانی زانکـۆ و پەمانگاکانی وەزارەتەکانی خوێندنی بـاڵاو پـەروەردە، بـەڵکو لـە کۆلێـژە

زانستییەکانی زانکۆکانیش زۆر گرنگە، بۆ نەوەی نوێ، ئاگاداری کەلتووری نەتەوەیی خۆی بێ.

دووەم: وەك ناوەندێکی ڕۆشنبیری. بابەتی کوردۆلۆجی بابەتێکە زۆر گفتوگۆ و گەنگەشەکردن هەڵدەگرێ، شارەزابوونی قوتابیانی زانکۆ بەو کایە رۆشنبیرییە کەناڵێکی چالاك دەبێ بۆ رۆشبیری گشتی و ڕۆشنبیری نەتەوەیی ساغلەم.

بابەتەکانی کوردۆلۆجی بەشێوەیەکی ئەکادیمی ڕێکخراون. سەرەتا بە گرنگمان زانی، بە کورتی لەچەمکی کوردۆلۆجی بدوێین، هەروەها ئاماژە بەو کوردناسانەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بکەین، کە لە کتێبەکانیاندا بە (چاك) و (خراپ) باسی کوردیان کردووە، هەروەها بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ مێژووی کوردستان.. بەشی دووەم تەرخانکراوە بۆ جوگرافیای کوردستان.. ئەم بابەتانەی لەو دوو بەشە هاتوون، رۆشنبیریین و کاریگەرییەکی باشیان دەبێ لەسەر ئاستی زانیاری قوتابیانی زانکۆ، چونکە بەڕاستی نەنگییە قوتابی زانکۆ، لەهەر کۆلێژ، یان پەیمانگاییێك بێ، هیچ دەربارەی سروشت و جوگرافیای نیشتمانەکەی نەزانێت.

بەشی سێیەم تەرخانکراوە بۆ: زمان بەگشتی و زمانی کوردی بەتایبەتی.. لەم بەشەدا قسە لەسەر هەردوو ئەلفبێی (کوردی) و (لاتینی) کراوە، هەردووکیان بەراوردیش کراون... گومانیشی تێدا نییە، کە زمان زانین و هەبوونی زانیاری دەربارەی زمان، بەتایبەتی زمانی نەتەوە، هۆکارێکن بۆ بونیادنانی زانستی هەر تاکێکی کۆمەڵگا.

بەشـی چـوارەم تایبەتـە بـە ئـەدەب و ئەدەبناسـی و ئـەدەبی کـوردی و ڕەوانبێژی، کـە ئەمانـەش زەوق و خـەیاڵ و فەلسـەفەو عـەقڵی کـوردی لـە ئاوێ،ەی ئەدەب و هونەرەوە دەردەخەن.

بەشی پێنجەمیش دوا بەشی ئەو کتێبەیە، تەرخانکراوە بۆ مەدەنیەت و هەندێ بەهای ژیاری گرنگ لە کۆمەڵگەی کوردی.. ئەو بەهایانە جۆراوجۆرن، بریتینە لە: بەهای ڕۆحی.. بەهای نیشتمانی.. بەهای پەروەردەیی.. بەهای کۆمەڵایەتی.. بەهای سیاسی.. بەهای دەوڵەتی.. دوای ئەوانەش تیشك خراوەتە سەر (تاکی مەدەنی) و (کۆمەڵگەی مەدەنی).

پ. ی. سەلام ناوخۆش

د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

د. ئیدریس عەبدوڵڵا

چەمکی کوردۆلۆجی

کوردۆلۆجی یاخود کوردناسی لە مێژووی ئەدەب و کەلتور زمانی کوردی دەکۆلێتەوە، کوردناسەکان بەر لە کورد لە کوردیان کۆڵیوتەوە، ئەو هەموو توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و ڕاپۆرتانەی ڕۆژئاواییەکان لەسەر کوردیان نووسیوە، بەشتێکی گرنگ لە کەلەپور و کەلتوری کورد پێکدەهێنن.

ئەو بوارە زانستییەی مرۆڤناسی (کورد)، خۆی لەبنەڕەتدا کارێکی مەیدانی پیرۆزە، بەڵام زۆر جار هەتا خودی ئەو کوردناسانە ئەو پیرۆزییە دەبەزێنن و وێنایەکی ڕاست و دروستی کۆمەڵگای کوردی ناکەن، ئەم سنور بەزاندنەش زۆ بواری گرنگی ژیان و مێژووی کوردی گرتۆتەوە، ئەمەش شتێکی چاوەڕێکراوە، چونکە هەموو ئەوانەی وەك گەریدە و زانا و مرۆڤناس هاتوونەتە کوردستان، پیاوی زانست و ڕاست نەبوون، بەڵکو زۆربەیان پیاوی حکومەت و جاسوس بوونە! لەم روانگەوە گرنگە کورد بە عەقلیەتێکی ڕەخنەیی ئەو مێژووی خۆی بخوێنێتەوەو جارێکی تر خۆی بینووستێتەوە، هەروەها لەم ڕوانگەوە دەمانەوێت ڕۆناکبیری کورد خۆی ئەو مێژووەی خۆی بە گوێرەی بنەماکانی میتۆلۆژی زانستی بنووسێتەوە، تاکو مێژووەکەی و کەلتوورەکەی هاوشانی چەمکی کوردۆلۆجی بێت.

* مێژووی کوردۆلۆجی

بێگومان کوردۆلۆجی لقێکە لە ڕۆژهەڵاتناسی، بە واتا: کوردناسی لە هەناوی ڕۆژهەڵاتناسیەوە لەدایك بووە، چونکە ئەویش وەك ڕۆژهەڵاتناسی دیتنی ڕۆژئاوایە بۆ کورد!

د.عەبدوللا جەودەت یەکەم کەس بووە، کە وشەی کوردناسی لە ساڵی ١٩١٣ بەکارهێناوە.. جەلادەت بەدرخانیش لە ساڵی ١٩٣٤ لە وتارێکی بە ناوی (کورد و کوردستان ب جاڤی بیانیان) بەکاری هێناوە، لە سییەکانەوە کوردناسی و ڕۆژهەڵاتناسی لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا بەرچاو دەکەون.

کوردناسەکان زۆربەی لەو ڕەگەزانە بوون:

١ ـ عەرەب ٢– فارس ٣– ئەرمەن ٤ـ ئەلمان ٥ـ ئیتال ٦ـ ڕووس ٧ـ فەڕەنس ٨ – ئینگلیز .

لەو وڵاتانە چەند دەزگایەکی ئەکادیمی هەن، کە بە سەدان ئەرشیفی دیکۆمینتی کوردی تێدایە، زادەی عەقلی ئەو کوردناسانەنە، هەروەها کەلتوری کوردییە و کورد پێویستی پێیانە، ئەگەرچی هەمووشیان بە زانستیانەو بۆ مەبەستی زانستی نەنووسرابن، چونکە هەندێکیان هەر بۆ بەرژەوەندی ئەو وڵاتانە خۆیان نووسراون و ڕۆژهەڵاتناسەکانیش بۆ مەبەستی جۆراوجۆر هاتوونەتە کوردستان و لە کوردستانیان کۆڵیوەتەوە، هەموویان یەك جۆر نین.

کوردناسە موسلمانەکان:

لەدوای ئاشنابوونی کورد بە ئایینی ئیسلام، کورد وەك نەتەوەیەك بەشێك لە نووسراوەکانی مێژوونووس و جوگرافیناس و سەربردەنووسانی موسلمانانی داگیرکردووە، ئەو نووسینانە لەزۆر ڕووەوە جێگەی متمانەن، چونکە ئەوسا هیچ ململانێیەکی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی لەئارادا نەبووە، هەروەها ئەوسا ئەو هەموو نەتەوانەی ئەمڕۆ هەموو بەشدار بوون لە دەسەڵات و بونیادنانی شارستانیەت و مەدەنیەتی ئیسلامیدا. لەخوارەوە ئاماژە بەهەندێ لەو نووسەرانە و کتێبەکانیان دەکەین:

١ ـ محەمەد کوڕی جەریری تەبەڕی (٨٣٩ ـ ٩٢٣ ز)

کتێبە مێژوویەکەی بە (تاریخ الامم والملوك) ناسراوە، ئەم کتێبە لە دروستبوونی بوونەوەرەوە دەست پێدەکات، هەتا ساڵی ٩١٥ی زایینی، لە زۆر شوێن باسی کوردی کردووە.

٢ ـ ئیبن و ئەسیری جەزیری

ناوی ئەبی حەسەن عەلی کوڕی محەمەدی شەیبانییە، لە ساڵی ٦٣٠ی هیجری مردووە.. کتێبەکەی بە (الکامل فی التاریخ) ناسراوە.. ئەم کتێبە بە درێژەپێدەری کتێبەکەی تەبەڕی دێت و سەبارەت بە کورد، بە درێژی باسی بزووتنەوە کوردییەکانی سەدەی نۆیەم و دەیەم دەکات.

٣ ـ ئیبن و کەسیر

ناوی: حافز عیمادەدین ئەبو فیدای ئیسماعیلی کوڕی کەسیرە، بە ئیبن و کەسیری دیمەشقی ناسراوە.. لە ٧٧٤ی هیجری مردووە، کتێبەکەی بە(البدایة و النهایة) ناسراوە.

٤ ـ دینەوەری

سالّی ٨٩٥ی زایینی مـردووە، کتێبەکـەی نـاوی (الاخبـار الطـوال)ە.. لـە گەلێ شوێن باسی کوردی کردووە.

٥ ـ یەعقوبی

سـالّی ٨٩٧ی زایینـی کۆچـی کـردووە، کتێبەکـەی نـاوی (مێـژووی ئەلیەعقوبی)یە.. لە گەلێ شوێن باسی کوردی کردووە.

٦ ـ ئیبن ئەلسەمکەرییە

سالّی ١٠٣٠ی زایینی مردووە، کتێبەکەی بە (تجـارب الامـم) ناسـراوە.. لـە گەلێ شوێن باسی کوردی کردووە.

٧ ـ ئیبن ئەلفەقیە

سالّی ٩٠٢ی زایینی کۆچی کردووە، کتێبەکەی ناوی(کتـاب البلـدان)ە.. لـە گەلێ شوێن باسی کوردی کردووە.

٨ـ ئیبن و حەوقەل

سـالّی ٩٧٧ی زایینـی کۆچـی دوایـی کـردووە، کتێبەکـەی نـاوی (صـورة الارض)ە.

ئیبن و حەوقەل لەم کتێبەی زۆر بەڕوونی نەخشەی کوردسـتانی کێشـاوە، هەردوو بەشی (جیبال) و (جەزیرەی)ی دیاریکردووە.

٩ـ مەقدسی

سالّی ٩٨٥ی زایینی کۆچی دوایـی کـردووە، کتێبەکـەی نـاوی (أحسـن التقاسیم فی معرفة الاقالیم)ە..

مەقدیسی زۆر بەدرێژی باسی لـە داب و نـەریت و کـەلتورو ولاتـی کـوردان کردووە، کوردستانی بە هەرێمی سەربەخۆ لە ولاتانی دی داناوە.

١٠ـ یاقوتی حەمەوی (١١٧٠ – ١٢٢٩)
کتێبەکەی یاقوت زۆر ناسراوە و زانیاریەکی زۆری لەبارەی کوردەوە تێدایە، کتێبەکەی ناوی (معجم البلدان)ە.
ئەمە هەر لە سەدەی سێیەمی هیجرییەوە موسلمانە گەڕۆك و وڵاتناسەکان نەك هەر باسی کورد و کەلتوری کورد و ئایینی کوردیان کردووە، بەڵکو زۆربەی جوگرافیناسەکان نەخشەی کوردستانیان کێشاوە.

کوردناسە ڕۆژئاواییەکان

هەرچەندە زەینەفۆن یەکەم ڕۆژئاواییە، کە دوای هێرۆ دۆتسی مێژوونووس، شتی لە بارەی کوردەوە گوتبێت، هەروەها لەسەردەمی شەڕی خاچ پەرستەکانیش پەیوەندی لەنێوان ڕۆژئاوا و کورد دروست بووە، ئەمەش لە لایەك بە هۆی سەلاحەدین ئەیوبیەوە بووە، لە لایەکی تریش زۆربەی سەربازەکانی سوپای سەلاحەدین کورد بوون.
ئەم جۆرە پەیوەندییانە زۆر پەیوەست نین بە بواری کوردناسییەوە . زانستی ڕۆژهەڵاتناسی و کوردناسی لەسەر ئەو بنەمایە دانەڕێژراون،بەڵکو ئەوجۆرە پەیوەندی و ناسینە لە ئاکامی شەڕەوە دروست بوون.
بەحوکمی ئەوەی جولەکە و ئەرمەنی پەیوەندیەکی کۆنیان لەگەڵ کوردان هەبووە، بۆیە ئەوان بەر لەخەڵکانی دی ڕۆژئاوایی باسی کوردیان کردووە. لەم بەشەش هەوڵ دەدەین ئاماژە بەناوی هەندێ کوردناس و نووسراوەکانیان بکەین:
١ـ مارکۆ پۆلۆ ١٢٥٤ ـ ١٣٢٤

جوگرافیناس و گەڕالێکی ناسراوی ئیتالییە، ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـرێ کـە مارکۆ پۆلۆ یەکەم ڕۆژئاواییە ناوی (کوردستان)ی بەکارهێناوە.

٢ ـ ژان باپتیست تاڤێرنیە (١٦٠٥ ـ ١٦٨٩)

بازرگـانێکی فەرەنسـی بـووە، لەسـالی ١٦٣٢ی زایینـی گەشـتێکی بـۆ کوردسـتان کـردووە، کتێبەکـەی بـەناوی (شـەش گەشـت لـەتورکیاوە بـۆ پـاریس)ە. گرنگـی ئـەم کتێبـە لەوەدایـە کـە گەشـتەکەی تاڤێرنیـە بـۆ کوردستانی هاوکات بووە بە بەردەوامی سەفەرنامەکەی (ئـەولیا چـەلەبی) و سەردەمی ئەحمەدی خانی شاعیر.

٣ ـ کریسستین نبوور

یەکێ لەو گەڕیدانەیە کە گەشتی بۆ کوردسـتان کـردووە، ئـەو گەشـتەی لەساڵی ١٧٦٦ چاپ کردووە و باسێکی لەسەر کورد نووسیوە.

٤ـ مێریلا گالیتی

کتێبێکـی لەسـەر کـوردان نووسـیوە بـەناوی (کـەلتوری کـوردی لـە نووسراوەکانی ئیتالیەکاندا).

٥ ـ قەشە مۆریزیۆ گارزۆنی

لە ساڵی ١٧٨٧ کتێبێکی بەناوی (ڕێزمـانی دانـەو وشـەی زمـانی کـوردی) بڵاو کردۆتەوە.

٦ ـ لێرخ

یـەکێ لـەو کوردناسـە ڕووسـانە بـووە، کـە زۆر شـتی لەسـەر کـورد نووسیوە، سێ کتێبی لەسەر کوردەکانی ڕۆژهەڵات نووسیوە.

٧ ـ ئەلێکسەندەر ژابا (١٨٠٣ — ١٨٩٤)

ئەلێکسەندەر ژابا زۆر لەگەڵ مەلا مەحمودی بایەزیدی (١٧٩٩ — ١٨٦٠)دۆست بووە، بە هاوکاری ئەو چەندەها دەستنووسی کوردییان لە فەوتان رزگار کردووە. هەندێ توێژەر نووسینەکانی بایەزیدی و ژاپا بە سەرەتای سەرهەڵدانی پەخشانی کوردی دادەنێن.

٨ ـ ئەلبێرت سۆسین

توێژەرێکی ئەلمانییە، پرۆفیسۆر بووە لەبوواری زمانەوانیدا. نووسینەکەی لەبارەی کوردانەوە بە ناوی ((لێکۆلینەوەیەکی فیلۆلۆجی زمانی کوردی))یە، ساڵی ١٨٩٨ لە ستراسپۆرگ بڵاوی کردۆتەوە.

٩ ـ باسێل نێکتین ١٨٨٥ — ١٩٦٠

باسێل نیکتین بەهاوکاری مەلا سەعیدی شەمدینانی ١٨٨٥ — ١٩١٨ زۆر نووسینی لەبارەی کوردەوە بڵاوکردۆتەوە، ناسراوترین کتێبی باسیل نیکیتین کتێبی ((کورد لێکولینەوەیەکی سۆسیۆلۆژی و مێژوویی))یە.

١٠ ـ مینۆرسکی ١٨٧٧ — ١٩٦٦

ڤلادمێر مینۆرسکی یەکێ لەو کوردناسانەیە، کە نووسینێکی زۆری لەبارەی زمان و ڕەسەن و کەلتووری کوردەوە نووسیوە،هەر ئەو بوو وتی: کورد نەوەی میدیەکانن.

١١ـ کرێس کۆچێرا

یەکێ لەو کوردناسانەیە کە هێشتا لە ژیانداماوە،ـ چەندان جار هاتۆتە کوردستان، کتێبی (بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردو هیوای سەربەخۆیی)،یەکێ لە کتێبە دانسقەکانیەتی.

بێگومان سەدان کوردناسی تر هەن، کە بەباشی و خراپ زۆریان لەسەر کورد نووسیوە، وەك:

- مێجەرسۆن یەکەم رۆژنامەی کوردی لە کوردستان دەرکردووە.

ــ ئــەدمۆنز فەرهــەنگی (کــوردی– ئینگلیــزی) لەگــەڵ تۆفیــق وەهبــی نووسیوە.

- مێجەر نوئێل هاوکاری شـێخ مـەحمودی کـردووە لەحوکمـداری یەکـەمی شێخدا.

هەندێك لەو کتێبانەی لەبارەی کوردو کوردستان نووسراون:

١– دەیڤد ئادەمسۆن، شەڕی کورد، لەندەن، ١٩٦٤ .

٢– فریــدریك باریس،بنەمــەکانی ڕێکخســتنی کۆمەڵایــەتی لەباشــووری کوردستاندا،ئۆسلۆ،١٩٥٣ .

٣– بێنیگسـۆن، کوردەکـان و کوردۆلـۆجی لەیـەکێتی سـۆڤیەت، پـاریس، ١٩٦ .

٤–جۆیس بلۆ، فەرهەنگی کوردی - فەرەنسی - ئینگلیزی، پاریس، ١٩٦٥.

٥–دێرك کینان، کوردەکان و کوردستان . لەندەن، ١٩٦٤ .

٦–سوزان میسیلەس، کوردستان لە سێبەری مێژوودا نیویۆرك ١٩٩٧ .

٧–پیتەر سلوگلێت،بەریتانیا لە عێراقدا ١٩١٤ – ١٩٣٢، لەندەن، ١٩٧٦ .

بەشی یەکەم
مێژووی کوردان

له بارەی کوردەوە

کورد بە یەکێك لەو میللەتانە دەژمێردرێت، کە هەر لە چاخە کۆنەکانەوە پێکهاتەی دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامییان پێکهێناوە، ناوچە سەختەکانی نێوان بانەکانی ئێرانی ڕۆژئاوا و وڵاتی نێوان دوو زێیەکان (میزۆپۆتامیا)ی بە وڵاتی خۆی گرتووە.

هەندێك گوتوویانە: یەکەم تۆمارکردنی ناوی (کورد) لە سەردەمی سەلجوقییەکان بووە، بەڵام سەرچاوەی تریش هەیە، دەڵێت: وشەی (کورد) بە واتاو چەمکی (کوردی) زۆر لە مێژە بەکار دێت، دەشێ بگەڕێتەوە سەردەمانی زۆر زۆر کۆن، ئەوەتا هەر هیچ نەبێ: لە سەرەتای مێژووی زاینی: کورد ناسراوە، چونکە نووسەری ڕۆمانی بلوتارخیس (٥٠-١٢٥ز) بە ناوی (کوردینۆس) ناوی کوردانی بردووە.

لە سەردەمی یەکەمی ئیسلامەتی و دەرکەوتنی پێغەمبەری خوداش (درودو سلاوی خوای لەسەر)، موسلمانان زانیویانە میللەتێك هەیە، ناوی (کورد)ەو سەحابەییێکی بەڕێز و خۆشەویستیشیان بە ناوی (جابانی باوکی مەیمونی کوردی) ناسیوە و لە ڕێگەی ئەوەوە زانیویانە: کورد کێنەو لە کوێ دەژین.

زاراوەی کورد

بە پێی (فاتح عەبدوڵلا محەمەد)ی پسپۆڕی (مێژووی دێرینی کوردستان)، لە کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی - زانکۆی سلێمانی: ئەم زاراوەیە کە ناوی گەلی کوردە لە سەرچاوە مێژوویەکاندا بە چەندین

شێوە هاتووە، یان بە شێوازێکی دیکە بڵێین: بنچینەی ئەم زاراوەیە بۆ ئەو ناوانە دەگەڕێتەوە، کە لە سەرچاوە جیاوازەکاندا بۆ ناوی گەلی کورد بەکار هاتوون .. وەکو: (کاردا، کاردۆنیاش، کورتی، گۆتی، کورتا، گورد، کاردۆخی، کارداکا، کارداك، کوردوا، کوردۆنین، کوردچیخی، بیپ قردو، کاردۆ، قوردای، قاردۆ، قردی، بقردی، ئەکراد، کورد).

کەوابێ: زاراوەی کورد ڕیشەکەی بۆ ئەم ناوانە دەگەڕێتەوە، کە هەر یەك لەم ناوانە لە سەردەمێکی مێژووی جیاوازدا بۆ نەتەوەی کورد بەکار هاتوون، سەرەڕای ناوە هەرێمی و جوگرافیاییەکان کە بۆ کوردو کوردستان بەکارهاتوون. بۆیە بە شێوەیەکی سەرەکی دەڵێین: لە سەردەمی ساسانی و ئیسلامیدا زاراوەکە جێگیر بووە و کورد بۆتە ناوی گەلێك کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا دەژین و پێیان دەڵێن کورد.

کورد کێن؟

کورد نەوەی نەتەوەکانی زنجیرە چیای زاگرۆسن، ئەوانەی لە هەزارەکانی سێیەم و دووەم و یەکەمی پێش زایین لە زنجیرە چیای زاگرۆس ژیاون، هیندوئۆروپینە، ڕەچەڵەکیان (ئاری)یە، ئێستاکە دانیشتوانی باکوری عیراق و باشوری تورکیا و ڕۆژهەڵاتی سوریاو ڕۆژئاوای ئێران پێك دێنن.

ئاری کێنە؟

جیمس هینری نووسەری کتێبی (انتصار الحضارة) دەڵێت: زاراوەی ئاری دەبرێتە سەر لقی ڕۆژهەڵاتی گەلانی هیندۆئۆروپی، کە بریتینە لە: ئەرمەن و فارس و مید و گەلانی ئەفغانستان و هیندستان.. بەڵام بەشە ڕۆژئاواییەکەی گەلانی هیندۆئۆروپی بریتینە لە: ئەوروپیەکان و ئەمریکییەکان.. ئەوان ئاری نین، بەڵام ئامۆزای ئاریانن.

هیندۆ ئەوروپی کێن؟

پسپۆڕانی مێژووی مرۆڤایەتی دەڵێن: گەلانی هیندۆئەوروپی، بەر لە (٢٥٠٠ پ. ز)، نیشتەجێی دەشتەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای قەزوین و باکوری ئەو دەریایە بوون، لەوێ سوارچاکییان دەکرد و خەریکی ئاژەلداری بوون، بەڵام لە دەوروبەری ساڵی (٢٠٠٠پ.ز) بە دەست سێ هۆی سەرەکییەوە بێزاربوون و ئەو ناوچانەیان لێ تاڵ بوو، ئەو هۆیانە بریتی بوون لە:

١ـ شەڕ و ناکۆکی ناوخۆیی.

٢ـ هێرش و داگیرکاری تۆرانی بۆ سەر ناوچەکەیان.

٣ـ درووستبوونی وشکەساڵی و نەمان، یان کەمبوونی لەوەڕ بۆ ئاژەڵەکانیان.

لەبەر ئەم سێ هۆیانە، ئیتر ژیان لەو ناوچەیەیان ناخۆش بوو، ناچار لەو ساڵەوە ئەو ناوچانەیان جێهێشت و بۆ شوێنانی تر هاتن.

ئەم هیندۆئەوروپییانە نەتەوەی دوای تۆفانی (نوح)ن، بێگومان لە کوڕان و نەوەی (نوح)یشن، چونکە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی: ﴿وَجَعَلْنَا ذُرِّيَّتَهُ هُمُ ٱلْبَاقِينَ﴾.. سوڕەتی الصافات.. ئایەتی ٧.. واتە: وامان کرد نەوەکانی نوح بمێننەوە.

ئینجا (نوح)یش سێ کوڕی لەگەڵدابووە لە نێو ئەو کەشتی ئیمانەی، بووە هۆی پاراستنی ئیمانداران لە غەزەب و ڕقی خوایی و مانەوەیان، ئەو سێ کوڕانە ناویان (سام) و (حام) و (یافث) بووە.. (سام) باوە گەورەی عەرەب و عیبرییەکانە.. (یافث) چ منداڵی نەبووەو کەسی لێ بەجێنەماوە.. کەواتە: (حام)یش باوە گەورەی نەتەوەکانی هیندۆئەوروپییەکان و لە نێویشیان نەتەوەی کوردە.

کۆچی هیندۆئەوروپییەکان بۆ کوێ بوو؟

هیندۆئەوروپییەکان کە ناوچەی خۆیان جێهێشت بوونە دوو پارچەی سەرەکی، هەریەکەیان بۆ شوێنێ چوو:

١ـ بەشێکیان بۆ دەریای ناوەڕاست لە بەلقان و لیریۆن دابەزین (دانیشتوانی مەکدۆنیا بە تایبەتی ئەلبانەکان لە مانەن).. هەندێکیان لەوانە بە کەشتی دەریای ناوەڕاستیشیان بڕی و پەڕینەوە کەنارەکانی ئەو دیو، چوون لە باکوری ئەفریقیا دابەزین.. (ئەمازیغ) کە بە (بەربەر) ناسراون، لەمانەن.

٢ـ بەشێکی تریان بۆ دەوری دەریای قەزوین چوون و شاخەکانی قەفقاسیان تێپەڕاند، لە سەرووی فوراتەوە جێگیر بوون، کە میتانییەکان

بوون (باپیرانی پێشووی کورد).. له دواتردا هەندێ لە مانە ڕوویان کردە ڕۆژهەڵات، بەرەو بەرزاییەکانی ئێران و لە هیند گیرسانەوە، بەشێکی تریشیان لە ئێران جێگیر بوون، (ماد) و (فارس) پێکهاتەی ئەم بەشە بوون.

مید و فارس لە کوێی ئێرانی کۆن جێگیر بوون؟

١- (مید) لە باشووری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی ورمێ جێگیر بوون.

٢- (فارس) لە باشووری ڕۆژئاوای دەریاچەکە، دواتر بۆ باشوری ڕۆژئاوای ئێرانی ئێستا شۆڕ بوونەوە.

هەردوولا دەوارنشین بوون، خەریکی ئاژەلداری بوون و سوار و سوپایان بۆ جەنگ و بەرگری لە خۆیان و سیاسەتی خۆ قایم کردن، درووست دەکرد.

زمانی هیندۆئەوروپییەکان چی بوو؟

هیندۆئەوروپییەکان ئەو کاتەی پێکەوە بوون بە یەك زمان قسەیان دەکرد، بەڵام دواتر کە لێك جیابوونەوە، هەریەکەو بە شێوەیەك زمانەکەیان بەرەوپێش هات و چەندین زمانی نوێیان لێ درووست بوو، کوردی و فارسی و ئۆردوو و... لە فۆڕمە نوێکانی زمانی هیندۆئەوروپییەکانن.

هەرێمە کوردییە مێژووییەکان

هەموو ئەو وڵاتەی کوردی تیا ژیاوە، لە کۆندا لە ڕووی سیاسییەوە ناوی کۆی (کوردستان)ی نەبووە، بەڵکو ناوانی دیکەی بەسەردا براوە، ئەوەتا بۆ نموونە: تا چەرخەکانی پێنجەم و شەشەمی کۆچی، یانزەو دوانزەی زاینی، وڵاتی کورد هەر لەو دابەشبوونەی بەسەر هەرێمەکاندا ڕزگاری نەبووە، لەو مێژووەی ئاماژەی بۆ کرا وڵاتی کوردان بەسەر ئەم هەرێمانەی خوارەوە دابەش دەبوو:

١ـ هەرێمی چیاکان (أقليم الجبال)

٢ـ هەرێمی جەزیرەی فوڕاتی

٣ـ هەرێمی ئازەربێجان

٤ـ هەرێمی ئەرمێنیا

٥ـ هەرێمی لوڕ (لوڕستان)

٦ـ هەرێمی شەهرەزوور (شارەزوور)

جگە لەمانەش هەندێ هۆز و تیرەو کۆمەڵەی کوردی تر هەبوون، لە هەرێم و شوێنەکانی دیکەی وەکو: (وڵاتی فارس و خوزستان و وڵاتی شام)دا دەژیان.

(ئازەربێجان) و (ئەرمێنیا)

لێرەدا ڕەنگە پرسیاری ئەوە دروستبێت، کە: ئایا (ئازەربێجان) و (ئەرمێنیا) لە کۆندا هەرێمی کوردی بوونە؟

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەبێ ئەوە بزانین، کە ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین کوردستانە، مەرج نییە لە کۆندا کوردستان هەر ئەوەندە بووبێت، بەڵکو وەکو ئاماژەمان پێدا زۆر هەرێمی دیکەش هەبووە لە کۆندا کوردی تیا ژیاوەو وەکو ئاماژەمان بۆ کرد (ئەرمێنیا) و (ئازەربێجان)یش ڕۆژگارێك بووە، کە ئەوە هێندە دوور نییەو چەرخەکانی پێنجەم و شەشەمی کۆچی، یانزەو دوانزەی زاینی شاهیدن، کە ئەوسا کورد نەك هەر دانیشتوانی ئەو هەرێمانەی کردووە، بەڵکو فەرمانڕەوایەتیشی تێدا کردون، بەڵام کە ئێستا کورد لەو هەرێمانە نەماون، یان بوونەتە کەمینەیەکی زۆر کەم، ئەوە بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە، ئەوانیش یەکیان پەیوەندی بە کورد و ژیانی کۆنی میللەتانی ڕۆژهەڵات هەبووە، ئەوەی دووەمیش پەیوەندی بە دوژمنانی کوردەوە هەبووە.

١ـ ئەوەی پەیوەندی بە کوردەوە هەیە، ئەوەیە کە: لە کۆندا بژێوی میللەتان بە گشتی و میللەتانی ڕۆژهەڵاتیش بە تایبەتی لەسەر مەڕداری بووە، ئەوەش ناچاری کردوون، کە هەمیشە بە دوای لەوەڕی باشتردا بگەڕێن و لە هەر جێیەك تووشی وشکە ساڵی و قات و قڕی هاتبن، ئاسایی بۆ شوێنێکی دیکەیان گوازتۆتەوە، لەوەشدا چ گرفتێکیان نەدیوە، مادام بەوە ژیانی باشتر و سەقامگیرتریان بۆ خۆیان مسۆگەر کردووە.

٢ـ ئەوەی پەیوەندی بە دوژمنانی کوردیشەوە هەیە، هەر لە کۆنەوە ئەوانەی بە شەڕوشۆڕ هاتوونە، هەرێمە کوردییەکانیان داگیرکردووە، خەڵکی خۆیان لە هەرێمەکاندا نیشتەجێکردووە، بەوەش وڵات لە کورد تەسك بۆتەوە، شوێنەکەیان جێهێشتووە، بۆ شوێنێکی تر ڕۆشتوون،

هەروەك چۆن كە سەلجوقییەكان هاتنە ئەرمێنیاو ئازەربێجان، توركەكانیان لەو ولآتانەدا نیشتەجێكرد، بەوەش بەشێكی كوردانی ئەویَ ولآتەكەیان لیَ تەسك بووەوە، بەرەو هەرێمەكانی دی هاتن، بەلآم لەگەلَ ئەوەشدا، تا سەرەتاكانی سەدەی بیستەمیش كورد لەو هەرێمانە هەر زۆر بوون، تەنانەت دوای سەركەوتنی كۆمۆنیستەكانی ڕووس لە ئۆكتۆبەری ١٩١٧و دەركەوتنی یەكیەتی سۆڤیەتی، كوردیش وەكو هەر نەتەوەیەكی دیكەی چوارچێوەی ئەو دەولَەتە نوێیە، حكومەتێكیان بە ناوی (كۆماری كوردستانی سوور) دامەزراند، بەلآم ئەو حكومەتە تەمەنی زۆر نەبوو، دوای هاتنە سەر تەختی (ستالین)، ئەو كۆمارە ڕووخێنرا، كوردەكانی ئەویَ پەرش و بلآوكران، بەوەش گەورەترین زەبر بە كورد و ولآتەكەی لەو ناوچانەدا كەوت و ئێستاكە كورد وەكو كەمینەیەكی كەم لەوێدا دەبینرێن.

مێژووی زاراوەی كوردستان

وشەی (كوردستان) وەكو زاراوەییێكی سیاسی و گشتگیر بۆ ولآتی كوردان، وردە وردە لە نووسراوەكانی كۆتایی سەدەی حەوتی هیجری/ سێنزەی زاینی و سەرەتای سەدەی هەشتی هیجری/ چواردەی زاینی، دەكەوێتە بەرچاو.. ئەوەتا:

١ـ گەڕیدەی ئیتالَی (ماڕكۆ پۆلۆ) كە لە (٧٢٣هیجری/ ١٣٢٣زاینی) مردووە، سالَی (٦٧٠هیجری/ ١٢٧٠زاینی) دەستی كردووە بە گەشتێك بۆ هەرێمەكانی ڕۆژهەلآت و لە نێویشیان ولآتی كوردان، دواتر گەشتنامەكەی

نووسیوەتەوە، تیایدا زاراوەی (کوردستان)ی بۆ وڵاتی کوردان بەکارهێناوە.

٢- مێژوونووسی مەغۆلی (ڕەشیدەدین فەزلۆڵڵای هەمەدانی) مردوو لە (٧١٨هیجری/ ١٣١٨زاینی) لە کتێبەکەی خۆیدا (تأريخ المغول) زیاتر لە جارێك وشەی (کوردستان)ی بەکارهێناوە.

٣- مێژوونووس و شارناسی فارسی (حەمدوڵڵای مستەوفی قەزوینی) مردوو لە (٧٥٠ هیجری/ ١٣٤٩زاینی)، ئەوەش لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناونیشانی (نزهە القلوب) وشەی (کوردستان)ی بۆ وڵاتی کوردان بەکارهێناوە.

بەشی دووەم

جوگرافیای کوردستان

بەشی دووەم
جوگرافیای کوردستان

سنووری جوگرافی کوردستان

کورد بە یەکێك لەو میللەتانە دەژمێردرێت، کە هەر لە چاخە کۆنەکانەوە پێکهاتەی دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتیان پێکهێناوە.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا کوردستان بە هەموو پارچەکانییەوە، واتە: کوردستانی گەورە.. وڵاتێکی ئاسیاییە، دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای ئەو کیشوەرە، سنوورەکەی:

- لە باکورەوە لەگەڵ ئازەربێجان و ئەرمێنیاو تورکیا دایە.
- لە باشورەوەی ئێران و کەنداوی عەرەبی هاوسنوورینە.
- لە ڕۆژهەڵاتەوە ئێران
- لە ڕۆژئاواشەوە بەشە عەرەبیەکەی عیراق و سوریا دەوری دەدەن.

تۆپۆگرافیای (کوردستان)

زەوی و زاری کوردستان لە ڕووی بەرزی و نزمییەوە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە لەیەك جیاوازە، هەندێ شوێنی تەخت و دەشتی پان و بەرینی کاکی بە کاکین، هەندێ شوێنی دیکەیشی بەرزن، کە بە شێوەیەکی گشتی جوگرافیناسان دەڵێن: ناوچەکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە چیای بەرز داپۆشراون، بەرزایی هەندێکیان زیاترە لە چوار هەزار مەتر لە ئاستی ڕووی دەریا، لە نێو ئەو چیایانەش هەندێ دەشتایی

تەخت هەن، بەڵام ناوچەکانی باشوور و ڕۆژئاوا نزمن و چیایان کەمـە، بـە زۆری لە دەشتایی پێکهاتوون و گردیش لێرەو لەوێ بە دیار دەکەون.

بۆیە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین: تۆپۆگرافیـای کوردسـتان لە سێ بەشی جوگرافی جیاواز پێکهاتووە، ئەوانیش بریتینە لە: (چیاکان) و (گردەکـان) و (دەشـتاییەکان).. لـە خـوراەوە تیشـك دەخەینـە سـەر هەندێ لایەنی گرنگی هەریەکە لەم سێیانە.

یەکەم: چیاکانی کوردستان

- نیوەی زیاتری تۆپۆگرافیای کوردسـتان لـە چـیا پێکهـاتووە، کـە ئـەم چـایانە خۆیـان لـە چـەند زنجیرەیەکـدا دەبیننـنـەوە، ڕووی ئـەو زنجـیرە چـیایانە بـە زۆری لـە بـاکووری ڕۆژئـاواوە بـەرەو باشـووری ڕۆژهـەڵاتن.. بـەرزاییان لـە پێنجسـەد مـەترەوە دەسـت پێـدەکات و وردە وردە لەگـەڵ درێژبوونـەوەیان بـەرزیش دەبنـەوە، تـا دەگەنـە پێـنج هـەزار مـەتر، ئـەو بەرزییەش هێندە زۆرە، بە شێوەیەك کـە لـە باشـووری ڕۆژئـاوای ئاسـیادا کەم هەیە ناوچەیەکی دیکـەی بێجگـەی کوردسـتان، چـیاکانی بگەنـە ئـەو بەرزییە.

ـ لوتکـەی چـیاکان زۆر بڵنـد و قـەدەکانیان زۆر ڕك و پێچاوپێچـن، لـە هەندێ شوێنیشدا زۆر لە یەکتر نزیك دەبنەوە، بەمە لە گەڵێ شوێندا دۆڵی سەختیان دروستکردووە، قوڵایی هەندێکیان دەگاتە سەدان مەتر.

ـ ژمـارەی چـیاکانی کوردسـتان تـا ئێسـتا بـە تـەواوەتی دیـار نییـە، سەرچاوەکان لەمڕووەوە ژمارەی لەیەك جیا دەڵێن، هەیانـە دەڵێـت: ١٢٢

چیا له كوردستان هه‌یه، هه‌شیانه ئـه‌و ژماره‌یـه به‌رزده‌كاتـه‌وه‌و ده‌ڵێـت: ژماره‌ی چیاكانی كوردستان بریتییه له ٢٢٠ چیا.

گرنگترین چیا و زنجیره چیاكانی كوردستان

لـه كوردسـتاندا چـیا و زنجـیره چـیاكان یـه‌كجار زۆرن، لێـره‌دا تـیش ده‌خه‌ینه سه‌ر هه‌ندێ له گرنگترینیان، كه بریتین له:

ـ گرنگترین زنجـیره چـیاكانی كوردسـتان، زنجـیره چـیای (زاگـرۆس)ه، هه‌رێمی ئه‌و چیایه گـه‌لێ پـان و به‌رینـه، هـه‌ر لـه باكووریـه‌وه‌ی چـیاكانی باشووری ده‌ریاچه‌ی (ورمێ)نه، تا ده‌گاته باشووری ته‌نگه‌به‌ری (هـورمز)، درێژییه‌كه‌ی ١٤٠٠كم، پانیه‌كه‌شی له ڕۆژهه‌ڵاته‌وه بۆ ڕۆژئـاوا لـه نێـوان ١٠٠ تـا ٣٠٠ كیلۆمـه‌تر پانـه. ڕووبـه‌ری ئـه‌م زنجـیره چـیایه ٣٣٢٠٠٠كـم چوارگۆشه‌یه.. له‌به‌ر فراوانیـی دابه‌شـكراوه‌ته سـه‌ر (زاگرۆسـی بـاكوور) و (زاگرۆسی باشوور) و (زاگرۆسی ناوه‌ند).

گرنگی چیاكانی كوردستان

چیاكان له گه‌ڵێ ڕووه‌وه جێی سوود و بایه‌خن، له‌وانه گرنگرترینیان:

١ـ له ڕووی سیاسی و عه‌سكه‌رییه‌وه بوونه‌ته شوره‌یه‌كی قـایم بـه ڕووی دوژمنان، هه‌ر لـه كۆنـداو بـه تایبـه‌ت لـه‌و سـه‌ده‌یه‌ی ڕابـردوو په‌ناگه‌یـه‌ك بوونه بۆ شۆڕش و ڕاپه‌ڕینه‌كانی كورد.

٢ـ گه‌ڵێ كانزای گرنگ و جۆراوجۆر له خۆیان هه‌ڵده‌گرن.

٣- بەردەکانیان بۆ جوانکاری و بنیاتنانی خانووبەرەو پرۆژەی جۆراو جۆر لە بواری بیناسازی سوودی گەورە دەگەینن.

٤ـ قەدپاڵەکانیان دارستانی گەورەن و گەلێ جۆر داری گرنگیان لێ دەڕوویت.

٥ــ دەبنە بەربەستی باش بەڕووی بای بەهێز، بەوەش زەوییە کشتوکاڵییەکانی نزیکیان دەپارێزن.

٦- هۆکاری باشی گەشتوگوزارن و لەم ڕووەوە دەرامەتێکی باش بۆ خەڵکی دانیشتووی خۆیان زامن دەکەن.

دووەم: گردەکانی کوردستان

گردەکانی کوردستان بە زۆری لە چەند زنجیرەیەکی خواروخێچی چەماوە پێکهاتوون، لە چاو چیاکانی دەوروبەریان زۆر بەرز نین، بەڵام لە چاو دەشتەکانیش ئەوان بە تەواوی جیانەو دەبینرێت، کە چەند بەرزن، هی وایان هەیە، لە هەندێ شوێنیدا بەرزاییەکەی دەگاتە ١٧٥٠ مەتر، وەکو ئەمە لە بەشی ڕۆژهەلاتی گردی (پاسینلەر)ی کوردستانی باکوور دەکەوێتە بەرچاو، هەشیانە لەوەش بەرزترن، وەکو هەندێ بەشی گردی (گەوەر) کە بەرزاییەکەی دەگاتە ٢٠٠٠مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاو، هەندێ بەشی گردی (کواندە)ش بەرزاییەکەی دەگاتە ٢٤٣٠مەتر لە ئاستی ڕووی دەریا.

سوودی گردەکان

ئەو گردانە لە چەند ڕوویەکەوە سوود بە دانشتووانی دەوروبەری خۆیان دەگەینن، لەوانە:

١ـ هەندێجار دەبنە بەربەستێك بە ڕووی هێرشی بای بەهێز و ناوچە دەشتاییەکانی دەوروبەریان لە هەندێ لەو زیانانە دەپارێزن، کە لەوانەیە بایە بەهێزەکان دووچاریان بکەن.

٢ـ لە ڕووی ئاژەڵدارییەوە ئەو گردانە هەمیشەو بە تایبەت لە بەهاراندا دەبنە لەوەڕگای گرنگ بۆ مێگەلەکان.

٣ـ هەندێ لەو گردانەی کە زۆر بەرزو سەخت نین و پشتێکی تا ڕادەیەك پانیان هەیە، بۆ بەرهەمهێنانی دانەوێڵە (گەنم و جۆ) سوودیان لێوەردەگیرێت.

گرنگترین گردەکانی کوردستان

ئەو گردانە زۆرن، زۆربەشیان دەکەونە هەرێمی کوردستانی عێراق، لەوانە:

١ـ بایەزید: دەکەوێتە سێگۆشەی کوردستان و ئێران و تورکیا.

٢ـ بەرزنجە: دەکەوێتە سنووری پارێزگای سلێمانی، لە نێوان زنجیرە چیاکانی هەورامان و دەشتی پانی شارەزوور، شاربازێڕیش دەکەوێتە بەشی باکووری.

٣ـ کەرکوك: لە نزیك ڕووباری دیالە دەست پێدەکات، بەرەو ڕۆژئاوا درێژدەبێتەوە تا دەگاتە دەشتی هەولێر.

٤ـ باسینلەر: دەکەوێتە ناوچەی (ئەرزرۆم) لە کوردستانی باکوور.
٥ـ کواندە: دەکەوێتە باکووری شاری دهۆك.

سێیەم: دەشتەکانی کوردستان

دەشتەکانی کوردستانیش بەشێکی دیکەی گرنگی خاکی کوردستان پێکدەهێنن، ئەو دەشتانە پان و بەرین و تەختن، ڕووبەرەکانیان لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت، بەڵام بە هەموویان ١٥٪ی ڕووبەری گشتی خاکی کوردستان دادەپۆشن.

سوودی دەشتەکان

سوودی دەشتەکانی کوردستان گەلێ زۆرن، لەوانە:

١ـ لە ڕووی ئابوورییەوە بڕبڕەی پشتی ئابوری کوردستان پێکدێنن، چونکە لە ڕووی کشتوکاڵییەوە زەوییەکانیان زۆر بە پیتە، دەتوانن دانەوێڵەی تەواوی نەوەك تەنها کوردستان بەڵکو ناوچەکانی دەوروبەری کوردستانیش پێك بێنن، ئەوەتا تەنیا بەشێك لە دەشتەکانی کوردستانی عێراق، دەتوانن بەروبوومی دانەوێڵەی هەموو عێراق زامن بکەن، بۆیە پێیان دەگووترێت: (سلە الخبز العراقی).

لە لایێکی دیکەوە دیارە جگە لە کشتوکاڵ، (نەوت)یش لە زۆربەی ناوچە دەشتاییەکانی کەرکوك و هەندێ ناوچەی هەولێر و شوێنانی دیشدا هەیە، کە ئەوەش گرنگییەکی یەکجار گەورەی هەیە.

٢ـ شوێنی حەوانەوەی خەڵکێکی زۆرن و زۆرێکی شارو شارۆچکەو گوندەکان بەخۆوە دەگرن.

هەندێ لە دەشتە گرنگەکانی کوردستان

هەندێ لە گرنگترین دەشتەکانی کوردستان بریتینە لەمانەی خوارەوە:

١ـ دەشتەکانی (حەویجە، ڕانیە، شەنگار، سلێمانی، سندی، شارەزوور، قەراج، کەندێناوە، هەولێر) لە کوردستانی عێراق.

٢ـ دەشتەکانی (شوی، مەریوان، ...) لە کوردستانی ئێران.

٣ـ دەشتەکانی (ماردین، ئورفە، ..) لە کوردستانی تورکیا.

ئاو و هەوای (کوردستان)

١ـ پلەی گەرمی

پلەی گەرمی کوردستان لە نێوان هەوایەکی بیابانی گەرم و هەوای ساردی دەریای ناوەڕاستدایە، لەگەڵ ئەوەشدا لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دی جیاوازی هەیە، چونکە ئەو هۆکارانەی کار لەسەر ئاووهەوای ناوچەکان دەکەن، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە لە یەك جیاوازە، ئەوەتا تا بەرەو باکووری کوردستان بچین پلەی گەرمی ڕوو لە نزمبوونەوە دەبێت، بە پێچەوانەوە تا بەرەو باشوور بێینەوە پلەی گەرمی ڕوو لە بەرزبوونەوە دەبێت.

جیاوازی پلەی گەرمی لە ناوچەکانی باکوور و باشووری کوردستان جیاوازییەکی زۆرە، بۆ نموونە لە وەرزی زستاندا پلەی گەرما لە شارەکانی باکووری کوردستان زۆر ڕوو لە نزمبوونەوەیە، زۆر بۆ ژێر سفر دادەبەزێت، ئەوەتا پلەی گەرمی لە دەڤەری شاری (قەرەکوسە)ی

کوردستانی باکوور لە زستاندا بۆ (٣٠ یان ٣٥ پلە) بۆ ژێر سفر دادەبەزێت، لە ناوچەکانی باشووری کوردستانیش لە هاویندا پلەی گەرمی بە ڕێژەیەکی گەورە بەرزدەبێتەوە لە کرمانشان دەگاتی نێوان (٣٥ و ٤٥ پلە)، لە خانەقین دەگاتە نێوان (٤٠و٤٥ پلە)، لە هەولێر و کەرکوکیش دەگاتە نێوان (٤٠و ٤٥و٥٠ پلە).. بەوەش جیاوازی پلەی گەرمی نێوان ناوچەکانی کوردستان لە دوورترین خاڵی باکوور لە زستان و دوورترین خاڵی باشوور لە هاویندا دەگاتە نێوان (٨٠ یان ٨٥ پلە) کە ئەوەش جیاوازییەکی وەکو ئاماژەمان پێدا گەورەیە.

چۆنیەتی دەستنیشانکردنی جیاوازی پلەی گەرمی وڵات

دیارە دەستنیشانکردنی جیاوازییەکانی نێوان پلەی گەرمی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە بەوە دەبێت، کە لە زستاندا دوورترین خاڵی باکوور و لە هاویندا دوورترین خاڵی باشوور وەربگرین، پاش ئەوە دەردەکەوێت کە جیاوازی پلەی گەرمی وڵاتەکە چەندە، نەك لە هاویندا یان لە زستاندا پلەی گەرمی دوورترین خاڵی باکوور و باشوور وەربگیرێت.

٢ـ بارانی کوردستان

هەرچی بارانیشە لە ناوچە شاخاوییەکاندا تا بەرەو باکوور بەرزبینەوە زیاتر دەبارێت و بەفری ئەستورتر دەکەوێت، کە لە هەندێ ناوچەدا ئەو بەفرانە تا وەرزی هاوینیش دەمێننەوە، بەڵام لە ناوچە دەشتاییەکانی باشوورو ڕۆژئاوا، تا بەرەو خواروو بێینەوە باران کەم دەبێتەوە، بەفریش

زۆر بە کەمی دەنا نابارێت، ئەگەریش باری ئەوا بە زوویی دەتوێتەوەو زۆر خۆی ناگرێت.

لای زانایانی بواری ئاوو هەوا ڕادەی باران بارین لە کوردستاندا بەو شێوەیە دەستنیشان دەکرێت: لە ناوچە شاخاوییەکاندا ڕادەی ناوەندی باران بارین لە ساڵێکدا لە نێوان ٧٠٠ تا ٣٠٠ ملیمەترە، بەلام ڕادەی ناوەندی باران بارین لە ناوچە دەشتاییەکانی باشوورو ڕۆژئاوا لە ساڵێکدا لە نێوان ٢٠٠ تا ٤٠٠ ملیمەتر دایە.

ئەو هۆکارانەی کار لە ئاوو هەوا دەکەن

ژمارەیەك هۆکار کار لە ئاوو هەوا دەکەن، لەوانە گرنگترینیان:

١ـ دەریاکان

کوردستان ئەگەرچی ڕاستەوخۆ نەکەوێتە سەر یەك لە دەریا گەورەکان، بەلام بە چەندین دەریای گەورەی وەکو: (خەزەر و ڕەش و سوور و ناوەڕاست و ئەسکەندەرۆنەو کەنداوی عەرەبی) دەورە دەدرێت، ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەرێتی ئاوو هەوای ئەوان، بە تایبەتیش ئاوو هەوای دەریای ناوەڕاست و کەنداوی عەرەبی، ئەوەتا زۆر جار لە زستاندا شەپۆلی سارد و بەفر و باران کە لە ناوچەکانی دەریای ناوەڕاستدا هەڵدەکات لە خاڵە سنوورییەکانی باکووری کوردستانەوە دێتە نێو کوردستان و بەرەو ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری کوردستان درێژدەبێتەوە، بە پێچەوانەوەش زۆرجار لە هاویندا گەردەلول و بای

بەهێزو گەرم کە لە ناوچەکانی کەنداوی عەرەبییەوە سەرچاوە دەگرن لە خاڵە سنوورییەکانی باشووری کوردستانەوە بەرەو ناوچەکانی ناوەڕاست و باکووری کوردستان درێژدەبێتەوە، بەوەش لە هەردوو باردا پلەی گەرمی کوردستان بەرز، یان نزم دەبێتەوە.

٢ـ وشکایی

ئەو دەوروبەرەی سەرجەم پارچەکانی کوردستانی گەورە بەخۆوە دەگرێت، دەوروبەرێکی وشکاییە، واتە: لە هەموو لایێکەوە کوردستان ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی وشکاییەوە بە وڵاتانی دەوروبەری بەستراوەتەوە، بەوەش کەرتێکی گەورەی وشکایی لە باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا دروست دەبێت، کە ئەو کەرتەی وشکایی ئاسیا بە گەورەترین کەرتی وشکایی سەر ڕووی زەوی دادەنرێت، بۆیە ئاوو هەوای ناوچە وشکاییەکانی دەوروبەری کوردستان هەرچییەك بن، کاریگەری دەکەنە سەر ناوچەکانی کوردستان و گۆڕان بەسەر ڕادەی باران بارین و بەرزی و نزمی پلەی گەرمییەوەی دادێنن.

٣ـ بەرزی و نزمی لە ئاستی ڕووی دەریا

تا لە ئاستی ڕووی دەریا ناوچەکان بەرزتر بن پلەی گەرمییان نزم دەبێتەوە، بە پێچەوانەوەش ناوچەکان تا لە ئاستی ڕووی دەریاوە نزم بنەوە، پلەی گەرمییان بەرز دەبێتەوە، بۆیە لە کوردستاندا هەرچەندە لە ناوچە شاخاوییەکاندا بەرەو باکوور بەرزبینەوە، پلەی گەرمی

نزمدەبێتــەوەو ڕادەی بــەفر و بــاران بارینیــان زۆرو گــەورە دەبێــت، بــە پێچـەوانەوەش تـا بـەرەو دەشـتاییەکانی باشـوور و ڕۆژئـاوای کوردسـتان بێینــەوە، چـونکە لــە ئاسـتی ڕووی دەریـاوە نزمدەبینــەوە، بۆیــە پلــەی گەرمی بەرزدەبێتەوەو بەفر و بارانیش کەم دەکەن.

سامانی ئاوی (کوردستان)

سامانی ئاوی هەر وڵاتێك لە سێ سەرچاوەی سەرەکییەوە بۆی دروست دەبن، ئەوانیش بریتینە لە:

١ـ ئاوی سەر زەوی

٢ـ ئاوی ژێر زەوی

٣ـ ئاوی باران و بەفر

کوردستان ئەگەرچی نەکەوتبێتە سـەر یـەك لـە دەریـا، یـان ئۆقیانۆسـە گەورەکان، کە لە ڕێی ئەوانەوە دەروازەیەکی نـوێ و گرنگـی بـۆ مسـۆگەر بێت، بۆ پەیوەندیکردن بە وڵاتانی دنیـا، بـەڵام لـە نـاوەخۆدا سەرچـاوەی ئـاوی زۆری هەیـە، ئـەو ئـاوەی لـە چـەندین ڕووبـارو دەریاچـەوە خـۆی دەنوێنێت، بۆیـە وەکـو جوگرافیناسـان لێیانکۆڵیوەتـەوە: کوردسـتان بـۆ خۆی لە ئاودا دەوڵەمەنـدە، تەنانـەت بـە سەرچـاوەیەکی گـەورەو گرنگـی ئــاوی وڵاتــەکانی دیکــەی ڕۆژئــاوای ئاســیاش دەژمێردرێــت.. چــونکە سەرەنجام ڕووبار و زێیەکانی کوردستان دەڕژێنە دەریا گەورەکانی وەکو: کەنــداوی عــەرەبی و ئەســکەندەرۆنە و زەریــای خــەزەر و ڕەش و دەریاچەکانی وان و ورمێ و ئەوانی ترەوە..

له خوارەوە تیشك دەخەینە سەر گرنگترین ئەو ڕووبار و دەریاچانەی کوردستان.

یەکەم: ڕووبارەکانی (کوردستان)

لە خاکی کوردستاندا چوار ڕووباری گەورە سەرچاوە دەگرن، هەر یەکەیان بە سەدان کیلۆمەتر بە ناو خاکی کوردستاندا تێدەپەڕن، سەرەنجام سنوری کوردستانیش دەبڕن، دەپەڕنەوە وڵات و هەرێمەکانی دەوروبەر، ئەو ڕووبارانە بریتینە لە:

١- ڕووباری (ئاراز) یان (ئاراس)

لە ناوچەی (بینگۆل) سەرچاوە دەگرێت، ٤٣٥ کیلۆمەتر بە کوردستاندا دەڕوات، سنووری نێوان ئێران و تورکیا و شورەوی جاران دەبڕێت، دەڕژێتە دەریای (قەزوین)ەوە، سەرجەم درێژییەکەی بریتییە لە ٩٢٠ کیلۆمەتر.

٢- ڕووباری (دیجلە)

لە ناوەڕاستی (تورۆس) لە باکووری شاری (دیاربەکر)ەوە لە (دەریاچەی گوولچووك)ەوە سەرچاوە دەگرێت، سەرجەم درێژیەکەی ١٩٠٠ کیلۆمەترە، لەو درێژییەیدا نزیکەی ٨٤٧ کیلۆمەتر بە خاکی کوردستاندا تێدەپەڕێت، ئیتر بە زەوییەکانی عێراقدا بەرەو خوار تێدەپەڕێت، تا لە نزیك شاری (بەسرا) لەگەڵ (ڕووباری (فوڕات) تێکەڵ بە یەك دەبنەوەو (شەتولعەرەب) پێکدەهێنن.

٣- ڕووباری (فوڕات)

زێی (قەرەسوو) لە باکووری ئەرزڕۆم سەرچاوە دەگرێت، ٤٦٠ کیلۆمەتر درێژدەبێتەوە، زێی (موراد)یش لە چیای (ئالاداغ)ەوە لە ناوچەی نێوان دەریاچەی (وان) و (ئاگریَ)وە هەڵدەقوولێت، ئەویش ٦١٥ کیلۆمەتر درێژدەبێتەوە، دوای ئەوە هەردوو ئەو زێیانە ئاوەکانیان تێکەڵ بەیەك دەکەنەوە، بەم یەکگرتنەیان ڕووباری (فورات) پێکدەهێت.

درێژی ڕووباری فورات لە سەرچاوەکەیەوە تا دەگاتە ئەو شوێنەی لەگەڵ ڕووباری دیجلە یەکدەگرێتەوەو ئیتر (شەتولعەرەب) پێکدەهێنن، ٢٨٠٠ کیلۆمەترە، لەو درێژییەیدا ٢١٧٠ کیلۆمەتر بە خاکی کوردستاندا تێدەپەڕێت، لەبەر ئەوەشە بە درێژترین ڕووباری کوردستان دادەنرێت.

٤- ڕووباری (قزل ئۆزۆن)

ئەم ڕووبارە لە ڕۆژئاوای شاری (دیواندرە)ی کوردستانی ڕۆژهەلات (ئێران) سەرچاوە دەگرێت، بە باشووری شاری (ڕەشت)دا تێدەپەڕێت، کە لەوێدا بە ناوی (سفیدڕوود) دەناسرێت، سەرەنجام دەڕژێتە دەریای (قەزوین)ەوە.

چەند زانیارییەك لە بارەی ڕووبارەکانەوە

١- کوردستان خاوەنی چەندین ڕووبارە، هەندێکیان لە ڕووی درێژی و بڕی ئاویانەوە دەشێن لەگەڵ ڕووبارە گرنگەکانی دنیا بەراوردیان بکەین، بەلام هەندێ ڕووباری دیکەشمان هەن لەبەر کورتییان لەسەر نەخشەدا دیاری نەکراون و ئاماژەیەکی ئەوتۆیان بۆ نەکراوە.

٢ــ زانیــاری ڕوون لەســەر ڕووبارەکــانی کوردســتان نییــە، ئــەوەی لەسەریشیان نووسراوە، زۆری ئاڵۆزەو سوودێکی وەها ناگەیەنێت.

٣- ڕووبار هەر یەك ناوی هەیە، بەڵام ئەوەی لە کوردستاندا دەبینرێت، لە هەر ناوچەیەکدا ڕووباەکان بە ناوێك دەناسرێن، ئەوەش پەیوەندی بەو خەڵکە لێکجیایانەوە هەیە، کە بە درێژایی ئاوەڕۆی ڕووبارەکە لێرەو لەوێیدا دەژین و هەر یەکەی لە ناوچەکەی خۆی ناوێکی ناوچەیی لێ دەنێت.

٤- ڕووبارەکان لە سەرچاوەکانیانەوە زۆر بە تیژی سەرچاوە دەگرن، بە هەمان هێزیشەوە دەڕژێنە دەریای لە خۆیان گەورەترەوە.

٥- ئەو ڕووبارانەی سەرچاوەکانیان لە بەفر و کانییەکان هەڵدەگرن، ئاویان هەمیشە نابڕێت، بەڵام ئەو ڕووبارانەی سەرچاوەکانیان ئاوی بارانە بە نەمانی باران ئەوانیش ئاویان کەم دەکات و، بچوکدەبنەوە.

٦- ڕووبارەکانی کوردستان لەبەر قوڵی و تیژڕۆیشتنیان بۆ هاتووچۆی دەریایی دەست نادەن و لەمڕووەوە سوودیان لێ وەرناگیرێت.

٧ــ ڕووبارەکان سەرچاوەی گەلێ سامانی ئاوی گرنگن، بە تایبەت سامانی ماسی.

دووەم: زێیەکانی (کوردستان)

زێ لە ڕووبار بچوکترە، کوردستان چەند زێیەکی گرنگ بەخۆوە دەگرێت، گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

١- زێی گەورە.. لقی هەرە گـەورەی ڕووبـاری دیجلەیـە، لـە کوردسـتانی باکوورەوە سەرچاوە دەگرێت و بەرەو کوردستانی باشوور درێژدەبێتەوە، تا دەگاتە ئاوبەندی بێخمە، لەوێشدا بەرەو باشـووری ڕۆژئـاوا دەڕوات، تـا لە باشووری شاری موسڵ دەڕژێتەوە نێو ڕووباری دیجلە.

ئـەو درێژبوونەوەیـەی بـەو هەرێمانـەی کوردسـتاندا ٤٥٠ کیلۆمـەتر ە، سەرەنجام دەڕژێتەوە ڕووباری دیجلە.

٢- زێی بچوك: لە ئاوەکـانی دەشـتی لاهیجـانی ڕۆژئـاوای شـاری مهابـاد پێکدێت.. بە پێی هەندێ سەرچاوە، زێی بچووک ٤٠٠ کیلۆمەتر درێژەو بـە درێـژترین لقـی ڕووبـاری دیجلـە دادەنرێـت.. لـە سـنووری قـەڵادزێوە دەپەڕێتەوە کوردسـتانی عێـراق و دەڕژێـە ئاوبەنـدی دوکـان، لەوێشـەوە بەرەو پردێ دێت و سەرەنجام لەگـەڵ زێـی گـەورەدا دەڕژێتـەوە ڕووبـاری دیجلە.

٣- زێیەکانی بەتلیس و بۆتان لە کوردستانی باکوور.

٤ـ زێـی سـیروان کـە لـە کوردسـتانی ڕۆژهەڵاتـەوە بـەرەو کوردسـتانی باشوور درێژدەبێتەوە.

سێیەم: دەریاچەکانی (کوردستان)

کوردســتان چــەندین دەریاچــەی گــرنگ بــەخۆوە دەگرێــت، لەوانــە گرنگترینیان:

١- دەریاچەی وان.. دەکەوێتە کوردستانی باکوور.. ڕووبەرەکەی ٣٧٦٥ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، تێکڕای قوڵاییەکەی ١٠٠ مەترەو، ١١٢٠ مەتر لـە

ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە.. ئاوی ئـەو دەیایـە زۆر سـوێرە لەبـەر ئـەوە هیچ زیندەوەرێکی دەریایی تێدا ناژیت.

٢ـ دەریاچەی ورمێ.. دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری ورمێ لـە کوردسـتانی ڕۆژهــەڵات.. ڕووبــەری گشــتیی ٦٠٠٠کیلۆمــەتری چوارگۆشــەیە، تێکــڕای قوڵاییەکەی ٦ مەترەو لە هەندێ شوێندا دەگاتە ١٥ مەتر.

٣ـ دەریاچەی خەزەر، یان (دەریاچەی گوولچووك).. دەکەوێتە باکووری شاری دیاربەکر لە نزیك سەرچاوەی دیجلەو، ١١٥٥ مەتر لـە ئاسـتی ڕووی دەریاوە بەرزە.

٤ـ دەریاچەی زرێوار لـە سـنووری شـاری سـنە.. ڕووبـەری گشـتیی ٧٧ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، تێکڕای قوڵاییەکەی ١٥ مەترە.

دیارە جگـە لەمانـەش دەیـان زێ و جۆگـە ئـاوی دیکـە بـە هـەر هـەموو پارچەکانی کوردستانەوە دابەشبوونەو، بە هەموویان گرنگییەکی زۆرتر بۆ کوردستان مسۆگەر دەکەن.

بەشی سێیەم

زمان

پێناسەی زمان

کۆزمانەوانـەکان لـە بەرانبـەر پێناسـەی زمـان، دەستەوەسـتان دەوەسـتن، پێیـان وایـە کـە زمـان لـە پێناسـە نایـەت و خۆیـان زیـاتر بـە بیرۆکەی کۆمەڵەی زمان دەبەستنەوە، لـەلای ئـەمان کۆمەڵـەی زمـان ئـەو کۆمەڵە خەڵکەیـە کـە هەسـت دەکـەن بـە یـەک زمـان دەدوێـن، بـەم پێیـە هۆڵەندی و ئەڵمانی دەبنە دوو زمانی جیـاواز، چـونکە لەگـەڵ ئـەو هـەموو لێکچوونە لـە پێکهـاتی دوو زمانەکـەدا، هێشـتا هۆڵەندییـەکان وا هەسـت دەکـەن، کـە زمانەکـەیان لـە ئـەڵمانی جیـاوازە، هـەروەها ئەڵمانـەکانیش خۆیان بە جیـاواز دەزانـن، بـەم پێیـە هـەموو دیالێکتـەکانی (چـین) بـەبێ جیاوازی یەک زمانن، چونکە خەڵکی چین وا هەسـت دەکـەن، کـە بـە یـەک زمان دەدوێن، بەم پێیـە هـەموو دیالێکتـەکانی کـوردی بـەبێ گوێـدان بـە جیـاوازی لـە پێکهاتـەی دەنگسـازی و وشەسـازی و ڕستەسـازی و واژەدا، هەموویان کاتێ بە زمانی کوردی دادەنرێت، کە ئەو خەڵکەی قسـەیان پـێ دەکـەن (هەسـت) بکـەن بـە یـەک زمـان، ئـەویش زمـانی کوردییـە قسـە دەکـەن[1]. بەمپێیـە تـاکو ئێسـتا چـەندین پێناسـەی جیـا جیـا لـەبارەی زمانەوە خراونەتـەڕوو، بـەجۆرێك هەریـەک لـەم پێناسـانە لـە ڕوانگەیـەکی تایبەتییـەوە لـە زمانیـان کۆڵیوەتـەوە، لێـرەدا هەنـدێك لـەو پێناسـانە دەخەینەڕوو:

---

[1] - محمـد معـروف فتـاح(د)(٢٠٠٨)، زمـانی سـتاندەرد و زمـانی یـەکگرتووی کـوردی، دەستنووس، ئەکادیمیای کوردی، ل ٣ – ٤.

فردیناند دی سۆسێر دەڵێت:((زمان بەرهەمی کۆمەڵایەتی هاوزمانانە و کۆمەڵە ئاکارێکی زۆر پێویستە، کە کۆمەڵ دایهێناوە، بۆ ئەوەی لە بەکارهێنانیدا یارمەتی تاکەکانی بدات))[٢].

چۆمسکی دەڵێت:((زمان کۆمەڵە ڕستەیەکە، ڕێزمان دەریان دەکات))[٣].

هۆڵ دەڵێت:((زمان فەرمانگەیەکە خۆی و بەڕێوەبردنی خۆی لە دەست خۆیدایە، لەڕێی فەرمانگەکەوە مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتردا کاردەکەن و لە یەکتر دەگەن))[٤].

بلۆك و تراگەر دەڵێن:((زمان بریتییە لە چەند ڕەمزێکی لەخۆوە، کە بەهۆیەوە کۆمەڵ دەتوانێ هەرەوەزی بکات))[٥].

ساپیر دەڵێت:((زمان هۆیەکی ناغەریزی تایبەتە بە مرۆڤ، بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوو بەکاردێت، بەهۆی ڕەمزی لەسەر یاسا ڕۆیشتووەوە کاردەکات و لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدایە))[٦].

---

[٢] - فردیناند دی سوسور (١٩٨٨)، علم اللغة العام، ترجمة یوئیل یوسف عزیز، الموصل، ص ٢٧.

[٣] - محمد معروف فتاح(١٩٩٠)، زمانەوانی، چاپخانەی (دار الحكمة)، بەغدا، ل ٥.

[٤] - محەمەد مەحوی(د)(٢٠٠١)، زمان و زانستی زمان - سەرەتایەك بۆ زانستی زمان، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ل ١١.

[٥] - محمد معروف فتاح(١٩٩٠)، هەمان سەرچاوە، ل ٥.

[٦] - هەمان سەرچاوە، ل ٥.

فوئاد مەرعی دەڵێت:((زمان سیستەمێکی هێمایی سەربەخۆیە، لەناو کۆمەڵدا لەخۆوە سەرهەڵدەدات و بۆ مەبەستی لەیەکترگەیشتن لە نێوان تاکەکانیدا بەکاردێت))(٧).

محەمەد عەلی خولی ئەم پێناسانەی بۆ زمان کردووە(٨):-

((زمان سیستەمی پەیوەندیکردنە لە نێوان دوو لا)).

((زمان سیستەمێکە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی هەست و بیرەکان لە نێوان خەڵکدا بەکاردێت)).

((زمان هۆکارێکە بۆ گوزارشتکردن لە پێویستیی و بۆچوون و ڕاستییەکان لەنێو خەڵکدا)).

((زمان سیستەمێکی لەخۆوەیە بۆ ڕەمزەکانی دەنگ و، بۆ ئالوگۆڕکردنی بیرو هەستەکان لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵێکی زمانەوانی هاوچەشن بەکاردێت)).

مارتنێت دەڵێت:((زمان هۆیەکە بۆ لەیەکترگەیشتن، دەکرێت بە چەند دانەیەکی وردەوە (مۆرفیم)، کە هەر یەکەیان خاوەنی واتا و فۆرمن))(٩).

کارۆڵ دەڵێت: ((زمان کۆمەڵە ڕەمزێکی دەنگی لەخۆوەیە، کە دەتوانرێ بۆ گەیشتن و پۆلکردنی شت و ڕووداوەکانی دەوروبەر بەکاربێت))(١٠).

٧- فؤاد مرعي (٢٠٠٢)، في اللغة و التفكير، دار المدى للثقافة و النشر، دمشق، ص ٧.

٨- محمد على الخولي(د)(٢٠٠٠)، مدخل الى علم اللغة، دار الفلاح للنشر والتوزيع، عمان - اردن، ص ١٢.

٩- محمد معروف فتاح(١٩٩٠)، هەمان سەرچاوە، ل ٥.

١٠- هەمان سەرچاوە، ل ٥.

ئۆلمان دەڵێت:((سیستەمێکی هێمایی دەنگییە، لەبیری کەسی کۆمەڵ تۆمارکراوە))[١١].

هنری سویت دەڵێت:((زمان هۆیەکە بۆ دەربڕینی بیر لەڕێگەی دەنگ، کە لە وشە پێکدێت))[١٢].

ئەحمەد مەتلوب دەڵێت:((زمان ئەو دەنگانەیە، کە هەموو نەتەوەیەك بۆ پێداویستییەکانی دەری دەبڕێت))[١٣].

ئەرستۆ دەڵێت:((زمان ئاوێنەی ڕاستەقینەی عەقڵە))[١٤].

محەمەد شەفیق غوربال دەڵێت:((زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و هۆکارێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی تێکەڵبوونی نێوان مرۆڤەکان))[١٥].

محەمەد محەمەد یونس عەلی دەڵێت:((زمان سیستەمێکە لە نیشانە، لەخۆوە لەسەری ڕێککەوتووین، توانای دابەشکردنی هەیە، تاکەکەس وەك

[١١] - ستيفن اولمان (١٩٨٦)، دور الكلمة فى اللغة، ت. كمال محمد بشير، مكتبة شباب، بغداد، ص ٣٣.

[١٢] - حاتم صالح الضامن (١٩٨٩)، علم اللغة، طبعة الاولى، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، بيت الحكمة، بغداد، ص ١٣٢.

[١٣] - احمد مطلوب (د)(١٩٨٩)، معجم النقد العربي القديم، بغداد، ص ٢١٦.

[١٤] - التهامي الراجي(د)(١٩٨٦)، توطئة لدراسة علم اللغة التعاريف، بغداد، ص ٤٥.

[١٥] - محمد شفيق غربال (١٩٨٠)، الموسوعة العربية الميسرة، الجزء ٢، دار النهضه، لبنان، ص ١٥٧.

ئامرازێك بۆ دەربڕینی مەبەستەكانی و بۆ پەیوەندیكردن بە كەسانی دیكەوە لە ڕێگەی ئاخاوتن و نووسین بەكاریدێنێت))[16].

لەڕوانگەی كۆزمانەوانییەوە:((زمان كۆمەڵە شێوەزارێكی جیاوازە، هەریەكەیان بۆ بارێكی تایبەتی دەست دەدات))[17].

ـ زمان ئاخاوتنی مرۆڤە، بە دەربڕین یان نووسین[18].

دێڤید لویس دەڵێت:((زمان بریتییە لە تێكەڵاوكردنی ڕستە و واتا لە چوارچێوەیەكی بێكۆتایدا))[19].

جومعە سەید یوسف دەڵێت:((زمان سیستەمێكی دەنگی دركێنراوە، ڕێسای تایبەت بە خۆی هەیە، كە ئاستە جیاجیاكانی (دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی) بەڕێوە دەبات، بە شێوەیەكی یەكگرتوو و بەتین كاردەكات، بۆیە زمان سیستەمی سیستەمەكانە))[20].

كەواتە زمان كۆمەڵە شێوازێكی جیاوازە، هەریەكەیان بۆ بارێكی تایبەتی دەست دەدات، بۆ نموونە باری پێشوازی كردن و باری

---

[16] - محەمەد محەمەد یونس عەلی(د)(٢٠١٠)، دەروازەیەك بۆ زمانەوانی، و: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، لە بڵاوكراوەكانی كتێبخانەی ئاوێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل ٢٨.

[17] - محمد معروف فتاح، هەمان سەرچاوە، ل ٥.

[18] - الموسوعة العربية العالمية (١٩٩٩)، الطبعة الثانية، مؤسسة اعمال الموسوعة للنشر والتوزيع، الرياض، ص ١٢٢.

[19] - نعوم تشومسكی (١٩٩٣)، المعرفة اللغوية (طبيعتها وأصولها واستخدامها)، ترجمة: محمد فتيح، الطبعة الاولى، دار الفكر العربي، القاهيرة، ص ٧٨.

[20] - جمعة سيد يوسف (١٩٩٠)، سيكولوجية اللغة والمرض العقلي، سلسلة عالم المعرفة، الكويت، ص ٥٧.

بەڕێوەبردن و باری بەڕێکردنی میوان، لەلایەکی ترەوە زمان بە پێی ڕەگەز و چین و توێژی کۆمەڵایەتی و تەمەن و نێوەندەکان دەگۆڕێت، لێرەشدا بۆنە و گروپە کۆمەڵایەتییەکە و تەمەن، جۆری زمانەکە دەسەپێنێ، بە واتای ئەوەی گروپی کۆمەڵەکە جۆری یەکە فەرهەنگییەکان دەسەپێنێ، بە واتای ئەوەی کەلتوور و شوێنەوار و ژینگەی خەڵکەکە، جۆری زمانەکە دیاریدەکات[21].

کەواتە زمان تەنها کەرەستەیەك نییە بۆ ناردن، وەرگرتن و لێتێگەیشتنی پەیامی نێوان مرۆڤەکان، بەڵکو دیسان زمان کەرەستەی ناسین و ناساندنی تاك و کۆیە بۆ هەر شوێن و دەمێك، لە دەوروبەری ئێمەدا هەزاران زمان و دیالێکت هەیە، کە گوزارشت لە جۆرەها بۆچوونی هزریی، کۆمەڵایەتی، چینایەتی، ڕەگەزی، وێژەیی، شێوازی ژیان... دەکەن، زمان دیاردەیەکی کەلتوورییە، بۆیە گەلێك پەیوەستە بە بونیادی کۆمەڵایەتی و بەهاکانی سیستەمی کۆمەڵگا[22].

---

[21] - محمد معروف فتاح(١٩٨٥)، هێماکاری و زمانەوانی، گ. کاروان، ژ(٢٨)، ل ١٠٧.

[22] - غازی عەلی خورشید (٢٠١١)، زمان و زمانی ستاندارد بۆ کورد، بەشی یەکەم، ڕ. ئاسۆ، ژ.(١٥٢٨)، سێشەممە ٢٠١١/٧/٩، ل ١٤.

ئەركەكانی زمان

مەبەست لە ئەركەكانی زمان، ئەو كارانەن كە مرۆڤ بە هۆی زمانەوە لە كۆمەڵدا جێبەجێیان دەكات، ئەم كارانەش هێندە زۆر و ئاڵۆز و وردن، هەروا بە ئاسانی جیاناكرێنەوە، و هەر چەندێكیش هەوڵبدرێت، ئەوە كەلێن دەكەوێتە دابەشكردنەكانیانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە زماناسان حەوت ئەرك دەست نیشاندەكەن :[٢٣]

١- زانیاری و هەواڵگەیاندن:

بە ئەركێكی سەرەكی زمان دادەنرێت، كە بەهۆیەوە قسەكەر زانیاری دەربارەی دەوروبەری خۆی بڵاودەكاتەوە.

هەواڵگەیاندنیش پەیوەندی بە لایەنی زانین و هۆشەوە هەی و قسەكەر سەرچاوەی زانینە، چونكە قسەكەر زانیاری بە گوێگر دەگەیەنێت. لەم جۆرەدا قسەكەر دەیەوێ بوون و نەبوونی یان ڕاستی و ناڕاستی دیاردەكان پیشان بدات. لەهەمان كاتیشدا ڕستەكانی هەواڵگەیاندن مەرج نییە هەر ڕاست بێت، بەڵكو دەشێ هەڵەبێت، چونكە لێرەدا ئەركی قسەكەر تەنیا گەیاندنی زانیارییە. نیشانەی ڕستەی هەواڵگەیاندنیش (.)، كە لە كۆتایی ڕستەكە دادەنرێت. وەكو:

---

٢٣ – بۆ زیاتر زانیاری سەیری ئەم سەرچاوانە بكە: ا- محمد معروف فتاح(١٩٩٠)، زمانەوانی، چاپخانەی (دار الحكمة)، بەغدا .ب ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٤)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، سلێمانی.

- هەنگوین شیرینە.

- ڕاستی خۆشە.

٢- پرسیارکردن:

مەبەست لە پرسیارکردن دەست خستنی زانیارییە، بە واتای ئەوەی بەهۆی پرسیارکردنەوە قسەکەر دەتوانێ کەلێنێ یان چەند کەلێنێك لە زانیاری خۆی بەرانبەر دیاردەیەك یان دیاردەکان پڕ بکاتەوە، لێرەدا قسەکەر زانیاری تەواوی لە بارەی شتێکەوە نییە، بەڵکو لە ڕێگەی پرسیارەوە دەگاتە زانیارییەکان،واتە لە پرسیرکردندا گوێکر سەرچاوەی زانینە، لەمەدا پرسیارکردن پێچەوانەی هەواڵگەیاندنە، چونکە لە ڕستەی هەواڵگەیاندندا قسەکەر زانیاری دەگەیەنێ و بڵاودەکاتەوە و سەرچاوەی زانیارییە، کەچی لە پرسیارکردندا گوێگر سەرچاوەی زانینە.

لە پرسیارکردندا نیشانەی پرسیار (؟) لە کۆتایی ڕستەدا دادەنرێت و زۆر جاران جێناوی پرسیاریش لە ڕستەکەدا دەبینرێن، وەکو :

- کەی دەچین بۆ زانکۆ؟

- ئایا ئەمڕۆ دەوام هەیە؟

٣- هەست دەربڕین:

بەو ڕستانە دەوترێت کە قسەکەر هەست و ئارەزووی خۆی بەرانبەر دەوروبەری دەردەبڕێت، ئەم هەست دەربڕینەش یان بۆ حاڵەتی خۆشییە یان بۆ حاڵەتی ناخۆشی.

سـادەترین جـۆری هەسـت دەربـڕینیش لـەو گوتنانـەدا دەردەکـەوێ کـە سەرسوڕمانی تێدایە، و لە ڕستەی سەرسوڕمانیدا نیشـانەی سەرسـوڕمانی (!) لە ڕستەدا دەبینرێت.

ڕستەی سەرسوڕمانی بە دوو شێواز بەکاردێت:

<u>شێوازی یەکەم</u> : بۆ حاڵەتی خۆشییە ، کە لەم جۆرەدا قسـەکەر هەسـتی خۆشی خۆی بەرانبەر دەوروبەری دەردەبڕێت، بۆیە لەمجۆرەدا وشەکانی (هەربژی، ئافەرین،ئۆخەی،......) بەکاردێت، وەك:

ئـۆخەی! لەم بابەتە ڕزگارمان بوو.

ئافەرین! بەیەکەم دەرچـــــووی.

<u>شێوازی دووەم:</u> ڕستەی سەرسوڕمانی کە بۆ حاڵەتی ناخۆشی بـەکاردێت، لـەم جـۆرەدا قسـەکەر هەسـتی ناخۆشـی خـۆی بـەرانبەر بـە دەوروبـەر دەردەبڕێت. لـەم حاڵەتەشدا وشە سەرسوڕمانەکانی (ئـاخ، ئـۆف، پـەکو، ئای،.....) بەکاردێ، وەك:

ئاخ! لەم مـنداڵــە.

ئۆف! لە کچی ئەم زەمانە.

٤ـ هەست وروژاندن:

مەبەسـت لـە هەسـت وروژانـدن ئەوەیـە کـە کەسـێك یـاخود قسـەکەر هەستی کەسێك یـان چـەند کەسـێك بوروژێنێـت و هەسـت و ئارەزوویـەکی تایبەتی لەلایان درست بکات، یا دڵیان خۆشبکات یا ڕایانپەرێنێت.

ئەم بەکارهێنانەی زمان لە نوکتە گێڕانەوە و پڕوپاگەندە و تراژیدیا زۆرتر دەردەکەوێ، هەروەها لە وتاری بەرپرسێکی سیاسی کاتێك سیاسەتمەدارێك لە وتارێکی سیاسیدا هانی خەڵك دەدات و هەستیان بۆ مەسەلەیەکی نەتەوەیی دەورووژێنێت یان پیاوانی ئایینی لە وتارێکی ئایینیدا هەستی خەڵك دەورووژێنن و هانیان دەدەن بۆ ئەوەی لە کاری خراپە دوورکەونەوە و لە کاری چاکەکاری نزیکببنەوە یان دوو دڵدار کاتێ لە پرۆسەی خۆشەویستیدان، یەکێکیان هەستی ئەویتریان دەورووژێنیت، وەك:

- ئەوەی نوێژ نەکات ناچێتە بەهەشت.

کەواتە هەست دەربڕین و هەست وروژاندن پێچەوانەی یەکترن، چونکە لە هەست دەربڕیندا قسەکەر هەستی خۆی دەردەبڕێت، بەڵام لە هەست وروژاندندا قسەکەر دەبێتە هۆکارێك بۆ وروژاندنی هەستی گوێگر، بەو واتایەی لە هەست وروژاندندا قسەکەر بە دوای خاڵێکدا دەگەڕێت، بۆ ئەوەی
هەستی گوێگر بورووژێنێت .

٥- فەرماندان:

مەبەست لە فەرماندان ئەوەیە، کە کەسی یەکەم واتە قسەکەر، داوا لە کەسی دووەم واتە گوێگر دەکات کارێك ئەنجامبدات یان ئەنجامنەدات، بەو واتایەی قسەکەر داوایەك ئاراستەی گوێگر دەکات، لە بەرانبەردا گوێگر داوایەکەی جێبەجێدەکات. وەکو:

ـ نانەکە بخۆ.
ـ پەنجەرە دامەخە.
واتــە لێــرەدا قســەر بڕیــاردەری کارەکەیــە و دەیــەوێ کارێــك بــە گــوێگر جێبەجێی بکات، بۆیە لێرەدا گوێگر بە دوای ڕاستی و دروستی ڕستەکە یان قسەکە ناگەڕێت، بەڵکو تەنیا لەسەریەتی کارەکە جێبەجێ بکات .

٦ـ ڕاپەڕاندن:
مەبەست لە ڕاپەڕاندن ئەوەیە کە قسەکەر خۆی بە ئەنجامدانی کارەکە هەڵدەستێ، واتە لێـرەدا ڕاپەڕانـدن پێچـەوانەی فەرماندانـە، چـونکە لـە فەرماندانیدا قسەکەر داوای لە گوێگر دەکات کارێك بکـات، کەچـی لێـرەدا قسەکەر خۆی بە کارەکە هەڵدەستێ و ئەنجامی دەدات، وەکو:
ـ سوێند دەخۆم کە ڕاستی بڵێم.
ـ بەڵێن دەدەم ئەم کارە بکەم.

٧ـ جێخۆشکردن:
ئەم ئەرکە لەو ئەرکانەیە کە زۆر بڵاوە و لە هەموو ئەرکەکانی تر سادە و ساکارترە، کە ئەرکی کۆمەڵایەتیشی پــێ دەوتــرێ. ئــەم ئەرکــە زیــاتر لەوگوتنانەدا دەردەکەوێ کە ڕۆژانە بەسەر زاری هــەموو کەسـێکەوەیە بـۆ مەبەسـتی ئاگـاداربوون لـە بـار و سـەربردەی یـەکتر و یەکـدی دواننـدن و ڕێزگرتن.........، کە ئەمەش بـۆ مەبەسـتی خـۆ بردنەپێشـەوە و شـوێن خۆشکردن و خۆچەسپاندن لەناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بـەکاردێت، وەك سـڵاوکردن و خواحــافیزی و چــاك و چــۆنی و پرســینەوە لــە خۆشــی و ناخۆشی........ وەك:

چۆنی؟
چاکی؟
باشی؟
شەوباش؟
سوپاس.
شەوێکی شاد .
خوات لەگەڵ .

دەبێ ئەوەش ڕوونبکەینەوە کە کاتێك دوو کەس سڵاو لە یەکتر دەکەن و وشەی (چۆنی) و (چاکی) بەکاردەهێنن، ئەوە ئەمجۆرە پەیوەندییە دەچێتە نێو پەیوەندی کۆمەڵایەتی، چونکە ئەم سڵاوکردنە ئەوە دەگەیەنێت، کە یەکتری دەناسن یان دۆست و هاوڕێی یەکترن، بەو واتایەی ئەم سڵاوکردنەی قسەکەر لە گوێگر، ئەوە ناگەیەنێت کە گوێگر باسی لایەنی تەندروستی خۆی بۆ بکات یان ڕاپۆرتی پزیشکی بۆ بخوێنێتەوە، بەڵکو تەنیا پەیوەندی نزیکیی نێوان قسەکەر و گوێگر دەگەیەنێت .

٨ـ ئەرکی سایکۆلۆژی زمان

با بزانین لەخێزان ئەم ئەرکە چۆن دەردەکەوێ :

ژنی ژیر و وشیار دەتوانێ هەردەم کەسێکی زۆر هێمن و دوور لەتوڕەیی و هەڵچوون لەناو ماڵەکەی بەرپابکات، قسەخۆشەکانی ژن هەتا پیاوی توڕە و بێمیزاژیش خاو دەکاتەوە.

گیانی وەرزشی حاڵەتێکی دی دەرخستنی لایەنی سایکۆلۆژی زمانە. هەوادارانی تیپێکی وەرزشی، بەو هات و هاوارەی بۆ هاندانی تیپەکە دەریدەبڕن، خۆیان خاڵی دەکەنەوە، بەمەش ئاسوودە دەبن.

٩- ئەرکی تۆمارکردنی لەپێناو مانەوە

تۆمارکردنی هەر ڕووداوێك لەمێژوودا، هەر بە زمان دەبێ، ئێمە ئەگەر نووسراوەکانی سۆمەرییەکان و ئاشوورییەکان نەبوایە، تەواو لەمێژووی خۆشمان شارەزا نەدەبووین،ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر هەر قەرزێك ئەگەر لە قەرزنامە تۆمارنەکرێ ئەوە چەندەها کێشەی کۆمەلایەتی لێ دەکەوێتەوە و بۆندی هاوسەرگیریش یەکێ لەو تۆمارانەیە، کە ڕووسووری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەپارێزێت .

١٠ ـ دیاریکردنی ناسنامەی شتەکان

دیاریکردنی ناسنامەی شتەکان، کۆنترین ئەرکی زمانە، ناولێنانی هەر پەیوەندیەکی خزمایەتی و هەر گیانەوەرێك هاریکاری مرۆڤ دەکات، بۆئەوەی شتەکان بناسێتەوە، بەهەر پیاوێك بگوترێ باوك، ئەوە منداڵی هەیە، بەهەر ژنێك بگوترێ (دایك)، کچ نییە و شووی کردووە و نەزۆکێش نییە !!

هەر کاتێ ناوی (شێر، پڵنگ، مار... هتد) دێت، مرۆڤ موچرکەیەکی بە لەشدا دێت و دەترسێ ئەگەر نەتوقێ و نەبورێتەوە، بەڵام ئەگەر ناوی

(ئاسـك) (بولبـوول) و (چـۆلەكە) بێـت، مـرۆڤ دەچـێتە نـاو دنیـای پــڕ بەرائەتەوە !

١١ ـ ئەركی دەربڕینی هزر

مرۆڤ بەر لـەوەی هـەر شـتێك (بڵـێ) یـان (بنووسـێ)، بـیر دەكاتـەوە، دالغەلێدان،هزركردن قەناتێكی دی دەربڕینە، هەرچـەندە هەمیشـە (هـزر و زمـان) لـە پەیوەندییـەكی دیالێكتیـدا نین،بـەڵام لـەزۆربـاردا زۆر پێكـەوە گرێدراون .

١٢ـ ئەركی زەینی، ئایدیالی

پرۆسەی وەرگرتن و تێگەیشتن لە چالاكی زەینـی زمـان، زۆر قورسـە مرۆڤ بە سادەیی لە ژیان ناڕوانێ، مرۆڤ ئەگەر ئـەو توانـا زەینیـەی نـەبێ، چۆن دەتوانێ لەنێوان (غەیب) و (عـەقڵ) هـەڵبكات، مرۆڤـی ساخلەم بـۆ هەر ڕووداوێك لە بوونەوەر لەخۆی بەهۆی زمانەوە حـاڵی دەبێـت: بۆچـی هاتم ؟ بۆچی هەم ؟ بۆ كوێ دەچم ؟ ئەوە هەر بۆ لۆژیكی زمان پەی بـەو پرۆسە زەینیەی زمان دەبردرێت.

١٣ ـ نێو خودیی

زمان ئەركێكی نێو خودیی هەیە، وەكو لـەم ئەركـە دەردەكـەوێت، كـە زمـان دیاردەیــەكی كۆمەڵایەتییــە، چــونكە چ لــە مۆنۆلــۆژ و دایــەلۆگ، كەسـایەتی ئاخاوتنكـەر دەردەكـەوێ . كەسـایەتی مـرۆڤ بەنـدە بـە

زمانییەوە، هەروەها هەر لەڕێگەی زمانەوە گوێگر دەتوانی ئاستی مەعریفی قسەکەری بۆ دەربکەوێت.

١٤ ـ شیعریەت :

شیعریەت توانای نووسینی شیعر ناگەیەنێ، بەڵکو واتای بەکارهێنانی زمان بۆ ئەفراندن و داهێنان دەبەخشێ، مرۆڤی خاوەن بەهرە و داهێنەر، بەهۆی مەجازەوە دەتوانێ یارییەکی هونەری جوان بە وشەوە بکات، ئەمەو شێوازی وتنی (نوکتە) و (مەتەڵ)یش شیعریەت دەگەیەنن،چونکە وا لە بیسەر و گرێگر دەکەن، بەهۆی وشەوە بەدوای وەڵامدا بگەڕێت،هەر مەتەلێك تێڕامانێکی دەوێت، هەر تێڕامانێکیش پێویستی بە وشەیە .

١٥ـ دەق دروستکردن :

هەموو مرۆڤێك ناتوانێت ببێتە دەق نووس، دەق بە واتای بەهرە، بیرۆکە دەربڕین، داهێنان، دێت، تەنیا ئەو مرۆڤانە دەتوانن سنووری (ڕستە) ببڕن، کە کەرەسەکانی زمانیان دەوڵەمەندەو دەزانن وەستایانە ئامرازەکە بەکاربێنن.

گریمانەکانی پەیدابوونی زمان

لەو کاتەی کە زمان پەیدابووە و تا بە ئەمڕۆ دەگات، گومانی تێدا نییە کە بە چەندین قۆناغی جیاجیادا تێپەڕیوە، لەم بارەشەوە زمانەوانان و شارەزایان خۆیان بە گیروگرفت و سەرەتاکانی پەیدابوونی زمان تەرخانکردووە. بەهۆیەوە کۆمەڵێ گریمانە هاتۆتە کایەوە و هەریەکە هەوڵدەدات سەرەتای پەیدابوونی زمان بۆ گریمانەکەی خۆی کێش بکات. لێرەدا بە کورتی هەندێ لە گریمانەکانی پەیدابوونی زمان دەخەینە ڕوو:

١ـ گریمانەی یەکەم: زمان کردەیەکی خواییە

ئەم گریمانە پێی وایە، کە زمانی ئادەمیزاد بەخشینێکی خواییە، واتە زمان لەلایەن خواوە هاتۆتە خوارەوە و خەڵکی فێری ئاخاوتن و ناوی شتەکان کردووە، هەر بۆیەشە زۆر لە شارەزایان و زمانەوانان لەسەر ئەو باوەڕەن کە زمان لەلایەن خواوە بە مرۆڤ بەخشراوە، هەروەکو فەیلەسوفی یۆنانی (هێراکلیت) و لێکۆڵەری زمانی عەرەبی(ئیبن فارس) لە کتێبی (ئەلخەسایس) و(لامی) لە کتێبی(هونەری قسە) و دۆبونالد لە کتێبی (تەشریعی کۆن) لێکۆڵەری زمانی عەرەبی(ئیبن فارس) لە کتێبی (ئەلخەسایس)، و(لامی) لە کتێبی(هونەری ئاخاوتن) و دۆبونالد لە کتێبی (تەشریعی کۆن) ئاماژەیان بۆ کردووە[٢٤]. هەمدیسان کتێبە ئایینییە

[٢٤] - علی عبدلواحد وافی (د)، علم اللغة، دار نهضة، مصر، ١٩٩٠،ص ٩٧ـ ٩٨ .

پیرۆزەکانی (تەورات، ئینجیل، قورئان) ئەم ڕاستییە دووپات دەکەنەوە لە بەخشینی زمان وەکو کردەیەکی خوایی.

موسڵمانەکان بەگشتی بۆ سەلماندنی قسەکانیان پەنا بۆ قورئانی پیرۆز دەبەن، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموویێت((وعلم ءادم الاسماء کلها....)) ـ سورەتی بەقەرە، ئایەتی ٣١، واتە (خودا هەموو ناوێکی فێری ئادەم کردووە) ـ قورئانی پیرۆز، وەگێڕدراوی مامۆستا هەژار ـ .

لێرەدا هەندێ لە شارەزایان ئەم ئایەتە بە جۆرێکی تر لێکدەدەنەوە و دەڵێن: خوای گەورە ئادەمی فێری زمانەکان کردووە.

هەروەها ئیبن جونەیی لە کتێبی(ئەلخەسایس) ئاماژە بە ڕاستی ئەم گریمانە کردووە، هەروەها هەندێکی تر پشتیان بە شتی تر بەستووە و دەڵێن: خوای گەورە کاتێ گشت ئاژەڵەکانی کێلگە و باڵندەکانی ئاسمانی لە قوڕ دروست کرد، لەدواییدا خستییە بەردەم ئادەمەوە، داخۆ چۆن ناویان دەبات، هەر بۆیە ئادەم ناوی بۆ هەموو ئاژەڵەکان و باڵندەکان و ئادەمیزادەکان داناوە. واتە (ئادەم) یەکەمین کەسە کە فێری زمان بووە، لەبارەی ئەو زمانەی (ئادەم) فێری بووە، دوو بۆچوون هەیە، یەکەکیان دەڵێت فێری زمانی (عیبری) بووە، کە زمانی جوولەکەیە، بەڵام هەندێکی دیکە دەڵێن زمانی عەرەبییە، چونکە زمانی دوایی زمانی عەرەبییە، ئەوانەی ئەم بۆچوونەیان هەیە، ئەمانەن: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس و ئەنەسی کوڕی مالیك لە هاوەڵانی پێغەمبەر(د. خ) و لە ناو شارەزایان و شوێنکەوتووانی (ئەبو شەهابی زوهەری) و (ئیبن مەنزور و ئیبن فارس) دان بە ڕاستی ئەم گریمانە و بۆچوونە دادەنێن .[٢٥]

[٢٥] - هەمان سەرچاوە ، ل ٩٨ ـ ١٠٠.

شــارەزایانی عــەرەبیش بــە هێنانــەوەی فەرموودەیــەکی لاواز، گوایــە فــەرموودەی پێغەمبــەرە(د.خ)، دەڵــێن زمــانی عــەرەبی زمــانی خــەڵکی بەهەشتە، فەرموودەکەش بەمشێوەیە: ((احب العرب لثلاث : لأنـى عربـي و القرأن عربي و كلام اهل الجنة عربي)).واتە: من(مەبەستی پێغەمبـەرە) لەبەر سێ شت عەرەبم خۆشدەوێت: چونکە من عەربم و قورئان عەرەبییـە و قسەی خـەڵکی بەهەشـتیش عەرەبییـە)). دیـارە ئـەم فەرموودەیـە لـەو ڕیوایەتانەیــە، کــە هــیچ بنەمایــەکیان نییــە، هــەروەکو پێشــەوای فەرموودەناسـەکان جـەختیان لەسـەر کردۆتـەوە و بـە زمـانی پێغەمبـەر (د.خ) هەڵبەستراون.[26]

کەچی هەندێکی تر پێیان وایە زمانی عیبری ، زمـانی یەکـەمی مـرۆڤ بووە، واتە زمانی جولەکەکانە، لەبەرئەوەی یەکەمین پێغەمبـەر حـەزرەتی ئادەم بووە و بۆ ئەوان هاتووە .

٢ـ گریمانەی دووەم: ڕێککەوتن

ئەم گریمانە بـاوەڕی وایـە کـە زمـان کـردەی مرۆڤـە، بـەو واتایـەی مـرۆڤ دایهێنــاوە، بەمەشــەوە تاکــەکانی نێــو کۆمــەڵ لەســەر وشــە و زاراوەکــان ڕێککەوتن کە بۆ چ مەبەست و حاڵـەتێك بـەکاری بهێـنن، واتـە لەسـەر ئـەوە ڕێککەوتن کە بە(بەرد) بڵێن(بەرد) و بە(دار) بڵێن (دار)و. ...... هتـد. لـە هەمانکاتیشـدا هـەر زمانێـك شـێوازی ڕێککەوتنەکـەی لـە دیـاریکردنی وشـە و زاراوەکە لەگەڵ زمانێکی تر جیایە.

---

[26] - عومەر مەلا محەمەد ئەمین، کوردستان لەبەردەم پیلاندا، ل ٢٤ ـ ٢٥ .

ئەوانـەی ئـەم گریمانـەیان دانـاوە و باوەڕیـان پێـی هەیـە، بـریتین لـە فەیلەسوفی یۆنانی (دیموکرات) و فەیلەسوفەکانی ئینگلیزی(ئادەم سـیمت) و (رید) و (دوگالد ستیورات).

٣ـ گریمانەی سێیەم: غەریزەی تایبەتی

ئـەم گریمانـە پەیـدابوونی زمـان دەگەڕێنێتـەوە بـۆ سـەر غـەریزەی تایبەتی، کە لە بنچینەدا هـەموو ئادەمیزادێك هەیـەتی، بـۆ نموونـە لـە کـاتی سروشـتی هەڵچـوونی ئـادەمیزاددا وەك(تێکچـوونی دەموچـاو، وەسـتانی پرچـی سـەر، پێکـەنین، گریـان، .... تـد)، کـە وا لـە تاکەکەس دەکات بە هەندێ جولانەوە هەڵسێ و هەنـدێ دەنگـی تایبـەتی دەربـبڕێ، ئەمـەش لـە هـەر حاڵـەتێك کـە هەڵچـوون ڕووبـدات، وەك : (تـوڕەیی، تـرس، دڵتـەنگی،......)، ئـەم دەربڕینانـەش لـە هـەموو کەسێکدا هەیە، هەر لەبـەر ئەمەشـە وشـە و ڕێگـەی دەربـڕینی وشـە لای ئادەمیزاد یەکەمجار وەکو یەك بـووە، هـەر ئەمـەش وایکـردووە خـەڵك لـە یەکتری بگەن. ئەوانەی لەسەر ئەم گریمانە دەڕۆن و باوەڕیان پێی هەیـە، بریتین لە (ماکس مۆلەری زانای ئەڵمانی) و (رێنان)ی زانای فەڕەنسی.

٤ـ گریمانەی چوارەم: دەنگە سروشتییەکان

هەنـدێ لـە شـارەزایان پێیـان وایـە کـە زمـانی ئـادەمیزاد لـە دەنگـەکانی سروشت پەیدابووە،[٢٧] واتە(دەنگەکانی ئاژەڵ، ئەو دەنگانەی بەهۆی لێدان

[٢٧] ـ سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو و ئیدریس عەبدوڵلا، کوردۆلـۆجی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١١، ل٤٨.

و بـڕین و شـكانەوە پەیـدادەبن، وەكـو دەنگـی هـاژەی ڕووبـار و بروسـك و هەور..... هتد). هەریەك لەمانە كاریگەرییەكی زۆری هەبووە لەسـەر مـرۆڤ، بەهۆیەوە توانیوەییەتی فێری زمان بێت.

ئەوانەی لەسەر ئەو باوەڕەن كە زمـانی مـرۆڤ لـە دەنگـەكانی سروشـتەوە پەیـدابووبێ، لەوانـە (ئـەفلاتۆن) و (وتـنی) و (ئـبین جونـەی) و (داروین) ئەمایان دووپات كردۆتەوە.

(داروین) لە كتێبی (نەژادی بنەچـەكان) دەڵێـت: "زمـانی مـرۆڤ و هـاواری گیانەوەر تەنیا لە پلە جیاوازن. زمانی مرۆڤ وەك مرۆڤ خۆی بەشێوەیەكی زۆر بەراییەوە هاتووە، بەرە بەرە پەرەی سەندووەو پێویستییەكانی وای لێكردووە قسە بكات".

دیـارە ئـەم گریمانەیـە كـەموكووڕی زۆرە، لەوانـە ئەگـەر مـرۆڤ لـە سەرەتاوە بە هاژەی ڕووبار یان هـەر جـۆرە دەنگێكـی تـر فێـری زمـان بوو بێت، ئەی چۆن گیاندارەكان فێری هـەمان زمـانی مـرۆڤ نەبوونـە، هەروەها وەكـو دەزانـین دەنگـی سروشـتی لەهـەر كـوێی جیهـان بێـت، هەمووی یەك جۆرە دەنگە، ئەی بۆ مرۆڤەكان فێری زمانی جیاواز بوونە؟ بۆچی هەموویان بە یەك جۆرە زمان و یەك شێواز قسە ناكەن.

٥- گریمانەی پێنجەم: كۆمەڵایەتی

لایـــەنگیرانی ئـــەم گریمانـــە باوەڕیـــان وایـــە كـــە زمـــان دیاردەیـــەكی كۆمەڵایەتییە، واتە زمان تایبەتە بـە كۆمـەڵ و كۆمەڵگـە،[٢٨] لـە هـەمان كاتیشدا ئەوەش ڕوون دەكەنەوە كـە هـیچ مـرۆڤ و كۆمـەڵ و كۆمەڵگـەیێك

---

[٢٨] - نەریمان خۆشناو، ئەرك و گریمانەكانی زمان، ل ١٦ .

نییه بیٚ زمان بیٚ، واته تا مـرۆڤ تێکـەڵ بـە کۆمـەڵ نـەبیٚ، ئـەوا نـاتوانیٚ فێـری زمـان بێـت، ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێت کـە زمـانی مـرۆڤ شـتێکی وەرگـرە و ناچـێتە حاڵـەتی بۆمـاوەیی. لـەم بارەشـەوە زمانـەوانان بـۆ سـەڵماندنی قسـەکانیان چـەندین تاقیکردنـەوەی واقعییـان ئەنجامـداوە و بۆیان دەرکەوتووە کە ئەگەر مرۆڤ تێکەڵ بە کۆمەڵگە نەبیٚ، ئـەوا نـاتوانیٚ بە هیچ شێوەیەك قسە بکات و فێری زمان ببێت.

٦ـ گریمانەی شەشەم: بانگوقیژە

ئەم گریمانەیە پشت بەوە دەبەستێت، کە زمان پەیوەستە بە مرۆڤ و لەسەر بنەمای بانگوقیژەوە پەیدابووە.[٢٩]

ئەوانەی باوەڕیان بەم گریمانە هەیـە، لەوانـە زانـای ئـەڵمانی (شـتاینتال)، لایـەنگرانی ئـەم گریمانەیـە لـەو بـاوەڕەدان کـە زمـان لـەو دەنگانـەوە پەیدابووە، کە مرۆڤ بۆ خۆشی و ناخۆشی و ئازار و پەستی بەکاریهێناوە.

٧ـ گریمانەی حەوتەم: بزاوتن

ئەم گریمانەیە لەسەر بنەمای جووڵەوە هاتۆتە ئاراوە، ئەویش جووڵەکانی وەك (سەرلەقاندن،چاوتروکاندن، لێوقوچاندن....) هاتۆتەکایەوە .[٣٠]

ئەوانەی باوەڕیان بەم گریمانە هەیە، لەوانە زانای ئەڵمانی(ڤۆنت) و زانـای ڕووسی (مار)، لایەنگرانی ئەم گریمانەیە لەو باوەڕەدان کە لەیەکترگەیشتن

---

[٢٩] ـ محمد معروف فتاح، زمانەوانی، چاپخانەی (دار الحکمة)، ١٩٩٠، ل ١٠ .

[٣٠] ـ هەمان سەرچاوە، ل ١٠ـ ١١ .

لەناو مرۆڤ لە بنەڕەتدا لەم جۆرە بزاوتنەوە بووە کە لە دواییدا گۆڕاوە بە زمانی ئاسایی.

٨ـ گریمانەی هەشتەم: مۆسیقا

ئەم گریمانەیە وای دادەنێت کە زمان لە گۆرانییەوە هاتووە، یاخود هەردووکیان (زمان و مۆسیقا) سەر بە یەك بنچینەن .[٣١]

ئەوانەی باوەڕیان بەم گریمانە هەیە، لەوانە (یسپرسن) و کۆمەڵێ لە ڕۆناکبیران، لایەنگرانی ئەم گریمانەیە لەو باوەڕەدان کە زمان لە گەشەکردنیدا بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، بە جۆرێك لە قۆناغێکدا زمان بریتی بووە لە وشەی درێژ ، هەر بۆیە لەم قۆناغەدا زمانی مرۆڤ ئاوازدارتر بووە بە بەراورد لەگەڵ زمانی ئەمڕۆکە.

تایبەتمەندییەکانی زمان

١ـ زمان دەنگ و واتایە

زمان لە دوو ئاستدا کاردەکات،ئەم دوو ئاستەش بریتین لە دەنگ و واتا، ئاستی دەنگ کە دروستکردنی دەنگەکان دەگرێتەوە، و ئاستی واتاش کە لێکدانی دەنگەکان دەگرێتەوە، بەهۆیەوە دەنگەکان دەکات بە مۆرفیم و مۆرفیمەکان دەکات بە وشە و وشەکان دەکات بە گرێ و گرێیەکان دەکات بە ڕستە و ڕستەکان دەکات بە ئاخاوتن. بەهۆی ئەم دوو ئاستەش مرۆڤ دەتوانێت بەهۆی چەند دەنگێکەوە ژمارەیەکی یەکجار

[٣١] - محمد معروف فتاح، زمانەوانی، ل ١٢ .

زۆر مۆرفیم و وشە و گرێ و ڕستە دروست بکات .بەو واتایەی مرۆڤ بە هۆی ئەم دەنگانەوە هەمیشە وشە و گرێ و ڕستەی نوێ دروست بکات.

مرۆڤ کاتێ قسەدەکات، سوود لەو هەوایە وەردەگرێت کە لە سییەکانەوە دێتە دەرەوە و دەگاتە بە قورگ و دەنگە ژێیەکان و دەنگ دروست دەکات .

٢ـ زمان پێڕەو و یاسایە:

لە زماندا ئەگەر پێڕەو و یاسا و دەستوور نەبێت، ئەوە کردەی تێگەیشتن زۆر زەحمەت دەبوو، هەر بۆیە لە هەموو ئاستەکانی زماندا دەستوور و یاسا هەیە، واتە زمان بریتی نییە لە کۆمەڵە دەنگێك یان وشەیەك کە لەخۆوە ڕیزکرابن، بەڵکو بەپێچەوانەوە خاوەنی یاسا و ڕێسایە، بۆنموونە یاساکانی دەنگ لە هەموو زمانێکدا سیستەمێکی ڕێکوپێکی هەیە بۆ لێکدانی بزوێن و نەبزوێنەکان، چونکە ئەگەر ئەو یاسایە نەبێت، ئەوە زمانەکە شێوەی دروستکردنی وشە و مۆرفیمی تێکدەچێت .

ئەم پێڕەوەی باسی لێوە دەکەین، ئەوە لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤ لەدایکدەبێت

٣ـ زمان لەخۆوەیە:

پەیوەندییەکی دیار و ئاشکرا لە نێوان هێما زمانییەکان و واتاکانیاندا نییە، واتە ئەو تایبەتمەندییەی زمان ئەوە دەردەخات، کە هیچ پەیوەندییەکی سروشتی نییە لەنێوان وشە و ئەو شتەی کە هێمای بۆ دەکات، هەرچەندە لە وشە سروشتییەکاندا هەندێ لێکچوون بەدی

دەکرێت، بەڵام ئەم وشانە گرنگییان لە زماندا پێنادرێت، چونکە لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی دی دەگۆڕێن و ژمارەشیان لەچاو ژمارەی تری وشەی زمانەکەدا کەمن . واتە پەیوەندی نێوان هێما و هێمابۆکراو پەیوەندییەکی لەخۆوەیە، بۆنموونە وشەی (مار) لە نووسین و گۆکردندا هیچ پەیوەندییەکی بە شێوەی مارەوە نییە .

٤ـ زمان تایبەتە بە مرۆڤ:

لە تێڕوانین و بۆچوونەکانی زمانناسان ئەوە ڕوونکراوەتەوە، کە زمان پەیوەستە بە مرۆڤ، واتە پەیڕەوی گەیاندن لە گیانلەبەران و زیندەوەری تردا تایبەتییەکانی زمانی مرۆڤی تێدا نییە و بە زمان دانانرێن، تەنانەت زمانی (تووتی)یش ناکرێت وەکو زمانێکی زیندوو و گەشەسەندوو سەیر بکرێت، چونکە ئەم زمانە جۆرێکە لە لاسایکردنەوەی مرۆڤ .

بۆیە لێرەدا گەرەکە هەندێ لایەنی جیاوازی نێوان زمانی مرۆڤ و زمانی گیانلەبەران بخەینەڕوو:

ا- زمانی مرۆڤ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، چونکە مرۆڤ لەنێو کۆمەڵ و کۆمەڵگەدا فێری زمان دەبێت، بەو واتایەی مرۆڤ لە ڕێگەی فێربوونەوە فێری زمان دەبێت، کەچی زمانی گیانلەبەران بۆماوەییە، بەو واتایەی پێویستی بە کردەی فێربوون نییە.

ب - زمانی مرۆڤ هەمیشە لە گۆڕان و گەشەسەندندایە، کەچی زمانی گیانلەبەران لە پلەیەکی چەسپاو و نەگۆڕدان، بەڵکو تەنیا سنوورێکی دیاریکراو و تەسك دەگرێتەوە .

ج ـ زمانی مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە نەك هەر لەو شتانە بدوێت، کە لە ئێستا و شوێنێکی دیاریکراو ڕوودەدەن، بەڵکو دەتوانێت باسی ڕووداوێك بکات کە هەزاران ساڵ پێش ئێستا ڕوویدابێت، یاخود باسی ڕووداوێك بکات کە لە داهاتوودا ڕوودەدات، سەرباری ئەوەش زمانی مرۆڤ درك بە شتە شاراو و غەیبییەکانیش دەکات، بەوەی مرۆڤ دەتوانێت باسی بەهەشت و دۆزەخ و فریشتە و جنۆکە بکات، هەرچی زمانی گیانلەبەرانە ئەوە زۆر کاتی و سنووردارە، چونکە هەر دەتوانێت گوزارشت لە ئێستا و ئەو شوێنە بکات، بۆنموونە کاتێك پشیلە کە لەبەر پێیەکانت دەمیاوێنیٚ، مانای ئەوەیە کە ئێستا نەك دوێنیٚ برسییەتی یان تێنوویەتی، یاخود بەهەمان شێوە سەگیش کە دەحەپێت، مانای ئەوەیە کە برسییەتی یان تێنوویەتی یان ترسێك لە ئارادایە .

د ـ مرۆڤ هەمیشە دەتوانێت بۆ هەموو ڕەوش و حاڵەت و ڕووداوێك وشەی نویٚ دابهێنێت و بەکاری بهێنێت، چونکە داهێنانی وشەی نویٚ و ڕستەی نویٚ و بیری نویٚ یەکێکە لە توانستەکانی مرۆڤ ، بەڵام ئەم توانستە لای گیانلەبەران نییە.

٥ـ زمان ڕەمزە:

زمان لە کۆد و ڕەمز و ئامراز پێکدێت بۆ گەیاندنی زانیاری بە مەبەستی هاوکاریکردن، واتە زمان جۆرێکە لە چالاکی کۆمەڵایەتی .

ڕەمزیش مەبەستمان لەو هێمایانەیە کە بۆ دەنگ دانراون، ئەو دەنگانە لەخۆیانەوە هێمان ، ئەم هێمایانەش کە بەرانبەر هەر دەنگێك لە دەنگەکانی زمان دانراون، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕدرێت،

لەهەمان کاتیشدا هیچ یەك لەو دەنگانە واتای خۆیان نییە، بەڵکو کۆمەڵ لەسەری ڕێککەوتوون و کۆمەڵگە واتایان پێدەبەخشێت .

ڕەمزیش چەند جۆرێکی هەیە:

ا- ڕەمزی وێنەیی: لێرەدا پەیوەندی نێوان دەنگ و واتاکە هەیە، وەکو دەست بردن بۆ دەم، واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە مەبەستی برسییەتییە .

ب - ڕەمزی هۆیی: لێرەدا هۆیەك هەیە کە پەیوەستە بە ڕەمزەکەوە، وەکو زەردهەڵگەڕانی مرۆڤ، هۆکارێکە یاخود ڕەمزی هۆییە و پەیوەستە بە نەخۆشی یان ترس .

ج - ڕەمزی لەخۆوە: ئەمجۆرە ڕەمزە هیچ پەیوەندییەك لە نێوان دەنگ و واتاکە نییە، واتە ئەمجۆرەیان زیاتر دەچێتە نێو بواری زمانەوانییەوە، بۆنموونە (بلێسە یاخود مەشخەڵ) واتای خوێندەواری دەگەیەنێت .

٦- زمان زیندووە و لە گۆڕاندایە:

زمان هەمیشە لە گۆڕاندایە، بەڕادەیەك کە لە ماوەی چەند ساڵێکدا هیچ لە زمانە بنەڕەتەکە نامێنێتەوە .زمانی مرۆڤ هەمیشە لە گۆڕان و گەشەسەندندایە، هەر لەو کاتەی کە زمان پەیدابووە، تاکو بە ئەمڕۆ دەگات، زمان بە چەندین قۆناغی جیاجیادا ڕۆیشتووە و تێپەڕیوە، ئەم قۆناغانەش گۆڕانێکی بنچینەییان لە زمانی مرۆڤدا دروستکردووە، بەجۆرێك لە سەرەتاد ا لەسەر ڕووی زەمینتەنیا یەك زمان هەبووە، بەلاَم دواتر بەگوێرەی ڕۆژگار پەرەی سەندووە و بووتە چەندین زمان، هەر زمانێکیش چەندین زار و بنزاری جیاجیا بەخۆوە دەگرێت.

خێزانە زمانەکانی جیهان

زمانناسان، زمانەکانی جیهانیـان بەسـەر چـوار خێزانـە زمـان دابـەش کردووە، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:[٣٢]

یەکەم: خێزانە زمانی هیندۆ ـ ئەورووپی

ئەم خێزانە لە کۆمەڵێکی گەورە پێکدێت،کە لـە ڕەگـەز و بنچـینەدا لـە یەکترییەوە نـزیکن و ئـەو گەلانـە دەگرێتـەوە کـە بـەم زمانانـە دەدوێـن و دەکەونە ناوەڕاستی ئاسیا هەتا ئەوپەڕی کەناری ڕۆژئاوای ئەوروپاوە.

أ ـ کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی: بە هینـدۆ ـ ئـاری ناسـراوە، بەهۆیـەوە زمانـەکانی میتانی و سانسکریتی و ماد و ئـەخمینی دەگرێتـەوە، کـە ئـەویش بەسـەر دوو لق دابەش دەکرێت:

١ـ کۆمەڵی هیندی: کە لە زمانەکانی (بنجانی، کۆجراتی، بەهاری، بەنگالی، هیندی ڕۆژئاوایی، هیندی ڕۆژهەڵاتی، باراکراتی، راجاسانی) پێکدێت.

٢ـ کۆمەڵی ئێرانی: کە لە زمانەکانی (فارسی کۆن، فارسی نـوێ، کـوردی، ئەفغانی، بلووجی، ئۆزەتی) پێکدێت.

ب ـ کۆمەڵی ڕۆژئاوایی: ئەم کۆمەڵەیە پێکدێت لە:

---

[٣٢] ـ بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە:
زبێر بیلال، مێژووی زمانی کوردی،وەرگێڕانی لە عەرەبییـەوە یووسـف ڕەئـوف عـەلی، چاپخانەی(دار الحرية للطباعة)، بەغدا، ١٩٨٤.

١ـ زمانه جەرمەنییەکان: (ئەلمانی، ئینگلیزی، دانیمارکی، هۆلەندی، زمانه ئەسکەندەنافییەکان).

٢ـ زمانه سلاڤییەکان: (ڕووسی، پۆڵەندی، چیکی، سلۆڤاکی، یۆگسلاڤی).

٣ـ زمانی لاتینیەکان یان ڕۆمانییەکان: (ئیتالی، فەرەنسی، ئیسپانی، پورتوگالی).

٤ـ زمانی یۆنانی: (ئەرمەنی، ئەلبانی).

٥ـ زمانی کەڵتی: (ئیرلەندی)

دووەم: خێزانه زمانی سامی ـ حامی

ئەم خێزانە، زمانی ئەو نەتەوانە دەگرێتەوە، کە لە وڵاتی میزۆپۆتامیا و دوورگەی عەرەبی و ژووروی ئەفریقیادا دانیشتوون. زانایان زاراوەی (سامی)یان لە ناوی (سام کوڕی نوح)ەوە وەرگرتووە، کە لە (تەورات)یشدا هەر ئەو نەتەوانە دراونەتە پاڵ ئەم ناوە، کە بەم زمانە دواون. ئەم خێزانە زمانەش لەم کۆمەڵە زمانانەی خوارەوە پێکدێت:

١ـ کۆمەڵەی باشوورییەکان: گرنگترینیان: عەرەبی کۆنی خواروو و شێوە دێرینە لەناوچووەکانی وەکو (سەبەئی، حیبری، قتبانی، سموودی)، عەرەبی نوێی باکوور و زمانی حەبەشی دەگرێتەوە.

٢ـ کۆمەڵەی باکوورییەکان: بریتییە لە ئارامی کۆن و سریانی و سابئە.

٣ـ کۆمەڵی ڕۆژئاوایی یا کەنعانی، کە بریتین لە فینیقی و عیبری.

٤ـ کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی: بریتییە لە ئەکەدی، بابلی، ئاشووری.

سێیەم: خێزانە زمانی ئۆراڵی

ئەم خێزانە زمانە، دوو کۆمەڵە دەگرێتەخۆ:

١ـ ئۆراڵی: کە زمانی فنلندی و ئەستۆنی و مەجەری دەگرێتەوە.

٢ـ ئەلتیکی: کە زمانی تورکی، مەگۆلی، تەنوکوسی و مەنانشۆ دەگرێتەوە.

چوارەم: خێزانە زمانی چینی تێبتی

ئەم خێزانە زمانە، زمانەکانی (چینی، تایلەندی، بورمایی، تێبتی) دەگرێتەوە .

* نەژادی زمان و نەژادی نەتەوە

پرسی زمانی ئادەم و خودا چەندەها لێکدانەوەی بۆ کراوە،خودا بەچ زمانێك قسەی لەگەڵ ئادەم کردووە؟ ئادەم بە چ زمانێك قسەی لەگەڵ خودا کردووە؟ ئادەم بە چ زمانێك قسەی لەگەڵ حەوا کردووە؟ دوو پرسن هیچ پەیوەندییان بە زمانەوانییەوە نییە، چونکە هیچ ئایەتێك نییە ئەمە ڕوون بکاتەوە، هەروەها هیچ زانستێك هەتا مرۆڤناسیش نەیانتوانیوە وەڵامی ئەو دوو پرسیارە بدەنەوە.

ئەوەی هەیە هەموو گریمانەو ئەفسانەیە، ئەو قسانەش هیچ شەنگست و بنەمایەکی زانستیان نییە، وێڕای ئەمەش کارکردن و خۆ خەریککردن بەو مەسەلەیەوە دوو ئارێشەی لەناو کۆمەڵگا دروستکردووە: نەتەوەی پیرۆز و زمانی پیرۆز، جولەکەکان یەکێ لەو نەتەوانەن بانگەشەی نەوە دەکەن

کـه زمـانی عیـبری زمـانێکی پیرۆزه،چـونکه ئـادەم قسـەی پێکـردووه. ئەلمانـەکانیش بەپاسـاوی ئـەوەی ئـەلمان بەشـدارییان لـه بـورجی بابـل نــەکردووه، بۆیــه خــودا زمــان و ڕەگــەزی ئــەوانی پــیرۆز کــردووه، عەرەبەکانیش یەکێ لەو نەتەوانەن زۆر شانازی بە رەگـەزو زمـانی خۆیـان دەکەن، هەتا دەڵێن زمانی بەهەشتیش بـه عەرەبییـه!!، ئێزیدییـەکانیش دەڵێن ئێزدان بە کوردی لەگەڵ مەلیکی تاوس قسەی کردووه!

لەڕووی ئایینی و زمانناسـییەوه، نـه هـیچ ڕەگـەزێك پـیرۆزه، نـه هـیچ زمانێـك. هـەموو زمانـەکان وەك یـەکن، زمانێـك نییـە لـە زمـانێکی تـر پێشـکەوتوو تـر بـێ، زمانێـك نییـه بـه نـاوی زمـانی بـەرایی بێـت، هـەموو زمانێکیش لە وشە پێکهاتووه، جـا ئـەوەی وشـەی زۆره، ئـەوه دەرفـەتی زۆری هەیە، ئەوەی وشەشی کەمە دەرفەتی نەدراوەتێ.

ئەدگارەکانی زمانی مرۆڤ

چـەمکی زمـان، چـەمکێکی لێڵـه، لەزۆربـەی زمانەکانـدا ئـەو چـەمکە بوارەکەی هێندە فراوان کراوه، بەجۆرێ زۆر سنووری بڕیوه، وایلێکـراوه، کە هەتا شتی نازیندووش زمانی هەبێت، ئەو دیتن و خوێندنەوه فراوانە بۆ زمان، بـەهای سروشـتی زمـانی شـێواندووه. دەگـوترێ زمـانی گیانـەوەر، زمانی مۆسیقا، زمانی ترافیك لایت، زمـانی جەسـته.ئایا ئەوانـه زمـانن؟! زمان هێنـدە سـادەیە؟ زمـان کۆمـەڵێك ئـەرك و دەسـەڵاتی هەیـه، بەهیچ جـۆرێ گیانــەوەر و مۆســیقا و ترافیــك لایــت و جەســته هتــد. نــاتوانن گوزارشتی لێبکەن.

زمانی مرۆڤ، ئەو زمانەیە کە کرۆکی زمانەوانی پێکدەهێنێ، ئەو زمانە هەندێ ئەدگار و تایبەتمەندی هەیە، کە بە کورتی لە هەر یەکێکیان دەدوێین و لە کۆتایی لەگەڵ زمانی گیانەوەر بەراوردی دەکەین:

١ـ لادانی شوێنکات

زمانی مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە نەك هەر لەو شتانە بدوێت، کە لە (ئێستا) و (ئێرە) ڕوودەدەن، بەڵکو دەتوانێ باسی ڕووداوێك بکات، هەزاران ساڵ پێش ئێستا ڕوویدابێ، هەروەها باسی شتێك بکات کە لە داهاتوو ڕوودەدات.

وێڕای ئەوەش زمانی مرۆڤ دەرك بە شتە غەیبییەکانیش دەکات، مرۆڤ دەتوانێ باسی (بەهەشت) و (دۆزەخ) و (فریشتە) و (جنۆکە) بکات، هەروەها گوزارشت لە (خۆشی) و (ترس) بکات.

هەرچی زمانی ئاژەڵە ئەوە زۆر کاتیی و سنووردارە، هەر دەتوانێ گوزارشت لە (ئێستا) و ئەو شوێنە بکات، کە شتەکەی لێیە یان ڕووداوەکە ڕوودەدات.

پشیلەکەت کە لەبەر پێت میاو میاو دەکات، ئەوە تەنها ئەوەت پێ دەڵێ کە ئێستا نەك دوێنێ یاخود بەیانی برسیەتی، تێنیویەتی. حەوحەوی سەگەکەشت، تەنها ئەوەت پێ دەڵێ کە ئێستا برسیە، تێنووە، ترسێك لە دەرەوەیە!

ئەگەر هەنگ بەهۆی چەند سەمایەکەوە بتوانێ شوێنی شیلەی گوڵێك بە هەنگەکانی تر بڵێ، نابێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە ئاژەڵ توانای هەیە لە سنووری کات و شوێنی ئێستا دەربچێ، ئەو توانایە هێندە سنووردارە،

بە هیچ جۆرێ ناکرێ زمانی مرۆڤ و ئەو سەما و هاوارەی گیانەوەر بە جیاوازی لە پلە نەك لە جۆر بەراورد بکرێ.

٢ـ لەخۆوەیی

ئەم ئەدگارەی زمانی مرۆڤ ئەوە دەردەخات کە هیچ پەیوەندییەکی سروشتی لەنێوان (وشە) و ئەو (شتە)ی لە سروشتدا هەیە، نییە، وشەی (مار) لە نووسین و گۆکردن، هیچ پەیوەندی بە شێوەی (مار)ەوە نییە.بەواتای ئەو (هێما) و (هێمابۆکراو) لە زەینی مرۆڤی هۆشیارەوە هیچ پەیوەست نین بەیەکەوە، بەڵام ئەو پەیوەندییە هێماییە لە زەینی مرۆڤی نەخوێندەوارەوە بەشێوەیەکی ترە، بەواتای پەیوەندییەکی سروشتی هەیە لەنێوان (وێنەی مار) و (مار)ی ناو دارستان، بێگومان ئەمەش پەیوەستە بە عەقڵی ئەو جۆرە مرۆڤەوە، کە ئەگەر نەخوێنەوار بێت، پەیوەندییەکان، وەك گیانەوەر، بە پەیوەندییەکی وێنەیی نەك هێمایی دەبینێ!

ئەم دیاردەیەش ساغلەم نییە، بۆیە نەبوونی هیچ پەیوەندییەکی سروشتی لەنێوان (وشە) و ئەو (شتەی) دەینوێنێ، نەك هەر زمانی مرۆڤی جیاکردۆتەوە، بەڵکو فاکتەرێکیش بووە بۆ ئەوەی چەند (زمان) و (نەتەوە) دروست ببن، بۆ نموونە ئەگەر بۆ هەر (شتێك) لە سروشت وشەیەك هەبووایە، ئەوە دەبوو هەموو مرۆڤایەتی بۆ شتێکی وەك (سەگ) یەك وشەی جیهانیان بەکارهێنابایە، نەك کورد بڵێ (سەگ)،عەرەب بڵێ (کلب)، ئینگلیز بڵێ (dog).

هەندێ دەنگی سروشتی هەن، وەك ڤڕە ڤڕ، وڕە وڕ، قیڕە قیڕ، وژە وژ و کیڤە کیڤ، ئەو شتانە دەنوێنن کە لە سروشتدا هەیە، بەڵام ئەمەش زۆر سنووردارە.

٣ـ ئەفراندن

ئەفراندن و داهێنانی وشەی نوێ، ئـەدگارێکی تـری بـێ وێنـەی زمـانی مرۆڤە، مرۆڤ دەتوانێ بۆ هەر ڕەوشێك لەهەر کاتێك، وشەیەك بۆ ئەو شـتە دابهێنـێ، کـە تووشـی دەبـێ، ئـەدگاری داهێنـان لـە (زەیـن) و (عـەقڵ)ی مرۆڤدا بوونێکی ئەزەلیە، هـەر بۆیـە مـرۆڤ ڕۆژانـە دەتوانـێ وشـەی نـوێ، ڕستەی نوێ، کە پێشتر کەس گوێی لێ نەبووە، دابهێنێت.

ئەو توانستەی مرۆڤ بەهیچ جۆرێ بەراورد ناکرێ بە زمانی ئاژەڵانـەوە، هۆیەکەش ئەوەیە زەخیرەی زمانەوانی ئـاژەڵ سـنووردارە و تـەنها چـەند هێمایەك لەخۆ دەگرێ، بۆیە قسەی ئاژەڵان پرۆسەیەکی کاوێژکردنەوەیە.

بە ئەزموون دەرکەوتووە ئەو هەنگەی بە چەند سەمایەکەوە دەتوانـێ شـوێنی شـیلەی گوڵێـك بـۆ هـاوەڵانی دیـاری بکـات، ئەگـەر شـوێنەکەی بگۆڕی، دەستەوەستان دەبێ، بەتایبەتی ئەگەر شیلەکەی لـە دووریـەکی بەرز دابندرێت، چونکە وەك دەرکەوتووە، وشـەی یـان هێمـای (سـەرەوە) (بەرز) لە زمانی هەنگدا نییەو ناشتوانێ دایبهێنێت.

٤ـ گواستنەوەی کەلتوریی

زمان کەلەپورێکی جیناتی (بۆماوەیی) نییە، بـەڵکو کەلتورێکـە منـداڵ لە کەلتور فێری دەبێ، بێگومان حەزی فێربوونی زمان سروشـتییە، بـەڵام

فێربوونی جۆری زمـان کەلتورییـە، لـەم ڕوانگـەوە دەتـوانین بلـێین منـداڵ هەندێ ئەدگاری بۆماوەیی لـەدایك و باوکییـەوە وەردەگـرێ،وەك (ڕەنگـی چاو، ڕوخسارو پرچ هەتا هەندێ ئەدگاری وەك هێمنی و تووڕەیی... هتد، بەڵام زمان لە کەلتورەوە فێر دەبێ، لێرە گرنگە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کـە مەرج نییە دایك و باوکێکی کورد منداڵەکەیان بە کوردی بدوێ، ئەگەر ئـەو منداڵـە لـە کۆمەڵگایـەکی عـەرەبی یـاخود ئینگلیـزی پـەروەردە بکـرێ! منداڵی کورد جیناتی کوردانەی دایك و باوکی هەڵناگرێ، بۆیـە کـە لـە نـاو کەلتورێکی نا کوردی بەخێو دەکرێ، هیچ وشەیەکی کوردی نازانێت.

لـەم ئـەدگارەی زمـانی مـرۆڤ دەفامرێتـەوە، کـە مـرۆڤ بـەهۆی ئـامێری وەرگرتنی زمان، فێری زمان دەبێ، ئەو ئامێرە هـیچ مـۆرکێکی نەتـەوەیی هەڵناگرێ، چونکە فێربوونی زمان لەبنەڕەتدا پرۆسەیەکی نەتەوەیی نییە، بەواتای بۆنموونە کەس بە کوردی لەدایك نابێ، لەپاش بوون لـە کـەلتوری کۆمەڵگاوە فێری زمان دەبێت!

ئەمەو ئەو ئـامێرەی وەرگرتنـی زمـان لـە منـداڵ و لاوانـدا زۆر چـالاکە، لەیەك کاتدا توانای فێربوونی چەند زمانێکی هەیـە، بـەڵام هەرچـەند مـرۆڤ بچێتە تەمەنەوە، ئەو ئامێرەش لە وەرگرتنی زمان و زمانی نوێ تەمبـەڵتر دەبێت.

گیانەوەران ئەو توانایەی فێربوونیان لەگەڵ مرۆڤ هەر نییە لەناو خۆشـیان زۆر دەگمەنـە، ئەوەتـە سـەگ نـزیکترین هـاوڕێی مرۆڤـە، تـەنها (هێمـا) و (وێنە) لە مرۆڤ فێر دەبێت، جا ئەو مرۆڤـە لەهـەر نەتەوەیـەك بێـت گـرنگ نییە، هەروەها جگە لە (حەوە حەو) و جێ بەجێکردنی فەرمانەکان هیچی

تـری پــێ نـاکرێ، بـەهیچ جـۆرێ ناتوانــێ وشـەیەکی مـرۆڤ هـەتا لاسـایش بکاتەوە.

گیانەوەران لەناو خۆشیاندا ناتوانن سنوری (ناسنامە) و (زمـان)ی خۆیـان ببەزێنن، بۆ نموونە ئەگەر (کتکە پشیلەیەك) لەناو هەندێ (گوجیلە سەگ) بەخێو بکرێ، ئەوە هەر (میاوە میاو) دەکات نەك (حەوە حەو).

بەکورتی، هۆکاری زگماك، زمانی زگمـاك، زمـانی دایـك و بـاوك، زمـانی نەتــەوە، ئەوکاتــە لــە مرۆڤـدا دەردەکــەوێ، کــە لــەناو کۆمــەڵگای خــۆی پــەروەردە بکـرێ، ئەگــەرنا زمـانی نەتــەوە لــە ئـامێری وەرگرتنــی هــەر منداڵێکدا نییە، هەر لەو ڕوانگەوە بـە بەڵگـە ڕوون بۆتـەوە، ئـەو منداڵـەی (بەتەنیا) بەخێو بکرێ، بەهیچ جۆرێ بە (زمانی زگماك) نـادوێ، هـەروەها ئەو منداڵانەی لە منداڵییـەوە لـە کۆمەڵگایـەکی تـر بـەخێو دەکرێن،زمـانی زگماکیان دەفەوتێ.

٥ـ دوالیتی ـ دووانە

زمانی مرۆڤ لە زگماکەوە لەسەر دوو ئاست ڕێکخراوە،ئەو دوو ئاستەش بریتین لە ئاسـتی دەنگیـی (دروسـتکردنی دەنگـی جـودا) و ئاسـتی واتـا (پرۆسەی لێکدانی دەنگەکان)، بـەهۆی ئـەو دوو ئاسـتەوە مـرۆڤ دەتوانـێ بەهۆی چەند دەنگێکەوە ژمارەیەکی یەکجار زۆر وشـە دروسـت بکـات کـە هەموو لەیەکتر جـودابن، لـەزمانی مرۆڤـدا هـەبوونی دوو دەنگـی جیـا دوو وشـەی جیـاوازی لێدەبێتــەوە، ئـەو نموونانـەی خـوارەوە ئـەم ئـەدگارەی زمانی مرۆڤ زیاتر ڕوون دەکەنەوە:

هەریەك لەدەنگی /ك/ و /گ/ دوو دەنگی بێ واتان، ئەگەر بەتەنیا بن، هەروەها هەردووك لەیەك جیان چونكە شێوازی دروستكردنیان جودایە، هەروەها بۆ ئەوەی بسەلمێنین ئەو دووە لەیەك جودان لە لێكدانیان لەگەڵ دەنگی تر بەدەر دەكەوێ:

ك + ا = كا

گ + ا = گا

ك + وێ = كوێ

گ + وێ = گوێ

ك + ۆ = كۆ

گ + ۆ = گۆ

ئەو كۆمەڵە وشەیە لە فەرهەنگی زمانی كوردیدا، هەریەكە نەك هەر واتای خۆی هەیە، بەڵكو یەكەیەكی سەربەخۆیە، هەتا هیچ پەیوەندییەكی فۆنیمیشیان بەیەكەوە نییە.

لەم نموونەیەی خوارەوە دەردەكەوێت كە لە تەنیا هاوبەشیكردنی بزوێنی كوردی لەگەڵ دەنگێكی وەك /س/، چەند وشەی نوێ دروست دەكەن، كە هیچ پەیوەندیان بەیەكەوە نییە:

س + ە = سە (سەگ)

س + ی = سی (ژمارە (٣٠) و سیەكانی مرۆڤ)

س + و = سو (ریبا)

س + وو = سوو (سوێ) (سولێبوونەوە)

س + ۆ = سۆ (بۆن سۆ ـ سوتان)

س + ا = سا (ئەوجا)

س + ێ = سێ

لەڕووی زمانەوە، مرۆڤ بەهۆی هەبوونی ئەو دوو ئاستەوە، بۆتە ئاخێوەر، هەرچی زمانی ئاژەڵانە لەهەنبەر مرۆڤدا ناتوانێ لە ئاستی دەنگیی دەربچێت، ئەو ئاستەش هەر زۆر سنوردارە بۆ کۆمەڵێك شتی جودا هەریەك دەنگ هەیە، ئەو دیاردە پۆلیسیمیەی Polysemy زمانی ئاژەڵان لێڵی و تارمایی لەلای مرۆڤەوە دروست دەکات: قیژە قیژ و قیڕە قیڕ و کیڤە کیڤ و میاوە میاو و حەوە حەو، هەر تەنها یەك (شت) برسیەتی، تێنویەتی، ترس، ئێش، ژان، نەخۆش، خۆش) ناگەیەنن، بەڵکو ئەو هەمووە دەنوێنن.

٦- قاڵبی ناوەکیی زمان

زمانی مرۆڤ تۆڕێکی زانیاریدەری ئاڵۆزە، هەرچی لەو تۆڕە دابێت (دەنگ، وشە، ڕستە) بەگوێرەی سیستەمێکەوە بەڕێوە دەچێت، هیچ ڕەگەزێکی ناو ئەو سیستەمە بە (موو) لە بنەمەکان و ڕێنماییەکانی ئەو سیستەمە لانادات.

لێرە ئاستی مەعریفی مرۆڤ دەوری خۆی دەبینێ، لەسەر دیارکردنی (ناسنامە) و (بەها)ی ئەو ڕەگەزانە دەکرێ ئەو سیستەمە بە سیستەمی یاری تۆپێن بەراورد بکەین، هەرچی یاریکەر هەیە لە دەرەوەی یاری،هیچ ناسنامە و بەهایەکی نییە، بەڵام کە دێنە ناو گەمەکەوە،بەها و ناسنامەی خۆیان وەك گۆڵچی، هێرشبەر، بەرگریکار... هتد. وەردەگرن.

وشەکانی زمانیش هەر جۆرێکی بەشەکانی ئاخاوتن بن، ئەوکاتە دەبنە ڕەگەزێکی خاوەن (ئەرك) و (ناسنامە)، کە هاتنە ناو تۆڕی (ڕستە)ەوە ـ وشە لەناو ڕستەدا دەبێتە (بکەر) و (بەرکار) و (تەواوکەر) نەك لە دەرەوەی ڕستەدا.

ئەم ئەدگارەی زمانی مرۆڤ لەسەر هەموو ئاستەکانی زمان دەردەکەوێت:

١ـ ئاستی دەنگسازی

لەنێوان هەردوو دەنگی /ش/ و /ر/ بەهۆی (هەندێ)، (نەك هەموو) بزوێنەوە چەند وشەیەکی جیاواز دروست دەبن وەك:

ـ شار، شیر، شێر، شۆر، بەڵام شەر، شور، شوور لە زاری ستاندەردا نین، هەروەها لە زمانی کوردیدا دیاردەی هێشووەنەبزوێن زۆرە، بەڵام هەموو جۆرە هێشووە نەبزوێنێك لە سیستەمی دەنگی زمانی کوردیدا جێی نابێتەوە:

ـ شتسر

ـ شکر

ـ شڤر

ـ شفر

ـ شقر

٢ـ ئاستی وشەسازی

ڕۆنانی وشەی ئینگلیزی بەچەند ڕێگەیەکەوە دەبێت وەك:

1- Compounding لێکدانی دوو وشە یان زیاتر

- boy + Friend = boyfriend
- break + fast = breakfast

2- Derivation دارِشتن

- teach + er = teacher
- gang + dom = gangdom
- king + dom = kingdom

3- Invention داهێنان

Kodak
Nylon

4- Echoism زایەڵە

Whisper
Moan, hiss

ئەم دیاردەیە لەزمانی کوردی زۆرە وەك:

قیرە قیر، گرمەگرم، ڕمبە ڕمب

5- Clipping
Lab, disco

6- Acronomy
Mp, Nato, Radar

7- blending
- autobus, gasohol

8- Back formation
Greed, hedgehop
9- folk etymology
- female, let ball
10- Antonomasia
Sandwich, hamaburger
11- Reduplication
Lovey – dovey, tiptop

ئـەم هـەموو شـێوازەی ڕۆنـانی وشـە لـە ئینگلیزیـدا، بـەگوێرەی سیستەمێك بەڕێوە دەچێ، لەپاشانیش لەلای خەڵك دەبێتە وشەیەکی مانـادار، بـۆ نموونـە بۆچـی ئینگلیـزی وشـەی breakfast تێشـت ـ دروستکرد،"fastbreak" دروست نەکرد، ئەوانی تریش بەهەمان شێوە.

ڕۆنانی وشە لە زمانی کوردی بەو هەموو شێوازە دروست نابێ، بەڵکو تەنها چەند ڕێگەیەکە، وەك:

١ـ لێکدان: ڕووگرژ،سەرخۆش، کرێکار، جووتیار..........

٢ـ داتاشین: شازادە، میرزا، شمەك............

٣ـ دارڕژتن: هەڵگرتن، داگرتن، بردنەوە.............

٤ـ کورتبڕی: ك. کردار، ب ـ بکەر، ئا. ئاوەڵناو..........

یان شێوەی تر،وەك:

ی. ن. ك

پ. ك. ك

پ. د. ك

٥- دروستکردنی ناو لە ناوی شوێن:

سەفین، گۆیژە، هەڵگورد، بێستوون.......

٦- هەندێ ڕێگای تر هەن، کە کورد ئەو وشانەی لەو بوارانەدا نەبووە، بۆیە لەزمانی تر وەریگرتوون: سینەما، سانسۆر، کۆمپیوتەر، ئەنتەرنێت، تەلەفزیۆن، تی ڤی ....هتد.

لێرەدا با چەند پرسیارێك بکەین:

١- بۆچی کورد وشەی (یارجووت، کارکرێ، پێدەر، شاددڵ)ی دروست نەکرد،کەچی (شێردڵ و دڵشێر)ی دروست کرد؟.

٢- بۆچی کورد ئەو هەموو ڕێگایانەی ڕۆنانی وشەی نییە؟!

بەکورتی هەر زمانێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، چۆن هەندێ هێشووە نەبزوێن لە ئینگلیزی نین، لە کوردی هەن، بە پێچەوانەش، لەڕووی وشەسازیش هەروایە، ئەوەی سیستەمی زمانی کوردی قەبوڵی دەکات، ئەویتر قەبوڵی ناکات، بەپێچەوانەش. بێگومان شتی هاوبەشیش لە زمانەکاندا هەیە، بەڵام هیچ (دوو) زمانێك وەك یەك نین.

٣- ئاستی ڕستەسازی

پێکهاتەی ڕستەسازی کوردی لەگەڵ ئینگلیزی جودایە:

ئینگلیزی: بکەر، کار، ئاوەڵکار

The clerk sneezed loudly

کوردی: بکەر، ئاوەڵکار، کار

ئاوەڵکـاری ئینگلیـزی زۆر لـەوەی کـوردی ئـازادترە، دەکـرێ بـەم چـەند شێوەیەش بێت:

- بکەر، ئاوەڵکار، کار The clerk loudly sneezed

- ئاوەڵکار، کار، بکەر loudly sneezed the clerk

لەگەڵ ئەو هەموو ئازادییەش، بەڵام لەوە زیاتر زمانی ئینگلیزی قـەبوڵی ناکات و ڕستەکە بە ناڕێزمانی دادەنێت.

لەکوردی دەڵێین:

- ئازاد خێرا هاتەوە.

* ئازاد هاتەوە خێرا.

* خێرا هاتەوە ئازاد.

ئەمەو لەزمانی کوردیدا ڕێککـەوتن Concord لـەنێوان (بکـەر و کـار)دا هەیە،ئەگەر بکەر (کۆ) بوو،دەبێ (کار)ەکەش کۆ بێت، ئەگـەر تـاک بـوو، ئەویش تاک دەبێت:

- کوڕەکە هات . کوڕەکان هاتن.

- کوڕەکە دێت . کوڕەکان دێن.

ئەمڕۆ لە زمانی (فەرەنسی) و (عەرەبی) ڕێکەوتن هەر تەنیا لەنێوان (بکەر و کار)دا نییە، بـەڵکو لـەنێوان ڕەگـەزی تـریش، وەك ئاوەڵنـاو و ئـامرازی ناسین و نەناسین هەتا جێندەریش هەیە.

وێـڕای پەیوەنـدی ڕێکـەوت لـەنێوان ڕەگـەزەکانی ڕسـتە، ئـەوە دوو پەیوەندی تر لەنێوان ئەو ڕەگەزانەدا هەن:

یەکەم: پەیوەندی پارادیگماتیکی (ستوونی)

لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانرێ ژمارەیەکی بێ کۆتا ڕستە دروست بکرێت:

- ئازاد خێرا هاتەوە.
- سەردار هێواش ڕۆیشتەوە.
- نازدار جوان دەخوێنێتەوە.
- هێڤی باش دەدوێ.
- نازێ بەتوندی گەڕایەوە.

٢- پەیوەندی سینتاگماتیکی (ئاسۆیی)

ئەم جۆرە پەیوەندییە کە لەناو ڕەگەزەکانی یەك ڕستەدا ڕوو دەدات، لەسەر بنەمایەکی لۆژیکی دامەزراون:

* ئاسۆ ماسییەکی گرت و برژاندو خوارد.

هەر سێ کاری (گرتن، برژاندن، خواردن) دەبێت لەناو سیستەمی زمانی کوردیدا ئەوها بێن،هەر شێوازێکی تر مەقبول نییە.

* ئاسۆ ماسیەکی خواردو برژاندو گرت.
* ئاسۆ ماسیەکی برژاندو گرت و خوارد.
* ماسیەکە ئاسۆی برژاندو گرت و خوارد.

یان

- ئازاد لەخەو ڕابوو، نوێژی کردو نانی خواردو چووە کۆلێژ.

ئەوانی تر لۆژیکی نین، بۆیە لەناو سیستەمی زمانی کوردی جێیان نابێتەوە.

* ئازاد نوێژی کردو لەخەو ڕابوو چووە کۆلێژو نانی خوارد! !

* ئازاد نانی خواردو لەخەو ڕابوو نوێژی کردو چووە کۆلێژ! ! هتد.

٧ـ پێکهاتەی زمان نەك ژمارەی ڕەگەزەکان

هەر زمانێك سترەکچەرێکی هەیە، مەعریفەی مرۆڤیش سەبارەت بەو سترەکچەرەوە پەیوەست نییە بە ئاستی بەرزی و نزمی مەعریفییەوە، ئەم زانینەی مرۆڤ واتای ئەوە ناگەیەنێت، کە مرۆڤ دەربارەی زمانەکەی هەڵە ناکات، چونکە هەر شتێك لە ئەبستراکت دەرباز بوو و ئیشی پێکرا، ئەوە هەڵەی تێدەکەوێت.

کرداره زمانییەکان بە سترەکچەری زمانەوە بەندن نەك ژمارەی ڕەگەزەکانی ڕستە، چونکە ژماردنی ڕەگەزەکان هیچ پەیوەندی بە سروشتی زمانەوە نییە.

ناکرێ لەخۆوە بوترێ نیشانەی ناسراوی (ـ ەکە) بۆ یەکەم، دووەم، سێیەم، ڕەگەز ل ەڕستە زیاد بکە، هەروەها بەهەمان شێوە ناکرێ هیچ نیشانەیەکی تر وەك (دە ـ بەردەوام) یا (ن ـ کۆ) لەسەر ئەم بنەمایە زیاد بکرێت، چونکە هەردەم ڕێك ناکەوێ وشەی یەکەم (بکەر)،هەردەم وشەیەکی تاك بێ، لەوانەیە گرێیەك یان دەستەواژەیەك بێت، جا چۆن نیشانەی نەناسراوی لەسەر بنەمای ژماردن بۆ زیاد دەکرێ:

١ـ دوێنێ، کوڕ، درەنگ، هاتەوە.

ـ کوڕەکە دوێنێ درەنگ هاتەوە.

ـ دوێنێ کوڕەکە درەنگ هاتەوە.

* دوێنێکە کوڕ درەنگ هاتەوە.

٢ـ کوڕە زیرەك و ئازایەکە لەشەڕدا کوژرا.

* کوڕەکە زیرەك ئازا لەشەڕدا کوژرا.

* کوڕە زیرەکە ئازا لەشەڕدا کوژرا.

ئەمەو زمانی مرۆڤ هەردوو جۆری لێڵی لێکسیکی و پێکهاتەیی دروست دەکات، وا دەکات کێشەیەك لە گەیاندنی "پەیام" لەنێوان (قسەکەر) و (گوێگر) یاخود (بیسەر) دروست ببێت. ئەم دیاردە زمانەوانییە و چەندەهای تر وەك (کرتاندن) و (لەبریتیدانان) لە زمانی مرۆڤدا هەیە. ئەم دیاردە زمانەوانیانە لە زمانی گیانەوەراندا نییە، زمانی ئاژەڵان ئەوەندە وەك زمانی مرۆڤ ئاڵۆز نییە، هەر بۆیە ئەوان لەهەر (پەیوەندییەك) دەتوانن (یەك پەیام) بگەیەنن، نەك چەند پەیامێك.

مرۆڤ لە زمانی ئاژەڵان دەگات یان ئەوان لە زمانی مرۆڤ دەگەن

بێگومان ئاژەڵانی هاوجۆرو پۆل لەیەك دەگەن، بەزمانی خۆیان لەگەڵ یەکتر دەدوێن، ئەوەتە مێرووەکان یەکتر ئاگادار دەکەنەوە لە سوپاکەی سلێمان پێغەمبەر، هەروەها لەچیرۆکی زمانی ئاژەڵانیش دەردەکەوێ کە گیانەوەران لەگەڵ یەکتر دەدوێن، بەڵام هیچ جۆرە پەیوەندییەکی هاوسەرگیری لەنێوان دوو پۆل یان دوو جۆری ئاژەل ڕووینەداوە.

ئەمەو هەر بەگوێرەی قورئانەوە سلێمان پێغەمبەر لەگەڵ هەموو گیانەوەران قسەی کردووە، بەتایبەتی لەگەڵ (هدهد ـ پەپو سلێمانی)، ئەمە لە دنیایەك ڕوویداوە، تایبەت بەهەموو مرۆڤەوە نەبووە، بۆیە تەنها

کەسێك کە ئـەو توانایـەی هـەبووبێ، لەهـەردوو جیهـانی، جیهـانی مـرۆڤ و جیهـانی گیانـەوەران، بـژیت، سـلێمان پێغەمبـەر بـووە، بـەواتای مـرۆڤ و گیانەوەران هەردووك خاوەن زمـانن، بـەڵام ئەوکاتـە مـرۆڤ تـەواو لـەزمانی گیانەوەران دەگات کە پەردەی هەردوو جیهان ببڕێت، ئەمەش ناکرێ!

ئەوەی لەجیهانی مرۆڤ ڕوو دەدات ئەوەیە:

هێماو نیشانەکانی زمانی ئاژەڵان زۆر کەمن، ناتوانن بەتەواوی وێنـای ئـەو پەیامە بکەن، کە بـە زمـان لەگـەڵ مـرۆڤ بـدوێن، هەرچـی هەنـدێ ئـاژەڵی مـاڵین لـە هەنـدێ وشـەی مـرۆڤ دەگەن،بـە خۆشـی بـێ یـان ناخۆشـی، پەیامەکەی مرۆڤ وەردەگرن و جێ بەجێی دەکەن.

هەموو گوێدرێژێك لەفەرمانی (وۆش) و (ئەچە) دەگات، هـەموو پشـیلەیەك لە (ختە)ی مرۆڤ ڕادەکات و لە (میاو میاو)و(پش پش) نیگەرانـە، دوو دڵـە تەواو نازانێ بۆ (خۆشـی)یە یـان (ناخۆشـی)، هـەروەها ئەگـەر سـەگێك و کەرێك و چەند بزنێك لە شوێنێك پێکەوەبن، ئەگەر شوانەکە (گـدی گـدی) بکات، ئەوە (بزنەکان) دێن،بەڵام ئەگەر (کوچـە کـوچ) بکـات، (سـەگەکە) دێت، ئەگەر (قرۆش قرۆش) بکات، (کەرەکە) دێت،بەپێچـەوانە ڕوونـادات، (بـە گـدی گـدی) سـەگەکە یـاخود کەرەکـە نایـەت!! هـەروەها هـەموو مریشـکێکیش (کـش کـش) و (تـی تـی) لەیـەك جیـا دەکاتـەوە، لەمـەدا دەردەکـەوێ کـە ئـەو پەیامـە سنوردارانەی مـرۆڤ هـیچ لێلییـەك لای ئـەو گیانەوەرانە دروست ناکەن، چونکە سادەن و هەروەها چـەند بـارەن، ئـەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر جۆرەکانی مەیمونی شیمپانزی و دۆلفین و تـوتی... هتد کراون، لەسنووری زمانی هێما دەرناچن، ئەمەش لەوانەیە هـەر لەبـەر

ئـەو ڕاسـتییە سـادەیە بێـت، کـە پێکهاتـەی عـەقڵی ئـەوان لەگـەڵ مـرۆڤ جودایە، ئەوان دەتوانن لەگەڵ یەك بدوێن (وەك چۆن مێرووەکـان لەگـەڵ یەکتر دەدوێن)، بەڵام ناتوانن لەگـەڵ مـرۆڤ بـدوێن وەك مـرۆڤیش ناتوانـێ (بەزمانی ئەوان) لەگەڵ ئەوان بدوێت!

خالێکی تر ئەوەیە ئەگەر مرۆڤ (لاڵ) یاخود (کەڕ) بێت، هێشـتا قـەناتێکی تـری مـاوە لـە مرۆڤـی سـاخلەم بگـات، ئـەویش (زمـانی نووسـینە)، ئـەم قەناتـەش لـە گیانـەوەردا ئەگـەر مـەحاڵ نەبێ،ئـەوە هـەر زۆر دەگمـەن و دژوارە.

زمانی ستاندەر

پێش ئەوەی باسی زمانی ستاندەر بکەین، وا چاکە چەند زاراوەیەك لەیەکتر جیا بکەینەوە، کە زۆرجار تێکەڵی یەکتر دەکرێن، زمانی یەکگرتوو، زمانی نەتەوە، زمانی نیشتمانیی، زمانی فەرمی، زمانی ستاندەر. ئەوانە زۆرجار بە هاوواتای یەکتر دادەنرێت، بەڵام ئەمە هەموو کاتێ لە هەموو شوێنێ ڕاست نییە.

چەمکی زمانی یەکگرتوو لەناو کورددا لەڕێگەی زمانی ئەدەبەوە لەناو کورددا بڵاوبۆتەوە، بەتایبەتی لە (خوێندن) و (کارکردن) لەسەر ئەدەبی قوتابخانەی بابان (نالی، سالم، کوردی)، ئەو جۆرە زمانە (زمانی ئەدەب پێنووسین) هێندە گرنگی پێدرا، بەجۆرێ شاعیرانی دەڤەری تری کوردستانیش بەو زمانە، شیعریان نووسیوە.

لەلایەکی تر، زمانی یەکگرتوو، زمانی نەتەوە، زمانی دایکیش دەگەیەنێ، زمانی ناسنامەی نەتەوەیی کوردە، بەو زمانە (کورد) لە (فارس) جیا دەکرێتەوە.

چەمکی زمانی نەتەوە لەگەڵ ڕێنسیانسی ئەوروپی لە ئەوروپا بڵاوبۆوە، بەڵام لەناو کورددا ئەو زمانە بەر لە ڕێنیسانسی ئەوروپی لەلای شاعیرێکی وەك (ئەحمەدی خانی) نەك هەر ئەدەبی پێ نووسرا، بەڵکو وەك چەمکێکی نەتەوەیی کاری لەسەر کراوە.

ئەحمەدی خانی بە زمانی نەتەوەکەی داستانێکی نەتەوەیی نووسیوە، بۆ ئەوەی میرانی کورد و تاکەکانی نەتەوەکەی لە هەڕەشەی گەلانی هاوسێی کورد وشیار بکاتەوە. زمانی کوردی لە لای ئەحمەدی خانی زمان

و ناسنامەی نەتـەوەیی کـوردە، ئـەو ڕەوتـە (داکـۆکیکردن لەسـەر زمـانی نەتەوە) لەلای (حاجی قادری کـۆیی) زیـاتر پـەرەی پێـدرا، بـەجۆرێ ئـەو زمانە بە شەرەفی کۆمەڵایەتی سیاسی نەتەوەش داندرا.

زمانی نیشتمانیی لە کۆمەڵگای تاکزمانی و تاك نەتـەوە، واتایـەکی هەیـە، زۆر جودایە لەو واتایەی لە وڵاتێکی فرەنەتەوە هەیەتی.

زمـانی نیشـتمانی، زمـانی نەتـەوە و فـەرمی ئینگلیـز و فەرەنسـی و ئەڵمانییە لە وڵاتی خۆیاندا، چونکە لەو وڵاتانـەدا ئـەو سـێ زمانـە (زمـانی نەتەوە، زمانی نیشتمانیی و زمانی فەرمی وڵات) هاوواتای یـەکترن، بـەڵام ئەو وڵاتانەی فـرە زمـان و فـرە نەتـەوەن، وەك (بـەلجیکا و سویسـرا) لـە ئـەورووپا، (سـەنگافورەو چـین) لـە ئاسـیا، (گانـە) لـە ئەفریقیا،ئـەو دووە هاوواتای یەکتر نین، لە وڵاتانی وەك عێـراق، تورکیـا، ئێـران، سـوریا (کـە سـەبارەت بـە کـورد وڵاتـی داگیرکـارن)، زمـانی نەتـەوەی باڵادەسـت لـەو وڵاتانە بە زمانی فەرمی، نیشتمانیی هەتا ستاندەر دادەنرێن.

زمانی فەرمی ئەو زمانەیە لە بواری دادگا، دامودەزگای دەوڵەت، هـەروەها ڕاگەیاندن بەکاردێت.

وڵات هەیە تەنها یەك زمانی فەرمی هەیە، وڵاتی تریش هەیە کە چەند نەتەوەیەکی جیاوازی تێدا دەژی، ئەوە زیـاتر لـە زمـانێکی فـەرمی هەیـە، وڵاتێکی وەك هیندستانیش بـەبێ هـەبوونی نەتەوەیـەکی وەك ئینگلیـز لـە وڵاتەکەیانـدا، زمـانی ئینگلیـزی هاوشـانی زمـانی هینـدی، زمـانێکی فەرمییـە ! ! شـیانی زمـانی ئینگلیـزی لـەبواری تەکنـەلۆژیای سـەردەم و هـەژموونی سیاسـی، هـەروەها ڕەوشـی سیاسـی و ئـەتنیکی و مەزهـەبی

هیندستان وایکرد زمانی ئینگلیزیش ببێتە زمانێکی فەرمی، ئەگەرنا نەدەبوو هیندییەکان ئەمە قەبوڵ بکەن، چونکە ئینگلیز ماوەیەکی زۆر داگیرکاری هیند بووە.

زمانی ستاندەر، زمانی خوێندنە، زمانی دایک نییە، زمانی ئاخاوتن نییە، زمانی نووسینە، ئەو نەتەوەیەی ناسنامەی نەتەوەیی لە هەڕەشە دابێ، تەنیا بە زمانی ستاندەر دەتوانێ بەرگری لە مانەوەی خۆی بکات، زمانی پەروەردە و فێرکردن زمانی بونیادنانەوەی نەتەوەیە، وڵاتێکی وەك (ژاپۆن) و (ئەلمانیا) لەجەنگی جیهانی دووەمدا، بەهۆی سیاسەتی پڕ هەڵە و شەرمەزاری سەرکردەکانیان، خەریك بوو لەناو بچن، بەڵام بە زمانی خوێندن، توانیان جارێکی تر ببنەوە دوو وڵاتی زلهێزی ئابووری بەهێز و خاوەن تەکنەلۆژیای سەردەم.

عەرەبەکانی جەزائیرو تونس و مەغریب، بوودجەی گەورەیان داناوە لەپێناو لاوازکردنی هەژموونی زمانی فەرەنسی لە وڵاتدا، هەروەها گەڕانەوەی هەیبەتی زمانی عەرەبی لەخوێندندا.

بۆ کوردیش، زمانی ستاندەر، ئاسایشی نەتەوەیی و پاراستنی تاکەکانیەتی!

زمانی ستاندەر چۆن دروست دەبێت

دەکرێت چەمکی "زمانی ستاندەر" لە بەرانبەر زمانێکی دی ستاندەر، یان ناستاندەر بەکاربێت، ئەم دیاردەیە زیاتر لەنێوان دوو زمان، دوو نەتەوە یان دوو کەلتوور بەکاربێت، بەڵام هیچ زمانێك لەسەر ئاستی نەتەوە زمانی ستاندەر نییە! زمانی نەتەوە هەموو ستاندەر نییە،

بـەڵكو ئـەوە زارێكـە یـان بنزارێكـە دەبێتـە سـتاندەر و زمـانی نەتـەوە لەبەرانبەر نەتەوەیەكی تر دەنوێنـێ، بـەواتای زمـانی عـەرەبی سـتاندەرە بەرانبەر زمانی فارسی نەك هەردوو لەسەر ئاستی نەتەوە ستاندەربن!

ستاندەربوونی زارێكی زمانێك بـەدوو ڕێگـە ڕوودەدات: ڕێگـەی كلاسـیكی، ڕێگەی پلانی زمان.

* ڕێگەی كلاسیكی

ئەم ڕێگەیە بەچەند شێوازێك ڕوودەدات:

یەكەم: زمانی كتێبێكی ئاسمانیی، وەك قورئانی پیرۆز

دووەم: هەژموونی سیاسی زارێك

سێیەم: دەسەڵاتی سیاسی وڵات

چوارەم: ئەكادیمیای زمان یان ئەكادیمیای زانستی زمان

پێنجەم: دەستەی ڕۆشنبیرانی وڵات

لەم هەموو شێوازانەدا جۆرێك لە (سەپاندن) هەیە، جا ئـەو سـەپاندنە مەعنەوی و خۆهێشتی بێت یان سەپاندنی زۆرەملێـی، هەرچـەندە ئـەوەی یەكەم سروشتی ترە، بەڵام ئەوەی دووەم بەربڵاوترە، نموونەی سەپاندنی زمان و ئەلفبێی لاتینی لـە ئـەوروپا نـەك هـەر بەسـەر نەتەوەیـەك، بـەڵكو چـەند نەتەوەیـەكی جـودا مێـژوویەكی دوور و درێـژی لـە ئـەوروپا هەیـە، هەروەها زۆربـەی وڵاتـە تۆتالیتارییـەكانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت و ئاسـیا پـەیڕەوی لاتینییـەكانیان كـرد، دیـارترین نموونـەی ئـەزموونی یـەكێتی سۆڤیەت و وڵاتانی عەرەبی و توركیاو ئێرانن.

* ڕێگەی پلانی زمان

پلانــی زمــان یــاخود ئەنـدازەی زمــان، هــەوڵێکی ورد و سیســتیماتیکی و لەسەر تیۆر دامـەزراوە، بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکانی پەیوەنـدیکردنی کۆمەڵگایەکی (فرەزمانی) یاخود (تاکزمانی). ئەو سیاسەتەی زمان هـەوڵ دەدات لــەناو هــەموو دیالێکتــەکانی زمانێــك (کۆمــەڵگای تاکزمــانی) یــان زمانەکانی کۆمەڵگایەکی فرەزمان، زارێك بـۆ تاکـەکانی نەتەوەیـەك بکاتـە زمانی ستاندەر یـان زمـانی فـەرمی وڵات. لـەناو کۆمـەڵگای فرەنەتـەوەش زمانێك هەڵدەبژێرێ کە ببێتە زمانی فەرمی وڵات.

پلانــی زمـانیش بـۆ پرۆسـەی بـە سـتاندەربوونی زارێـك لـە کۆمـەڵگای کوردی تاکزماندا، بەو چەند قۆناغانەی خوارەوە دەبێت:

یەکەم: هەڵبژاردنی زارێك یان بنزارێك

دووەم: بەسیستەمکردن

سێیەم: بەهەمەلایەنکردن

چوارەم: جێبەجێکردن

پێنجەم: قەبوڵکردنی جەماوەریی

یەکەم: هەڵبژاردنی زارێك یان بنزارێك

پایەی زارێك، چ لەلایەنی کۆمەڵایەتی، هەژموونی ئـایینی یـاخود سیاسـی، زۆر گرنگـە لـە پرۆسـەی هەڵبـژاردن و دیـارکردنی زارێـك لـەنێو زارەکـانی زمانێك، بێگومان ئەم هەڵبژاردنـە ڕەمـەکی نابـێ، بـەڵکو دەبێـت کەسـانی زمانەوان و پسپۆڕ لەبواری زمانەوە ئەنجامی بدەن.

هەرچەندە ئەم پرۆسەیە زمانەوانییە، بەڵام زۆرجار دەسەڵاتی سیاسی ڕۆڵی خۆی دەبینێ لەسەپاندنی زارێك بەسەر زارەكانی تردا، ئەوەتە لە ئیسرائیل، هەرچەندە زمانی عیبری زمانی زۆربەی خەڵكی ئیسرائیل نییە، بەڵام دەسەڵات و حكومەتی ئایینی ئیسرائیلی كردوویەتی بە زمانی فەرمی حكومەت و خوێندن، لە فلیپینیش لەسەر دیاركردنی زمانی فەرمی حكومەت چەندەها شەڕی زمانی نیشتمانیی بەرپابوو، بۆیە گرنگە لە هەڵبژاردنی هەر زارێك لەزارەكانی زمانی كوردیدا، ئەوپەڕی لۆژیك بەكاربێت، چونكە ماوەیەكە "شۆڤینیزمی زار" بەرچاوی بەشێك لە زمانەوانانیشی لێڵ كردووە!

خاڵێكی تری گرنگ لێرە ئەوەیە، دەبێ تەنها (زارێك) و تەنها (ئەلفبێیەك) هەڵبژێردرێ، چونكە جگە لەمە ئەو بەشەی كوردستانیش جارێكی تر تووشی دابەشكردن و داگیركردن و زیندووكردنەوەی كەلتووری میرو مێنتالیتی خێل و عەشیرەت دەبێتەوە.

دووەم: بەسیستەمكردن

لێرە یەكخستنی ڕێزمان و فەرهەنگی نەتەوە و ڕێنووس هۆكاری گرنگن بۆ دامەزراندنی زاری ستاندەر، بێگومان ڕێزمان و فەرهەنگ و ڕێنووسێكی یەكگرتوو، كۆكردنەوەیەكی ڕۆحی قوتابی و خوێنەواری كوردی لێدەكەوێتەوە، بەمەش تاكەكانی نەتەوە هەست بە یەكێتیەكی نەتەوەیی بەهێز دەكەن، دروستبوونی ئەو یەكێتیەش ناوەندێكی ستراتیژی دەبێت بۆ پاراستنی ئاسایشی زمان.

سێیەم: هەمەلایەنی زاری ستاندەر

زاری هەڵبـژێردراو بـۆ ئـەوەی ببێتـە زاری سـتاندەرو فـەرمیی وڵات، دەبێت لەهەموو لایەکەوە توێژینەوەی لەسەر بکرێـت و پـەرەی پێبـدرێت، هـەبوونی چـەند دەقێکـی ئـەدەبیش بـەو زارە سـتاندەرە، کـە کاریگـەری ناوچەیی لەسەرەوە نەبێت، هۆکارێکی ترە بۆ بەرەوپێشچوونی پرۆسـەی بەستاندەربوونەوە. زمانی ئەم دەقە دەبێ ئەدگاری زمانی باڵای هەبێ، لە زمانی ئاخاوتن و زمانی ڕۆژانەی ناوچەیەك دوور بێت!

چوارەم: جێبەجێکردن

پـــاش ئـــەوەی زارێـــك لـــەزارەکان هەڵبـــژێردراو بنـــەماکانی بەستاندەرکردنی بۆ داڕێژراو لەهەموو لایەکەوە بەرەو زمانێکی باڵا بـردرا، کە نوێنەری هەموو نەتەوە بێت نـەك ناوچـەیەك، ڕۆڵـی حکومـەت دەسـت پێدەکات لەجێبەجێکردنی ئـەم پـرۆژە نەتـەوەیی و نیشـتمانییە، دەبێـت حکومەت لە دامودەزگای خۆی بەتایبەتی هەر سێ وەزارەتی پـەروەردە و خوێندنی باڵاو ڕۆشـنبیری و ڕاگەیانـدن خـەڵك هانبـدات ئـەو شـێوە زمانـە بـەکاربێنن و بـە زمـانی خۆیـان بـزانن. حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان "بـەهێمنی!" دوور لـە ڕاگەیانـدن کـار لەسـەر بـە فـەرمی ناسـاندنی زاری کرمانجی ناوەڕاست دەکات، بەڵام ئەفسوس وەزارەتی پەروەردە خەریکـە "بە ئاشکرا" زمانەکە لـە خوێنـدن "کـەرت" دەکـات، بـەبێ ئـەوەی گـوێ بداتە ئەوەی بەو کارە نەتەوەیـەکی بـەش بـەش بـوو لـەڕووی سیاسـەت،

جوگرافی و ئایدیۆلۆژیاوە جارێکی تر لەڕووی زمانەوەش، ئەوەی داگیرکار پێی نەکرا، ئەو وەك "کارێکی پەروەردەیی" بەش بەش تری دەکات!

پێنجەم: پەسەندکردنی جەماوەریی

لە دەستووری هەرێم، بەندێك هەیە بۆ ڕاپرسی لەسەر شتە چارەنووسسازەکانی نەتەوە، دیارکردنی زمانی خوێندنیش نەك هەر پرسێکی چارەنووسسازە، بەڵکو پرسی پاراستنی نەتەوەو زمانی نەتەوەیە! لەم ڕوانگەوە دەبێت پەرلەمانی کوردستان پرسی هەڵبژاردنی زاری ستاندەری کوردی بداتە دەست خەڵکی خۆی، جا ئەگەر زۆربەی خەڵك پەسەندی ئەو زارەی کرد، وەك زارێکی ستاندەر بۆ خوێندن،هەروەها هەستێکی نەتەوەییان لەلا دروست بوو بەوەی ئەو زارە هەر زاری خوێندن نییە، بەڵکو زمانی نیشتمانیشە، پرۆسەکە تەواو دەبێ و کورد لە قەیرانی نەبوونی زمانی ستاندەر ڕزگاری دەبێت.

ئەلفبێ

ئەلفبێ چەند پێناسەك لەخۆ دەگرێ، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەلفبێ سیستەمی نووسینی زمانە، دەکرێ بڵێین: ئەلفبێ کۆمەڵێك پیتی ستاندەر یاخود کۆمەڵێك هێمای (نووسراوی) سەرەکین، هەریەکەیان (نزیکەی) فۆنیمێك (نەك دەنگێك) لەزمانی ئاخاوتنی گەلێك دەنوێنێ.

لەم پێناسەیەدا، چەند چەمکێك هەن پێویستە ڕوون بکرێنەوە. پیتی ستاندەر ئەو پیتانەن کە لەزمانێکدا دانیان پێدانراوەو نووسینیان پێ

دەکرێت و هەموو خوێندەوارێکی زمانەکە دەیانناسێتەوە. ئەلفبێ بە ژمارەیەك لەو پیتانە دروست نابێت، بەڵکو دەبێ کۆمەڵێکی تەواوبن بەقەد ژمارەی فۆنیمەکانی زمانەکە بن یان کەمتر بن، چونکە ئەلفبێ سیستەم و ڕێبازی نووسینی زمانەکەیە. دەبێ فۆنیم و دەنگ لەیەك جودا بکرێتەوە. هەموو فۆنیمێك واتایەکی هەیە و دەکرێ پیتێکی بۆ دابنرێ، بەڵام هەموو دەنگەکان ناچنە ناو بواری فۆنۆژلۆی زمان ـ سیستەمی ڕیزبوونی فۆنیمەکان. ژمارەی (فۆنیم) و (پیتەکان) لە زۆربەی زمانەکاندا بەرانبەر یەك نین، بۆ نموونە ئینگلیزی تەنها (٢٦) پیتی هەیە بەڵام (٤٤) فۆنیمی هەیە. کەچی لەنێوان (پیتەکان) و (فۆنیمەکان) ڕێسایە!

ئەلفبێی تر هەیە کار لەسەر دەنگ ناکات و بەشێوازێکی تر لەسەر پەیوەندی نێوان (پیت و (فۆنیم) دانەمەزراون. لەبریتی ئەوەی پیتێك فۆنیمێك بنوێنێ، ئەوە مۆرفیمێك،وشەیەك بڕگەیەك دەنوێنێ.

لەسیستەمی لۆگۆگرافیدا هەر هێمایەك (وشەیەك)، (مۆرفیمێك) یان (یەکەیەکی واتایی) دەنوێنێ، جۆرێکی تری سیستەمی نووسین هەیە، بە سیستەمی بڕگەکاری ناسراوە، کە هەر هێمایەك بڕگەیەك دەنوێنێ.

دابەشبوونی زمانەکان بە گوێرەی سیستەمی نووسین

بێگومان هەموو جۆرەکانی ئەلفبێ (ئەلفابێتیکی و لۆگۆگرافی و بڕگەکاری) سیستەمی نووسینی زمانن. بیرۆکەی ئەلفابێتیکی (پەیوەندی نێوان پیت و فۆنیم) لەچاو مێژووی سیستەمی نووسینەوە نوێیە. لەکۆندا

سیستەمی نووسین زیاتر (وێنەیی) و (بیرۆکەیی) بووە، هەر بۆیە مێژووی نووسینی لۆگۆگرافی لە ئەلفابێتیکی کۆنترە.

ئەو خەتانەی لەناو کۆمەڵگای کوردی بەر لە هاتنی ئیسلام هەبوون، هەموو زیاتر لۆگۆگرافی بوون نەك ئەلفابێتیکی، چونکە ئەوە (هێما) بوو، نەك (پیت) کە (وشەیەکی) نەك (دەنگێکی) دەگەیاند. هەر لەو ڕوانگەوە، دەکرێ بڵێین سیستەمی نووسین لەزمانی کوردی چ بەشێوەی (کوردی) بێت یان (لاتینی) سیستەمێکی ئەلفبێیە،هەروەها عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی و فەرەنسی و ئیتالی.

زمانی چینی لەسەردەمی ئێستادا، یەکێ لەو زمانانەیە کە بە سیستەمی لۆگۆگرافی دەنووسرێت، هەرچی زمانی ژاپۆنییە ئەوە بە سیستەمی بڕگەکاری دەنووسرێت.

بنەچەی وشەی ئەلفبێ

لەبەرئەوەی ئێمە کار لەسەر ئەلفبێی کوردی دەکەین، بۆیە بەگرنگی دەزانین لەبنەچەی وشەی ئەلفبێ بکۆڵینەوە.

لەزمانی ئینگلیزی بە وشەی ئەلفبێ دەڵێین alphabet ئەو وشەی alphabet زۆر شرۆڤەی بۆ کراوە، لەوانە: هەندێك دەڵێن ئەو وشەیە، وشەیەکی عیبرییە و لە یەکەم دوو پیتی ئەلفبێی عیبری Aleph و Bet دروست بووە. ئەم بە (ئاسیا)کردنەی چەمکی ئەلفبێ چەند ڕەگێکی هەیە.هەردوو سیستەمێکی هێرۆگلیفی و مێخەکی لە ئاسیا دەرکەوتوون و لێرەوە بەرەو ڕۆژئاوا چوون، هەروەها هەردەم جولەکە حەز دەکەن

لەڕێگەی تەوراتەوە ڕەگەزی خۆیان پەسەندتر لەخەڵکان و نەتەوەی تر پیشان بدەن، ئەوان هەتا بانگەشەی ئەوە دەکەن کە خودا بەزمانی عیبری قسەی لەگەڵ ئادەم کردووە.ڕای تریش کە وشەی ئەلفبێ هەردەم بۆ بنەچەی (یۆنانی) و (لاتینی) دەگێڕێتەوە.

وشەی (alphabet)ی ئینگلیزی لە وشەی "alphabetum"ی لاتینی هاتۆتە ناو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی. وەختی خۆی ڕۆمانەکانیش لە وشەی "Alphabetos" یۆنانی کۆن دایانتاشیوە، هەروەها یۆنانیەکانیش لەدوو وشەی alpha ـ گاو Bet ـ ماڵ ـ فینیقیەوە وەریانگرتووە. ئەو ڕایەش مەرج نییە هەر لەسەر بنەماو شەنگستی زمانەوانی دامەزرابێت، لەوانەیە پەیوەست بێت بەو شکۆیەی کە فینیقیەکان لەمێژوودا لەبارەی سیستەمی نووسینەوە هەیانبووە، بەجۆرێ نەك هەر ئەلفبێی ئینگلیزی، بەڵکو هەردوو ئەلفبێی لاتینی و یۆنانیش هەر لە ئەلفبێی فینیقییەوە پەیدابوون.

ئەلفبێی کوردی پێش ئیسلام

ڕووخانی دەوڵەتی میدیا بەدەست هەخامەنیشینەکان سەرەتای نسکۆو پاشا گەردانی دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕانی و شارستانییەتی کورد بوو، هەروەها دەسپێکی ڕێنیسانسی فارسی بوو.

دەوڵەتی میدیا لەسەردەمی زێڕینی ئەسخارس (کەی ئەخسار) سەرەتای دەرکەوتنی سیستەمی دیموکراتی بوو لەڕۆژهەڵاتدا. لەسەردەمی (کەی ئەخسار) نەك هەر میدیا لە داگیرکارانی وەك (مانی و

ئـۆرارتی، ئەسـکیتی) پـاك کرایـەوە، بـەڵکو بەیـەکجاری هەڕەشـەی ئاشورییەکانیش بووە بەشێك لە ڕابردوو.

مادەکان نەك زمانی نەتەوەیی خۆیان هـەبوو، بـەڵکو خـاوەن ئـەلفبێی خۆشیان بوون. زۆرێك لەسەرچاوەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنـەوە کـە (ئاڤێستا) وەك کتێبێکی ئاسمـانیی بـە خـەتی (مێخـی) بـۆ (زەردەشـت) دابەزیوە، بۆیە هەر زەردەشت لەو دەقـە ئاسمانیـە گەیشـتووە، لەپاشـان هەر لەڕێگەی زەردەشتەوە خەتی (مێخی) لەناو کـورددا بڵاوبۆتـەوە. ئـەو ڕاڤەیەی زەردەشت بۆ دەقی ئاوێسـتای کـردووە زمانەکـەو خەتەکـەی بـە زمان و خەتی ئاوێستا ناوی دەرکردووە. ئەو خەتەی ئاوێستا لە ڕاسـتەوە بۆ چەپ دەنووسرێ و (چل و چوار) پیت لەخۆ دەگرێ. سیمای کوردانەی ئەو خەتە ئەوەیە بەپێچەوانەی فارسییەوە سەر و ژێر و بـۆری بـە (پیـت) دەنووسرێ، نەك بە (هێما)!

کاتێ کۆرشی (٥٢٢ ـ ٥٤٩ پ. ز) لەدایكرا کورد! (ئەستیاگی میـدی) (٥٨٩ ـ ٥٤٩ پ. ز) لە ساڵی (٥٤٩ پ. ز) لەناودەبات، هەرچی شوێنەواری میدی هەیە، جگە لە زمانی ئـایینی ـ زمـانی ئاڤێسـتا ـ لـە میـدیا ناهێڵـێ، بەجۆرێ کاتێ ساڵی ٤٥٠ پ. ز (هیرۆدۆتسی) مێژوونووس دەچـێتە ئێـران لـەبارەی مادەکانـەوە دەنووسـێ: **"کـە مـن چـوومە ئێـران، ناوبـانگ و شـوێنەواری مادەکـان لـەناو خـەڵکا زۆر کـەم بـوو بـووەوە و خـەڵك ڕووداوەکانی پێشـوویان لـەبیر نـەمابوو"**. ئەمـە تـەنها لەپـەنجا سـاڵێکدا ڕوویداوە!

ئەمەو فارسەکان بە گوتەی مێژوونووسان نەك هەر خەتی مێخیان لە مادەکانەوە وەرگرتووە، بەڵکو شیمانەی ئەوەش دەکرێ هەر ئەو ئەلفبێیەی بە ئەلفبێی پارسی بەناوبانگە، لە مادەکانیان وەرگرتبێ!

کۆرش بۆ ئەوەی حوکمدارییەکەی بە فارسی بکا و لە کاریگەری زمان و ئەلفبێی ماد دایبڕێ، بڕیاریدا کە خەتێکی تایبەت بە فارسی دروست بکرێ، ئەو ئەلفبێیەی کۆرشی بڕیاری دروستکردنی دا، ناوی لێنا "خەتی ئاریان"، ئەو خەتە لە (٣٦) هێما پێکدێ و لەژووری ناوەوەی کۆشکی (دارا) ئەم هەڵکۆڵینە بەو خەتە دۆزراوەتەوە:

داریۆس، پاشای مەزن

پاشای هەموو پاشایەکان

پاشای هەموو نیشتمانەکان

کوڕی هیستاسپی ئەخمینی

ئەم کۆشکەی دروست کرد!

لە سەردەمی ساسانیەکاندا (٢٢٤ ـ ٦٣٠) گۆڕانێکی تر لە زمان و خەتی کوردی کراوە. ئەو زمانەی کە ناسراوە بە زمانی پەهلەوی،بە زمانی فارسی ناوزەد کراوە، هەروەها ئەلفبێیەکەی بە فارسی کراوە، کەچی لە بنەڕەتدا ئەم زمانە، زمانی کوردییە. ئەلفبێیەکەش (٢٤) پیت بووە و ئەو چەند قەواڵەیەی لە هەورامان دۆزراونەتەوە، بەو خەتە نووسراون.

جگە لەو قەواڵانەی هەورامان، کتێبی "ئایین کورد" کۆنترین کتێبی کوردییە، کە (ئازەر بورد) جارێکی تر لە دوای زەردەشت کۆی کردۆتەوە و بە زمانی پەهلەوی نووسیویەتیەوە، هەروەها هەر ئەو ئازەر بووردە، کە

کوڕی هەمەدمی پێشەوای (بادینا) بووە، ئەلفبێیەکی کوردی لەسەر شێوازی ئەلفبێی پەهلەوی داهێناوە. ئەو ئەلفبێیە لە (٤٢) نیشانە پێکهاتبوو، هەموو دەنگەکانی زمانی کوردی تێدا بووە. شوێنەواری ئەو ئەلفبێیە نەماوە، بەڵام کوردیەکەی ئێستا دیالێکتی (لوڕ) و (کەلهوڕ) و شوانکارەی کوردە.

لەپێش ئیسلام ئاماژە بەدوو ئەلفبێی تر دەکرێ کە لەناو کورددا هەبووبن: ئەلفبێی ئێزیدی، ئەلفبێی (ماس سۆراتی)یە. ئەو دوو ئەلفبێیە جێی گومانن، ئەگەر هەش بووبن بەتایبەتی (ماسی سۆراتی) دۆزینەوە مێژووییەکەی جێی گومانە.

خەتی ئێزیدی

هەندێ توێژەر هەوڵ دەدەن ئێزیدییەکان بەگەلێکی کۆن دابنێن و (ئێزیدیاتی)یش بە ئایینێکی کۆن پێناسە بکەن. دەگوترێ کە خەتی ئێزیدیان لە (٣١) پیت پێکهاتووەو پەڕاوی (جیلوە) و (مەسحەفا ڕەش) و هەندێ نامیلکەی ئایینی تر بەو خەتە نووسرابن. لەڕووی مێژووییەوە تەمەنی (جیلوە) و (مەسحەفا ڕەش) هێندە کۆن نییە، بەو (خەتە) نووسرابن. ئەو دوو نامیلکە هەر لەسەدەی (یازدەو) و (دوازدە) زایینی نووسراون، نەك پێش ئیسلام. خاڵێکی تر، ئێزیدی هەموو کرمانجین و (سۆرانی) نین،کەچی هەردوو دەقی جیلوە و مەسحەفا ڕەش لە سۆرانی نزیکترن نەوەك بادینی!

ئەمەو هەردوو پیتی (ڽ) و (ڤ) بەزۆری لە کرمانجی سەروو هەن نەك کرمانجی ناوەڕاست!

خەتی ماسی سۆراتی

خەتی (بینۆشاد و ماسی سۆراتی) خەتێکی ترە، کە دەگوترێ زادەی عەقڵی مرۆڤی کوردە. هەموو سەرچاوەکان ئاماژە بۆ یەك سەرچاوە دەکەن کە باسی ئەو خەتەی کردبێت، ئەویش کتێبێکە بەناوی "شوق المستهام في معرفة رموز الاقلام" ناوی ئیبن وەحشییەی نەبەتی کلدانی بە سەرەوەیە.

ئیبن وەحشییە لە نامەیەکدا بۆ (عەبدولمەلیك بن مەڕوان)ی خەلیفەی ئەمەوی دەنووسێت: "کوردەکان زۆربەی نووسراوەکانی خۆیانیان بەخەتی ماسی سۆراتی دەنووسی".

هەندێ نووسەر مێژووی ئەو خەتە دەگەڕێننەوە بۆ ٢٨٠٠ ساڵ بەر لە زایین. لەم ڕوانگەوە دەبێ ئەو خەتە پێش دەرکەوتنی زەردەشت و خەتی ئاوێستا و خەتی پەهلەوی و خەتی ماد و خەتی پارسی بێت.

ئەم خەتە (٣٧) پیت لەخۆ دەگرێ، هەندێ لە ئەدگارەکانی ئەم خەتە وەك لە (شوق المستهام في معرفة رموز الاقلام)دا هاتووە:

١ـ لەدوای پێکگرتنی تەواوی پیتەکانی ئەبجەدی لە (ئەلف)ەوە تا (خێ)، چەند پیتێکی تریش لەم خەتەدا هەن، کە لە دەستووری ئەلفبێیەکانی تر پترە.

٢ـ پیتی (بێ) و (جێ) جیاکراونەتەوە، کەچی هێشتا (حەوت) جۆرە پیتی تریش لەم خەتەدا هەیە، کە لەهیچ زمانێکی تردا نین و دەنگیان لەهیچ ئەلفبێیەکی تردا نییە.

٣ـ خەتێکی هێندە ناسراو بووە، بە سەدان کتێبی پێ نووسراوەو هەتا سەردەمی خەلافەتی ئەمەویش ئەم کەلتورە زمانەوانییە هەر بەردەست بووە.

چەند وردە سەرنجێك لەسەر ئەم خەتە

١ـ لەم دوو لاپەڕەی کە نووسەرانی کورد بەنموونە دەهێنینەوە لە " شوق المستهام في معرفة رموز الاقلام " گومان لە کوردێتی ئەو خەتە دەکرێت.

لە دەروازەی حەوتەم ئەوها هاتووە:

"من شوق المستهام في معرفة رموز الاقلام من ذكر اقلام الملوك التي تقدمت من ملوك السريان، الهرامسة، الفراعنة، والكنعانيين و الكلدانيين والنبط، والاكراد... هەروەها لە لاپەڕەی (١٣٤) دا هاتووە.:

صفة قلم اخر من الاقلام القديمة وفيه حروف زايدة عن القواعد الحرفية تدعى الاكراد و تزعم انه القلم الذي كتب به (بينوشاد) و (ماسى سوراتى) جميع علومهما وفنونهما.......

وەك گوتمان گومان لەوەدا نییە کە کورد ئیمپراتۆریەتی خۆی هەبووە و زمانی سیاسی و زمانی ئایینی هەبووە هەتا ماوەیەك زمانی ستاندەری لە کوردستان هەبووە، بۆیە کە ناوی کورد لەو لیستەدا دێت جگە لە ڕاگەیاندنی ڕاستی هیچی تر نییە، بەڵام وشەی (تدعى) و (تزعم) کە لە

بەرانبەر هەوڵی کورد لەو بوارە دانراوە، ڕیسەکە دەکاتەوە خوری، چونکە ئەو دوو وشەیە گومان هەڵدەگرن نەك ڕاستی!

٢ـ ئەو خەتەی کە گوایە ٢٨٠٠ ساڵ پێش زایینی نووسراوە، بەشی دەیەمی پەرەگرافی (١ — ٥)ی (یەسنا)ی ئاوێستایە دەقاودەق!

٣ـ هەر لە (شوق المستهام في معرفة رموز الاقلام) نووسراوە، کە ئەحمەدی کوڕی وحشیەی نەبەتی کلدانی هەواڵی ئەم خەتەی لە (٣)ی ڕەمەزانی (٢٤)ی کۆچی بۆ عەبدولمەلیك کوڕی مەڕوان نووسیوە. جگە لەمە لەخودا پاڕاوەتەوە کە خودا دەوڵەتەکەی عەبدولمەلیك بپارێزێ! !لە ساڵی (٢٤١)ی کۆچی نەك عەبدولمەلیك، بەڵکو هیچ خەلیفەیەکی ئەمەوی نەمابوو، چونکە لەساڵی (١٣٢)ی کۆچی کۆتایی بە خەلافەتی ئەمەوی هاتووە! !، هەروەها عەبدولمەلیك لە ساڵی (٨٦)ی کۆچی مردووە، جا چۆن ئەو هەواڵەی بۆ نووسراوەو دوعای بۆ کراوە؟!

٤ـ ساڵی (٢٤١)ی کۆچی ئیبن وەحشییەش لە دنیا نەبووە! !

٥ـ عەرەبییەکەی ئەو کتێبە ئەوەندە نارێکە بەهیچ جۆرێ لە زمانی یبن وەحشییە ناچێ، بەڵکو زیاتر لە زمانی کوردێك، مەسیحیەك، فارسێك دەچێ، نەك عەرەبێکی زمانزانی وەك ئیبن وەحشییە!

ئەلفبێی عەرەبی

ئەلفبێی عەرەبی ئەلفبێیەکی ئەلفابێتیکیە، بە واتای پیتەکانی زمانی عەرەبی دەنگەکان دەنوێنن، بەڵام مەرج نییە پەیوەندی (پیت) و (فۆنیم)ی زمانی عەرەبی پەیوەندییەکی یەك بەیەکی ماتماتیکی بێت.

زمانی عەرەبی (٢٨) پیتی نەبزوێنی هەیە، کە بەم شێوەیە ڕیزکراون:

(ا، ب، ت، پ، ج، ح، خ، د، ژ، ر، ز، س، ش، س، چ، گ، ڤ، ع، غ، ف، ق، ك، ل، م، ن، و، هـ، ی). ئـەم پێـڕەوە لەسـەر بونیـادی شـێوەی لێکچوونی پیتەکان دامەزراوە، هەرچەندە هەوڵی تر هەبووە، کە پیتەکانی ئـەلفبێی عـەرەبی بـەگوێرەی دروست بوونیـان ڕیزبکـرێ، بـەڵام هـەر لـە کۆنەوە پەیڕەوی سیستەمی یەکەم کراوە، ئەوەی دواوە فەرامۆش کراوە.

بنەچەی ئەلفبێی عەرەبی

زۆر (ڕا) لـەبارەی بنەچـەو مێـژووی ئـەلفبێی عـەرەبی لێـرەو لـەوێ بەدرێژایی مێـژوو نووسـراون. ڕای (زۆربـە) لەسـەر ئەوەیـە کـە سـەرەتای دەرکەوتنی ئەلفوبێی عەرەبی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چـوارەمی زایینـی. بانگەشـەی ئـەوەش دەکـرێ کـە ئـەم ئەلفبێیـە لەبنەچـەدا لـە ئـەلفبێی نەبەتیەکانەوە وەرگیراوە. هەندێکی تر، دەنووسن کە ئەلفبێی عەرەبی لە ئەلفبێی سریانییەوە گەشەی کردووە. هەرچەندە نەبەتیەکان لـە بنەچـەدا تیرەکی عەرەب بوون، بەڵام گەڕاندنـەوەی ئـەلفبێی عـەرەبی بـۆ ئـەلفبێی سریانی، ئارامی، لە پاشان فینیقی ڕاڤەیەکی سیاسی ـ ئایینی بۆ دەکرێ، ئەگـەرنا ئـەلفبێی زادەی عـەقلێکی جەمعییـە لـەوەی داهێنـانێکی قـەومی بێت.

سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کـە پـێش هـاتنی ئیسـلام سێ جۆرە ئەلفبێ لەناو عەرەبـدا هـەبوون: لـە باشـووری نیمچـە دورگـەی عەرەبی ئەلفبێیەك هەبووە ناسراوە بـە خـەتی (مەسـنەد)، لـە (شـام)یش

ئەلفبێی (فینیقی) هەبووە، هەرچی لەحیجازە ئەوە ئەلفبێی (سریانی) هەبووە.

هەندێکی تری پاڵپشت بەڕای زانایانی فیلۆلۆژی و شوێنەواری دەڵێن (خەتی حیری) بنەچەی خەتی عەرەبییە. ئەو خەتەش لەڕێگەی هاوتخوبی لەگەڵ عەرەبەکانی حیجاز هاتۆتە ناو عەرەبەکان.

ئەوانەی باوەڕیان وایە کە ئەلفبێی (نەبەتی) گۆڕاوە بۆ ئەلفبێی عەرەبی ئەو بەڵگانە دەهێننەوە:

١- نەبەتیەکان خۆیان عەرەب بوون، لە سەدەی پێنج و شەشی پێش زایینی هەندێ تیرەی (سامی) بەرەو باکوور کۆچیان کردووە، لەدەوروبەری شاری (بەترا) دەوڵەتێکیان بۆ خۆیان دامەزراندووە، ئەوانە لە قەبیلەی (نەبتۆ) بوون.

٢- زمانی ئارامی، زمانی لینگوا فرانکا - زمانی هاوبەش - بووە، بەتایبەتی لەبواری گەیاندن و بازرگانییەوە. هەر ئەوەش وایکردووە ئەلفبێیەکەشیان ببێتە ئەلفبێکی هاوبەش، چونکە بازرگانی پێویستی بە نووسینە نەك هەر ئاخاوتن. عەرەبە نەبتیەکان بەزمانی خۆیان هەر قسەیان دەکرد، هیچیان پێ نەدەنووسی، بۆیە لەپێناو پێویستی دەوڵەت لەسەر شێوەی ئەلفبێی ئارامی ئەلفبێیەکیان بۆخۆیان دامەزراند. ئەمە مێژوویێکی زۆری ویست هەتا بۆ یەکەمجار لەسەدەی دووەمی زایینی توانیان ئەلفبێیەکەی خۆیان نووسینی پێ بڵاوبکەنەوە.

هەرچی خەتی مەسنەدە، ئەوە دەوترێ هاوکات بووە لەگەڵ پەیدابوونی مەملەکەتی (سەبا) لەپێش سەدەی دەیەمی پێش زایینی.

ئەوەی گرنگە لێرە ئەوەیە نە خەتی مەسنەد، نە پیتەکانی نەبەتی و سریانی و ئارامی بە پیتی ئێستای عەرەبی ناچن، ئەو هەموو گریمانەی لەبارەی بنەچەی ئەلفبێی عەرەبییەوە دەگوترێن " زانستی! " نین، بۆیە ناکرێ لە لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەکادیمی پشتیان پێ ببەسترێ.

لەسەردەمی دابەزینی قورئان، زاری قورەیش، زاری ئایینی و بازرگانی بووە، هەروەها لەپێش دابەزینی قورئان ئەدەبێك لە جەزیرەی عەرەبی هەبووە، نەناسراوە بە ئەدەبی جاهیلی. ئەو ئەدەبە لەناو عەرەبدا بە ئەدەبێکی پڕ ڕەوانبێژی ناسراوە، حەوت موعەلەقاتەکەی بازاڕی عوکاز بەڵگەن لەسەر نووسینی عەرەبی بەزمانی عەرەبی، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش زاری قوڕەیش بوو بە زاری ستاندەر لە جەزیرەی عەرەبیدا.

هەرچەندە لەسەردەمی پێغەمبەر(د.خ) و سێ خەلیفەکەی یەکەم،زمانی قورئان زمانێکی بێ خاڵبەندی بوو، بەڵام لەسەردەمی ئیمامی عەلیدا (عەلی کوڕی تالیب)، ئەبولئەسوەدی دوئلی خاڵبەندی بۆ قورئان دانا، ئەوەش لەدوو ڕووە سەرچاوەی گرتووە:

ئەلفبێی عەرەبی لەو ماوەیە گەشەی کردووە و خوێندەواری لەناو عەرەبان زۆر بڵاوبۆتەوە، جا بۆ ئەوەی عەرەب پیتە لەیەکچووەکان (ج، ح، خ) (ص، ض) (د، ذ) (س، ش) (ع، غ)، (ط، ظ) لەیەك جیابکەنەوە، هەروەها (سەر)، (بۆر) و (ژێر) لەیەك جیابکرێنەوە، پەسەندی ئەو کارەی ئەلدوئلی کرا. هەروەها لەسەردەمی ئیمامی عەلیدا گەلانی غەیرە عەرەبیش، موسلمان ببوون،بەتایبەتی (فارس) و (کورد)،جا بۆ ئەوەی

ئەوانیش بەڕەوانی قورئان بخوێننەوە،ئەو خاڵبەندییە پەسەند کرا و جێی خۆی گرت.

بەم شێوەیە لەڕێگەی قورئانەوە،عەرەب هەم بوونە خاوەن زمانی ستاندەر بۆ قورئان خوێندنەوە و بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت، هەم بوونە خاوەن ئەلفبێیەك، کە بەهیچ جۆرێ لە ئەلفبێیەکەی پێش خۆی نەدەچوو!

ئەلفبێی کوردی و ئەلفبێی عەرەبی

ئەو شێوازە فۆنۆگرافییەی ئەلفبێی عەرەبی، سەرەتایەکی نوێی ئەلفبێی ئاسیایی بوو بۆ ڕزگاربوون لە ئەلفبێیەکانی تر، کە هەموو ئەلفبێی (مۆرفۆگرافی) و (ئیدیۆگرافی) و وێنەگرافی بوون.

ئەلفبێی عەرەبی هەوڵێك بوو بۆ ئەوەی موسلمانەکان لەسەر یەك ئەلفبێ کۆك بن و خاوەن ئەو زارە هزری و کەلتووری و شارستانییەتە بن، هەروەها ئەدگارو تایبەتمەندی زمانی قورئان لەخۆ بگرێت.

کورد و فارس کە موسلمان بوون،ئەلفبێی خۆیانیان لەسەر شێوازی ئەلفبێی عەرەبی دامەزراند و تایبەتمەندی زمانی خۆیانیان پاراست، بەواتای ئەو پیتە هاوبەشانەی لەهەر سێ زمان هەن،وەك خۆیان مانەوە، پیتی تایبەت بەخۆیان، کە لەزمانی عەرەبیدا نین، بۆ ئەلفبێیەکە زیاد کرا.

لەئاکام ئەلفبێی کوردی دروست بوو، ئەو ئەلفبێیەی کورد لەسەرەتای ئیسلامی بوونەوە ئەدەبی خۆی پێ دەنووسێتەوە، ئەلفبێیەکی

کوردانەیـە، چـونکە تـەواو لەگـەڵ سیسـتەمی دەنگـی زمـانی کـوردی دەگونجێت، ئەمەو بەحوکمی ئـەوەی ڕێـژەی جیـاوازی لەگـەڵ پێکچـوونی بەئەلفبێی عـەرەبی زیـاترە، بۆتـە ئەلفبێیـەکی سـەربەخۆ و هـەر کوردێك دەتوانێ ئەلفبێیەکەی خۆی لەعەرەبی و فارسی جیا بکاتەوە.

پیتەکانی ئەلفبێی کوردی

شـێوەی پیتـەکانی عـەرەبی بـەحوکمی هـەژموونی ئـایینی (زمـانی قورئـان) و دەسـەڵاتی سیاسـی حـوکمڕانی (ڕاشـیدین) و (ئەمـەوی) و (عەباسی) لەناو کورددا بڵاوبوونەتەوە.

لەو بیست و هەشت پیتەی زمانی عەرەبی، شەشیان کە بریتین لە (ث، ص، ض، ذ، ط، ظ) بۆ نووسینی کوردی لەگەڵ زمانی کـوردی نـاگونجێن، کە دەڵێین زمانی کـوردی، مەبەسـتمان زمـانی خوێنـدن کـە زیـاتر لەسـەر زاری کرمانجی ناوەڕاست بینـاکراوە، ئەگـەرنا دوو سـێ پیـت لـەو شـەش پیتە لەزاری هـەورامی بـەکارئایین، بەتایبـەتی پیتـی (ص) لەوشـەی وەك (صـەد)،بەڵام چـەند پیتێکـی تـر لـەکوردی هـەن بـە (شـێوە) و (دەنـگ) لەزمانی عەرەبیدانین:(پ، چ، ڤ، گ، ژ، ڕ، ڵ)،زمـانی عـەرەبی تـەنها سـێ بزوێنی هەیە، کە بریتین لە (ا، و، ی)،هەرچی زمانی کوردییە،هەشت پیتی بزوێنـــی هەیـــە، کـــە بـــریتین لـــە (i، ا، ە، ێ، ی، ۆ، و، وو). زمـــانی عەرەبی(سەر ـ فتحـة) و (بـۆرە ـ ضـمة) و (ژێـر ـ کسـرة)ی هەیـە، ئەوانـە تەواو واتای وشە دەگۆڕن. لەکوردیـدا لـە بریتـی ئـەم هێمایانـەدا، فـۆنیم (بزوێن) هەیە، بەم شێوەیە:

ـ لە بریتی سەر، فۆنیمی (ە)بەکاردێ.

ـ لە بریتی بۆر، فۆنیمی (و) بەکاردێ.

ـ لە بریتی ژێر، فۆنیمی (ی) بەکاردێ.

ـ قَتَلَ: کوشتی ـ بکەر دیار

ـ قُتِلَ: کوژرا ـ بکەر نادیار

وەك لەمانەی سەرەوە دەردەکەوێ،زمانی کوردی تەنها ئەو پیتانەی زمانی عەرەبی وەرگرتووە، کە لەگەڵ پیتەکانی خۆی هاوبەشەو لەڕووی وشەسازی و دەنگسازی و ڕستەسازییەوەش پەیڕەوی پێکهاتە و سیستەمی زمانی خۆی کردووە. بەمجۆرە بە هاوکاری ئەلفبێی عەرەبی، زمانی کوردی ئەلفبێیەکی کوردی هەیە و سیما و ئەدگارەکانی زمانی کوردی دەنوێنێ،نەك زمانی عەرەبی.

لەمێژووی نووسینی کوردیدا، ژمارەی پیتەکانی زمانی کوردی جێگەی مشتومڕ بووە. هەر زمانناسێکی کورد ژمارەیەکی داناوە:

١ـ تایەر سادق ژمارەی پیتەکانی کوردی بە (٣٤) پیت دادەنێت.

٢ـ تەوفیق وەهبی ژمارەی پیتەکانی کوردی بە (٤٠) پیت دادەنێت.

٣ـ شێخ محەمەدی خاڵ ژمارەی پیتەکانی کوردی بە (٢٧) پیت دادەنێت.

٤ـ قەناتی کوردۆییف ژمارەی پیتەکانی کوردی بە (٣٦) پیت دادەنێت.

٥ـ جەلادەت بەدرخان ژمارەی پیتەکانی کوردی بە (٣١) پیت دادەنێت.

٦ـ گیوموکریانی ژمارەی پیتەکانی کوردی بە (٣٢) پیت دادەنێت.

٧ـ د. جەمال نەبەز ژمارەی پیتەکانی کوردی بە (٣٥) پیت دادەنێت.

٨ـ د. کەمال فوئاد ژمارەی پیتەکانی کوردی بە (٣٤) پیت دادەنێت.

٩ـ فازیل نیزامەدین ژمارەی پیتەکانی کوردی بە (٣١) پیت دادەنێت.

١٠ـ هەژار موکریانی ژمارەی پیتەکانی کوردی بە (٣١) پیت دادەنێت.

وەك دەردەکەوێ جیاوازی ژمارەی پیتەکان (٢٣ ـ ٤٠) زۆرە، ئەم ناکۆکییە لە دیاریکردنی ژمارەی پیتەکانی زمانی کوردی پەیوەستە بە چەند خاڵێکی سەرەکییەوە:

یەکەم: ئەو نووسەرانە (پیت) و (دەنگ)یان لە یەك جیا نەکردۆتەوە.

دووەم: ئەلفبێی زمان و ئەلفبێی فەرهەنگیان تێکەڵ کردووە، کەچی ئەم دووە لەیەك جودان. ئەلفبێی فەرهەنگی بەشێکە لە ئەلفبێی زمان، نەك هاوتای بێت، لەپاشان بەدرێژی لەم خاڵە دەدوێین.

سێیەم: ژمارەی پیت لە ئەلفبێدا دەبێ تاك بێ نەك جووت، چونکە دوو پیت وێنەی دوو دەنگە، تەنها لەهەندێ شوێن نەبێ!

چوارەم: بێ ڕەچاوکردنی سروشتی زمانی کوردی و لێکسیکۆلۆژی زمانی کوردی، هەندێ پیت لە "کوردێتی" دەخەن!

جیاوازی نێوان ئەلفبێی زمان و ئەلفبێی فەرهەنگ

لەوانەیە لەهەندێ زمان ئەلفبێی زمان و ئەلفبێی فەرهەنگ یەك شت بن،ژمارەی پیتەکانی هەردووك وەك یەك بن، ئەو شیمانەیە بۆ هەر زمانێك ڕاست بێت بۆ زمانی کوردی ڕاست نییە، چونکە لەزمانی کوردیدا هەردووك لەزۆر ڕووەوە لەیەك جودان:

١ــ ئەلفبێی زمان تەواوی پیتە بزوێن و نەبزوێنی زمانی کوردی دەگرێتەوە، هەرچی ئەلفبێی فەرهەنگە تەنها ئەو پیتانە دەگرێتەوە کە

لەسەرەتای وشە دێن، کەواتە لە کوردی، بزوێنەکان بەشێك لە ئەلفبێی فەرهەنگ پێکناهێنن، چونکە ناتوانن لەسەرەتای وشە بێن، بۆ نموونە پیتی (ر - ڕای لاوان) پیتێکی ئەلفبێی زمانە،نەك ئەلفبێی فەرهەنگ، چونکە کوردی وشەی نییە بە (ر) دەست پێبکات. بەهەمان شێوە (ڵ - لامی قەڵەو) پیتێکی فەرهەنگی نییە، چونکە لە کرمانجی ناوەڕاستدا لە دەسپێکی وشەی کوردی نایەت.

٢- ژمارەی پیتەکانی ئەلفبێی فەرهەنگ لە ژمارەی پیتەکانی ئەلفبێی زمان کەمترن.

٣- هەردوو پیتی (و) و (وو) لە ئەلفبێی زماندا،دوو فۆنیمن نەك ئەلۆفۆن، چونکە بەجێگۆڕکێیان دوو وشە دروست دەبێت، وەك:

کوڕ

کووڕ

بەلاّم لە ئەلفبێی فەرهەنگدا هەردووك دوو ئەلۆفۆنن،چونکە بەجێگۆڕکێیان وشەی نوێ دروست ناکەن،وەك:

- **وشە**
- **ووشە**
- **وتە**
- **ووتە**
- **وریا**
- **ووریا**
- **ورچ**

- وورچ

فەرهەنگە ناودارەکانی کورد و تێکەڵکردنی هەردوو جۆری ئەلفبێ

فەرهەنگنووسانی کورد وێرای ئەوەی هەردوو ئەلفبای تێکەڵ دەکەن، لەسەر ژمارەی پیتەکانیش کۆك نین، گەورە فەرهەنگ نووسی کورد شێخ موحەمەدی خاڵ لە فەرهەنگە سێ بەرگیەکەیدا دەنووسێ : زمانی کوردی (٢٧) پیتی هەیە کە ئەمانەن: (أب پ ج ح خ د ر ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ك گ ل م ن و هـ ی) هەرچی مامۆستا فازیل نیزامەدینە هەر چوار پیتی (ح ع غ ق) بە کوردی دانانێ و ژمارەی پیتەکانی دەکاتە (٢٣) پیت، هەرچی مامۆستا هەژار موکریانیە ژمارەی پیتەکان دەکاتە (٣١) پیت.

بەمەش هەردوو ئەلفبایەکە تێکەڵ دەکات : (هەمزە بێ پێ تێ جیم چێ حێ خێ دال ڕێ ڕێ زێ ژێ سین شین عین غین فێ ڤێ قاف کاف گاف ڵام لام میم نون واو واوی مجهول هێ یێ یای مجهول)،هەرچی مامۆستا گیوی موکریانیە لە فەرهەنگی کوردستان ئەلفبای فەرهەنگی ئاوا دەنووسێ: (ا ب پ ت ج چ ح خ د ڕ ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ك گ ل م ن و هـ ی)، وێرای ئەمەش فەرهەنگنووسانی کورد لە سەر ژمارەی پیتەکان، هەروەها جۆری ئەلفبایەکە کۆك نین، هەروەها هەریەکە بە بیانوویەك پێتێك زیاد دەکات، یان کەم دەکات مامۆستا فازیل نیزامەدین هە رچوار پیتی (ح ع غ ق) بە کوردی دانانێ و دەڵێ هاتوونەتە ناو زمانی کوردیەوە، گیوی موکریانیش (ع غ) بە کوردی دانانێ، هەر ئەمەش وای لێکردووە لە زۆر شوێن (ح غ) تێکەڵ بکات.

هەرچی مامۆستا خـاڵ و مـام هـەژارە ئـەوە هـەر چـوار پیتیـان بـە کـوردی داناوە و پەیڤیان بۆ هەر چوار پیت هێناوەتەوە، مامۆسـتا خـاڵ لـەو چـەند لاپەڕەیەدا وشەی بۆ چوار پیتـە هێناوەتـەوە(ح٤٧–٥٧)، (ع٣٥٧–٣٦١)، غ٣٦٢–٣٦٤)، (ق٥٤١–٥٩٤) لە فەرهەنگی شارەزووری د. شـەفیق قـەزاز دا وشە بۆ ئەم چوار پیتـە هێنراوەتـەوە، لـە لـە فەرهـەنگی کوردسـتانش لـە لاپەرە (٣٤١–٣٥٠) وشە بۆ پیتی (ح) هێنراوە بۆ پیتی (ق)یش لـە لاپـەرە (٦٨٢–٧٢٧) وشە بۆ پیتە هەیە.

پێشنیار

بە حوکمی ئەوەی نووسەر ی ئـەم چـەند دێـرە، چـوار پێـنج سـاڵە خـەریکی کـاری فەرهـەنگ نووسـینە، ئـەوە لـە پرۆسـەی فەرهـەنگ نووسـیندا بـۆی دەرکـەوتووە کـە زۆربـەی فەرهەنگـە کوردییـەکان تـەواو ڕەچـاوی ئـەلفبای فەرهـەنگی ناکـەن، بـۆ یـە زۆر گرنگـە فەرهـەنگ لـە سـەر بنـەمای ئـەلفبای فەرهەنگی بنووسرێت، هەروەها زۆر گرنگە لە سەر ڕێزبەندی پیتەکانیش هـاو ئاهەنگییەك هەبێت هـەروەها جیاکردنـەوەی بـزوێن – نیمچـە – نـەبزوێن زۆر گرنگە، چونکە ئەمەش لە ڕۆنانی وشەدا ڕۆڵی خۆی دەبینێت.
لە کۆتایدا کە دەڵێین "فەرهـەنگی کـوردی " دەبـێ فەرهـەنگی هـەموو کـورد بێت نەك تەنیا زارێك، ئەمەش زمانی ستاندەر بە هێز دەکات هەر بـۆ نموونـە فەرهەنگی کوردی – کرمانجی خواروو (سۆرانی) لە پیتـی (ڤ) زۆر هـەژارە، بەڵام کرمانجی سەروو زۆر دەوڵەمەندە لەم پیتەدا، بۆیە بە بەکارهێنانی هـەر ئـەم دوو زارە سـەرەکییەی باشـووری کوردسـتان، زۆر وشـەی کـوردی لـە فەوتان ڕزگار دەبێت.

مێژووی نووسین بە ئەلفبێی کوردی

مێژووی نووسینی کوردی بە ئەلفبێی کوردی،دەکرێ بۆ سێ جۆر پۆلین بکەین:

جۆری یەکەم: ئەو نووسینە کوردیانەی تەنها بەپیتی عەرەبی نووسراون، نەك بە تەواوی ئەلفبێی کوردی.

جۆری دووەم: ئەو نووسینانەی هەندێك لە پیتە کوردییەکانیان بەشێوەی جیاواز لە ئێستا بەکارهێناوە، هەروەها تەواو ڕزگار نەبوونە لە (سەر) و (بۆر) و (ژێر).

جۆری سێیەم: ئەو نووسینانەی لەدوای سەدەی بیستەمەوە هێور هێور بەهەندێ گۆڕانکاری بچووکەوە لەگەڵ ڕێنووسی ئێستا تەواو لەیەك دەچن.

جۆری یەکەم:

دەکرێ دوو بەیتەکانی بابەتاهیری هەمەدانی (٩٣٥ ـ ١٠١٠) بەدەسپێکی ئەو هەوڵە دابنێین. هەندێك دەڵێن ئەو شیعرانە بە ئەلفبێی فارسی نووسراون، جا ئەگەر ئەم ڕایە ڕاستیش بێت، ئەوە ئەلفبێی فارسی هەنگاوێك لە ئەلفبێی عەرەبی لەکوردییەوە نزیکترە، چونکە هەندێ پیتی کوردی و فارسی (ئەوانەی لەعەرەبیدا نین) وەك یەکن.

کتێبە ڕێزمانییەکەی (عەلی تەرەماخی)، کە لە ساڵی (١٥٩١ — ١٥٩٢ زایینی) بە ناوی دەستووری زمانی عەرەبی، بە کوردی نووسیویەتی، یەکێ لەو کتێبە دانسقانەیە کە بە کوردییە، بەڵام بە ئەلفبێی عەرەبی

نووسراوه. ئەمەو (مەلا مەحموودی بایەزیدی) ئاماژه بـه سـێ کتێبـی تـر دەکات کە بە کوردی نووسراون، ئـەویش: مەولودنامـەی کرمـانجی مـەلای باتەیی، نەوبەهاری ئەحمەدی خـانی و هـەر سـێ پـەرتووکی مـەلا یونسـی هەلکەتینییە. ئەو سێ کتێبە لەگـەڵ کتێبەکـەی عـەلی تـەرەماخی، کتێبـە ناسراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری سەردەمی خۆیان بوون.

دەکرێ دیوانە شیعرییەکەی مەلای جەزیری و مەم و زینی ئەحمەدی خانی لەو دەقانەی کە بەهەندێ گۆڕانکاری کەم، لەچاو ئەوانـەی پێشـوو، هەر بە ئەلفبێی عەرەبی نووسراون.

جۆری دووەم:

بەیتی ئەوەڵ و ئاخیر (تذکرة العـوام)ی سـەعید عەبـدوڵڵا مـوکری لەسـاڵی ١١٩٩ی کۆچی بەرانبەر ١٧٨٤زایینی، بە کوردی نووسیویەتی. نووسەر لە هەنـدێ شـوێن فـۆنیمی (ە، و، ی) لـەبریتی (سـەر) و (بـۆر) و (ژێـر) بـەکارهێناوە، بـەڵام لەهەنـدێ شـوێنی تـر سـەرو بـۆرو ژێـری بەکارهێناوە.(عەقیدەی مەولەوی) کە ئەحمەدی کوڕی حەمـدی بەڵخـەیی لەنێوان ساڵانی ١٣٠٨ هەتا ساڵی ١٣١٧ نووسیویەتی، نەك هەر هـەر سـێ فۆنیمەکەی بەکارهێناوە، بەڵکو لە زۆربەی شوێن پیتە کوردییـەکانی وەك (پ، چ)ی بەکارهێناوە.

وەك چاپەمەنیش، دیوانەکەی (مەولانا خالیدی نەقشبەندی) کە لـە سـاڵی ١٨٤٤ لە ئەستەمبۆل چاپکراوە، بە یەکەم کتێبـی کـوردی دادەنرێت، کـە زۆرێك لە پیتە کوردییەکان و هەر سێ فۆنیمەکەی بەکارهێناوە.

فەرهـەنگی "الهدیـة الحمیدیـة في اللغـة الكردیـة"، کـە یووسـف زیائـەددین پاشـای خالیدیـە، کـە لـە سـاڵی ١٨٩٣ لـە ئەسـتەمبۆل چـاپیکردووە، ڕۆژنامــەی کوردســتان ١٨٩٨ – ١٩٠٢ پیتــە کوردییــەکان و هەرســێ فۆنیمەکەی زیاتر چەسپ کرد.

جۆری سێیەم:

دامەزراندنی حوکمداری شێخ محمود و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقـی و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکانی پێشکەوتن و هەرسێ ڕۆژنامەکـەی سـەردەمی دەسەڵاتی شێخ مەحموود و گۆڤاری (دیاری کوردسـتان) ١٩٢٥ –١٩٢٦ و گۆڤــاری گەلاوێــژ (١٩٣٩–١٩٤٩) و گۆڤــاری هەتاو،نــەك هــەر لــە نووسینەکاندا پەیڕەوی ئەلفبێی کوردییان کـرد، بـەڵکو بـە دەیـان وتـار و لێکۆڵینــەوەیان لەســەر چــەندەها بابــەتی زمانناســی و زمــانی کــوردی بڵاوکردەوە. بەڕاسـتی ئـەوان بوونـە دەسـپێکی ئـەلفبێی کـوردی، ئەمـەو خوێندن بە کـوردی لـە باشـووری کوردسـتان، تـەواو ئـەلفبێی کـوردی لـە باشووری کوردستان جێگیر کرد.

کەواتە پیتەکانی ئەلفبێی زمانی کوردی ئەمانەن:

(ئـ ا ب پ ت ج چ ح خ د ر ڕ ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ك گ ل ڵ م ن هـ ە و وو ۆ ی ێ i).

ئەو پیتانە هەموو پیتەکانی زمانی کـوردین، هـەموو فـۆنیمن، چـونکە هەریەکەی لە بریتی ئەویتر بەکاربێت، واتـای دەگۆڕێـت، هـەروەها ئەوانـە پیتی بزوێن و نەبزوێنن.

هەرچی پیتەکانی ئەلفبێی فەرهەنگن،ئەمانەن:

(ئـ ب پ ت ج چ ح خ د ڕ ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ك گ ل م ن ھ و ی)

ئەوانە تەنها ئەو پیتانەن کە بە پیتی نەبزوێن ناسراون، چونکە تـەنها ئەوانە دەتوانن لـە سـەرەتای وشـەی کـوردی بـێن، ئـەو دوو پیتـە (و،ی) هەرچەندە هەمان فۆرمی هەر دوو پیتە بزوێنی کوردیان هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوانە دەتوانن لە سەرەتای وشەی کوردی بێن، بۆیە ئەوانەی لـەو چوارچێوەیەدا نەبزوێنن، نەك بزوێن.

خوێندنەوەی ئەلفبێی زمان

پیت / وێنە	دەنگ
ئـ	هەمزە
ا	ئەلیف
ب	بێ
پ	پێ
ت	تێ
ج	جیم
چ	چ
ح	حێ
خ	خێ
د	دال
ر	رێ
ڕ	ڕێ
ز	زێ
ژ	ژێ
س	سین
ش	شین
ع	عەین
غ	غەین
ف	فێ
ڤ	ڤێ

ق	قاف
ك	كاف
گ	گاف
ل	لام
ڵ	ڵام
م	میم
ن	نوون
هـ	هێ
ە	ئە
ۆ	ئۆ
و	ئو
وو	ئوو
ی	ئی
ێ	یێ
i	بزرۆکە

دامەزرێنەری ئەلفبێی کوردی

سەرەڕای ئەوەی کورد بەبێ کێشە ئەلفبێی عەرەبی لە مزگەوت و قوتابخانە ئاینیەکان وەرگرت، بەڵام هیچ بەڵگەو دەستنووسێك نییە، نەك هەر لەبەرایی ئیسلامبوونی کورد و هەتا لەسەردەمی ئەمەوی و عەباسیشدا هەوڵێك بۆ ئەلفبێی کوردی درابێت. جیاوازی زمانی کوردی لە

عەرەبی لەڕووی پێکهاتە و فۆنۆلـۆژی و مۆرفۆلۆژییـەوە بێگومـان وای لـە (مـەلا) و (فـەقێ) و (شـاعیر)ی کـورد کـردووە، ناوەنـدێك بدۆزنـەوە بـۆ گوزارشت کردن لە زمانی خۆیان، ئەو هەوڵەی نووسین بە زمانی کوردی بە ئەلفبێی عەرەبی چ لەلایەن کوردەوە یان کوردناسانەوە، تەمەنی زۆر درێژ نەبووە.

سەدەی نۆزدەهـەم بـە سـەرەتای ڕێنیسانسـی زمـانی کـوردی دادەنرێـت، چونکە لەو سەدەیەوە بەدواوە بە بـەردەوامی کـار لەسـەر زمـانی کـوردی کراوە.

هـەوڵی نووسـین بـە زمـانی کـوردی لەگـەڵ دروسـتکردنی ئەلفبێیـەکی کوردی لەسـەر ئـەلفبێی عـەرەبی، دوو شـتی لەیـەك جـودان، وەك پێشـتر وتمان هەوڵی زۆر لە پێشترە لـە پرۆسـەی دارشـتنی ئەلفبێیـەکی کـوردی. لەدوای بزاڤی دەستورخوازی لە تورکیا، ماوەیەك ١٩٠٨ — ١٩١٠ دەرفـەت بە کوردان درا چەند پێکۆڵێکی نەتـەوەیی بکـەن. کەسـە ناودارەکـانی ئـەو دەمەی بزاڤی کوردی بریتی بوون لە (مەلا سەعیدی نورەسی، ئەمین عـالی بەدرخان، خەلیل خـەیالی، د. عەبـدوڵڵا جـەودەت و پیرەمێـردی شـاعیر و چەندانی تر). بـە شـاهێدی ئـەو زاتانـە، خـەلیل خـەیالی، کـە هـەردەم بـە فەرهـەنگ و ڕێزمـانی کوردییەوەخـەریك بـوو و بـە دامەزرێنـەری ئـەلفبێی کوردی دادەنرێت، کتێبەکەی خەلیل خەیالی ناوی (ئەلیفبای کرمانجی)یـە، لە ساڵی ١٩٠٩ لە ئەستەمبۆل چاپکراوە، کتێبەکـە تـەنها (٢٧) لاپـەڕەیـە، بـەڵام زادەی عـەقڵی کوردییـە. ئـەم ئەلفبێیـەی خـەیالی، لەسـەر بنـەمای ئــــەلفبێی فەرهـــــەنگی دروســــتکراوە، بۆیــــە لــــە ڕیزبەنــــدی

ئەلفبێیەکەدا،بزوێنەکان دیارنەکراون،هەروەها هەندێ پیتی عەرەبی لـەناو ئەلفبێیەکەدا هەن، کە بـریتین لـە (ص، ض، ط، ظ)،هـەروەها هەرچـەندە لەڕۆژنامەی کوردستان ۱۹۸۹ ـ ۱۹۰۲ کەم و زۆر چارەسـەری (سـەر، بـۆر، ژێر) عەرەبی کراوە، بەڵام لە ئەلفبێیەکـەی خەیالیـدا (سـەر و بـۆر و ژێـر) دانەنراون، بەڵکو تەنوینی عەرەبی لەو شوێنانە دیاریکراوە.

ئـەو هەوڵـەی خـەلیل خـەیالی ۱۸۷٦ ـ ۱۹۲٦ لـەژێر کاریگـەری دەسـەڵاتی کەمالیـەکان لەلایـەك و ئەلفبێیەکـەی جـەلادەت بـەدرخان لەلایەکی تر لەباکووری کوردستان نەیتوانی ڕەگی خـۆی دابکوتـێ، بـەڵام لەباشـوور و ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان مێـژوویکی پرشـنگداری لـە عـەقڵی مەعریفی مرۆڤی کورد تۆمارکرد. لەدوای ئـەو هەوڵـەی خـەلیل خـەیالی لـە باشـووری کوردسـتان زۆر هـەوڵ دراون، بـەڵام ئـەو هەوڵانـە بـە ئـەلفبێ نەناسراون، بەڵکو زیاتر بە ڕێنووسی کوردی ناسـراون، کـە دەکـرێ ئـەوها ڕێزیان بکەین:

۱ـ تۆفیق وەهبی، ۱۹۲۵، بەچۆن حرۆفێك و چۆن بنووسین .

۲ـ حەقی شاوەیس، ۱۹۲۵، ئیملای کوردی ـ حروفاتی عەرەبی.

۳ـ سەعید سدقی کابان، ۱۹۲۸، مختصر صرف و نحوی کوردی.

٤ـ مەعروف جیاوك، ۱۹۳۰، بەرگی ئیملای کوردی.

٥ـ ئەحمەدی عەزیز ئاغا، ۱۹۳٦، ئەلفبای کوردی.

٦ـ وتارە زمانەوانییەکانی گۆڤاری گەلاوێژ (۱۹۳۹ — ۱۹٤۹).

۷ـ وتارە زمانەوانییەکانی گۆڤاری هەتاو .

۸ـ ئیبراهیم ئەمین باڵدار، ۱۹۵۳، ئەلف و بێی نوێ بۆ منداڵان.

٩ـ عەلائەدین سەجادی، ١٩٦٠، دانانی نیشانەکانی پیتی کوردی.

١٠ـ تاهیر سادق، ١٩٦٩، ڕێنووس ـ چۆنیەتی نووسینی کوردی .

١١ـ حامید فەرەج، ١٩٧٦، ڕێنووسی کوردی لە سەدەیەکدا.

١٢ـ نەسرین فەخری، ١٩٧٧، ڕێنووسی کوردی.

١٣ـ مستەفا نەریمان، ١٩٨١، ڕێنووسی کوردی لە ڕەگ و ڕیشەوە.

١٤ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٨٦، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی.

١٥ـ محەمەد زەهاوی، ٢٠٠٦، مێژووی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی.

١٦ـ هوگر تاهیر تۆفیق، ٢٠٠٨، ئەلیفبای کوردی.

بەسەدان سەرچاوەی تر هەن. مامۆستا دەتوانێ داوا لە قوتابیان بکات بیلیۆگرافیەك پێکبێنن.

هۆکاری گەشەکردنی ئەلفبێی کوردی لەناو کورداندا

کاتێ لە پرسی (زمان) و (ئەلفبێ) دەکۆڵینەوە یەکسەر ئاراستەی گوتارەکەمان بەرەو ڕووی توێژی خوێنەوار و ڕۆشنبیران و مەکتەبلیی دەبێتەوە.

فارس و کورد لەمێژوودا چەندەها ئیمپراتۆریەت و دەوڵەتی (بە تەنیا) و (هاوبەشیان) هەبووە، ئەمە لەلایەك پەیوەندی بە (خزمایەتی زمان و ڕەگەز)ەوە هەیە، لەلایەکی تریشەوە پەیوەندی بە (هاومێژوویی) و (هاوکەلتووری ڕۆشنبیری) و (هاوسنووری)یەوە هەیە.

ئەو دوو نەتەوە خاوەن شارستانیەتە کە ئیسلام بوون، هەوڵیاندا سوود لە ئیسلام وەرگرن، بۆ برەودان بە شارستانیەتی خۆیان، بەحوکمی ئەوەی (ئیسلام)یش ئایینێکی جیهانییە و نەتەوەیی نییە، بۆیە هەردوو نەتەوە لە ئایینەکە نزیکبوونەوە.

ئەو نزیك بوونەوەی عەقڵی مەعریفی کورد و فارس دەبوو هەر لەڕێگەی مزگەوت و مەڵبەندی ئایینییەوە لەگەڵ عەقڵی مەعریفی عەرەبەوە پێك بگەن. فێربوونی زمانی نوێش هەر لەڕێگەی ئەلفبێوە دەبێت، بۆیە هەردووکیان بۆ نووسینی خۆیان سوودیان لەو ئەلفبێیەوە وەرگرت.

ئەو بزاڤە مەعریفییە هەر بەردەوام بووە، ئەلفبێی عەرەبیش بەبێ هیچ بەرەنگارییەك سەرەڕای ئەو هەموو کێشە سیاسی و مەزهەبیانەی کە لەنێوان گەلانی موسلمان بەرپا ببوون، هەر لە پێشڕەوی دابوو.

لەدوای دامەزراندنی حکومەتی عێراقیش، دەستەبژێری ڕۆشنبیری کورد دەستبەرداری ئەو ئەلفبێیە نەبوو، بەڵکو لەماوەی (٨٨) ساڵدا ١٩٢١ - ٢٠٠٩ ئەلفبێی کوردی بە ئاقارێکدا بردووە، کە هیچ گرفتێکی زانستیی و زمانەوانیی نەمێنێ و لەباشوور ببێتە هۆکارێك بۆ کارکردن لەسەر زمانێکی فەرمی و یەکگرتوو.

گیروگرفتی ئەلفبێی کوردی

با بزانین ئەلفبێی کوردی گیروگرفتی هەیە؟! ئەوەی هەندێ سەرەدەری لە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و فەرەنسی دەردەکات، قەناعەتێکی

زانستی لەلا دروست دەبێت، کە ئەو گیروگرفتانەی هەندێ ڕێزمانووس و زمانەوانیی کورد باسی لێوە دەکەن، زۆربەیان زادەی تێڕوانینی خۆیانن، نەك زمانی کوردی!

ئەو بۆچوونە پەیڕەوییە بۆ سروشتی زمان، هیچ ئاکامێکی دروستی لێنەکەوتۆتەوە، بۆیە بەڕاشکاوی دەڵێین دەستووری ئەلفبێ کوردی بە بەراورد لەگەڵ هەر سێ زمانی جیهانی: عەرەبی، ئینگلیزی، فەرەنسی هیچ ئارێشەیەکی نییە مەحاڵ بێ!. زیاتر لە ملیارێك مرۆڤ زمانی عەرەبی دەخوێنێتەوە، بەشێکی زۆری ئەو ژمارەیەش عەرەب نین و شێوازی نووسینی زمانی خۆیان لەڕووی ئەلفبێ و پێکهاتەو خێزانی زمانییەوە لە عەرەبی جودان. سەبارەت بە کوردان، زمانی عەرەبی هەر زمانی دەقی ئایینی (قورئان) نییە، بەڵکو زمانی خوێندنیش بووە.

ئەوەی لە عەرەبی بە (بۆر) و (ژێر) و (سەر) و (وەستان)ناسراون، لە کوردیدا وەك (فۆنیم) دەردەکەون:

كَتَبَ: نووسی، ئەو نووسی

لە کوردی لە بریتی (سەر)، (ە) بەکاردێ .وەك : کەچەڵ، بەرە.....

كُتِبَ: نووسرا

لە کوردی لە بریتی (بۆر)،(و) بەکاردێ،وەك: کوردی، کوڕ..........

هەروەها لە بریتی (ژێر)،لە کوردی (ی) بەکاردێ،وەك:بیر، میر،...........

ئەمەو لە عەرەبی چەندەها پیت هەن،دەنگیان زۆر لەیەك نزیكە، هەمووش لەڕووی فۆنۆلۆژییەوە فۆنیمن، چونكە لەڕووی فۆنەتیكەوە شوێنی تایبەت بەخۆیان هەیە: وەك:

- ذ، ظ، ض، ز
- ث، ص، س
- ط، ة، ت

لە زمانی كوردیدا تەنها پیتەكانی كۆتایی ئەم كۆمەڵانەی (ز، س، ت) هەیە!

گیروگرفتەكانی زمانی ئینگلیزی زۆر زیاترن لە گیروگرفتەكانی زمانی عەرەبی، لەزمانی ئنیگلیزیدا ئەم كێشانە هەن:

١ـ دەنگی /ش/ لەچەند جۆرە (چەند پیتێ) دروست دەبێت.وەك:

sh :Shipكەشتی

ch :Chicكۆك

su :Sugarشەكر

tio :Nationنەتەوە

ci :Socialكۆمەڵایەتی

ssio :Passionسۆز

هەردوو پیتی (ch) هەندێجار بە/چ/ و هەندێجاری تر بە /ك/ دەخوێنرێتەوە:

:/چ/teacher, cheap, chiken

:/ك/ache, chemistry

٢ـ پیتی (c) بەو دەنگانە /س/، /ش/، /ك/ دەخوێنرێتەوە

:/س/city, bicycle

:/ش/Social

:/ك/cake, car

٣ـ هەردوو پیتی (ea) بەچەند شێوەیەك دەخوێنرێنەوە

/ێ/head, dead, read

/یی/seat, dean, bean

هەروەها كارەكانی زمانی ئینگلیزی،ئەوەندی ناڕێسان، ئەوەندە ڕێسایی نین.

زمانی فەرەنسی یەكێ لەو زمانانەیە (بە ئاسانی!) بەبێ مامۆستای فەرەنسی، فێربوونی ئەگەر مەحاڵ نەبێ، زۆر دژوارە!

١ـ زۆر كات ئەگەر وشەی فەرەنسی كۆتایی بە بزوێنێك نێت، ئەوە نەبزوێنەكەی كۆتایی وشە ناخوێنرێتەوە.

برنج /ڕغی/ Riz

پەنیر/لێ/ Lait

بۆن /پاغفا/ Parfum

هەندێجار ئەم یاسایانە پێشێل دەكرێت:

ئێوارە / سواغ/ Soir

ئازیز / شێغ/ Cher

ڕەش /نواغ/ Noir

كەسك /ڤێفت/ Vert

٢ـ گێندەر لەم زمانە لەسەر بنەمای پۆلینکردنی بایۆلۆژی نییە، بۆیە لە (ئاخاوتن) و (ڕستە) دروستکردندا، مرۆڤ تووشی هەڵەی زۆر دەبێ، ئەمەو فەرەنسی وەك زمانی عەرەبی، ڕێککەوتنی گێندەری لە نێوان بکەر، کار، ئاوەڵناودا هەیە.

٣ـ خوێندنەوەی فەرەنسی لە (قورسیدا) بە ئینگلیزیش بەراورد ناکرێ!

ئایا زمانی کوردی ئەو کێشانەی هەیە؟!

ئەوانەی ناویان لێنراوە گیروگرفت (لەسەردەمێکدا) هەبوون، بەڵام ئێستا ئەوانە یان نەماون یان بەرەو نەمان دەچن.

هەندێ لەو گیروگرفتانە:

١ـ جیانەکردنەوەی(و) ئامرازی پەیوەندی /u/ لەگەڵ پیتی (و) /w/.

زمانی کوردی یەك شێوەی هەیە بۆ ئەم دوو جۆرە(و)، بەڵام ئەوەی سەلیقەی زمانەوانی هەبێ، بە ئاسانی لەیەکیان جیا دەکاتەوە:

- (و) پەیوەندی لەنێوان دوو وشە، دوو گرێ،دوو ڕستە دەبێت.

- ئەو (و)ی لەسەرەتای وشە دێت، نەبزوێنە، بزوێن نییە، چونکە وشەی کوردی بە بزوێن دەست پێناکات.

٢ـ (وو) فۆنیمە یان ئەلەفۆن؟!

لە ڕێنووسی ئێستای کوردیدا (وو) لەسەرەتای وشە نانووسرێت، لەبریتی(و) دەنووسرێت،وەك:

- ووشە وشە

- ووتە وتە

- وورچ   ورچ

لەهەندێك شوێن (وو) ئەلۆفۆنە، چونكە واتا ناگۆڕێت.وەك:

دوو   دو

دوور   دور

بەڵام لە شوێنی تر، فۆنیمە، چونكە واتا دەگۆڕێ،وەك:

كوڕ   كووڕ

٣ـ دەرنەكەوتنی بزرۆكە.

پێویست ناكات بزرۆكە لەڕێنووس بنووسرێ، بەڵام با لە ئاستی فۆنۆلۆژی ئاماژەی پێبكرێت، چونكە لەهەندێ وشەدا لە خوێندنەوە دەركی پێ دەكرێ. دیاركردنی بزرۆكە لە ڕێنووس كێشە دروست دەكات، نەك كێشە چارەسەر دەكات:

ـ مل

ـ دڵ

ـ سل

ـ شڕ

دانانی هەر هێمایەك، ئەوە واتای ئەو هەموو وشانە دەگۆڕێت:

ـ میل

ـ دیل

ـ سیل

ـ شیڕ

ئەمەو خۆی بزرۆكە نە (فۆنیمە) و نە (ئەلۆفۆنە)!

٤ـ دانـانی هێماکـان هــەر بۆ (جـوانی) و (پێویسـتی) نییـە، بـەڵکو ئـەو هێمایانە فۆنیمی نوێ دروست دەکـەن. جیـاوازی نێـوان (ڕ، ر) و (ڵ، ل) وەك جیاوازی نێوان /ف، ڤ/ و/ ك، گ/ وایە.

٥ـ هـەبوونی چـەند (ێ)، پەیوەنـدی بـە لێکسـیکۆلۆژی و ڕۆنـانی وشـەی کوردییەوە هەیە، نەك پرۆسەیەکی ڕەمەکی بێت، کـورد بـە سـەلیقە ئـەو وشانە لەیەك جیادەکاتەوە:

شێن ـ شیێن

مەێ ـ مەیێ

ماێن ـ مایێن

ئایــا ئەمانــە کێشــەن؟ ئارێشــەن؟ گیروگرفتن؟! ئایــا بــە گفتوگــۆی ئەکادیمیانەی مامۆستاو قوتابی چارەسەر ناکرێن؟!

ئەلفبێی لاتینی

ئەلفبێی لاتینـی وەك ئـەلفبێی کـوردی، ئەلفبێیـەکی فۆنۆگرافییـە، بـۆ دەنگ، پیت دانراوە، نەك هێما و وێنە.

لە ئەلفبێی عەرەبیدا ژمارەی پیت و دەنگ هاوسەنگن، بەڵام لە ئەلفبێی لاتینیدا ئەو دیاردەیە مەحاڵـە، بەتایبـەتی لـە زمـانی ئینگلیزیـدا، چـونکە ژمارەی پیـت و دەنگـەکانی ئینگلیـزی نـەك هــەر هاوسـەنگ و نزیـك نـین، بەڵکو ئەو (٢٦) پیتەی زمانی ئینگلیزی، (٤٤) فۆنیم دروست دەکەن.

* مێژووی سەرهەڵدانی ئەلفبێی لاتینی

کۆنترین نووسین کە بە ئەلفبێی لاتینی نووسرابێت، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شەشەمی پێش زایین. ئەو نووسینەش لە ئەلفبێی (ئەتروسکان Etruscan) لەسەدەی حەوتەمی پێش زایین وەرگیراوە. لەسەرەتا ئەلفبێی لاتینی ژمارەی پیتەکانی وەك ئێستا نەبوو، بەڵکو تەنها (٢١) پیت بوون.

شێوەی زۆربەی پیتە بەراییەکانی ئەم ئەلفبێیە لەگەڵ ئەوەی ئێستا، لەیەك جودان، هەر چ نەبێ زۆرێکیان لەگەڵ ئەوانەی بەراوژون،هەروەها هەندێکیان وەك لەگەڵ ئەوەی ئێستا لەیەك ناکەن وەك (G ـ l) (x ـ q) .

دەسەڵاتی سیاسی (داگیرکردنی وڵاتان) و بڵاوکردنەوەی ئایین (بەتایبەتی مەسیحیەت)، هۆکاری بڵاوبوونەوەی ئەلفبێی لاتینی بوون لەهەردوو بەشی ئەوروپا (ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات).

لەپاش داگیرکردنی یۆنان، پیتەکانی ئەلفبێی لاتینی لە (٢١) بوون بە (٢٣). هەردوو پیتی (Y) و (Z) لە ئەلفبێی یۆنانی وەرگیراون بۆ نووسینی ئەو وشانەی لە یۆنانیەوە وەرگیراون. لەپاشان پیتی (k)یش هەر لە یۆنانی وەرگیراوە بۆ ئەو وشانە لەڕەسەندا یۆنانین، هەروەها هەرسێ پیتی (j, u, w) لەدوای ئەو پرۆسە سەربازی و ئایینیانە بۆ ئەو ئەلفبێیە زیادکران. ئەمەش تەنها بۆ ئەو زمانانە بوو، کە ئەو پیتانەیان هەبوو، نەك زمانی لاتینی، چونکە زمانی لاتینی ئەو سێ پیتەشی نەبوو، بۆیە لە ئەلفبێیە بەراییەکەدا نەبوون.

* کورد و ئەلفبێی لاتینی

لەدوای ئەلفبێی عەرەبی، ئەلفبێی ئەرمەنی لەناو کوردان بڵاوبۆتەوە، هۆی بڵاوبوونەوەی ئەلفبێی ئەرمەنی لەناو کوردان،پەیوەستە بە کاری موژدەگەرانەوە. مێژووی دەرکەوتنی ئەم ئەلفبێیە لەناو کوردان دەگەڕێتەوە بۆ بەراییەکانی سەدەی پازدەهەمەوە، بەڵگەش لەسەر ئەوەی پاڵنەرێکی ئایینی لە پەنای بڵاوکردنەوەی ئەو ئەلفبێیە بووە، کە تەنها ئینجیلەکان و چەند نوێژو دوعایەکی مەسیحیانە بە زمانی کوردی، بەو ئەلفبێیانە بڵاوکراونەتەوە،نەك دەقێکی ئەدەبی یان بابەتێکی مێژوویی یاخود فەلسەفی!

پێویستە نووسین بە لاتینی و پەیدابوونی ئەلفبێی لاتینی بۆ زمانی کوردی لەیەك جودا بکەینەوە.هەر چوار نەتەوەی (ئیتالی، فەرەنسی، ئەلمانی، ئینگلیز) لەو نەتەوانەن کە بە ئەلفبێی لاتینی زمانی خۆیان دەنووسن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو ئەلفبێیە، ئەلفبێیەکی نەتەوەیی نییە، پیاوانی ئەو چوار نەتەوەیە بەناوی ڕۆژهەڵاتناسی و کوردناسییەوە هەر لە سەدەی سێزدەهەمەوە هاتوونەتە کوردستان و شتیان لەسەر کەلتور و زمان و ئایین و مێژوو و عادات و تەقالیدی کورد نووسیوە، وا چاوەڕێ دەکرێ کە ئەوانە بە زمانی خۆیان و ئەلفبێی لاتینی ئەو نووسینانەیان نووسی بێت، نەك بە زمانی کوردی و ئەلفبێی عەرەبی، چونکە هەردووکیان باش نەزانیوە، هەروەها هەتا سەدەی هەژدەهەم چاپی پیتی عەرەبی کاری پێنەکراوە.

بـەڵام هەوڵـدان بـۆ نووسـینی کـوردی بـە ئـەلفبێی لاتینـی لـەلای ڕۆشـنبیرو خوێنـدەواری کـوردەوە مێژووەکـەی ئـەوها کـۆن نییـە، بـەڵکو سەرچاوەکان سەدەی بیستەم بەسەرەتای ئەو هەوڵە دادەنێن.

سەبارەت بە دامەزرێنەری ئەلفبێی لاتینی لـەناو کـوردان، ڕای جیـاواز هەیە. هەندێك دەڵێن (لوتفی فیکری) دامەزرێنـەری کۆمەڵـەی کوردسـتانی خۆشەویسـتان لەسـاڵی ١٩١٢ هـەوڵی داوە ئەلفبێیـەکی لاتینـی بـۆ زمـانی کوردی دابنێت. لەلایەکی دی(فائیز بەگ) و (عەبدوڵڵا جەودەت) لە سـاڵی ١٩١٣ کاریان بۆ ئەو جۆرە ئەلفبێیە کردووە. لـە باشـووری کوردسـتانیش ئامـاژە بـە هـەوڵی (شـوکری فـەزلی) شـاعیر دەکـرێ، جگـە لـەو هەوڵانـە، لـەپاش دامەزرانـدنی دەوڵـەتی عێـراق و تورکیـای نـوێ، دەسـتەیەك لـە خوێندەوار و ڕۆشـنبیرانی کـورد بـە نامیلکـە هـەوڵیان داوە ئـەو ئەلفبێیـە لـەناو کـوردان بسـەپێنن، ئـەو هەوڵـەش ئەوەنـدە (سیاسـی) و (ئـایینی) بووە،(زمانەوانی) نەبووە.

لـەدوای سـەقامگیربوونی هـەردوو دەوڵـەتی تورکیـا و عێـراق، ئـەم ئەلفبێیانە لە باکوورو باشووری کوردستان نووسراون:

١ــ ڕێزمانـا ئـەلف و بێیـا کـوردی، مـیر هـەرە کـۆل ئـازیزان (جـەلادەت بەدرخان) ١٩٣٢، ٢٠ لاپەڕەیە.

٢ـ خوێندەواری باو، توفیق وەهبی، ١٩٣٨، ٤٤ لاپەڕەیە.

٣ـ ئەلفبێیا من، د. کامەران بەدرخان، ١٩٣٨، ٣٢ پەڕەیە.

٤ـ ئەلفبێیا کوردی، عوسمان سەبری، ١٩٥٥، ٥٦ لاپەڕەیە.

٥ـ نووسینی کوردی بە لاتینی، جەمال نەبەز، ١٩٥٧، ٣٥ لاپەڕەیە.

٦ـ ئەلف و بێی کوردی وێنەدار بەپیتی لاتینـی، گیوموکریـانی، ١٩٦٠، ٤٣ لاپەڕەیە.

چەندانی تر....

گیروگرفتی ئەلفبێی لاتینی

هەنـدێ پیـت لـە کـوردی هــەن، وەك (ژ، ش، ح، غ، چ..) بــە تــەنها پیتێکی سادەی لاتینی نانووسرێن،بەڵکو دەبێ پیتێکی تریان بۆ بکرێ بـە بنەچە، وەك:

Z ز　　Ž ژ

S س　　Š ش

H هـ　　ħ ح

X خ　　x غ

هــەروەها لــەو شــەشناميلکەيــەدا، جيــاوازی لــەنێوان (ك) و (ق) نەکراوە، هەتا هەندێك دەوێرن بڵێن (ق) پیتێکی کوردی نییە!

(بزرۆکـە ـ i) و (ی ـ î) لـە فۆرمـدا زۆر لەیـەك نـزیکن، بۆیـە ئەگـەر وەستایانە مامەڵە لەگەڵ ئەو دووە نەکرێت، ئەوە چەندەها وشەی کوردی تێکەڵی یەك دەکرێن، وەك:

پیت Pît　　پت pit

فیت Xît　　فت Xit

میل Mîl　　مل mil

شـێوەی پیتـە لاتینیـەکانی (مێجەرسـۆن) و (ئـەدمۆنز) و (تـەوفیق وەهبی) لەسەر سیستەمی زمـانی ئینگلیـزی دامـەزراون، بۆیـە هەنـدێکیان زۆر جودان لەگەڵ ئـەوەی جـەلادەت بـەدرخان (کـە زیـاتر لەسـەر تـورکی دامەزراوە) یان ئەوەی (عوسمان سـەبری) و (جـەمال نەبـەز) (کـە لەسـەر فەرەنسی دامەزراون).

چ	ch	č	ç
ش	sh	š	ş
غ	gh	x	x

هـەردوو فـۆنیمی /ڕ/ و /ڵ/ لـە نووسـینی کـوردی کرمـانجی سـەروو، هێما جیاکردنەوەیان لە /ر/ و /ل/ بۆ دانانـدرێت، ئـەم دیاردەیـە هـەتا لـە بەشـێك نووسـینی نووسـەرانی بـادینی لـە ئـەلفبێی کـوردیش هەیـە، ئـەو دووەش بەشـێوەی جیـاواز لـەو نامیلکانـە نووسـراون، هـەروەها ئەگـەر هێمایان بۆ دابنرێ، وەك ئەلفبێی کوردی هەر کێشە نییە؟!

هەروەها شێوەیبزوێنەکانی ناو ئەلفبێیەکەش، بـێ کێشـە نییـە، (ـە) بە (e) هەندێجار بـە (a) نووسـراوە: لێرە(ئـەو ew) و (ئـاو aw) بـە ئەلفبێی کوردی تێکەڵ دەکرێن:

هەروەها (ـە) و (ێ) لەو نامیلکانە تێکەڵ دەکرێن:

ئەوە ewa ئـەوها دەنووسـرێن، بـەڵام (ئێـوە) لـە هەنـدێکی تـر لەیـەکتر جیاکراونەتەوە:

ئەوە ewa

ئێوە ĕwa

ئەی سەبارەت بە سیستەمی ڕێنووسی کوردی، کە وشەی کوردی بە بزوێن دەست پێناکات، ئەلفبێی لاتینی وەڵامی چی پێیە؟!

ئـا ـ (ئـ + ا) لە لاتینی بە /ä/ نانووسرێت، ئەی نەبزوێنی کوردی لەکوێیە؟!

هەروەها وشەی (ئێستا)، لە دوو بڕگە پێکدێ و (ئـ) نەبزوێنە، کەچی لە لاتینی بزوێنە(ěs / ta) .

دیالێکت

چەمك و پێناسەی دیالێکت

زاراوەی دیالێکت بۆ یەکەمجار لەلایەن یۆنانییەکانەوە لە شێوەی (Dialektos) بەکارهاتووە، بۆ جیاکردنەوەی زمانی نووسین لە زمانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە بەکارهێنراوە، بە زمانی ڕەسمی و ئەدەبییان وتووە (Dialektos) و، زاراوەی (Patois)یان بۆ زمانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە بەکارهێناوە(٣٣).

ئەم زاراوەیە لە سەدەی شازدەهەم لە سەردەمی ڕاپەڕین (ڕێنساس) بۆ گفتوگۆکردن لە بارەی سامانی ئەدەبی ناوچەییەوە بەکارهاتووە، بەهۆیەوە لەم سەردەمەدا وشیاریی ناوچەیی گەشەی کرد و هەوڵدان بۆ جیاوازی کردن لە نێوان (زمان و دیالێکت) بە بڵاوی ئیشی لەسەر کرا(٣٤).

لە زمانی کوردیشدا جگە لە زاراوەی دیالێکت، ئەوا زاراوەکانی (زار، شێوەزار، شێوە) بەکاردەهێنرێت، لە زمانی ئینگلیزیش زاراوەی (Dialect) و لە زمانی عەرەبیش زاراوەی (لەهجە) و لە زمانی فارسیش زاراوەی (گویش) بەکاردەهێنرێت.

زمانێکی جێگیر و لەقاڵبدراو و بێ گۆڕانکاری نییە، هەموو زمانەکانی جیهان دیالێکت و شێوەزاری جیاجیا دەگرنە خۆ . کاتێکیش

٣٣- عەبدولمەناف ڕەمەزان ئەحمەد(٢٠٠٩)، ئەتڵەسی زمانی ـ هەرێمی کوردستانی عێراق وەك نموونە، نامەی ماستەر، ل ١٠، ئەویش وەریگرتووە لە: - Dialetology, J. K. Chambers and Peter Trudgill, p. 3.

٣٤- بەکر عومەر عەلی(د) و شێرکۆ حەمە ئەمین (٢٠٠٧)، زار و شێوەزار، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ل ٧.

زمانی بەکارهێنراوی کۆمەڵێك لە کۆمەڵێکی تر لە نێو چوارچێوەی هەمان زمان جیاوازیی ئاشکرای هەبێت، ئەوە ئەو جیاوازییە پێی دەوترێت دیالێکت.[٣٥]

هەروەها بۆ دیاریکردنی دیالێکتەکانی زمانێك تەنیا پێوەرە زمانەوانییەکان بڕیارڕدەرنین لەسەر ناسنامەی ئەو دیالێکتە، بەڵکو پەیوەندییە ئەتنیکی و کلتووریی و کۆمەڵایەتی و مێژوویییەکان بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدەن .[٣٦]

زمانناسان لە بارەی پێناسەکردنی دیالێکت، هەریەکەیان بەپێی ڕوانگە و بۆچوونی تایبەتییەوە پێناسەیان کردووە، بەو واتایەی لە کۆمەڵێ ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە لە دیالێکت کۆڵدراوەتەوە و پێناسەی بۆ کراوە، لەوانە (کۆمەڵایەتی، ئابووری، دەروونی، سیاسی، مێژوویی، زمانەوانی،... هتد). بۆیە ئێمەش لێرەدا هەوڵدەدەین هەندێ لە پێناسەکانی دیالێکت بخەینەڕوو:

کامیل حەسەن بەسیر لە کتێبی (زمانی نەتەوایەتی کوردی)دا، بەمشێوەیە پێناسەی دیالێکتی کردووە:((شێوەی لێدوان و قسەکردنی کۆمەڵە خەڵکێکە لە نەتەوەیەکدا و ئەم شێوە لێدوان و قسەکردنەش هەرچەندە، چەند تایبەتییەکی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی

٣٥- غازی عەلی خورشید(٢٠١٢)، زمانی فەرمی بۆ کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ل ٢٤.

٣٦- سوداد ڕەسوڵ(٢٠١٢)، هەورامی لەهجەیە یان زمان؟ ، گ. زمانناسی، ژ. (١٣)، ٢٠١٢، ل ٢٨ .

خۆی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا بەشێکە لە زمانی نەتەوەیی ئەو خەڵکە و پەیدابوونی دیاردەیەکی سروشتییە))[٣٧].

یوسف شەریف سەعید لە کتێبی (زمانەوانی)دا، بەمجۆرە پێناسەی دیالێکتی کردووە: ((دیالێکت شێوەیەکە لە شێوەیەکانی زمانی ناوچەیی یان کۆمەڵایەتی یان کاتی، کە پێکهێن و دانەکانی ڕۆنان و ڕێزمانی تایبەتی هەیە))[٣٨].

بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمە ئەمین لە کتێبی (زار و شێوەزار)دا، بەمشێوەیە پێناسەی دیالێکتیان کردووە:((دیالێکت بوارێکی تەسکتر و پانتایەکی سنوورداری ئەندامانی ئەو نەتەوەیە دەگرێتەوە، کە بە زمانە گشتییەکە قسە دەکەن))[٣٩].

محەمەد مەعروف فەتتاح لە کتێبی (زمانەوانی)دا، بەمشێوەیە پێناسەی دیالێکتی کردووە:((دیالێکت بەو شێوە زمانە دەوترێ، کە کۆمەڵە کەسێك لە شوێنێکدا بەکاری دێنن و هاوزمانەکانیشیان تێیان دەگەن))[٤٠]، هەروەها (محەمەد مەعروف) لە شوێنێکی تردا بەم شێوەیە پێناسەی دیالێکتی کردووە: ((شێوەیەکی زمانە، کە بەندە بە ناوچەیەکەوە، بەهۆی واژە و پێکهاتەی ڕێزمانی دەناسرێتەوە و

[٣٧] - کامل حسن بصیر(د)(١٩٨٤)، زمانی نەتەوایەتیی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا،ل ١٥.

[٣٨] - یوسف شەریف سەعید(د)(٢٠١١)، زمانەوانی، ل ٢٤٧.

[٣٩] - بەکر عومەر عەلی(٢٠٠٧)، هەمان سەرچاوە، ل ١٣.

[٤٠] - محمد معروف فتاح(١٩٩٠)، زمانەوانی، چاپخانەی (دار الحکمة)، بەغدا، ل ١٠٥.

گۆکردنێکی جیاوازیشی هەیە، هەر زمانێك قسەپێکەرانی زۆربێت دیالێکت پەیدا دەبێت، بەتایبەتی کە هۆکاری جوگرافی بێتە بەردەم و خەڵکەکە لە یەکتر جیابکاتەوە))[41].

کەمال میراودەلی لە کتێبی (فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی)دا، بەمشێوەیە پێناسەی دیالێکتی کردووە:((دیالێکت شێوەیەکی دیار و جیاکراوەی قسەکردن و ئاخاوتنە، لە چوارچێوەی یەك زماندا، کە قسەکەرانی ناوچەیەك جیا دەکاتەوە، یاخود کاتێ چینێکی تایبەتی بەشێوەیەکی وا دەدوێن کە زۆر سیما و خاسێتی جیاکەرەوەی لە چینەکانی دی هەیە))[42].

ڕەفیق شوانی لە کتێبی (چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی)دا، بەمشێوەیە پێناسەی دیالێکتی کردووە: ((دیالێکت بریتییە لە شێوەی جیاوازی قسەکردن، لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر))[43].

ئەحمەد ئەسعەد نادری لە بارەی دیالێکتەوە دەڵێت:((دیالێکت کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی زمانییە، سەر بە ژینگەیەکی تایبەتە و هەموو تاکەکانی ئەو ژینگەیە لەو تایبەتمەندییانەدا بەشدارن))[44].

---

[41]- محمد معروف فتاح(د)(٢٠٠٨)، زمانی ستاندەرد و زمانی یەکگرتووی کوردی، دەستنووس، ئەکادیمیای کوردی، ل ٤ – ٥.

[42]- کەمال میراودەلی(د)(٢٠٠٧)، فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ل ٤٥.

[43]- ڕەفیق شوانی(د)(٢٠٠١)، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ل ٦٦.

محەمـــەد حوســـێن عەبدولعـــەزیز بەمشـــێوەیە پێناســـەی دیـــالێکتی خستۆتەڕوو:((دیالێکت شێوەیەکی زمانی تایبەتە، کە تاکەکەسێك بەکاری دێنێت، بەمەش تاکەکەسەکە لە کۆمەڵگەیەکی زمانیدا تایبەتمەنـدی خـۆی دەبێت))[٤٥].

ئینسـکلۆپیدیای زمانناسـی کـامبریج بەمشـێوەیە پێناسـەی دیـالێکتی کردووە:((شـێوە ئاخـاوتنێکی سـەر بـە زمانێکـە کـە ئـەو زمانـە لەلایـەن کۆمـەڵێك خەڵکـەوە قسـەی پـێ دەکـرێ، کۆمـەڵێك ڕەفتـاری زمـانیی و مەعریفەیی هاوبەشی لەگەڵ ئەو کۆمەڵە خەڵکە هەیە))[٤٦].

کەواتـە لـەم پێناسانەی پێشوودا دەردەکەوێت، کـە: دیالێکـت شـێوەی جیاوازی ئاخاوتنە لە چوارچێوەی یەك زماندا، کە دەبێتە تایبەتمەندییـەك و بەهۆیـەوە ئاخێوەرەکـانی ناوچـە جیاوازوکـانی تاکـە زمانێـك لـە یـەکتر جیادەکرێتەوە.

---

[٤٤]- احمـد اسـعد النـادري(د)(٢٠٠٥)، فقـه اللغـة ـ مناهلـه و مسـائله، المكتبـة العربيـة، بيروت ـ لبنان، ص ١٤.

[٤٥]- محمد حسين عبدالعزيز(د)(١٩٨٣)، مدخل الى علم اللغة، دار النمر للطباعة، القاهرة ـ مصر، ص ١٥٩.

[٤٦]– سوداد ڕەسوڵ(٢٠١٢)، هەورامی لەهجەیە یان زمـان؟ ، گ. زمانناسـی، ژ. (١٣)، ٢٠١٢، ل ١٥ .

جۆرەكانی دیالێكت

دەكرێ جۆرەكانی دیالێكت بەسەر ئەمانەی خوارەوەدا دابەش بكەین[٤٧]:-

١- دیالێكتی جوگرافی:

بڵاوبوونەوەی خەڵكی لە چوارچێوەیەكی جوگرافی فراواندا، دەبێتە هۆی دروستبوونی كەلێنی فراوان لەنێوان دیالێكتە جۆراوجۆرەكاندا، هەرچەند ماوەی نێوان قسەكەرانی یەك زمان زیاد بكات، ئەوا ژمارەی دیالێكتەكانی ئەو زمانە زیاتر دەبێت، لەهەمان كاتیشدا جیاوازی نێوان ئەم دیالێكتانە پتر دەبێت، جا ئەو دیالێكتانەی كە لە مەودای شوێنەوە سەرهەڵدەدەن، دیالێكتی جوگرافیی یان هەرێمی ناودەبرێت. واتە هەر ناوچەیەك لەگەڵ ناوچەیەكی تر، شێوازی ئاخاوتنی جیایە، بەجۆرێك هەندێ وشە و زاراوە لەناوچەیەكی دیاریكراو بەكاردێ، بەبێ ئەوەی لە ناوچەكانی تر بەكاربێت[٤٨]. هەروەها ئەم دیالێكتە بە دیالێكتی (خۆجێی)ش ناودەبرێت، وەكو كوكنی (Cockney) لە لەندەن[٤٩].

هەروەها كاریگەریی هەرێمێك لەسەر زماندا لە هاوسنووری ئەو هەرێمە لەگەڵ هەرێمێكی دیكە پەیدا دەبێت، بۆ نموونە دانیشتوانی (عێراق)

٤٧- محمد علي الخولي (د)(٢٠٠٠)، مدخل الى علم اللغة، دار الفلاح للنشر والتوزيع، اردن، ص ١٦٣ – ١٦٨.

٤٨- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو و ئیدریس عەبدوڵڵا (٢٠١٠)، كوردۆلۆجی، چاپی شەشەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل ٧٢.

٤٩- یوسف شەریف سەعید(د)(٢٠١١)، ل ٢٤٨.

لەگـەڵ زمـانی فارسـی و تورکیـدا هاوسـنوورن، ئـەویش لەبـەر هۆکـاری جوگرافیی، بەرانبەر بەمەش دانیشـتوانی وڵاتێکـی وەك (مـەغریب) لەگـەڵ ئەم دوو زمانەدا هاوسنور نین، بەڵام لەگـەڵ زمـانی فەڕەنسـی و ئیسـپانی هاوسنوورن، لەبەرئەوە هاوسنووربوونی زمانەکان بۆ هەر هەرێمێك یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکییەکانی جیاوازی دیالێکت لە زماندا.

ئـەو فاکتەرانـەی کـە دەبنـە هـۆی سـەرهەڵدانی دیـالێکتی جـوگرافی، ئەمانەن:

أ ـ فاکتەری گۆشەگیری جوگرافی: ئەگەر لەمپەرێکی جوگرافی لەنێوان دوو هەرێمدا دروست بوو، کـە بـە هـەمان زمـان قسـە دەکـەن، ئـەوە ئـەو لەمپــەرە جوگرافییــە گۆشــەگیرییەکی ڕێــژەیی دروســت دەکــات، کــە پەیوەندییە مرۆییەکان کەمتر دەکاتەوە یـان هـەر نایهێڵێـت، کـە ئەمـەش دەبێتە هۆکاری دروستبوونی دیالێکتی جوگرافی، وەکو دەریـا و بیابـان و چیاکان، کە لەمپەری جوگرافین.

ب ـ فاکتەری گۆشەگیری سیاسی: ئەگەر سنووری سیاسی لەنێوان دوو هەرێمدا دروست بوو، کە یەك زمانیان هەیە، یان جوڵـەی دانیشـتوانی ئـەو هەرێمە سنووردار کـرا و، ئـەم حاڵەتـەش ماوەیـەکی زۆری خایانـد، ئـەوە جیـاوازی لـە نێـوان دیالێکتـەکان دروسـت دەبێـت. ئـەوەی ڕاسـتی بێـت دیالێکتی جوگراف لە زمانـە جۆراوجۆرەکـان دروسـت دەبێـت، هەرچـەندە ڕووبـەری ئـەو وڵاتـەش بچـووك بێـت، بـۆ نموونـە هـەر وڵاتێکـی عـەرەبی دیالێکتێکی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە، وەکـو دیـالێکتی عێراقـی، سـووری، میسری، فەلەستینی، تونسی، بگرە لـە هـەر شـارێکی سـەرەکی وڵاتێکـدا

یەك دیالێکت هەیە، کە لەوانی تر جیای دەکاتــەوە، بــەجۆرێك دەتوانرێـت بەهۆی ئەو دیالێکتەوە وڵاتی یان شاری قسەکەرەکە بزانرێت.

٢ـ دیالێکتی کۆمەڵایەتی:

چەندەها جیاوازی لەنێوان خەڵکیدا لـەڕووی کۆمەڵایـەتی و ئـابووری و ڕۆشنبیرییەوە هەن، فاکتەری ئابووری و ئاستی ڕۆشنبیری تاك کاریگـەری لەسەر دیالێکتەکەی هەیە، لەبەر ئەوە زۆر بە ئاسانی دەتـوانی قسـەکەری خوێنـدەوار و فاکتــەری نەخوێنـدەوار لـەکاتی قسـەکردندا لەیەکـدی جیـا بکەیتــەوە، دیـالێکتی هــەڵگری بڕوانامــەی زانکـۆ لەگـەڵ نەخوێنـدەواردا جیـاوازی هەیـە، دیـالێکتی نوخبـە لەگـەڵ مرۆڤــی ئاسـایی زۆر جیایـە، دیالێکتی ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایـەتی، خاوەنەکـەی جیـا دەکاتـەوە. واتە ئەم جـۆرە دیالێکتـە پەیوەنـدی بـە ئاسـتی ڕۆشـنبیری و خوێنـدن و لایەنی نەتەوەییەوە هەیـە، کەواتـە بـەگوێرەی بـەرزی ئاسـتی ڕۆشـنبیری کەسێك لەگەڵ کەسانی تر جیاوازی لەنێوان ئاخاوتنیان دەبێت[٥٠].

٣ـ دیالێکتی تاکەکەسی:

ئەگەر دوو کەس سەر بە هەرێمێکبن، بگـرە لـە گەڕەکێکـدا بـژین، یـان دوو بـرا و لەیـەك ماڵـدا ژیـان ببەنـە سـەر و یـەك ئاسـتی خوێنـدەوارییان هــەبێت، ئــەوا چــەندەها جیــاوازی لــە شــێوەی قســەکردنیاندا هەیــە، هەریەکـەیان بەشـێوەیەکی تایبـەت قسـە دەکـەن، کـە لـەوی دی جـودای دەکاتەوە، ئـەم دیالێکتـە تایبەتـە، مـرۆڤ لـە بـرادەر و خـزم و دراوسـێ و

---

[٥٠]- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، هەمان سەرچاوە، ل ٧١.

برادەران جـودا دەکاتــەوە. کەواتــە ژمـارەی دیـالێکتی تاکەکەسـی بەقــەد ژمارەی قسەکەرانە.

٤- دیالێکتی ڕەچەڵەکی:

ئەگەر لە شوێنێکدا کەمینەیەك هەبێت، ئـەوا ئـەو کەمینەیـە دیـالێکتی باڵادەســتەکە بەشــێوەیەکی تایبــەت بــەکاردەهێنێت، ئــەم دیالێکتــە تایبەتەش لـە تێکەڵکێشـکردنی زمـانی کەمینـە و زمـانی زۆرینـەوە پەیـدا بووە، ئەم تێکەڵکێش بوونە دیالێکتێکی تازە دروست دەکات. بـە نموونـە ڕەشپێستەکانی ئەمـەریکا دیـالێکتێکی تایبـەت بـە خۆیـان هەیـە، کـە بـە (دیـالێکتی ڕەشپێسـتەکان) یـان (ئینگلیـزە ڕەشپێسـتەکان) ناودەبرێـت، هیندییەکان لە ئەمەریکا بەشێوەیەك قسە دەکەن، کە دەکرێ ناوی بنـێین (ئینگلیزی هیندی)، تورکەکان لـە ئـەڵمانیا بـە زمـانێکی ئـەڵمانی تایبـەت قسە دەکەن، کە لەگەڵ ئەڵمانی ئەڵمانییەکان جیـاوازی هەیـە و دەتـوانین بە دیالێکتەکەیان بڵێین (ئەڵمانی تورکی).

٥- دیالێکتی پیشەیی:

هەر پیشەیەك زاراوەی تایبەتی خۆی هەیـە، هـەر پیشـەیەك دیـالێکتی تایبــەت بــەخۆی هەیــە، ئەنــدازیارەکان زاراوەی وا بــەکاردەهێنن، کــە لــە زاراوەکـانی پزیشـکیدا بـەکارناهێنرێت، ئـەو زاراوانـە تایبـەت بـە زاراوەی ئەنــدازیارین و پەیوەنــدییان بــە بــواری تــری وەك کشــتوکاڵ و یاســا و ژمێریارییــەوە نییــە، چــونکە لەوانەیــە زۆرجــار کەســێك نازانــێ لــە دەوروپشتیدا چی دەوترێت (تەنانەت بە زمانی زگماکی خۆیشـی قسـەکان

دەوترێت)، ئەویش لەبەر دیالێکتی پیشەییە، وەك ئەوەی زۆرجار پزیشکەکان لە بەرانبەرت قسەیەك دەکەن، لەوانەیە قسەکە سەبارەت بە تۆش بێت، بەڵام نازانی ئەوان چ دەڵێن، کە زمانی پیشەیی پزیشکی بەکاردەهێنن. واتە هەر پیشەیەك خاوەنی شێوازی ئاخاوتنی خۆیەتی، کە بەهۆیەوە لەگەڵ ئاخاوتنی پیشەکانی دی جیادەکرێنەوە، بۆ نموونە:((پزیشك، فیتەر، ئەندازیار، مامۆستا، کرێکار،...هتد)). هەریەکەیان کۆمەڵێ وشە و زاراوە بەکاردەهێنن، کە تایبەتە بە ئاخاوتنی خۆیانەوە، بۆ نموونە گەر ئاخاوتنی پیشەیی زێڕینگری وەرگرین، دەبینین وشەکانی(عەیار، مسقال، حەبە، سەنت،... هتد) بەکاردەهێنرێت، لەهەمان کاتیشدا گەر پیشەی مامۆستایی وەرگرین، دەبینین دەیەها وشەی تر بەرچاومان دەکەوێت و بەکاردێت، کە جیایە لەگەڵ پیشەکانی تر، وەکو (تەباشیر، ڕەحلە، ماجیك... هتد)[٥١].

٦- دیالێکتی تەمەنی:

ئایا منداڵی تەمەن سێ ساڵ لەڕووی ڕێزمان و سیستەمەکانی چۆن قسە دەکات، چۆن مامەڵە لەگەڵ زمان دەکات؟ لەبەر ئەوەی شێوەی ئاخاوتنی منداڵ جیاوازە لەگەڵ گەوران، منداڵ لە قۆناغی منداڵیدا بەو شێوەیە کە گەورە دەیانەوێ، منداڵ لە کێبرکێدایە لەگەڵ زماندا لەڕووی دەنگ و وشە و ڕێزمانەوە، ئەو لە هەوڵداندایە بۆ لاساییکردنەوەی جووڵە بە بیرکردنەوە، بەشێوەیەك کە دەرەنجام

---

[٥١]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١.

دیالێکتێکی تایبەتی بۆ دروست دەبێت، کە لەگەڵ دیالێکتی گەورەکاندا جیاوازییەکی بۆ دروست دەبێت.

٧ـ دیالێکتی ڕەگەزیی(جێندەر):

قسەکردنی پیاو لە قسەکردنی ئافرەت جیاوازە، دەربڕینی ئافرەتان لەگەڵ دەربڕینی پیاوان جیاوازی هەیە، چ لە ڕووی شێواز و چ لە ڕووی جووڵەکانی لکاو بە زمانەوە، هەروەها لە ڕووی پلەی دەنگی لە بەکارهێنانی هەندێك وشە، لە بەکارهێنانی دەنگی سەرسوڕمان یان گوزارشەکانی سەرسوڕمان، ئەم وردەکاریی و جیاوازیانە وا دەکەن کە دیالێکتێك بۆ پیاوان و دیالێکتێك بۆ ژنان لەسەرتاپای زمانەکاندا دروست ببێ، واتە پیاوان بە زمانێك قسە دەکەن جیاوازە لە هی ئافرەتان.

٨ـ دیالێکتی کاتی:

گەر بڕوانینە زمانێك و لە مێژووی هەزار ساڵەی ئەو زمانە بکۆڵینەوە، لەڕووی لۆجیکیەوە وا پێشبینی دەکرێت ئەو زمانە بە چەند دیالێکتێکی جۆراوجۆر قسەی پێکراوە، لەوانەشە هەندێك لەو دیالێکتانە ئێستا نەمابێ، کە هەندێك لەو دیالێکتانە تاکو ئێستا ماون و قسەیان پێ دەکرێت، ئەوانە دیالێکتی زیندوون، بەڵام سەبارەت بە دیالێکتە لەناوچووەکان سەختە کە باس بکرێن، چونکە دەنگەکانیان تۆمارنەکراون، کەچی زمانەوانی مێژوویی باس لەو مەسەلەیە دەکات و هەوڵدەدات ئەو دیالێکتانە دەست نیشان بکات.

٩- دیالێکتی لادێیی و دیالێکتی شارستانی:

لە هەر هەرێمێکدا چەندەها شار و لادێ هەن، لە زۆر حاڵەتیشدا دیالێکتی شار لە دیالێکتی لادێ جیاوازترە، هەر وڵاتێك لەو بوارەدا دەتوانێت دیالێکتی گوندان و شارنشین لە یەك ناوچەی جوگرافیدا جیا بکاتەوە، ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە: یەکەمیان، ئەوەیە کە دانیشتوانی شار زیاتر لەگەڵ خەڵکی دی تێکەڵ دەبن و لە گوندەکان زیاتر تێکەڵییان هەیە، چونکە شار سەنتەری گوندەکانە، بەمشێوەیە شار دەبێتە کەناڵێکی گەیشتنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی، کە خاوەن ڕۆشنبیریی و شێوەزارگەلێکی چڕن، دووەمیش، بەگشتی شارنشینەکان ئاستی ڕۆشنبیرییان بەرزترە، ئەم دوو هۆکارە دەبنە هۆی ڕوودانی جیاوازی لەنێوان دیالێکتی لادێیی و دیالێکتی شار.

١٠- دیالێکتی ڕەمەکی:

هەموو زمانێك دیالێکتی ڕەمەکی هەیە، ڕەمەکی دیالێکتێکی دیاریکراوە، کە خەڵك ڕۆژانە قسەی پێدەکەن، ئەم دیالێکتە زمانی ئاخافتنە لە بازاڕ و لە ماڵدا و، زمانێکی نافەرمییە و لە کورتە ڕستە و وشەی بەکارهێنراو و پێکهاتە سادەکان دروست بووە و بەرانبەرەکەشی زمانی پەتییە. واتە بەو قسە و ئاخاوتنانە دەوترێت، کە لەسەر شەقام و کۆڵانەکان و گازینۆ و بازاڕ و چایەخانەکان بەکاردێت، ئەمجۆرەیان لە

ئاخاوتندا شێوەیەکی ڕەمەکی پێوە دیارە ، بە واتایەکی تر ئەمجۆرەیان لەهەموو جۆرەکانی تری دیالێکت نزمترە.(٥٢)

١١- دیالێکتی پەتی:

دیالێکتی پەتی زمانی ئەدەب و زانستە، زمانی فێرکردن و وانەوتنەوەی زانکۆکانە. ئەم جۆرە دیالێکتە قسە و ئاخافتنی ڕەمەکی و بازاڕیی و پڕوپووچی تێدا نییە و، وردەکارییەکی زۆری تیادایە لەڕووی هەڵبژاردنی وشە و ڕەسەنایەتی ڕێزمانی. لەزۆر زماندا کەلێنەکانی نێوان ڕەمەکی و پەتی زۆرن و لە هەندێ زمانی دیشدا کەلێنەکان کەمن. واتە بەو دیالێکتە دەوترێ کە دەبێتە شێوەیەکی فەرمی، بەهۆیەوە نووسین و خوێندن بەمجۆرە دیالێکتە دەبێت، هەر بۆیەشە هەندێ جار بەم دیالێکتە دەوترێ دیالێکتی فەرمی.(٥٣)

جیاوازی نێوان دیالێکتەکان

لە نێو دیالێکتەکانی یەك زماندا، چەندەها جیاوازی لەچەندەها بواری جۆراوجۆردا هەن، کە ئەمانەن(٥٤):

١- جیاوازی دەنگی:

دیالێکتەکان جیاوازییان لە بواری دەنگدا هەیە، ئەوەی زانراوە کە دەنگەکان لە زماندا بۆ دوو بەش پۆلێن دەکرێت: دەنگی چەسپاو کە لە

---

[٥٢]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢.

[٥٣]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢.

[٥٤]- محمد علی الخولي (د)، مدخل الى علم اللغة، ص ١٦٦ – ١٦٨.

زمانێکـەوە بـۆ زمـانێکی دی نـاگۆڕدرێن، وەکـو (م، ب، س) لـە زمـانی عەرەبیدا. دەنگی گۆڕاو کە لـە زمانێکـەوە بـۆ زمـانێکی دی گۆڕانکارییـان بەسەردا دێت، وەکو (ق، ث، ج، ذ) لە زمانی عەرەبیدا، بۆ نموونە (ق) لـە زمانی عەرەبیدا لەوانەیە بە (ق) یان (گ) یان (ء) بدرکێنرێت. دەنگی (ث) بە(ث) یان(ت) یان(س) بدرکێنـدرێت، یـان (ج) لەوانەیـە وەك (ج) یـان (گ) بەکاربهێنرێت، یان (د) لەوانەیە بە(ذ) یان وەکو (ز) بدرکێندرێت.

هەروەها هەموو (ك)ێکی پـێش (یٚ) بـە دەنگـی (چ) دەخوێندرێتـەوە، هەروەها لە کرمانجی ژووروش، لە زۆر حاڵەتدا (و) دەبـێ بـە (ڤ).وەکـو: چاو← چاڤ

٢- جیاوازی ڕێزمانی:

لەوانەیـە دیالێکتـەکانی سـەر بـە یـەك زمـان لـە بـواری ڕێزمانیشـدا جیاوازبن، ئەم جیاوازییانە لـەنێوان دیالێکتـە ڕەمەکییـەکانی یـەك زمانـدا هەر لەزیادبوونـدان، هـەروەك زۆر بـە ڕوونـی جیـاوازی لـەنێوان دیـالێکتی ڕەمـەکی و دیـالێکتی پـەتی لـە زمـانی کوردیـدا دەردەکـەوێت. تەنانـەت جیاوازی ڕێزمانیش لە نێوان کرمانجی سەروو و کرمانجی ناوەڕستدا هەیە، وەکو جێناوە کەسییەکان لە کرمـانجی سـەروو دوو کۆمەڵەیـە، کەچـی لـە کرمانجی ناوەڕستدا یەك کۆمەڵەیە، و جێناوی لکاویش لە کرمانجی سەروو یەك کۆمەڵەیە، کەچی لە کرمانجی ناوەڕاستدا چوار کۆمەڵەیە(٥٥).

٥٥- نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو(٢٠١٠)، ڕێزمانی کـوردی ـ بەشـەکانی ئاخـاوتن، چـاپی دووەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ل ٣٦ – ٣٧.

٣ـ جیاوازی وشەیی:

هەندێك دیالێكت هەن كە وشەگەلێك بەكاردەهێنن لە شێوەزارەكانی دیدا بەكارناهێنرێت، بۆ نموونە لە كوردی پەتیدا دەڵێین (ڕۆیشت)، بەڵام لە ڕەمەكیدا دوترێ (ڕۆیی)، لە كوردی پەتیدا دەڵێین (لەكوێ)، بەڵام لە ڕەمەكیدا دەڵێین (لەكێندەر). هەروەها لە پەتیدا دەڵێین (ئەوە)،بەڵام لە ڕەمەكیدا دەڵێین (ئەوێهێ) و لە پەتیدا دەڵێین (ئەوانە)، بەڵام لە ڕەمەكیدا دەڵێین (ئەوانێهێ)، بەمجۆرە هەزارەها نموونە هەن كە دەلالەت دەكەنە سەر جیاوازییەكانی وشە لەنێوان دیالێكتەكانی یەك زماندا.

هۆكارەكانی پەیدابوونی دیالێكت

بێگومان كۆمەڵێ هۆكار هەن، كە دەبنە هۆی دروستبوونی دیالێكت و پەرەسەندنی لە نێو زماندا، لێرەدا باسی هەندێ لەو هۆكارانە دەكەین[٥٦]:

١ـ هۆكاری كۆمەڵایەتی:

ئەمە پەیوەندیی بە نەریت و خووڕەوشتی ناو كۆمەڵگە و دابەشبوونی چینەكانی كۆمەڵگاوە هەیە، لەبەرئەوەی دانیشتوانی ناوچەكان لە ڕووی نەریت و خووڕەوشت و دەستوورە كۆمەڵایەتییەكان و ئەندازەی

---

[٥٦]- بۆ ئەم بابەتە بڕوانە:ـ أـ عەبدولواحد ئەلوافی(د)(٢٠٠٧)، زانستی زمان، و: د.ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، لە بڵاوكراوەكانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل ١٩٥ ـ ١٩٦. ب ـ بەكر عومەر عەلی(د) و شێركۆ حەمە ئەمین (٢٠٠٧)، زار و شێوەزار، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ل ٨ – ٩.

ڕۆشـــنبیریی و بیرکردنـــەوە جیـــاوازن، ئـــەم جیاوازییـــە دەبێتـــە هـــۆی جیابوونەوەی دیالێکتەکە.

٢ـ هۆکاری سیاسی:

دوو لایەن دەگرێتەوە:

أ ـ میللەتێك خاوەنی حکومەتێکی ناوەندی نەبێت، بەڵکو لە قۆناغێکی گواستنەوەدا بێت.

ب ـ حکومەتی ناوەنـدی بـوونی هەیـە، بـەڵام لەبـەر فراوانـی سـنووری دەسەڵاتەکەی، ناتوانێت دەسەڵاتی بەسەر هەموو ناوچەکاندا بسـەپێنێت، بۆیە دەسەڵاتی ناوەند لاواز دەبێت، واتە فراوانبوونی دەوڵەت و زۆربوونی ناوچـەکانی و جیـاوازی گەلـەکانی ژێـر دەسـەڵاتەکەی، دەبێتـە هـۆی لاوازبوونی دەسەڵاتی دەوڵەتەکە بەسەر ناوچەکانی تریەوە، ئـەم هۆیـەش دەبێتە پارچەبوونی، دابەشبوونی وڵات بەسەر هەرێم و ویلایەت و ئیمارات و وڵاتی بچووکتر دابـەش دەبێـت، ئەمـەش بەهۆیـەوە وا دەکـات کـە هـەر شوێن و ناوچەیەك ببێتە خاوەنی شێوە ئاخاوتنێکی تایبەت.

٣ـ هۆکاری جوگرافیایی و سروشتیی هەڵکەوتوویی ناوچەکە:

ئەمەش لە دانیشتوانی ناوچە جیاوازەکاندا دەبینرێت، کە لەژێر بـاری ئاو و هەوا و ڕووبار و دەریا و شاخ و چیا و لایەنی تری سروشتی وڵاتدایە، دواجـار ئـەم جیـاوازی سروشـتییە وا دەکـات جیـاوازی شـێوازی زمـانیش دروست ببێت.

٤- ڕادەی ڕۆشنبیریی و دواکەوتوویی کۆمەڵگە:

وا دەبێت شوێنێ لەچاو شوێنێکی تری وڵاتەکە لە ڕووی لایەنی ڕۆشنبیریی و خوێندنەوە جیاوازبێ، کە ئەم جیاوازییەش دەبێتە هۆی جیاوازیی بیرکردنەوە و ئاخاوتنی یەکتری.

٥- جیاوازی لەڕووی لایەنی دەنگسازییەوە:

واتە لەڕووی فۆنیمەوە جیاوازییان دەبێ، ئەم جیاوازییەش لەڕووی ژمارەی فۆنیمەکانەوە نییە، بەڵکو لەڕووی گۆڕینی فۆنیمەکانەوە دەبێت، بۆ نموونە لە کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا وشەی (نووسی) بەکاردێ، بەڵام لە کرمانجی سەرووی زمانی کوردیدا (نڤیسی) بەکاردێ.

٦- هۆکاری ئابووریی:

بەهۆی جیاوازی چالاکی و ئیش و کار و پیشەی جیاجیای خەڵك لەناو کۆمەڵدا، وەکو ئەوەی هەر جۆرە چین و توێژ و تاقم و کۆمەڵە خەڵکێکی هاوکار و هاوپیشە، دیالێکتێکی تایبەتییان بۆ دروست دەبێت، کە هەر پیشەیەك وشە و زاراوە و دەربڕینی تایبەت بەخۆی هەیە و دیالێکتی بچووك پەیدا دەکەن[٥٧].

٧- هۆکاری میللی:

لەناو دانیشتوانی ناوچە جیاوازەکاندا دەردەکەوێت، وەك جیاوازی لە نێوان خەڵکەکە، لە ڕووی تیرە و تایەفە و هۆزەوە، کە هەریەکە سەر بە

٥٧ - ڕەفیق شوانی(د)، هەمان سەرچاوە، ل ٧٠.

جـۆره تیرەیەکــە و، جیــاوازی نێــوان خــەڵکی ناوچــەکە دەبێتــە هــۆی پەیدابوونی دیالێکت لەناو زماندا[٥٨].

٨ـ هۆکاری کەسی و جیاوازی قسەکردن:

تایبــەتێتی و کەســایەتی مــرۆڤ وا دەکــات، کــە هەڵســوکەوتی مرۆڤێــك جیــاواز دەبێــت لــە هەڵســوکەوتی مرۆڤێکــی تــر، ئــەم تایبەتییــە لــە قسەکردنیشدا دەردەکەوێت، ئەمە لە ژیانی ڕۆژانە بۆمان دەرکەوتووە، کە دەنــگ و شــێواز و قســەکردنی کەســێك، لــە دەنــگ و دەربــڕین و شــێواز و ئاخــاوتنی کەســێکی تــر جیــاوازە و ئــەم جیاوازییــە لــە کەســێکەوە بــۆ کەسێکی تر دەگرێت[٥٩].

دابەشکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی

دابەشکردنی دیالێکتەکانی زمانی کــوردی لای شــارەزا و پســپۆڕانی کورد و غەیرە کورد لە کۆنەوە تاکو بە ئەمڕۆ دەگات، بە چەندین شێواز و جۆری جیاجیاوە دابەش کراوە، بۆیــە لێــرەدا هەنــدێ لــەو دابەشــکردنانە دەخەینەڕوو:

[٥٨] - هەمان سەرچاوە، ل ٦٨.

[٥٩] - هەمان سەرچاوە، ل ٦٨.

شەرەفخانی بەدلیسی لە کتێبی (شەرفنامە)[٦٠]دا، بەمشێوەیەی خوارەوە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەشکردووە:

١ـ کرمانج

٢ـ لوڕ

٣ـ کەلهوڕ

٤ـ گۆران

محەمەد مەردۆخی لە کتێبی (مێژووی کورد و کوردستان)[٦١]دا، دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەمشێوەیە دابەشکردووە:

١ـ کرمانج

٢ـ گۆران

٣ـ لوڕ

٤ـ کەلهوڕ

محەمەد ئەمین زەکی لە کتێبی (خلاصە تاریخ الکرد و کردستان من اقدم العصور التاریخیە حتی الان)[٦٢]دا، دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەمشێوەیە دابەشکردووە:

---

[٦٠] - میر شەرەفخانی بدلیسی(٢٠٠٦)، شەرەفنامە ـ مێژووی ماڵە میرانی کوردستان، و: مامۆستا هەژار، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ل ٢١.

[٦١] - محەمەد مەردۆخی(١٩٩١)، مێژووی کورد و کوردستان، عەبدولکەریم محەمەد سەعید، چاپی یەکەم، چاپخانەی (اسعد)، بەغدا، ل ٨٤.

[٦٢] - محمد امین زکی (١٩٦١)، خلاصة تاریخ الکرد و کردستان من اقدم العصور التاریخیة حتی الان، محمد علی عونی، الجزء الاول الطبعة الثانیة، بغداد، ص ٣١٦.

١ـ كرمانجی ڕۆژهەڵات

٢ـ كرمانجی ڕۆژئاوا

٣ـ كرمانجی باشووری ڕۆژئاوا

شێخ محەمەدی خاڵ لە فەرهەنگی (خاڵ)[٦٣]دا، بەم شێوەیەی خوارەوە دیالێكتەكانی زمانی دابەشكردووە:

١ـ زازا

٢ـ كرمانجی دەستە چەپ(شمالیی): (بۆتانی، بادینی،هەكاری، بایەزیدی، شەمدینانی).

٣ـ كرمانجی دەستەڕاست:(سۆرانی،بابانی،موكریانی،ئەردەلانی ، كەلهوڕی، گۆران).

٤ـ لوڕی (بەختیاری، لەكیی، فەیلی).

تۆفیق وەهبی، بەمشێوەیە دیالێكتەكانی زمانی كوردی دابەشكردووە[٦٤]:

١ـ كرمانجی

أـ كرمانجی ژووروو:(بۆتانی، ئاشیتایی، هەكاری،بادینانی، بایەزیدی).

ب ـ كرمانجی خواروو:(موكری،مەهابادی،سۆرانی،سولەیمانی، سنەیی).

٢ـ لووڕی:(بەختیاری، لەكی، فەیلی،كەلهوڕی،مامەسەنی).

٦٣- محمدی خاڵ(١٣٦٧)(١٩٨٨)، فەرهەنگی خاڵ، جزمی یەكەم، كتابفرۆشی محمدی سەقزی، چاپ اول، ل ٢٦.

٦٤- زبیر بلال اسماعیل(١٩٨٤)، مێژووی زمانی كوردی، و: یوسف ڕەئوف عەلی، چاپخانەی (دار الحریە للطباعة)، بەغدا، ل ١١٥ – ١١٦.

٣ـ گۆران: (باجەلانی، کاکەیی، زەنگەنە، هەورامی).

٤ـ زازا.

فوئـاد حەمـە خورشـید لـە کتێبـی (زمـانی کـوردی ـ دابەشبوونی جوگرافیـای دیالێکتـەکانی)[٦٥] بەمشـێوەیە دیالێکتـەکانی زمـانی کـوردی دابەشکردووە:

١ــ کرمــانجی باکوور:(بایەزیــدی، هــەکاری، بۆتــانی، شــەمدینانی، بادینانی، دیالێکتی ڕۆژئاوا).

٢ــ کرمــانجی ناوەڕاسـت:(موکری، سـۆرانی، ئـەردەلانی، سـلێمانی، گەرمیانی).

٣ـ کرمانجی باشوور:(لوڕی ڕەسەن، بەختیاری، مامەسەنی، کۆهگلۆ، لەک، کەلهوڕ).

٤ـ گۆران: (گۆرانی ڕەسەن، هەورامانی، باجەلانی، زازا).

زوبێر بیلال لە کتێبـی (مێـژووی زمـانی کـوردی)[٦٦]دا، بەمشـێوەیە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەشکردووە:

١ـ کۆمەڵی ژووروو (کرمانجی)

٢ـ کۆمەڵی خواروو (سۆرانی)

جــەمال نەبــەز لــە کتێبــی (زمــانی یــەکگرتووی کــوردی)[٦٧]دا، بەمشێوەیە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەشکردووە:

---

[٦٥]- فوئـاد حەمــە خورشــید(١٩٨٥)، زمــانی کــوردی ـ دابەشــبوونی جوگرافیــایی دیالێکتەکانی، و: حەمە کەریم هەورامی، چاپخانەی (افاق العربیة)، بەغدا، ل ٤٠.

[٦٦]- زبیر بیلال اسماعیل (١٩٨٤)، مێژووی زمانی کوردی، ل ١١٦ – ١١٧.

أ ـ دوو شێوە بنچینەییەکە:

١ـ کرمانجی ژووروو:(بۆتانی، جزیرەیی، هەکاری، بادینانی، ئاشیتەیی، بایەزیدی).

٢ـ کرمانجی نێوەڕاست:(سلێمانی، سنەیی، ئەردەلانی، گەرمیانی، هەولێر، کەرکووکی، سۆرانی، موکری، شاربازێری، پشدەری).

ب ـ دوو شێوە لاتەنیشتەکە:

١ـ کرمانجی خواروو: (ژێروو): (فەیلی، کرماشانی، لەکی، کەلهوڕی، خانەقینی، لوڕی).

٢ـ کۆمەڵە شێوەی گۆرانی ـ زازایی (گۆران، زازایی، هەورامانی).

عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ لە کتێبەکانی (سەرنجێ لە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی)[٦٨] و (بۆ زمان)دا[٦٩]، زمانی کوردی بەمشێوەیە دابەشکردووە:

١ـ لووڕ.

٢ـ کرمانجی ژوور: (بۆتانی، هەکاری، بادینانی، بایەزیدی، ئاشیتایی).

٣ـ گۆران: (هەورامی).

---

[٦٧] - جەمال نەبەز (١٩٧٦)، زمانی یەکگرتووی کوردی، یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا بڵاوی کردۆتەوە، بامبێرگ ـ ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، ل ٢٢ — ٢٣.

[٦٨] - عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ(د)(١٩٧١)، سەرنجێ لە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (سلمان الاعظمي)، بەغدا، ل ١٤ — ١٩.

[٦٩] - عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ(د)(٢٠٠٥)، بۆ زمان، بەڕێوەبەریتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ل ٩٦ — ١٠١.

٤ـ كرمانجی خواروو:(سۆرانی، سلێمانی، موکری، گەرمیانی).

تاهیر سادق لە کتێبی (ڕێنووس ـ چۆنیەتی نووسینی کوردی)[٧٠]، دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەمشێوەیە خستۆتەڕوو:

١ـ زازا

٢ـ لوڕی (بەختیاری، لەکیی، فەیلی، ڕۆژبەیانی).

٣ـ کرمانجی:

أـ کرمانجی سەروو:(بۆتانی، بادینانی، هەکاری، بایەزیدی، شەمدینانی).

ب ـ کرمانجی خواروو: (سۆرانی، موکریانی، ئەردەلانی، کەلهوڕی، گۆرانی).

کەمال فوئاد لە وتاری (زاراوەکانی زمانی کوردی و زمانی ئەدەبی و نووسینیان)[٧١]دا، دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەمشێوەیە خستۆتەڕوو:

١ـ کرمانجی سەروو

٢ـ کرمانجی خواروو

٣ـ کوردی باشوور

٤ـ گۆران و زازا

---

[٧٠]- طاهر صادق (١٩٦٩)، ڕێنووس ـ چۆنیەتی نووسینی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شیمال، کەرکووك، ل ٩٢.

[٧١]- کەمال فوئاد(د)(١٩٧١)، زاراوەکانی زمانی کوردی و زمانی ئەدەبی و نووسینیان، گ. زانیاری، ژ (٤)، بەغدا، ل ٢٢ — ٢٤.

محەمەد ئەمین هەورامانی لە کتێبی (زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراوردا)[72]، دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەمشێوەیە دابەشکردووە:

١ـ شێوەی کرمانجی سەروو یا ژووروو (بۆتانی، هەکاری، دیاربەکری، بادینانی، ماردین،... هتد).

٢ــ شێوەی کرمانجی ناوەڕاست:(سۆرانی، موکریانی، سلێمانی، کەرکووکی).

٣ـ شێوەی کرمانجی خواروو:(هەورامان، لوڕی، باجەلانی، زازای).

وەکو دەردەکەوێت ئەم دابەشکردنانە زۆربەیان لەسەر بنەمایەکی زانستیی دانەنراون، هەروەها لێکۆڵەران زیاتر لە ناوێکیان بۆ دیالێکتەکان بەکارهێناوە و بە تەواوەتی سنووری جوگرافیی دیالێکتەکانیان دیاری نەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دابەشکرنەکانی تۆفیق وەهبی و فوئاد حەمە خورشید لە ڕووی زانستییەوە نزیکن و دەکرێت پشتییان پێببەسترێت .

---

[72]- محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٨١)، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراوردا، چاپی یەکەم، بەغدا، ل ٦٨ – ٧٠.

سنوور و نەخشەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی

یەکەم:دیالێکتی کرمانجی سەروو (باکوور)

ئـەم دیالێکتـە لـە هـەموو دیالێکتـەکانی تـری زمـانی کـوردی فـراوانترەو زۆرترە، چونکە کوردەکانی کوردسـتانی تورکیـا (پارێزگاکـانی بایەزیـدی، وان، جۆلــە مێــرگ، ســیعرت، مــووش، مــاردین، دیاربــەکر، خــەرپوت، ئــەدیابان، غازیــان تەپــە، بەشــەکانی خۆرهــەڵاتی پارێزگــای مەرعــەش و سیواس و بەشەکانی باشووری پارێزگای ئەرزەرۆم و قارس)، هـەموو بـەم دیالێکتە دەدوێن، هەروەها کوردەکانی باشووری خۆرئاوای ئەرمەنسـتان، ڕووسیا و باکووری سوریا و دانیشتوانی پارێزگای دهۆك و قـەزاکانی زێبـار و ئامێدی و شێخان و سنجار و ئاکرێ لە کوردستانی عێراق بـەم دیالێکتـە دەدوێن.

ئەم دیالێکتە لقە دیالێکتەکانی بەمشێوەیەی خوارەوەن:

١ـ بایەزیدی: دەکەونە باکوورو باکووری خۆرهەڵاتی زەریاچەی وان.

٢ـ هەکاری: دەکەونە باشوور و باشووری خۆرئاوای زەریاچەی وان.

٣ـ بۆتانی: دەکەونە دەوروبەری دۆڵی بۆتان و شاری سیعرت و ئەرتوش و جزیرەو دیاربەکر (ئامەد).

٤ـ شەمدینانی: گۆشەکەی باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا و خۆرهەڵاتی زێـی ژوورروو و ناوچەکانی نزیك بەم زێیەیە لە ئێران.

٥ــ بادینـانی: پارێزگـای دهـۆك و قــەزاکانی ئامێـدی و زێبـار و سـنجار و شێخان و ئاکرێ دەگرێتەخۆ.

٦ـ بەشە دیالێکتی خۆرئاوا: خەرپووت و ئۆرفەو عفرین و مەرعەش دەگرێتەوە.

دووەم: دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست

ئەم دیالێکتە پێنج شێوەزاری ناوچەیی دەگرێتەخۆ:

١ـ موکری: مەڵبەندەکانی شنۆ، نەغەدە، مەراغە، میاندواو، شاهێن دژ، سەقز، بۆکان، بانە و سەردەشت دەگرێتەوە.

٢ـ سۆرانی: قەزای زێباری لێ دەرچێ، هەموو پارێزگای هەولێر دەگرێتەوە، شاری هەولێر ناوجەرگەی ئەم شێوەزارەیە.

٣ـ ئەردەلانی: مەڵبەندەکانی سنە، بیجار، کەنگەوەر، ڕەوانسەر، باکووری ناوچەکانی جوانڕۆ لە کوردستانی ئێران، لە کوردستانی عێراقیش قەزای قەڵادزێ(پشدەر) دەگرێتەوە. شاری سنە ناوجەرگەی ئەم شێوەزارەیە.

٤ـ سلێمانی: شاری سلێمانی ناوجەرگەیەتی، هەموو پارێزگاکە جگە لە قەزای قەڵادزێ (پشدەر) نەبێت دەگرێتەوە، هەروەها هەندێ ناوچەی قەزای خانەقینیش دەگرێتەوە.

٥ـ گەرمیان: ئەم شێوەزارە، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ سلێمانی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەزارێك دادەنرێت، بەهۆیەوە هەموو ناوچەکانی کفری و قەرەتەپەو کەرکووك و دووزخورماتوو و شوان لە کوردستانی عێراق دەگرێتەوە.

سێیەم: دیالێکتی کرمانجی باشوور (خواروو)

ئەم دیالێکتە چەند شێوەزارێك دەگرێتەوە:

١ـ لەکی: ئەم شێوەزارە، کوردەکانی (پێش کۆ)ی لوڕستانی پێ دەدوێن، تیرەکانیشی بریتین لە (خواجەوەند، عەبدولمالیکی، ناداوەند، شۆجا، کاتاوەند، دەلفان، سەلسەلە، پیران وەند).

٢ـ بەختیاری: بەختیاری دوو بەشن، (هەفت لنگ)، واتا (حەوت هۆز)، کە لە ناوچەکانی ئاوەلێژی ڕووباری گارۆندا دەژین.(چوارلنگ)، واتا (چوار هۆز)، لە ناوچەی نێوان ڕووباری گارۆن و ڕووباری زالکیدا نیشتەجێن.

٣ـ مامەسەنی: ناوی ئەم شێوەزارە لە (محەمەد حەسەن)ی باپیرە گەورە مامەسەنینانەوە وەرگیراوە، کە بریتین لە (بەکشی، جاوی، ڕوستەمی (خان عەلی خان، ئیمام قولی خان) دەگرێتەوە.

٤ـ کۆهگلۆ: ئەم لقە لە باشووری ناوچەکانی بەختیارییەوە و لە دەوروبەری کێوی دنیاو چاوگەکانی ڕووباری چەراهی یەوە دەست پێ دەکات تا رامهورموز و بەهبەهان و کزەیرون، دوو کۆمەڵەن:

أ ـ کۆمەڵەی پشتی کۆ

ب ـ کۆمەڵەی ژێرکۆ

چوارەم ـ دیالێکتی گۆران

ئەم دیالێکتە لە باکووری ڕێگەی نێوان قەسری شیرین ـ کرمانشاه دەست پێ دەکات، بەرەو شاخەکانی هەورامان، هەروەها لەسەرچاوەکانی

سیراوەنەوە بەرەو خۆرهەڵات دانیپۆشیوە تا کرماشان. ئەم دیالێکتە پێك دێت لە:

١– گۆرانی ڕەسەن: کە دانیشتوانی ناوچەکانی (کرند، زەهاو، جوانرۆ) لە کوردستانی ئێران قسەی پێ دەکەن، هەروەها لە کوردستانی عێراق، هەندێ کاکەیی داقوق و تیرەی زەنگەنەی نزیك کفری و قادرکەرەم و سیامەنسوری سەر بە ناوچەی لەیلان قسەی پێ دەکەن.

٢ـ هەورامان: دانیشتوانەکانی شاخەکانی هەورامان و پاوە و پڵنگان دەگرێتەوە، هەورامیش دوو بەشن، بەشی لهۆنیان لە خۆرئاوای ڕیزە شاخەکانی هەورامان، واتە دەکەوێتە کوردستانی عێراق، بەشی دووەمیان، هەورامانی (تەخت) کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی شاخەکانی هەورامان، واتە دەکەوێتە کوردستانی ئێران.

٣ـ باجەلانی: ئەم شێوەزارە پەرش و بڵاون، هەندێکیان لە باکووری خۆرهەڵاتی شاری مووسڵ نیشتەجێن، کە پێیان دەوترێ (شەبەك)، بەشێکیشیان لە زەهاو و لە باکووری لوڕستان و نزیك خانەقین و قۆرەتوو هۆرین و شێخان.

٤ـ زازا: ئەم لقە دیالێکتە ناوچەکەی دەکەوێتە کوردستانی باکوور، کە کەوتۆتە ناوچەی نێوان ئەرزەرۆم ـ موش ـ خەرپووت و ئەرزنجان دەگرێتەوە، کەواتە ئەمانە دەکەونە ناوچەی دەرسیمەوە.

جیاوازی نێوان زمان و دیالێکت

کۆزمانەوانــەکان تــاکو ئێســتا نەگەیشــتوونەتە بڕیــارێکی ڕەهــا و پێوەرێکی ڕاست و دروست لەبارەی سنووری جیاکردنەوەی نێوان زمـان و دیالێکــت، بــەجۆرێك هەنــدێ لــە کۆزمانەوانــەکان ســێ بنــەمایان بــۆ جیاکردنەوەکــە دەســت نیشــان کــردووە، ئــەوانیش بــریتین لــە (بنــەمای لەیەکتر گەیشـتن، بنـەمای قـەبارە، بنـەمای نـاودار)[٧٣]، بـەڵام هـەر سـێ بنەماکە لە کەموکووڕی بەدەر نییە. هەندێکی تـر جیاوازییـەکان لـە چـەند ڕوانگەیـەکی تـرەوە سـەیر دەکـەن، لەوانـە (بەسـتاندەربوون، جـوگرافی، کۆمەڵایـەتی، بـەکارهێنان، مێـژوویی، سـیمانتیکی و لێکتێگەیشـتن)[٧٤]، بەڵام ئەمەشیان سنوورێکی تەواوی جیاکردنەوەی نێوان زمـان و دیالێکت ناکێشێت.

کەواتە جیاوازییەکانی نێوان زمان و دیالێکت ڕێژەیین، بە واتایەکی دی سنوورێکی ڕەها و سەداسـەدی جیاکـەرەوەی نێـوان زمـان و دیالێکـت لـە ئارادا نییە، بۆیە جیاوازییەکانیان لـەم خاڵانـەی خـوارەوە دەسـت نیشـان بکەین[٧٥]:

---

٧٣ - قــەیس کاکــل تۆفیــق(د)(٢٠٠٧)، ئاسایشــی نەتــەوەیی و پلانــی زمــان، لــە بڵاوکراوەکـانی دەزگـای توێژینـەوە و بڵاوکردنـەوەی موکریـانی، چـاپخانەی دەزگـای ئاراس، هەولێر، ل ٦٣ – ٦٤.

٧٤ - عەبدولمەناف ڕەمەزان ئەحمـەد (٢٠٠٩)، ئەتڵەسـی زمـانی - هـەرێمی کوردسـتان عێراق وەك نموونە، نامەی ماستەر، بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین، ل ٣٠ – ٣٣.

٧٥ - سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو (٢٠٠٩)، کوردۆلۆجی، ل ٧٤ – ٧٥.

١ـ زمان لایەنێکی گشتی و سنوورێکی جوگرافی فراوان دەگرێتەوە، بەهۆیەوە بەهەموو لایەکی ولاتدا پەلدەکێشێ، تاڕادەیەکیش هەموو دیالێکتەکان کۆدەکاتەوە، بەلام دیالێکت ناوچەیەکی سنووری جوگرافی دیاریکراو دەگرێتەوە، واتە لایەنێکی تایبەتییە.

٢ـ زمان کۆی هەموو ئەو جیاوازییانە دەگرێتەوە، کە لەنێوان دیالێکتەکانی زمانەکەدا هەن، بەلام دیالێکت لەسەر بنەمای ئەو جیاوازییانە دروست دەبێت، کە لەناو زماندا هەیە، بۆیە جیاوازییەکی زۆریان لەسەر ئەم ڕێککەوتنە هەیە.

٣ـ زمان پەیوەستە بە بنەمای لەیەکتر نەگەیشتن، بەلام دیالێکت پەیوەستە بە بنەمای لەیەکتر گەیشتن، واتە ئەگەر قسەکەرانی دوو دیالێکت لەیەکتر گەیشتن، ئەوا ئەو دوو دیالێکتە، زمانێك پێکدەهێنن، بەلام ئەگەر قسەکەرانی دیالێکتەکان لەیەکتر نەگەیشتن، ئەوا هەریەك لەمانە بەرەو ئاراستەیەکی زمانی سەربەخۆ دەڕۆن.[٧٦]

٤ـ بەشێوەیەکی گشتی زمان بۆ ئەم جۆرانە دابەش دەکرێت: (زمانی نووسراو، زمانی بینراو، زمانی جەستە، زمانی ڕەنگ، زمانی ڕووخسار، زمانی دەق، زمانی شیعریی، زمانی ئاخاوتن، زمانی یەکەم، زمانی دووەم، زمانی سەرچاوە،...هتد)، بەلام دیالێکت ئەم جۆرە دابەشکردنانەی نییە، بەڵکو دیالێکت ئەمجۆرانە دەگرێتەوە:((دیالێکتی پەتی، دیالێکتی

---

[٧٦] - وریا عومەر ئەمین(١٩٨٥)، چەن زمان، ڕ.(العراق)، ژ.(٢٧٣١)، ١٩٨٥/١/٢٣، ل٤ .

ستاندارد، دیالێکتی جوگرافی، دیالێکتی فەرمی، دیالێکتی ڕەمەکی، دیالێکتی کۆمەڵایەتی، دیالێکتی پیشەیی،...هتد).

٥- زمان بەپێی ڕەگەزی ئەندامانی کۆمەڵ ناگۆڕێت، بەڵام دیالێکت بەپێی ڕەگەز و جوگرافیا و دابەشبوونی چینەکانی کۆمەڵگە دابەش دەبێ.

٦- زمان لەلایەن تێکڕای دانیشتوانەوە بەکاردەهێنرێت، بەڵام دیالێکت لەلایەن بەشێکی دیاریکراوی دانیشتوانەوە بەکاردەهێنرێت[٧٧].

٧- زمان ڕێنووسی ستاندارد و ڕێزمانی هەیە و لە فێرگە و دامەزراوەکان و میدیاکان... هتد بەکاردێت، بەڵام دیالێکت مەرج نییە لە فێرگە و دامەزراوەکاندا بەکاربێت[٧٨].

٨- زمان بەرهەمێکی دەستکرد و پلان بۆ داڕێژراوە، بەڵام دیالێکت بەرهەمێکی سروشتی ناوچەیەکی دیاریکراوە[٧٩].

٩- هەندێکی دی پێکهاتی زمانیی وەك جیاوازی ڕێزمان دەکەن بە پێوەر، واتە ئەگەر پێکهاتە زمانییەکە لەیەك نزیك بوو یان وەك یەك بوو،

---

[٧٧] - غازی عەلی خورشید (٢٠١٠)، زمان و زمانی ستاندارد بۆ کورد، بەشی یەکەم، ڕ. ئاسۆ، ژ (١٥٢٨)، سێشەممە ٢٠١١/٧/٩، ل ١٤.

[٧٨] - غازی عەلی خورشید(٢٠١٢)، زمانی فەرمی بۆ کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ل ٢٩.

[٧٩] - هەمان سەرچاوە، ل ٢٩.

ئــەوە دوو دیــالێکتی زمانێکــە، ئەگــەر لــە یــەك دوور بــوون، ئــەوە دوو زمانن.[80]

[80] - سوداد ڕەسوڵ(٢٠١٢)، هەورامی لەهجەیە یان زمان؟ ، گ. زماننناسـی، ژ. (١٣)، ٢٠١٢، ل١٠ .

بەشی چوارەم

ئەدەب و ڕەوانبێژی کوردی

له بارەی ئەدەبەوە

هــەموو ئــەو چـالاكییانەی ئـادەمیزاد لــە بـواری داهێنــانی گوتــەیی ئەنجامیان دەدات، یان (زانسـت)ن و یـانیش (هونـەر)، ئـەدەب دەكەوێتـە خانــەی هونــەرەكان، وەكــو هــەر یەكــە لــە (مۆســیقا) و (ڕەســم) و (بیناسازی)و...هتد وایە.. جیاوازی نێوان (زانست) و (هونەر)یش بێگومان زۆرە، یەك لە گرنگترینی ئەو جیاوازیانـە ئەویـە، كـە (زانسـت)ەكان هـەر كامەیان بن، شتانی گشتین و سـوود بـە هـەموان دەگـەینن، بـۆ نموونـە: كارەبــا، میكانیــك، پزیشــكی، كیمیــا، فیزیــا، ئــابوری، زەویناســی، زینــدەوەرزانی و...هتــد، هــەموو ئەوانــە بەرهەمــەكانیان بــۆ هەموانــە، سوودەكانیان دەڕژێتە خانەی گەورەو بچوك، زانا و نەزان، شاری و لادێیی و هەموو كەسێك، لە هەر شوێن و كاتێك بن، كەسیش ناتوانێت لە سوودی ئەو زانستانە چاوپۆشی بكات و بڵێت: (من پێویستم پێیان نییـە).. بـەڵام (هونەر)ەكان شتی تایبەتین، پەیوەندییان بە زەوق و سەلیقەی خەڵكێكی تایبەتەوە هەیە، دەشێ ئەو شیعرەی بە لای كەسـێكەوە جـوان بێـت، بـە لای یەكێكی دیكە جوانی تیا نەبێت، یان ئەو پارچە مۆسـیقایەی خـەڵكێك پەسـندی دەكـات، دەشــێ دەیـان كەســی دیكـە ڕەتــی بكەنـەوە، ئــەو گۆرانییــەی هەنـدێ كـەس لـەزەتی لێـوەردەگرن، دەشـێت خـەڵكێكی زۆر لەوان زیاتر حەز بە بیستنی نەكـەن، ئـەو تابلۆیـەش كـە سـەرنجی یـەكێك ڕادەكێشێت، دەشێت زۆرێكی تر بەلایانەوە گرنگ نەبێت و بەم شێوەیە.

ئەدەب

ئەدەب لە ڕووی (وشە)ییەوە، نواندنی خوڕەوشت و هەڵسوکەوتی جوانە لە مامەڵەو پەیوەندی کردن لەگەڵ کەسانی بەرامبەردا، بەو شێوەیەی کە عورف و عادەت و ئایین و نەریتی هەر کۆمەڵگایەك پەسندییەتی.

بەڵام (ئەدەب) وەکو (زاراوە) لە واتا وشەییەکەی جیایە، بریتییە لە نواندنی هونەر لە (گوتە) و (قسەکردن)دا، کە لە گەڵێ ڕووەوە پێناسەی کراوە، وەکو لە خوارەوە هەندێ لەو پێناسانەی دەخەینە ڕوو.

چەند پێناسەیێکی ئەدەب

ئەدەب وەکو هەر بابەتێکی دیکەی بواری هونەر پێناسەی زۆری بۆ کراوە، هەندێ لە گرنگترینی ئەو پێناسانە لەمانەی خوارەوە کورتدەکەینەوە:

١ـ ئەدەب: یەکێکە لە هونەرەکان وەکو ڕەسم و مۆسیقا و بیناسازی و ... هتد وایە، بەڵام جیاوازی لەگەڵ هەموو ئەو هونەرانەی تر لە کەرەسەکەیەتی، کەرەسەی مۆسیقا (دەنگ)ە، کەرەسەی ڕەسم (بۆیە)یە، کەرەسەی بینا ئەو دار و بەرد و ئاسن و شتانەی ترە، کە بینایان پێ دروست دەکرێت، کەرەسەی (ئەدەب)یش (وشە)یە.

٢ـ ئەدەب: تۆماری بیری پەسندە.

واتە: دەقە ئەدەبیەکان لە هەموو سات و سەردەمێکدا هەمیشە پارێزگاری لە داب و نەریت و ئەقڵیەتی بەرزو تێگەیشتنی جوان بۆ

گەردوون و ژیان دەکەن و ئـەوە لـەخۆدا هەڵـدەگرن، کـە کۆمـەڵگا بـەرەو کەناری ئارامی و خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی دەبەن.

٣ـ ئەدەب: بریتییـە لـە ڕەنگدانـەوەی بـاری ژیـانی کۆمـەڵگا لـە هـەموو ڕووەکانی ئایینی و ئابوری و کۆمەڵایـەتی و سیاسـی و ئـەقڵی و فیکـری و دەروونی و ڕۆشنبیری و...هتد.

٤ـ ئەدەب داڕشتنێکی هونەرییە بۆ ئەزموونێکی شیعری.

مێژووی سەرهەڵدانی ئەدەب

مێـژووی سـەرهەڵدانی ئـەدەب بـۆ مێـژووی سـەرهەڵدانی بـیری نوانـدنی هونەر لە قسەدا لە لای ئادەمیزاد دەگەڕێتەوە، کە ئەم مێـژووە بـە ڕۆژ و مانگ و ساڵ دەستنیشان ناکرێت، چونکە مێژوویێکە بەر لە دەسـتپێکردنی نووسـینە، بـەڵام بـە وردبوونـەوە دەگەینـە ئـەو ڕایـەی، کـە هـەر لەگـەڵ دروسـتبوونی یەکـەم کۆمەڵـەی مرۆیـی لەسـەر پشـتی ئـەو زەوییـە، لـە قسـەکردندا هونـەر نوێنـدراوەو خـەڵکێك هـەبووە بـە هۆکـاری جۆراوجـۆر هەمیشە بە بەراورد لەگەڵ خەڵکانی تر قسە خۆشتر و پـوختتر و بـەهێزتر بووە، قسەکانی پوخت و چەشەدار بوونە، ئەوەش خۆی لە خۆیدا ئـەدەب بووە، بە واتا سادەکەی.

ئەدەبی کۆنی میللەتان

ئەدەبی کۆنی تەواوی ئەو میللەتانەی مێژوویەکی دێرینیـان هـەیـە، پێـی دەگوترێـت ئـەدەبی فۆلکلـۆر.. (فۆلکلـۆر) زاراوەیەکـە مێژوویـەکی

دیاریکراوی هەیە، بۆ یەکەمجار لێکۆلەری ئینگلیز (ولیەم جۆن تۆمس) لـە لێکۆلینەوەکانی خۆیدا ساڵی ١٨٦٧ ئەو زاراوەیەی (فۆلکلۆر)ی بۆ هـەموو ئەو بەرهەمانەی ئەدەبی کۆن بەکار هێنـا، کـە خاوەنیـان دیارنـەبوو و بـە ئەدەبی سەرزاری دەناسـران، ئینجـا لـە دوای ئـەو، لێکۆلـەرانی ئـەوروپاو لێکۆلەرانی ڕووس و عەرەب و کورد و نەتەوەکانی تـریش بـەکاریان هێنـا، ئەمــەش چــونکە زاراوەیــەکی گشــتگیرە ســەرجەم فــۆرم و شــێوەکانی ئــەدەبیاتی فۆلکلـۆر دەگرێتــەوە، لێکۆلــەرانی لــە زاراوەی نەتــەوەیی و ناوچەیی زۆر و لەیەکجیا دەربازدەکرد، چونکە کـە دەڵێیـت فۆلکلـۆر، لای کورد و عەرەب و فارس و ئینگلیزو سـەرجەم گـەلانی دیکـەی ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئاوا هەر هـەمان واتـا دەگـەینێت، بۆیـە بـە زوویـی هـەموو نەتەوەیـەك پەسندی کردو بەشی کۆنی ئەدەبە سەرزارەکەیان بەو ناوە پۆلێن کرد.

تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر

ئەدەبیاتی فۆلکلۆر چەندین تایبەتمەندی هەیە، لەوانە گرنگترینیان:

١ـ خاوەنی دیار نییە، ئەوەش لەبەر دوو هۆ:

أ ـ مێژووی بەشێکی ئـەو بەرهەمانـە بـۆ سـەردەمی پـێش سـەرهەڵدانی نووسـین دەگەڕێتـەوە، کـە ئەوسـا بـە دەم و پشـتاو پشـت لێـرەو لـەوێ گێڕدراوەتــەوە، بۆیــە خــاوەنی ڕاســتی ئــەو بەرهەمانــە ون بــووەوەو دەگوترێت میللەت خاوەنییەتی.

ب ـ بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان وەکو دروشم و نوکتەو حەکایـەت و قسـەی خۆش و بابەتانی دیکە، ڕۆژانە لەگەڵ پێشهاتەکان دروستدەبن و سەرزاری

له بازاڕ و شوێنه گشتییەکان بڵاودەبنەوە، ئەمانەش هێندە زۆرن و هێندە بە بڵاوی بەکاردەهێنرێن، عیبرەت لە واتاکانیانە نەك لە ناوی خاوەنەکانیان، بۆیە خەڵك دەقەکە دەگوازێتەوەو سوودی لێوەردەگرێت، بەڵام کەس خاوەنەکەی ناناسێت، کە ئاسانیش نییە هەموو جارێ بگوترێ ئەو بەرهەمە هی فڵانە، تەنانەت خاوەنەکەیشی مەبەستی بڵاوبوونەوەی پەیامی دەقەکەیەتی، نەك بڵاوبوونەوەی ناوی خۆی.

ئەم دوو هۆیەش بەسن بۆ ئەوەی ئەو دەقانەی کۆن و نوێی ئەدەبی فۆلکلۆری خاوەن ون بکەن و بێ خاوەن بکەونە خانەی کەلتوری ئەدەبی و فیکری نەتەوە.

٢ـ زمانی بەرهەمەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر زمانێکی سادەیە، زۆر بە کەمی دەربڕینی قورسی تێدەکەوێت.

٣ـ شێوازی دارشتنی بەرهەمەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر ئەویش ئاسان و سادەیە، هەر ئەو شێوازەی قسەکردنە، کە خەڵکی بە گشتی پێیەوەی دەدوێن و لادان بە کەمی نەبێ تیایدا ڕوونادات، ئەگەر ڕوویشی دا بە زۆری لادانەکە واتاییە، وەکو (خوازەو خواستن و کینایە)، کە ئەمانە لە نوکتەو ئیدیۆم و پەندەکان بە دیاردەکەون و ڕەمزی جوانیان تیا بەکاردەهێنرێت، ئەو ڕەمزانە ئاسانن و خەڵك بە ئاسانی دەیانناسێتەوە.

٤ـ بەرهەمەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر لە چەندین فۆڕمی وەکو: ئەفسانە ـ حەکایەت ـ پەندی پێشینان ـ مەتەڵ ـ نوکتە و...هتد دەردەکەون.

٥ـ لە ئاستی هونەریدا بەرهەمەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر نزمترن لە بەرهەمەکانی ئەدەبی نووسراو.

٦ـ ڕۆژانـه بەرهەمـه فۆلكلۆرییـەكان دروسـت دەبـن و ژیـان بـەرەوپێش دەبەن، هەبوونی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگـەری بـەربڵاویش، نـەك ڕێگە لە بەردەوام دروستبوونی فۆلكلۆر ناگرن، بەڵكو زۆرجار دەبنـە هـۆی بە خێرایی بڵاوبوونەوەی ئەو دەقە نوێیانەی فۆلكلۆر.

٧- زۆرێكی بەرهەمە فۆلكلۆرییەكان، لەبەر ئەوەی گوزارشـت لـە ئـێش و ئـازارە مرۆییـەكان دەكـەن، سـنووری نەتـەوە دەبـڕن و لای زۆربـەی نەتـەوەكانی تـر، بـە زمـانی خۆیـان دەگێڕدرێتـەوە، بـەوەش سـیمای نەتەوەیی كەمتر بۆ دەقی ئەدەبی فۆلكلۆری دروست دەبێت و زۆرتـر ئـەو بەرهەمانەی فۆلكلۆر وەكو ئەدەبی جیهانی دەردەكەون.

ئەركەكانی ئەدەبیاتی فۆلكلۆر و ئەدەب بە گشتی

ئەدەب بە شێوەیەكی گشـتی و ئـەدەبیاتی فۆلكلـۆریش بـە شـێوەیەكی تایبەتی ژمارەیەك ئەركیان هەیە، دەكرێ گرنگترینیان لەمانـەی خـوارەوە كورت بكەینەوە:

١- پارێزگاری كـردن لـە قـەوارەی مەعنـەوی كۆمـەڵگا.. واتـە پاراسـتنی بیروبـاوەڕ و عـورف و عـادەت و خووڕەوشـتی جـوانی بـاپیران، بـۆ ئـەم مەبەستە هەمیشە دەقـە فۆلكلـۆری و ئەدەبییـەكانیش بـە گشـتی بـە دوو شـێوە كـار دەكـەن، لـە لایـەك بـەها ڕەوشـتییەكانی وەكـو (ڕاسـتی، ئەمانـەتپارێزی، دەسـتپاكی، خۆشەویسـتی، تـەبایی، ...هتـد) بـە جـوان نیشان دەدەن و خۆشەویستیان دەكەن، لەو لاوەش دژە بـەهاكانی وەكـو (درۆ، ناپاكی، دزی، ڕق و قین و دژایەتی، ناڕێكی... هتد) ناشرین دەكەن

و هەمیشە بەو شێوەیە پیشانیان دەدەن، کە مرۆڤەکان لە ئەنجامی خراپییان وشیار ببنەوەو بۆیان دەربکەوێت ئەم دژە بەها خراپانە چ زیانێك لە مرۆڤەکان دەدەن.

٢ـ بەرەوپێشبردنی گوێگر یان خوێنەر لە هەموو ڕوویێکی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەقڵی و...هتد.

٣ـ بەخشینی لەزەت بە گوێگر، یان خوێنەر، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو بەلاغەت و جوانکاری و شێوازە جۆراوجۆرە جوان و کاریگەرانەی ئودەبا دایدەهێنن.

٤ـ کردنەوەی ئەقڵی مرۆڤ و گەورەکردنی، ئەوەش بە تێگەیاندنی مرۆڤەکان، کە دنیا زۆر گرنگتر و گەورەترە لەوەی هەریەکە تێیگەیشتووە، ئەگەر یەکێك وابزانێت ئەوەی هەیەتی تەواوی شتە باشەکانە، ئەوا لە ڕاستیدا وا نییە و زیان دەکات، چونکە بەم تێگەیشتنە نا دروستەی ڕێگەی بەرەوپێشچوون لە خۆی دادەخات و لە دواکەوتووییدا چەقدەبەستێت، ئەگەریش یەکێك پێی وابێت لە تاریکی و دووڕیانێکی سەخت کەوتبێ، ئەوا ئەدەب دەیخاتە سەر ئەو ڕێیەی، کە ڕێگە چاری دەربازبوونیش هەر دەمێنێ و مرۆڤی مافخوراو و ڕاست لە ئەنجامدا هەر سەردەکەوێت.

٥ـ زۆرێکی بەرهەمە ئەدەبی و فۆلکلۆرییەکان ڕۆڵی باش دەبینن لە پەروەردەکردنی منداڵاندا، حەکایەت و چیرۆك و پەند و قسەی خۆشی جۆراو جۆر شتی جوانی لێکجیا فێری منداڵان دەکەن و بەرەو سەرکەوتنیان دەبەن.

بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر

ئەدەبیاتی فۆلکلۆر چەندین فۆرم، یان جۆری گرنگی هەیە، لێرەدا تیشك دەخەینە سەر ئەوانەی، کە زۆر زەق و گرنگن، کە بریتینە لە:

یەکەم: ئەفسانە

کۆمەڵێك حیکایەتی کۆنن، هەموو شتەکانی ناویان لە (پاڵەوان - کەرەسە - کات - شوێن - ڕووداو) ئەفسانەیین و ڕاستەقینە نین.. بۆ نموونە:

أ- لە واقیعدا مرۆڤ ئەگەر بوو بە دوو پارچە ئیتر ناتوانێت ئەرك ببینیَ و ڕۆڵی تەواو دەبێت، بەڵام لە ئەفسانەدا دەشێت بە تەنیا (سەر)ێك یان (کەرتە مرۆڤ)ێك ڕۆڵ ببینێت.. جگە لە مرۆڤیی ناتەواو، دیسانەوە (دێو و درنج)، (باڵندەی عەنقا)، ...هتد، کە بونیان نییە، ڕۆڵ دەبینن و دەبنە پاڵەوانی ئەفسانەکان.

ب - لە ئەفسانەدا دەشێت (کڵاو) یان (دەفر) یان (سنی) یان (سێو)ێك هەر کارێك بکەن، کە لە واقیعدا ئەقڵ قەبوڵی ناکات، بەڵام لە ئەفسانەدا ئەوە ئاساییەو ئەو شتانە دەبینرێن.

ج - کات لە ئەفسانەدا کاتیی ڕاستەقینە نییە، ئەو شەو و ڕۆژە ئاساییە نییە کە مرۆڤ دەیانزانێت، بەڵکو دەشێت کاتژمێرێك بە قەد سەد ساڵ، یان زیاتر لە نێو ئەفسانەدا درێژ بێت.

د ـ شوێن لە ئەفسانەدا شوێنی ئاسایی نییە، بەڵكو (دوورگەی واق واق)، یان (بنی دنیا)، یان هەر شوێنێكی ترە، كە ئەقڵی مرۆڤ ناتوانێت پەیان پێ ببات و قەبوڵیان بكات، چونكە لە واقیعدا بوونیان نییە.

هـ ـ ڕووداو لە ئەفسانەدا ئاسایی نییە، بەڵكو سیمایەكی ئەفسوناوی وەردەگرێت و بە خێرایی بەرەوپێش دەچێت.

دووەم: حەكایەت یان سەربردە

ئەمانە كۆمەڵێك ڕووداوی ڕاستەقینەن، خەیاڵ لە دارشتنەوەیاندا ڕۆڵ دەبینێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە لە چوارچێوەی ئەقڵدان، ئادەمیزاد كە دەیانبیسێت، لەگەڵیان تێكەڵ دەبێت، دەزانێت ئەو شتانەی بیستنی ڕاستن، ڕوویانداوە، یانیش دەشێت ڕوو بدەن.. ئەوانەش دوو جۆرن:

أ ـ هەیانە بە زمانی گیانداران گوزارشت دەكەن.. ئەم حەكایەتانە دیارە ڕەمزین و بیرۆكەی بەهێز بە شێوەیێكی ئاسان پێشكەش دەكەن، بۆیە زۆربەی حەكایەتی لەم شێوەیە بۆ منداڵان دەگێڕدرێتەوە، منداڵ پێیان دڵخۆش دەبێت و چێژی خۆشیان لێوەردەگرێت، لە هەمان كاتدا لەو بوارەش كە حەكایەتەكە چارەسەری دەكات، منداڵان پێیان پەروەردە دەبن، لە هەمان كاتدا گەورەش سوود لەو حەكایەتانە دەبینن و چێژ و ئەقڵیەتی خۆش و جوانیان لێوەردەگرن.. نموونەی ئەو جۆرە وەكو حەكایەتی (مەڕۆكە و بزنۆكە) كە ئەمە زۆر بەناوبانگە، حەكایەتی (دایكە بزن و كاریلەكانی)، حەكایەتەكانی بە زمانی (ڕێوی) و (شێر) و (سەگ) و (پڵینگ) و ... چەندانی دیكە.

ب ـ هەیانە بە زمانی مرۆڤەکان گوزارشت دەکەن.. ئـەم حەکایەتانـە بـە زۆری حەکایەتی پاشایانن، واتە ئەو حەکایەتانەن، کە پاشایان تێیاندا بـە زۆری بە دیار دەکەون، هەروەها تەواوی خەڵکی تریش چ لە تەك پاشاکان و چ لە شوێن و بوارەکانی دیکەی ژیان لەگەڵ یەکتری بە دیاردەکەون.

ئامانجی حەکایەتەکان

بە شێوەییێکی گشتی ئامانج لە حەکایەتیش چەند شتێکە، لەوانە:

١ـ بەخشینی چێژ و لەزەتی تایبەت بە گوێگران.

٢ـ کردنـەوەی ئاسـۆی بـیر و دەوڵەمەنـدکردنی حیکمـەت و تێگەیشـتنی خەڵکی لەمەڕ مەسەلە گرنگەکان، بۆ ئەوەی لە کاروانی دوورودرێژی ژیاندا بێکێشە بن و بە ئاسانی بتوانن سەرکەوتن بەدەست بێنن.

سێیەم: پەندی پێشینان

ئەمانە پوختەی بیر و ئەزموونی مرۆڤن، هـەموو بوارەکـانی ژیـان لـە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و کشتوکاڵ و ئایین و دەروون و...هتد دەگرنـەوە.. لەبـەر گرنگییـان پێناسـەی زۆریـان بـۆ کـراوە.. یـەکێك لەمانە:

پەندی پێشینان بەشێکە لە ئـەدەبیاتی فۆلکـۆر، زۆرینـەی خـەڵکی لـە کۆڕ و دانیشتنە تایبەتیەکانی خۆیانـەوە دووبـارەی دەکەنـەوە، دەیکەنـە یاساو بنەمای ئەوتۆ فەلسەفەی ژیـانی خۆیـانی لەسـەر دادەمـەزرێنن، لـە ڕوانگەیەوە بۆ شتەکان دەڕوانن، بە هۆیانـەوە لـە کـاتی ئەنجامـدانی هـەر

کارێکەوە هەر لەسەرەتاوە دەست بە هەندێ بیری پێشینە دەگرن، کە تەسلیمی دەبن و بڕوای پێدەکەن، بۆیە ئەو پەندانە کاریگەری گەورەیان هەیە، لەسەر دەروونی زۆرینە

گرنگی پەندی پێشینان

گرنگی ئەو پەندانە لەوەدایە، کە ئەو پەندانە هەریەکەو دوای ئەزموونێك دروست بووەو وەك باپیران خۆیان دەڵێن: (هەر عەقڵەك لە خەسارەکی).. واتە: لە هەر زیانێ، لە هەر نووشستییێك، کە لە ئەنجامی گرتنەبەری کارێکدا لە بواری کۆمەڵایەتی، یان سیاسی، یان بازرگانی و...هتد، تووشی مرۆڤ دەبێت، مرۆڤەکان ئەزموونێکیان لا دروست بووەو زانیویانە دەبوو کارەکەیان بەوجۆرە نەکردباو ئەگەر جارێکی دیکە بیریان لە ئەنجامدانی کارێکی هاوشێوە کردەوە، ئەوا دەبێ ئاواو ئاوای بکەن، بۆ ئەوەی لە هەڵەی جاری گۆڕین نەکەونەوە، یان ئەنجامی ئەمجارەیان لەوەی پێشوو باشتر بێ و ڕێگەیان ئاسانتر و دەستکەوتیان بەسوودتر بێت.

ئەم پەندانە ئەگەرچی ڕۆژگاری دروستبوونیان بۆ مێژوویێکی زوو بگەڕێتەوەو ئێستا نە شوان و گاوان و سەپان وەك جاران، نە گیشەو درووێنەو شۆبڕینی وەکو ئەوسا، نە ژیانی سادەو دەوارنشینی و کۆچەری پێشوو، نە خەڵکانیش لە ئاستی بیری و ڕۆشنبیری وەکو ئەوسا نەمابن، چونکە ژیان لە زۆربەی ڕووەکانەوە بە هۆی تەکنەلۆژیاوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام زۆرینەی پەندەکان کۆن نابن و بە

بەرەوپێشچوونی سەردەم و نوێبوونەوەی هۆکارەکانی ژیان ئەوانیش خۆیان دەگۆڕن و بە گیانێکی نوێوە دێنەوە پێش، دیسانەوە بە هێزەوە خۆیان دەچەسپێنن، چونکە ئەگەر دەربڕینەکانیشیان سادە بن و بە زمانی ئاخاوتنی ئاسایی خەڵکی بن، بەڵام چەمکەکانیان بەهێزەو لەودیوی دەربڕینەکانەوە، دووری دیکەیان هەیەو خزمەتی گەورەتر دەکەن، ئەوەتا کە کاتێك ئەو پەندەی پێشینان دەڵێت: (دۆستت هەزار بێ کەمە، دوژمنت یەك بێ غەمە)، دەبینین ئەگەرچی لە ژیانی شارستانی ئەمڕۆی لە سایەی تەکنۆلۆژیاوە سەرقاڵی زۆربەی خەڵکان و هەبوونی دەزگا جۆراو جۆرەکانی پۆلیسی ئاسایی و نەهێشتنی تاوان و ئاسایش و..هتدیش، لەگەڵ بوونی ناوەندیەت لە یاساش، کە وابەستەی بوونی حکومەتن، ئیدی نە دۆستە زۆرەکان وەك ئەوسا خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی هەر تاکێك دەکەن، نە بە تەنیا دوژمنەکەش دەتوانێت لەشکرکێشی بکات و دوژمنەکەی تێکبشکێنێ و لە نێوی ببات، چونکە دادگاو لێپرسینەو پرنسیپە نێونەتەوەییەکان هەنە، بەڵام دیسانەوەش مرۆڤ لە دۆستدا هەر چاوەڕوانی چاکەیە، بە پێچەوانەوە بە هۆی بووی ناحەز و دوژمنیشی با بچوکترین کەسیش بێت، هەر ناڕەحەتەو ناتوانێت دڵنیا بێت، واتە: لە بەرامبەر بچوکترین دوژمنیشدا مرۆڤ هەر گرژ و نائارمەو هەمیشە لە مەترسی ئەوەدا دەژی، ئەگەر ڕاستەوخۆش نەبێ، ئەوا ناڕاستەوخۆ پیلانێکی لە دژدا بگرێ و زیانێکی لێبدات، کەوابێت بۆ ئەمڕۆش پەندەکە هەر بە زیندوویی ماوەتەوەو دڵی لە لێدان نەکەوتووە، بۆیە ئێستاش بە

بڕوایەکی زۆرەوە، خەڵکان یەکدی بەوە ئامۆژگاری دەکەن، کە: (دۆستت هەزار بێ کەمە، دوژمنت یەك بێ غەمە).

جۆرەکانی پەندی پێشینان

پەندی پێشینانی کورد بە شێوەیەکی گشتی یان ڕستەیەکی سادەیە یان دێڕێك یان دوو دێڕە هۆنراوەیە.. بۆ نموونە:

یەکەم: ڕستەیەکی سادەی واتادار:

- کای کۆن بە با مەکە
- هەر ئەقڵەك لە خەسارەکی.
- کوتك دەزانێ قۆناغ لە کێیە.
- نان بۆ نانەوا ، گۆشت بۆ قەساب
- زمان بیەڵێ سەر سەلامەتە .
- نەزان بە پێیەك زانا بە دوو پێ تێدەکەوێ

دووەم: دێڕە شیعرێك:

- ئازار بە ئازار دامەمرکێنە
بشڕەنجێ دڵی کەس مەڕەنجێنە
- ئازایی باوان بە واریسی نابڕێ
زۆر وەجاغزادە لە برسا ئەمرێ

تایبەتمەندییەکانی پەندی پێشینان

١- بە زمانی سادە داڕێژراون.

٢- شێوازی دروستبوونی ڕستەکانیان شێوازی قسەکردنی ئاساییە.

٣- چەمکی بەهێز پێشکەش دەکەن.

٤- بەرانبەر زوو تێیان دەگات و بەم هۆیەوە قسەکەر بە ئاسانی مەبەستی خۆی دەپێکێت، واتە: ڕێگا کورتکەرەوەیە بۆ قسەکەر و بۆ گوێگریش.

٥- بە هەموو بوارەکانی ژیان شۆڕبوونەتەوەو هیچ بوارێك لە بوارەکان، یان لایەنیێ: لە لایەنەکانی ژیان نەماوە، کە پەندی شیاو بەخۆی نەبێت.

٦- لەسەر زاری هەموو خەڵکانن، واتە: خۆیان بەر لە ناوی خاوەنەکانیان بڵاوبوونەتەوە، بۆیە خاوەنیان ونەو میللەت هەمووی خاوەنیەتی.

٧- هەر بە هۆی زۆر بڵاوییان لە هەر شوێنێك، یان هەر قسەکەرێك بە شێوەیەك پەندەکان بەکاردێنێت.

چوارەم: ئیدیۆم

کۆمەڵێك ڕستەی هێما ئامێزی کورتە، گوزارشت لە شتە جۆراوجۆرەکان دەکەن، بە وشەو دەستەواژەی کورت واتای گەورەو زۆر دەگەینن.. بۆ نموونە:

أ - دوو زمانە.. واتە: (کەسێکە لای تۆ بە زمانێك و لای بەرامبەرەکەت بە زمانێکی دیکە قسە دەکات)

ب ـ دەستی کورتە.. واتە: (کەسێکی هەژارە)

ج ـ زمانی درێژە.. واتە: (لە قسەکردندا زۆر دەڵێت و سنوری شەرم و حەیا ناپارێزێت، هەرچی بێتە سەر زمانی دەیڵێت)

د ـ قەوانی هەڵناگرتەوە! واتە: ڕووحی گەورەیە

هـ ـ بە هەموو دەمێ ماڵی لەسەر پشتی کەرێیە! واتە: لە چ جێیان نیشتەجێ نابێ و نازانێ لە جێیەك خۆی بگونجێنێ، یانیش نایەڵن لە چ جێیەکی ماوەییێك بمێنێتەوە، چونکە کرێچییەو هەژارە خانووی خۆی نییە.

و ـ دارەکی لە ڕووحی دام! واتە: زیانێکی گەورەی پێ گەیاندم و گەلێکی ئازار دام.

پێنجەم: نوکتە

ئەمانە کۆمەڵێك باس، یان حیکایەتی کورتن، شێوازێکی کۆمیدییان هەیە، مەبەستیانە واقیعێکی خراپ لە ڕوویێك لە ڕووەکانەوە زەقتر بکەنەوە، بە زۆربەی لایەنەکانی ژیاندا شۆڕبوونەتەوە، بەڵام لە زۆربەی سەردەمەکاندا و لە سەردەمی نوێش بە تایبەت نوکتەی سیاسی گرنگی تایبەتی پێدەدرێت و بەردەوام لە زۆربوون و دروست بوون دەبێت. بۆیە وەکو هەر هونەر و فۆڕمێکی دیکەی ئەدەبی پێناسەی زۆر بۆ نوکتە کراوەو لە ڕەهەندی لێکجیاوە تەماشای کراوە.. لە خوارەوە هەندێ لەو پێناسانە دەخەینە بەرچاو:

ـ له ڕووی زمانییەوە نوکتە بـە واتـای ئـەو مەسـەلە وردە دێـت، کـە لـە گۆشەنیگایەکی وردو فیکرێکی قووڵ و ئامـانجێکی دیـاریکراوەوە دروسـت دەکرێ.

ـ جان فوراستی پێـی وایـە: نوکتـە هۆکارێکـە بـۆ گـوتن و بیرکردنـەوەو تەواسوڵ، دیاردەیێکی سایکۆلۆجی و سۆسیۆلۆجییە.

سولی دەڵێت: هۆکارێکی خـەباتی کۆمەڵایەتییـە، سـەبارەت بـە هـەژارو چەوساوەکان بە گشتی و ژن و منداڵ و زەحمەتکێشانیش بـە شـێوەیێکی تایبەتی، ئامرازێکیە بۆ وەدەستخستنەوەی پێگەو نرخی تایبەتی خۆیان.

کۆنترین نوکتە

ڕۆژنامەی (لیبراسۆن)ی فرەنسی ئەنجامەکانی لێکۆلینەوەیێکی زانکـۆی (وولویرامبتــۆن)ی بریتــانیی بڵاوکردبــۆوە، کــە لــە بــارەی مێــژووی سەرهەڵدانی نوکتەوە ئەنجامدراوە، بە پێی ئەو لێکۆلینەوەیـە: نوکتـە بـۆ یەکەمجار لە لایەن فیرعەونەکانی میسر و سۆمەرییەکانی باشووری عێـراق بەرهەم هێنراوە، کۆنترین نوکتە تەمەنی (٣٩٠٠) ساڵە، ئەوەش ئـەو کاتـە دروسـتبوو، کـە سـۆمەرییەکان بـۆ گوزارشـتکردن لـەو ئازارانـەیان کـە لـە دەست ژنەکانیان تووشیان دەبوو، پەنایان بردە بەر نوکتە. دکتـۆر (بـۆل ماکدۆنالد) مامۆستای زانکۆی ناوبراو ئەوەشی گوت: نوکتە بە پێی کات و شوێنەکان گۆڕانی بەسـەردا دێت، جارێکیـان شـێوەی مەتـەڵ و جـارێکی دیکەش شێوەی گاڵتـەو گـەپ وەردەگرێت، هـەروەها ئەوەشـی زیـادکرد، کە: مەبەست لە نوکتە هەر لـەو ڕۆژەی دروسـتکراوە تـا ئـەمڕۆ گوزارشـت

کردن له بابەتـە قەدەغەکراوەکانـە، بـەڵام لـە ڕێگـەی گاڵتەوگەپـەوە، کـە بەمە نوکتە دەتوانێ باسی ئەو بابەتەش بکات و خـۆی لـە سـزای یاسـاش بدزێتەوە.

ڕووخساری نوکتە

نوکتـە بـە شـێوەیەکی گشـتی لـە چـەند فۆڕمێـك دەردەکـەوێت، لەوانـە گرنگترینیان:

١ـ لە شێوەی حەکایەتێکی کورت.. بۆ نموونە:

دوو سێ قوتابی لەگەڵ مامۆستاکەیان دەیاننووسی، کە وانەکە تەواوبوو و مامۆسـتا تەختـە ڕەشـەکەی سـڕیەوە، ئـەوانیش دەفتـەرەکانی خۆیـان سڕیەوە!!

٢ـ لە شێوەی گتوگۆییێکی کورت.. بۆ نموونە:

یەکەم: ئەرێ بە ڕای تۆ تەلەفزیۆن خەڵك ڕۆشنبیر دەکات؟!

دووەم: ئەی چۆن؟

یەکەم: بەڵگەت چییە؟

دووەم: بەڵگـەم ئەوەیـە، هـەر کاتێـك منـداڵ تەلـەفزیۆن بکەنـەوە، مـن دەچمە ژوورەکەی تر بۆ خۆم دەخوێنمەوە!!!

شەشەم: مەتەڵ

کۆمەڵێك ڕستەو پەڕەگرافی پرسـیار ئـامێزن، بـە ڕەمـز بـاس لـە شـتێك دەکەن، دواتر دەپرسـن: ئـەو شـتە چـییە؟ ئـەوەش لـە کۆنـداو ئێسـتاش

گرنگی تایبەتی هەبووەو هەیە، جاری وا هەبووە بە تایبەت لە کۆندا کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن نەبوونە، ئەو مەتەڵانە بوونەتە مایەی بەسەربردنی کات و، ئەوەی هەڵیهێنابن، ئەوا بە بیرتیژ و زیرەك ناسراوە.. لەو مەتەلانە:

أ- ئەمە چییە؟ ئەملا دیوار ئەو لا دیوار، تیایدایە سەگێکی هار؟ وەڵام: (زمان)ە کە لەنێو (دەم)دایە.

ب - بە پڕی نیوەیەو بە نیوەیی پڕە؟ وەڵام: (مانگ)ە

حەوتەم: گۆرانی

ئەمانە (شیعر)ن، لە فۆلکلۆردا پێیان دەگوترێت (گۆرانی) چونکە لە کۆندا نووسین نەبووە شاعیرەکە وەکو گۆرانی پێشکەشی کردوون، بەلام لە سەردەمی نوێ پێی دەگوترێت شیعر، چونکە شاعیر شیعرەکە دەنووسێت، لە پاشان گۆرانیبێژێك دێت شیعرەکە دەکاتە گۆرانی.

گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان بواریان زۆرەو هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆن بە گوێرەی سەردەمەکان دەگرێتەوە، دەشێت سیاسی بن، یان ئایینی، یان کۆمەلایەتی، یان وەسفی سروشت و، ...هتد.

ئەدەبیاتی هونەری بەرز

یەکەم: شیعر

یەك لە دوو شێوەکانی دەربڕینی ئەدەبییە، خەیاڵ و سۆز و بیر لە دارشتنیدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن، مێژووی سەرهەڵدانی بۆ ڕۆژگاری بەر لە نووسین دەگەڕێتەوە، ئەو ڕۆژەوەی ئادەمیزاد بیری لەوە کردەوە، گوتەو دەربڕینەکانی ڕێك و کێشراو بن، قالبدار و قیاسی بن، ئیتر لەو ڕۆژەوە شیعر پەیدا بوو، تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێ، بەشێکی گەورەی ئەدەبیاتی هەموو میللەتانی دونیا هەر بە شیعر دەنووسرێتەوە.. شیعر فۆڕم و جۆری زۆری هەیە، لە خوارەوە تیشك دەخەینە سەر هەندێکیان، لەوانەی کە لە ئەدەبیاتی کوردیدا هەن.

جۆرەکانی شیعری کوردی

لە ڕووی ڕووخسارەوە شیعری نووسراوی کوردی، ئەم جۆرانەی هەیە:

یەکەم: بەیتی یەتیم

بەیتی یەتیم، یان تاکە دێڕ، یان دێڕی موفرەد، ئەو تەنیا دێڕەیە، کە شاعیر بە تەنیا دایناوە، چ بەیتێکی دیکەی لەگەڵ نییە، لە ئەدەبیاتی کلاسیزمی کوردیدا لەم جۆرە بەیتانە زۆرن، بۆ نموونە:

- مەنزڵی مەئمەن نەماوە ئێستەکە ئەییامەکە

ڕاحەتی مومکین نییە، نەچیە مەدینە، یان مەکە... (حاجی قادری کۆیی)

ـ گەر ڕەفیقت یاری صادق بێ چ باکی ڕێگەتە

گەر کەسی بەدخوت لەگەڵدا بێ، جەهەننەم جێگەتە... (جەنەڕاڵ ئەمین فەیزی بەگ).

دووەم: دوو بەیت

بریتییە لەو شیعرەی، کە تەنیا لە دوو بەیت داڕێژراوە، واتـای تـەواویش بـە دەسـتەوە دەدات، دێـڕی یەکـەم هـەردوو نیـوە دێڕەکـانی بـە پیتێـك قافیـەدار کـراون و دێـڕی دووەمـیش نیـوەدێڕی یەکـەمی جیایـە، بـەڵام نیوەدێڕی دووەمی هەمان قافیـەی نیـوە دێڕەکـانی پێشـووی هەیـە، بابـا تاهیری هەمەدانی شیعرەکانی وەها نووسیون:

مەگەر شێر و پلنگی ئەی دل ئەی دل

بە مو دائیم بە جەنگی ئەی دل ئەی دل

ئەگەر دەستم ڕەسەد خوینت بڕیجم

بوینم تا چ ڕەنگی ئەی دل ئەی دل

شـیاوی باسـە هەنـدێ جـار بـە هەڵـە بـەم دوو بەیتیانـەی بابـا تـاهیر دەگوترێت چوارینەکانی بابا تاهیر، چونکە چوارین قافیەی لە قافیەی دوو بەیت جیایە.

سێیەم: پارچە

ئـەو شـیعرە لەسـەر قافیـەی غـەزەل و قەسـیدە دەنووسـرێت، بـەڵام ژمارەی دێڕەکانی لەوان کەمترە، لە نێـوان سـێ تـا شـەش دێـڕ دایـە، لـە

ڕووی واتاشـەوە واتـای تـەواو بـە دەسـت دەدات.. نموونـەی وەهـا لـە دیوانەکانی شیعری کلاسیزم بەرچاو دەکەون.

چوارەم: غەزەل

شیعرێکە لەسەر کێشی عەروزی دەنووسرێ و پارێزگاری لە یەك سەروا ئەکات، ژمارەی بەیتەکانی لە نێوان حەوت تا پانزە بەیتە، دەشێ یەك دوو بەیتیش لەوە زیاتر، یان کەمتر بێت. ناوەڕۆکەکەی لە بنجدا تایبەتە بە خۆشەویستی خوداو ستایشی ئایینی، بەڵام دواتر وەصفی ژن و دەربڕینی سۆزو خۆشەویستی بۆ ژن و زۆربەی بابەتەکانی پیاهەڵدان و شانازی و داشۆرین و سۆزی نیشتمانی و نەتەوەیی و هی دیکەشی پێ نووسراوە.. لەسەر ئەو بنەمایە، وایلێهاتووە غەزەل زیاتر لە جۆرێکی ببێ، لەوانە: غەزەلی ئایینی و غەزەلی عەفیف و غەزەلی ماجین و غەزەلی موزەککەڕو ...هتد. بەڵام لێرەدا دەبێ ئاگاداری دوو شت ببین.

یەك: وشەی غەزەل ڕاستە بە واتای خۆشەویستی و دڵداری دێت، بەڵام ئەم ناوە درەنگ بۆ ئەو فۆڕمە شیعرییە دانراوە، واتە مێژووی ناوەکە زۆر تازەترە لە مێژووی بەرهەمهێنانی شیعرەکە لە لای ئادەمیزاد.

دوو: کە غەزەل بۆ ناوی ئەمجۆرە شیعرە دادەنێین، ئەمە تەنیا بۆ پۆلێنکردنە، وەکو زاراوە بەکاری دێنین و چ پەیوەندییەکی بە واتا وشەییەکەی ناهێڵین، کە وەکو گوتمان خۆشەویستی و دڵدارییە، بەڵام ئاساییە چەند جۆرێکی غەزەل بۆ ژن و بۆ مەبەستی خۆشەویستی ژن و دڵداری بنووسرێت.

کەواتــە غــەزەل وەکــو بابــەت: جۆرێکــە لــە جۆرەکــانی شــیعری گــۆرانی (غنــائی)، وێنــەی لایــەنی ســۆزی مرۆیــی بەرجەســتە دەکــات، بــە خۆشەویستیدا هەڵدەدات، جا ئەو خۆشەویستییە خودایی بێ، یان مرۆیی. بەڵام غەزەل وەکو نـاوی هونـەرێك لـە هونـەرەکانی نووسـین: بریتییـە لـە قـالبێکی دیـاریکراوی شـیعر، لـە کوردیـدا بـە کـێش و سـەروای یـەکگرتوو دەنووسرێت.

ئـەم هونــەرە وەکـو فـۆڕمێکی تـری نووسـین، لـە لای عەرەبـەکان لـە سەردەمی جاهیلیـدا سـەریهەڵداوە، عەنتـەرەی کـوڕی شـەداد و عـوڕوەی کوڕی حەزام لە دیارترین شاعیرانی غەزەلیاتی عەرەبی جاهیلی بوون.. لە لای فارسەکانیش لە سەدەی شەشی هیجری لەسـەر دەسـتی (ئەبولمەجـد مەجدود ئیبنو ئادەم)ی ناسراو بە (سەنائی) سەریهەڵدا، کە ئەو قۆناغە لە ئەدەبی فارسـی بـە قۆنـاغی شـیعری پیاهەڵـدان دەناسـرێت، لـە ئـەدەبی کوردیشدا لە سـەدەی دەی هیجـری لەسـەر دەسـتی مـەلای جزیـری دێتـە داهێنان.. وەکو گوتمان غەزەل زیاتر لە جۆرێکی هەیە، هەندێ لەمانە:

أ ـ غەزەلی ئایینی

ئەو غەزەلەیە کە بۆ ستایشی خواو پیشـاندانی دەسـەڵات و گـەورەیی و سـیفاتە جوانــەکانی خــودا و کــەس و شــتە خۆشەویســتەکانی خــوداو ئایینەکەی دەنووسرێ، بە گوێرەی قسـەی لێکۆڵـەران لـە بـواری ئەدەبـدا لەوەتــەی ئــادەمیزاد هەیــە، حــەفتا لــە ســەدی بەرهەمــە فیکــری و ئەدەبییەکانی بۆ ئەم بوارەی خوداناسییە، ئەوەی تری سـەدا بیسـتی بـۆ خۆشەویستی ژن و ئینجا ئەوەکەی تریش بۆ پرسە هەنووکەییـەکانی هـەر

کۆمەڵ و نەتەوەو کێشە مرۆییەکانی دیکە دەنووسرێت، ئەمە چونکە ئادەمیزاد کە بە ئەقڵ بیردەکاتەوە، هەمیشە خوداو بەندایەتیکردنی باش و بەهەشت و پاداشتەگەورەکانی خودای بیردێتەوە، کە بە سۆزیش ڕۆدەچێ، بیر لە هاوسەری ژیانی دەکاتەوە، ئیتر بەم شێوەیە زۆربەی ئەدەب بۆ یەکەم و لەو کەمتر بۆ دووەم و لەویش زۆر کەمتر بۆ شتە هەنووکەییەکان دەنووسرێت.

لە ئەدەبی کوردیدا وەکو ئەدەبی زۆربەی میللەتانی تر غەزەلی ئایینی زۆر جوان هەیەو گوزارشت لە بڕوای ڕاستەقینەو دڵسۆزی خاوەنەکانیان دەکەن بۆ خودای خۆیان و بۆ ئایین و پێغەمبەرەکەیان.. حاجی قادری کۆیی دەڵێت:

مەعلومە بۆچی حاجی مەدحت دەکا بە کوردی

تا کەس نەڵێ بە کوردی نەکراوە مەتحی باری

ب ـ غەزەلی دڵداری

جۆرێکی غەزەلە، بۆ ئافرەت و خۆشەویستی ئافرەت دەنووسرێت، شێوازی دەربڕینی لە وەسفدا جۆراو جۆرە، هەر یەکەو بە شێوەیێك باس لە دولبەرەکەی دەکات.. نالی دەڵێت:

پێم دەڵێن مەحبوبە خێل و خیچە مەیلی شەڕ دەکا

خێل و خیچە یان تەرازووی نازی نەختێ سەر ئەکا

پێنجەم: قەسیدە

شیعرێکی درێژە لەسەر کێشی عەروزی دەنووسرێت، ژمارەی بەیتەکانی لە پانزەو بەرەو سەروو دایە، بابەتەکانی زۆرجار لە بابەتی غەزەل جیایە، بۆ ئایین و بۆ مەسەلە گرنگەکان دەنووسرێت.. لە گرنگترینی قەسیدەکانی شیعری کلاسیزمی کوردی، قەسیدەی (ئەلا ئەی نەفسی بوم ئاسا)ی (نالی) شاعیر و قەسیدەی (گوتم بە بەختی خەوالوو)ی (حاجی قادری کۆیی) و زۆرێکی دیکەی شیعری کلاسیزمە.

شەشەم: مەسنەوی

هۆنراوەییێکی درێژە، پارێزگاری لە یەك سەروایی (یەك قافیە)یی ناکات و هەر بەیتێکی قافیەییێکی سەربەخۆی هەیە، واتە: هەردوو نیوە دێڕەکانی هەر دێڕێکی یەك قافیەیان هەیە.

ئەم فۆڕمە لەبەر ئەوەی ئازادی زۆر دەدات بە شاعیر بۆ ئەوەی بە ئاسانی بەرهەمەکەی چەندی بیەوێت درێژبکاتەوە، لە بنجدا داستانی پێ نووسراوەتەوە، وەکو داستانەکانی (مەم و زین) و (دمدمنامە) و (یوسف و زولێخا) و ئەمانە، بەڵام دواتر حاجی قادری کۆیی، بۆ زۆرێکی غەزەل و قەسیدەکانی خۆی هاتە سەر ئەم سیستمی قافیەی گۆڕاوە.. لە داستانی (دمدمنامە)دا هاتووە:

- محەمەد وتەی بێ درۆ و هەقە

درۆزن گەلی کافری سەر ڕەقە

خوداوەند دەیدایە پایەو مەقام

دەگەڵ وی دووا شەو بە شیرین کەلام

ئەوی کردە سەرداری پێغەمبەران

لە بۆ وی نەرم بوو سەری سەروەران

لە تۆ بی هەموو دەم سەلات و سەلام

لە لایەن خودا ئەی نەبی وەسسەلام... داستانی (دمدمنامە)

دەبینین هەر دێڕێکی ئەم پارچە داستانەی سەروو، قافیەیێکی تایبەتی هەیەو دێڕەکەی دواتر قافیەی گۆڕیوە.

حەوتەم: چوارین

ئەو هۆنراوەیە، کە لە چوار لەتە دێڕی شیعر پێك دێت، لەتی یەکەم و دووەم و سێیەمی بە زۆری یەك قافیەیان هەیەو لەتی چوارەمیش قافیەی لەوانەی پێشوو جودا دەبێتەوە، بۆ نموونە:

- ڕۆڵەکەم ژیر و وشیار بە

خوێندەوار و هونەرکار بە

هەردەم بۆ چاکە تەیار بە

هەر ئەوەت باشەو بەسوود... مەلا عەبدی

هەشتەم: چوارخشتەکی

ئەو هۆنراوە درێژەیە، کە لە ژمارەیەك چوارینی بە دوای یەکدا هاتوو پێك دێت، هەر چوارینەی لە ڕووی واتاوە تەواوکەری واتای دێڕەکەی پێشە خۆیەتی.. بۆ نموونە:

- ئەی عێراقی بێکەس و دڵ پڕ لە ئێش و دەردو غەم
وەی ئەسیری حەربی ناڕێکی لە مەیدانی بە تەم
حەیفە پاشی تۆ بمێنن کوردەکانی بێ حەشەم
چوو لە دەستیان مەعدەنی عیززو شەڕەف بەینەلکەڕەم
تا لە چوارینی حەفتەم و کۆتاییدا دەڵێت:
- چاکە فکرێکەن لە ئیستیقبالی خۆ زوو چارەکەن
تەرکی وەحشەت کەن سیلاحی یەکدی کوشتن پارە کەن
ڕوو لە پەیداکردنی ئالاتی وەك تەییارە کەن
تاوەکو دەشتی نەبێ مەشغولی قال و قیلی خەم... (دەشتی).

نۆیەم: پێنجین

فۆڕمێکی شیعری کلاسیزمی باوە، تەنیا لە نێو ئەدەبی نەتەوە موسڵمانەکاندا نەماوەتەوە، بەڵکو چووەتە ناو ئەدەبی نەتەوە ناموسڵمانەکانیش لەو دیو قەفقاس، بریتییە لە پارچە شیعرێك لەسەر کێشی عەرووزی دەبێت و بەسەر چەند بەندێك یان برگەییێك (کۆپلەیەك) دابەشکراوە، هەر بەندی بریتییە لە پێنج نیوە دێڕ شیعر، هەموو نیوە دێڕەکان لە بەندی یەکەمدا لەسەر یەك قافییە دەبن، کە ئەمە قافیەی نیوە دێڕی یەکەمی دێڕە شیعرەکەیە، نیوەدێڕی پێنجەمیش لە هەموو بەندەکاندا لەسەر قافیەی بەندی یەکەم دەبێ، بەم جۆرە: أ أ أ أ.. ب ب ب أ.. ت ت ت أ..هتد.

پێـنجین) وەکـو فـۆڕمێکی نـویٚ لای شـاعیرانی موکریـان هاتـە نێـو شـیعری کـوردی و لـە شـیعرەکانی (ئـەدەب ـ میصـباح الـدیوان ـ) و (ئەدیب) و..هتد سەریهەڵدا.

یەك لـە (پێـنجین)ە هـەر گرنگـەکانی (ئـەدەب) (دووی شـەو شـەوی شەنبە)یە، لەو شیعرەدا دەڵێت:

دوی شەو شەوی شەنبە کە لە شەمع و مەوا ئەختەر
ئاراستە بوو سەتحی سەرا پەردەی ئەخزەڕ
من بەندە لە کاشانەیی تاریك و موحەققەر
دوو دیدەیی عیبرەت بە براو سەقفی موجەددەر
گەه غەرقی خەیالات و گەهی والەو موزتەڕ

دەیەم: پێنجخشتەکی

بریتییە لەو شیعرەی لە چەند کۆپلەیەکی پێنج نیـوەدێڕی پێکـدێت، بناغەی هەریەکە لەو (پێنجخشـتەکی)یانە دێـڕە شـیعرێکی شـاعیرێکی ترە، دەشێت کوردی بێت، هـەروەها دەشـێت عـەرەبی یـان فارسـی و تـــورکیش بێـــت، چـــونکە شـــاعیرانی کلاســـیزم زۆرجـــار هاتوونـــە هۆنراوەیەکی شاعیرێکیان وەرگرتووە، کە زۆر پێـی کـارتێکراو بوونـەو هەر دێڕێکی هۆنراوەکەیان کردۆتـە بناغـە بـۆ (پێنجخشـتەکی)یەکیان، وەکو (مەلای جزیری) لە شیعری (من دبەر ـ قالوا بلی ـ) هۆنراوەیـەکی (جەلالـەدین) نـاوێکی هێنـاوە، لەسـەر بنـەمای ئـەو پێنجخشـتەکیەکی دروستکردووە، بۆ ئەم بارەش لە ئەدەبی کوردیـدا زاراوەو ڕسـتەیەکی

تایبــەت بــەکار دەهێنرێــت، بــۆ نموونــە دەگوترێــت: پێنجخشــتەکی (جزیری) لەســەر شــیعری (جەلالــەدین).. ئەمــە ئــەوە دەگــەیەنێت، کــە وەکـــو گوتمـــان: (مـــەلای جزیـــری) شـــیعرێکی (جەلالـــەدین)ی دەستنیشانکردووەو هاتووە لەسەر بنەمای ئەو (پێنجخشتەکی)یەکی نووســیوە، واتــە (جزیــری) شــیعرەکەی (جەلالــەدین)ی (تــەخمیس) کردووە، بەم جۆرە.. پێنجخشتەکی: ئەو شیعرەیە کـە دوو شـاعیر لـە دانانی بەشدارن:

لە یەك لە (پێنجخشتەکی)یەکانیدا (مەلای جزیری) دەڵێت:

نا ئێتن گوتن ب قال، شەرح و بەیانا حوسنێ تو

دێ ب حال و سر بناسین دل فەسانا حوسنێ تو

خوەش مەلا ئامانجێ تیران کر کەمانا حوسنێ تو

قسەیی عیشق جلال و داستان حوسن تو

تلك أنباء يقول الناس منا بعد حين.

لەم پێنجخشــتەکییەدا ســێ نیــوە دێڕەکــەی یەکــەم هــی (جزیــری) و دوو نیــوە دێڕەکــەی چــوارەم و پێنجــەم هــی (جەلالــەدین)ن، بەمــەش (پێنجخشتەکی)یەکە هۆنراوەتەوە.

کەواتە: (پێنجخشتەکی) ئەو شیعرە تێکەڵەیە، کـە هـەر کۆپلەیـەکی ســێ نیــوە دێــڕی یەکــەمی هــی شــاعیرە تازەکــەو دوو نیــوە دێــڕی کۆتاییشــی هــی شــاعیرێکە، کــە شــاعیرە تازەکــە وەریگرتــووە، بــەڵام (پێنجین) ئەو شیعرەیە، کـە لـە چـەند کۆپلەیـەکی پێـنج نیـوە دێـڕی

پێکدێت، بەڵام هەر پێنج نیوەدێڕەکان هی خودی شاعیرەکە خۆینەو هیچی لە کەس وەرنەگرتووە.

یازدە: شیعری خۆماڵی

بریتییە لەوجۆرە شیعرییە ستوونییەی، لەسەر کێشی پەنجە دەنووسرێت و پارێزگاری لە سەروا دەکات، کێشەکەی بە زۆری (١٠) برگەیی و (٨) برگەیی و (٧) برگەیی و (٥) برگەیی و هی دیکەیە، (سەروا)کەشی بە زۆری سەروای گۆڕدراوە (سەروای مەسنەوی).

دیارە ئەمەش نوێیەکی کۆنە، (نویێ)یە لەبەرئەوەی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، گوزارشت لە واقیع و پێویستی و هەر شتێکی دیکەی نوێ دەکات، (کۆن)یشە لەبەر ئەوەی ئەو فۆڕمە چ (کێش) و چ (سەروا)کەشی هی فۆلکلۆرە، کلتورێکی گەورەی شیعری فۆلکلۆر و میللی هەر لە زووەوە پێ نووسراوەتەوە، بەڵام دوای ئەوەی بۆ سێ چوار سەدە شوعەرای کورد چوونە نێو سیستمی عەروزی و فۆڕمە کلاسیکەکانی (غەزەل) و (قەسیدە)و (داستان)یان لەسەر کێشی بەحرە عەروزیەکان نووسیەوە، ئیتر وازیان لەو کێشی پەنجەیە هێنا، بەڵام دوای نوێبوونەوەی ئەدەبی کوردی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، شاعیرانی نوێی کورد دیسان گەڕانەوە سەر ئەو کێشە کۆنەی فۆلکلۆر و بەشێکی گرنگی شیعرە نوێکانیان پێ نووسیەوە.

کێشی پەنجە یان کێشی (سیلاب)، لە ڕاستیدا کێشی فۆلکلۆرە، واتا کێشی شیعری کۆنی تەواوی میللەتە کۆن و خاوەن فۆلکلۆرەکانە، بە

تـەنیا مـوڵکی چ تاکـە نەتەوەیـەك نییـە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەموو نەتەویەکیش سوودی لێ وەرگرتـووە، کـوردیش یەکێکـە لـەو میللەتانـەی بەشێکی گەورەی شیعری خۆی چ لە فۆلکلۆر و چ لە میللی و چ لە قۆناغی نوێشدا پێ نووسیوەتەوە. ئەمەی خوارەوە چەند نموونەیەکە لـە شـیعری خۆماڵی:

١ـ کێشی (١٠) برگەیی:

ـ ئەڵڵاهو ئەکبەر مەلا بانگدانە   تاریك و لێڵی بەری بەیانە
مانگی بەجێماو لە سەفەری شەو   زەردە لە ترسی قاسپە قاسپی کەو
ئەستێرەی مەغریب وەك قەترەی ئەمەل   کز کز ئەتکێتـە نـاو بـەفری سەر کەل... گۆران.

٢ـ کێشی (٨) برگەیی:

ـ لە ژێر زەردەی خۆرەتاودا   بەناو چیمەنی گوێ ئاودا
چەن بە ئاهەنگ چەن سیحراوی   ئەگەڕێ قاز، یان مراوی
یا کەو لەسەر بەفری نزار   بۆ لوتکەی هەزار بە هەزار... گۆران.

٣ـ کێشی (٧) برگەیی:

ـ کەوی جوانی کوردستان   نازدارەکەی هەموومان
خرپنی خال و مل ڕەش   دەنووکی سوورو چاوگەش
ئالودەی چیای کوردستان   بێشەڵان و کوێستان... نوری وەشتی.

٤ـ کێشی (٦) برگەیی:

ـ ژان چییەو زیان چی   بەزەیی و ویجدان چی
ئەوەندە ئەزانم   دوژمنی ئینسانم

درەنگ زوو ڕۆژێك دێ   کام ئینسان لە کام جێ
قۆندەرەی بمگاتێ   حەقی خۆم ئەداتێ... گۆران.

٥- کێشی (٥) برگەیی:
- ئەم نیشتوومانە   هی هەموومانە
مالّا پیرۆزی   یەك بە یەکمانە
دەبێتن ئێمەش   زۆرمان خۆش بووێ
خزمەتی بکەین   بە ڕۆژ و شەوێ... ئیدریس عەبدوللّا.

دووەم: پەخشان

پەخشان یەکێکە لە دوو شێوەکانی نووسین، ئاسان نییە بە شێوەیەکی بێگومان ئەوەمان بۆ ڕوونبێتەوە، کە ئایا سەرەتا پەنا بۆ ئەم براوە یان بۆ شیعر، بۆیە نووسەرانیش لەم ڕووەوە ڕای جیاوازیان هەیە، لەوانە:

- دەستەیەك پێیان وایە شیعر پێش پەخشان پەنای بۆ براوە.. ئەمانەی ئەو ڕایە دەردەبڕن، پاساویان ئەوەیە، کە (ئەدەبی هۆنراوە لە ویژدانەوە سەرهەلّئەدات، هی پەخشان لە ئەقلّەوە پەیدا ئەبێ، ویژدانیش لە پێش ژیرییەوە پەیدا بووەو ئەبێ، چونکە ئادەمیزاد لە پێشا هەست بە ویژدان ئەکا، پاشان بیرو هۆشی بۆ دروست ئەبێ و، لەسەر ئەم بناغەیە هۆشی ئەخاتە کار، لەسەر ئەمە ئەبێ لە پێشدا هۆنراو بووبێت، پاشان پەخشان هاتبێتە ئاراوە).

ـ هەرچی دەستەی دووەمە، ئەمانە پێیان وایە پەخشان بەر لە شیعر پەنای بۆ براوە، هەروەکو خاوەنی (**نظرية الأنواع الأدبية**) دەڵێت: (بە پێچەوانەی ئەوەی خەڵکی وا گومان ئەبەن، کە شیعر بەر لە پەخشان گەشەی کردبێت، ڕای دروستتر ئەوەیە، کە پەخشان بە قەد کۆنی جیهان کۆنە.

بەشەکانی پەخشان

پەخشان دوو بەشی سەرەکیی هەیە، ئەوانیش:

١ـ پەخشانی زانستی:

پەخشانی زانستی ئەو پەخشانەیە، کە زانستە جۆراوجۆرەکانی وەکو: کیمیا، فیزیا، ماتماتیك، زمان، پڕنسیپەکانی ئایین، یاسا، مێژوو، جوگرافیا، دەروونناسی، کۆمەڵناسی، ڕۆژنامەگەری، ئەندازە، کشتوکاڵ و...هتدی پێدەنووسرێت.

گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەمجۆرە پەخشانە:

١ـ ڕەگەزەکانی سۆز و خەیاڵ لە دارشتنیدا ڕۆڵ نابینن.

٢ـ بە زمانێك دەنووسرێت دوورە لەوەی خوێندنەوەی جیا هەڵبگرێت و، بە شێوەیەکی گشتی سەرکەوتنی نووسەرەکەی لەوەدایە، کە باسەکەی یەکجۆر واتا هەڵبگرێت.

٣ـ كـورتی و درێـژی ئـەمجۆرە پەخشـانە بەسـتراوەتەوە بـە كـورتی و درێژی بابەتەكانی، نووسەر تیایدا ئەو ئازادییەی نییە خەیاڵبازی بكـات و، شتی لابەلای تێكەڵ بكات، یان شتانێكی لیٚ كەم بكاتـەوە، كـە وا بزانێـت بابەتەكـەی بـەوە كاریگـەری زیـاتری دەبێـت، وەك چـۆن پەخشاننوسـی ئەدەبی بە گوێرەی خەیاڵ و تواناو سەلیقەی خـۆی سـڵ لـەوە ناكاتـەوە، یان بە واتایەكی تر دەتوانین بڵێین: لە پەخشانی زانستیدا بابەتەكە خـۆی خۆی فەرز دەكات و، ڕۆڵی نووسەرەكەی زۆر تێدا دەرناكـەوێت، بـەڵام لـە پەخشانی ئەدەبیدا داهێنراوی بیری نووسەرەكە سنور بۆ درێژی و كـورتی و شێوە دارشتنە پڕ سۆزو خەیاڵ و كاریگەریەكەی دەستنیشان دەكات.

٤ـ زمانی پەخشانی زانستی مەرج نییـە، سـەرجەم وشـەكانی نەتـەوەیی پـەتی بـن، چـونكە جـۆری بابـەت، یـان زانسـتەكە نووسـەرەكەی ناچـار دەكات، وشـەی دیكـەی بێگانـە بخاتـە نێـو بابەتەكـەی، ئـەوەش چـونكە زۆربەی زانستەكان لە دۆزینەوەی میللەتانی ترن، بۆیـە زاراوەی پێویسـت بۆ ئەو زانستەیان بە زمانی خۆیان داناوە، جـا كاتێـك نووسـەری زمـانێكی تر دەیەوێت، ئەو زانستە نوێیە بخاتە خزمەت میللەتەكەی خـۆی، ناچـارە بە هەمان ئەو زاراوانەی زمانی زانستەكە، زانستەكە بگوازتەوە سەر زمانی میللەتەكەی خـۆی، نموونـەی ئـەوەش زاراوەكـانی پزیشـكییە، كـە وەكـو دەبینین زۆربەی زاراوەو ناوی نەخۆشی و ناوی دەرمانـەكانی ئینگلیزییـە، وەكـو وشـەكانی: (پاڕاسـیتۆل ـ نۆڤـاڵجین ـ فلـۆ ئـاوت ـ ئەمپیسـیلین) و، دەیان و سـەدان وشـەی تـر، كـە ڕۆژانـە قوتابیـانی خوێنـدنی پزیشـكی و نەخۆشەكان دەیبیسن.. هەروەها زاراوە ئایینیەكانە، وەكـو زاراوەكـانی :

(زەکات ـ حەج ـ دەعوە ـ جیهاد ـ عەبد ـ ڕەحم ـ صەبر ـ شیقاق ـ جەهەننەم ـ جەننەت) و...هتد.

لەبەر هەموو ئەوەش پەخشانی زانستی بە ئەدەب دانانرێت، بۆیە ئێمەش لەم کورتە باسەماندا بە تەنیا تیشك دەخەینە سەر پەخشانی ئەدەبی.

٢ـ پەخشانی ئەدەبی:

ئەو پەخشانەیە کە بە شێوەیەکی ئەدەبی بەرز و، بە داهێنانی گەروە دەنووسرێت، فۆڕمی جۆراو جۆری هەیە.

گرنگترین تایبەتمەندییەکانی پەخشانی ئەدەبی:

١ـ وشەکانی ناسك و سەرنجڕاکێشن.

٢ـ نووسەر دەوری سەرەکی دەبینێت لە بەهێزو کاریگەر دارشتنی بابەتەکەی.

٣ـ زمانی نووسینی زمانێکی نەتەوەیی پەتییەو، پاکە لە وشەی بێگانە.

٤ـ ڕەگەزەکانی خەیاڵ و سۆز دەوری سەرەکی دەبینن، لە دارشتنیدا.

٥ـ ڕەمز تێیدا بە گوێرەی پێویست و توانای نووسەرەکە بەکاردەهێنرێت.

ـ جۆرەکانی پەخشانی ئەدەبی:

پەخشانی ئەدەبی گەلێ فۆڕمی جۆراوجۆری هەیە، لەوانە هەیانە زۆر کۆنن و، هەشیانە نوێ و نوێترن، لە خوارەوە تیشك دەخەینە سەر گرنگترینیان، کە بریتینە لە:

١ـ وتار:

وتار: پارچەیەك پەخشانی ئەدەبییە، بابەتێکی تایبەتی نووسەرەکەی چارەسەر دەکات، لەوەی کە ئەنجامی داوە، یان هاتۆتە بیری، یان وای بۆچووە، یان دایهێناوە.

ناونیشانی وتار دەبێت سەرنجڕاکێش بێت، ڕەگەزەکانیشی بریتینە لە: پێشەکییەك وەك ڕێگەخۆشکردن بۆ چوونە ناو باسەکە، ئینجا وردە وردە بیرەکە دەخرێتە ڕوو، تا لە کۆتاییدا ئەوەی نووسەر مەبەستیەتی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ دەیگەیێنێتە بیری خوێنەر.

یەکەم داهێنەری ئەم فۆڕمە (مۆنتیبی)ی ئەدیبی فڕەنسییە، لە کۆتاییەکانی سەدەی شازدە، کە ئەو وەکو تەنیا هەوڵێك ئەمەی کرد، بەڵام بە زوویی لە لایەن نووسەران قۆزترایەوە، بە فراوانی بابەتەکانیان پێ نووسی، ئەوەی زیاتریش یارمەتی فراوانبوونی دا، ڕۆژنامە بوو، کە لە ئەدەبی کوردیشمان، یەکەم وتاری هونەری لە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (کوردستان)ی (میقداد مەدحەت بەدرخان) لە ساڵی ١٨٩٨ نووسرا.

٢ـ چیرۆك:

لـه ڕووی ناواخنـەوە دوو جـۆر چـیرۆك هەیـە، ئـەوانیش (چـیرۆکی واقیعـی و، چـیرۆکی خەیاڵی)نـە، لـە (چـیرۆکی واقیعـی) دا: (هـەموو ڕووداوێکـی ژیـانی کۆمەڵایـەتی دەشـێت ببێتـە بابـەتێکی ئـەمجۆرە چیرۆکە).

بـەڵام هەرچـی (چـیرۆکی خەیاڵی)یـە، ئـەوا: ڕووداوەکـانی ئـەمجۆرە چـیرۆکە لـە سـەربردەکانی سـەرووی توانـای مـرۆڤ (خوارق)ەکـان وەردەگیرێت، لەوانەی کەوا خەڵکان حەز دەکەن، بۆ پاڵەوانەکانیان لە خەیاڵی خۆیاندا دروستی بکەن. لێرەدا هیچ ڕاستییەك نییـە لـە نێـوان واقیعی پاڵەوان و، ئەو وێنەیەی چیرۆکەکە بۆی دەکێشێت).

ـ جۆرەکانی چیرۆك لە ڕووی فۆڕمەوە

لە ڕووی فۆڕمەوەش چیرۆك چەند جۆرێکە، لەوانە:

أ ـ چیرۆکی درێژ (نۆڤلێت)

ئەمـە فـۆڕمێکی هونـەری چـیرۆکە، لـە ڕۆمـان کـورتترەو لـە کورتـە چیرۆك درێژترە، دەشێت لاپەڕەکانی لە نێوان پـازدە یـان بیسـت سـی لاپەڕەیەك دابن، کەسایەتی و ڕووداوەکانی لە هی کورتە چیرۆك زۆرتـر و، لە هی ڕۆمـانیش کـەمترە، بۆیـە بـە لای هەنـدێ کەسـەوە ئەمـە بـە (کورتە ڕۆمان)یش ناوزەد دەکرێـت، بـەڵام هەنـدێك پێیـان وایـە لەبـەر کەمی ڕووداو و پاڵەوانەکانی، چـیرۆك چـەندەی درێـژیش بێـت، نـە بـە ڕۆمان و نە بە کورتە ڕۆمانیش دانانرێت.

ب ـ کورته چیرۆك

فـۆڕمێکی هونــەری هاوچــەرخە، لەگــەڵ ســەدەی ڕۆژنامەگــەری و خێرایی و مەیلکردن بەلای وردبوونــەوە لـە شـتەکان دەگونجێـت، یـەك ڕووداو لەخۆ دەگرێت، کەسـێتیەکانی لـە سـێ یـان چـوار تێناپـەڕن و، هەندێجاریش تەنیا یەك کەسە.

لە ڕاستیشدا هۆی سەرهەڵدانی بـۆ تێڕوانینــی نـوێ دەگەڕێتــەوە بـۆ کات، کە بە لای خەڵکانی نوێوە کات زۆر گرنگەو، مرۆڤی شار لە سـای تەکنــەلۆژیاو کـاری دینامیکیانــەی بــەردەوام، ئــەو کاتــەی نییــە وەکـو جاران چەند شەوو ڕۆژێك تەرخان بکات، بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانێك یـان داســتانێکی درێـژ، بــەڵکو ئێســتاکە کـاتی مرۆڤــەکان لەوانەیــە تــەنیا ئەوەندە بێت، کە لە ماڵ تا دەگەنە شوێنی کارکردنیان و، بیانەوێت لە نێو پاس یان میترۆ سوود لە خوێندنەوەی بەرهەمێك وەربگرن، کە ئەو ماوەیەش زۆر کورتە، بۆیە لێرەدا کورتە چیرۆك خۆی فەرز کرد، کە بە فراوانی بێتە مەیدان.

د ـ کورتیلە چیرۆك

فـۆڕمێکی دیکـەی هونـەری چـیرۆکە، لـە ڕووی دارشـتن کـورتترە لـە کورتە چیرۆك.

٣ـ ڕۆمان

ئەمە کۆنترینیانە، ڕۆژگاری سەرهەڵدانی بـۆ سـەردەمی سـەرهەڵدانی ڕۆمانسـیەت دەگەڕێتــەوە، دوای شۆڕشــی فڕەنســی و کودەتــاکردن

بەسەر ڕژێمی پاشایی ئەوروپی، ئیتر بووە ژانرێکی هونەری نوێی چیرۆکی درێژو، بووە جێگرەوەی داستان.

ڕۆمان بە شێوەیەکی گشتی: هونەری گێڕانەوەی زیرەکانەیە، نە وەکو شیعر چڕەو، نە یەکیەتی بابەت و جەختکردنەوە لەسەریشی وەکو هی شانۆگەری وایە.. سەبارەت بە ڕووداویش، ڕۆمان ڕووداوی زۆرو جۆراوجۆر لە خۆی دەگرێت، کە لە نێوانیان پەیوەندیەکی ڕوون، یان نادیار هەیە، کەسێتیەکی سەرەکی و چەندین کەسێتی لاوەکیی هەیە، یانیش دەشێت چەندین پاڵەوانی هەبێت، بەڵکو دەشێت وێنەی شەقامێکمان بە هەموو کەسایەتی و ڕووداوو سەرەنجامەکانی بۆ بکێشێت، بەڵام هەرچەندەی ڕووداوو کەسێتیەکانیش زۆر بن، دەبێت هەر ئەو توانایەی بمێنێت، کە بتوانێت مانایەکی گشتی بدات بە دەستەوە، کە خوێنەر بە لێوردبوونەوەی، بتوانێت دەرك بەو واتا گشتیەی بکات.

٤ـ کورتیلە پەخشان

پارچە سۆزێکی تایبەتە زیاتر لە بۆنەکان دەنووسرێت، جارانی تریش دەشێت بە هەر هۆیەك بۆ کەسی خۆشەویست بنووسرێت، جا کەسەکە کەسێکی تایبەت بێت وەك دولبەر، یان دایك، یان دۆستێکی ئازیز، یانیش کەسایەتیەکی مەعنەوی بێت وەکو حزب یان وڵات یان دەوڵەت یان هەرشتێکی تری هاوشێوە، لێرەدا بابەتەکە هەمووی سۆز ئامێزەو خەیاڵیش دەوری باڵا لە دارشتنی دەبینێت.

له ڕووی دارشتنەوە کورتەو، له ڕووی وشەکانیش ناسک و، لـه ڕووی کاریگەریشی سەرنجڕاکێشه.

٥ـ نامه

بریتییه له نامەی کەسی که یـەکێك بـۆ ئـەوی تـری دەنووسـێت، لـه کۆنـەوە لای پاشـاو مـیرو میرزاکـان پـەنای بـۆ بـراوه، لـه دارشـتنی هونـــەرکاری زۆر دەکرێـــت، وشـــەی ئـــەدەبی جـــوان و کاریگـــەرو سەرنجڕاکێش بەکاردەهێنرێت، لەگەڵ فراوانبوونی خوێندن و زۆربوونی خوێندەوارانیش دیاره فراوانتر له جاران پـەنای بـۆ دەبرێـت، بۆیـه لـه هەموو وڵات و شارو شارۆچکەکان فەرمانگەی پۆسـت دانـراوه، کـه بـه داخـەوه لـه وڵاتـی ئێمـەدا تـا ئێسـتا خزمـەتگوزاری ئـەو بـواره وەکـو پێویست نییه.

٦ـ ژیاننامه

ژیاننامه وەرگێڕانی ژیانی مرۆڤێکه له میانەی خستنەڕووی وێنەیەکی ڕاســتگۆو پڕشــنگداری ژیــانی خــۆی. بــەڵام دەشــێت چــۆنیەتی خستنەڕووی ژیانەکه له لایەن خاوەنەکەی لای هەموو نووسەرێك وەکو یەك نەبێتن بۆ نموونه هەیه به شێوازێکی نزیـك لـه ڕۆمـانێکی هونـەری دەیخاته ڕوو و، لایەنی ئەدەبی بەسەردا زاڵه، نموونەی ئەمه (چێشـتی مجێـور)ی (هــەژاری موکریانی)یـه.. جـاری واش هەیـه بیرەوەریـەکان زیــاتر لایــەنی خســتنەڕووی بــاره سیاســی تێداژیاوەکــەی نووســەر

بەرجەستە دەکەن، نموونەی ئەوەش (گەشتی ژیانم)ی (مەسعود محەمەد)ەو، بەم شێوەیە.

٧ـ شانۆگەری

بریتییە لە: هونەری دووبارە دارشتنەوەی ڕووداوەکانی چیرۆك و، ڕێکخستنەوەیان کردنیان بە وتووێژ (حوار) بۆ ئەوەی لەگەڵ شانۆدا بگونجێت و، بە ئاسانی بنوێنرێت.دیارە شانۆگەریش جۆری زۆری هەیە، لەوانە:

أـ شانۆگەری ئاسایی: ئەو شانۆگەرییەیە، کە ڕووداوەکانی بە زمانی وشە دەنوێنرێن، کورتترین ماوەی سێ چارەگەو، دەکرێت تا دوو کاتژمێریش درێژ ببێتەوە.

ئەمجۆرەیان دەشێت لە پەردەیەکدا بێت، یانیش دەشێ لە چەندین پەردە ئینجا تەواو ببێت.

ب شانۆگەری بێدەنگ: ئەمە بەبێ بەکارهێنانی زمانی وشەو، بە هۆی زمانی هێماوە دەنوێنرێت، زۆرجار ئەمجۆرەیان (مۆنۆ دراما)شی پێدەگوترێت، چونکە تەنیا یەك کەس دەینوێنێت و، لێرەدا دەبێت توانای ئەکتەرەکە زۆر گەورە بێت، چونکە سەرجەم بیرۆکەکان بە ڕەمز گوزارشت دەکات، هەروەها دیکۆریش لێرە گرنگی خۆی هەیەو، دەبێتە یاریدەدەرێکی باشی ئەکتەر بۆ سەرکەوتنی کارەکەی.

٨ـ خوتبه

هونەرێکی قسەیی کاریگەرو گرنگـە، بۆ پەیوەنـدیکردن بـە جـەماوەرو، کارتێکردنیان، ئەمـەش لـە پێنـاو ڕازیکردنیـان بـەو مەبەسـتانەی، کەسـی خوتبەدەر هەڵیاندەگرێت، ئەرسـتۆ دەڵێـت: بریتییـە لـە دۆزینـەوەی ئـەو ڕێگەچارانەی لە تواناداو بۆ ڕازیکردنی بەرامبەر لە هەر چ بابەتێکدا بێت.

ئەمە وەکو هونەرو سنعەتێك لە دایکبووی دورگەی (صـەقەلیە)یە لـە سەدەی پێنجی پێش زایین، کە ئەو کاتە، ئـەو دورگەیـە بەشـێکی ئـەو وڵاتە بووە، کـە بـە (وڵاتـی یۆنـانی گـەورە) نـاوبراوە.. وەکـو دەڵـێن: ئەرسـتۆ لـە کتێبێکـی ون بـووی خۆیـدا بـەم شـێوەیە لـە بـارەی سـەرهەڵدانی خوتبـە دواوە: دوای دەرکردنـی داگیرکـەران لـە سـاڵی ٤٦٧ی پـێش زایـین، زۆرێکـی ئـەو هاووڵاتیانـەی کـە لـە سـەردەمی داگیرکـەران لـە وڵاتـی خۆیـان دوورخرابوونـەوەو، دوای دەرکردنـی داگیرکـــەران گەڕابوونـــەوە، چـــەند داواکارییـــەکی مـــەدەنییان بـەرزکردبووەوە، بۆ ئـەوەی ئـەو مـاڵ و موڵکانـەیان پێبدەنـەوە، کـە داگیرکـەران بـە زۆرو سـتەم لێیـان زەوت کردبـوون ـ کـە ئەمـە کـاری داگیرکەرانە لە هەموو زەمان و مەکانێك ـ بۆ سەرکەوتنیشیان لە وەدی هاتنی ئەو داوایانەیان، پێویستییان بەو کەسانە بوو، کە لەوان ئـاقڵترو قسەزانتر بوون و، باشتر دەیانتوانی بڕوا بە بەرامبەر بکەن، بۆ ئـەوەی ئـەوان داواکاریـەکانیان بـۆ بەرزبکەنـەوە، بۆیـە بـۆ ئـەم کـارە چـەند کەسێکیان ڕاسپارد، لەوانە گۆرگس و تسیاس، کە هەردووکیان خەڵکی شـاری سەرقوسـەی صـەقەڵیە بـوون، ئەوانـە هـاتن ئـەو یاسـاو

بنەمايانـــەيان دانـــا، کـــە بـــە پـــەيڕەوی لێکردنيـــان، مـــرۆڤ دەبێتـــە خوتبەدەری باش.. لێرەوەيە دەڵێن: ئـەم دوو کەسـانە دامەزرێنـەرانی هونەری خوتبەن.

٩ـ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی:

بريتييـــە لـــە کـــاری پشـــکنين و لێکدانـــەوەی دەقـــە ئەدەبييـــە داهێنراوەکان، کە ئەمـە بـە ڕێبـازی لێکۆڵينـەوەو ڕەخنـەيی جيـا جيـا دەکرێت، بوارەکانی زۆرن و، بە هەموويانەوە خزمەت بە کارە ئەدەبيە داهێنراوەکان دەکەن و، بەرەو پێشيان دەبەن.

هەندێ هونەری ڕەوانبێژی

یەکەم: هونەری جوانی بایس

لە عەرەبیدا (حسن التعلیل)ی پێدەگوترێت.. بریتیە لەوەی ئەدیب بە ئاشکرا، یان بە پۆشراوی هۆی دروست و زانراوی کارێك لە کارەکان، یان دیاردەییێك لە دیاردەکان، پشت گوێ بخات و بێت هۆیەکی ئەدەبی جوان بۆ ئەو کارو دیاردەیە بێنێتەوە، کە گونجاو بێت لەگەڵ ئەوەی مەبەستیەتی.. واتە ئەو هۆیەی شاعیر بۆ دۆخەکانی دێنێتەوە زادەی خەیاڵی شاعیرانەی خۆیەتی، نەك هەڵقوڵاوی واقیع و ڕاستەقینە بێ.

بە واتایەکی تر: جوانی بایس لێکدانەوەی تایبەت و شاعیریانەی شاعیرە بۆ ئەو بار و دیاردانەی لە سروشت، یان لە دەوروبەری خۆی ڕوودەدەن، بەڵام بێ ئەوەی باس لە هۆیە زانستی و دروستەکەیان بکات، کە لەبەرچی وەهان، چونکە هێنانەوەی هۆی دروست بۆ دیاردەکان ئیشی زاناکانە، نەك ئیشی شاعیر.

سەرچاوەی بەرهەمهێنانی جوانی بایس سۆز و خەیاڵە، مەبەست لێی دروستکردنی کاریگەرییە بەسەر ویژدان و خۆشی خستنە دڵی بیسەرە.. لە ئەدەبی کوردیدا نموونەی لبۆ نموونە:ەو جۆرەمان زۆرە، هەندێ لەو نمونانە:

- بەفریش لە تاو شەرمی هەتاو

ئەتوایەوە ئەبوو بە ئاو... شارباژێڕی

بەفر ئەتوێتەوە، ئەمە شتێکی ئاساییە، هۆیەکەی دەرکەوتنی تیشکی بەهێزی خۆرە، شاعیر پەنجە ناخاتە سەر ئەو هۆیە ڕاستەقینە دروستەو ناڵێت بەم هۆیەوە ئیتر ئەو بەفرەی کەوتبوو ئەتوایەوە، بەڵکو بەفر وەکو مرۆڤێکی بە حەیاو شەرم دەچوێنێت، دەڵێت لە شەرمی خۆر ئەتوایەوە! ئەوەش جوانی بایسە، چونکە شەرم و حەیاکردن تایبەتە بە مرۆڤی ئاقڵ و ڕوو لە بەفر و هیچ شتێکی دیکەی بێ ئەقڵ ناکات.

- گوڵە بەڕۆژە عاشقی تەواوە

ئەسورێتەوە ڕوو لە هەتاوە... پیرەمێرد

شاعیر دەڵێت: گوڵەبەڕۆژە بۆیە هەمیشە ڕووی لە هەتاوەو لەگەڵ ئەو دەسورێتەوە، چونکە عاشقیەتی و عاشقی تەواویش کاری وەها دەکات، بەڵام ئەوەش ڕاستەقینە نییە، چونکە گوڵەبەڕۆژە لەبەر ئەو هۆیە نییە، کە ڕووەو خۆر دەسووڕێتەوە، بەڵکو سووڕی ژیانی خۆی وەهایەو خودا بەو شێوەیەی ژیان بۆ داناوە، ئەوەش (جوانی بایس)ە.

- پەڵکە زێڕینەی پاش بارانی زۆر

چەماوەتەوە بەرانبەر بە خۆر... گۆران

وێنەی پەڵکە زێڕینە کە لە دوای بارانی بەهاران دروست دەبێت، شێوەیەکی چەماوەیی هەیە، چونکە لە بەرزییەوە بەرەو خوار دەکەوێتە بەرچاو، ئەوەش بە چ مەبەستێکەوە نییە، بەڵام شاعیر وای پیشان دەدات، ئەوە بۆ ڕێزگرتن لە خۆر چەماوەتەوە، کە لە ڕاستیدا پەلکەزێڕینە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن و ڕێزنەگرتن مامەڵە ناکات، کەوابێت

ئەوەی شاعیر دەیڵێت، هۆی شاعیرانەیە، نەك هۆی دروست، كە پەلكەزێڕینە بەوشێوەیە، ئەوەش (جوانی بایس)ە.

ـ دڵسۆزی وام نەدی بوو، كە بۆم بگری وەك خەشیم
فرمێسكەكەی ئەوان بوو، بە ئاونگی تێگەییم... پیرەمێرد

لەم دێڕەدا شاعیر درێژە بە باسی ئەستێرەكان دەدات، كە لە دێڕەكەی پێشووش باسی كردبوون، دەڵێت: هێندە بەزەییان بە من هاتۆتەوە، شەو تا بەیان بە غەشیمی بۆم دەگریان، ئەوەتا ئەو دڵۆپە ئاوانەی بە (ئاونگ)یان تێگەییم، ئەوە فرمێسكی ئەوانە نەك ئاونگ، ئەوەش دیارە لێكدانەوەی شاعیرانەیە، ئەگینا ڕاستەقینە نییە، ئاونگ لە فرمێسكی ئەستێرەكان دروست نابێت، چونكە ئەستێرەكان گریانیان نییەو فرمێسكیان لێ بەرنابێتەوە، بەڵكو دروستبوونی ئاونگ مەسەلەیەكی دیكەیە، پەیوەندی بە شێ و هەواوە هەیە، بۆیە لە هەندێ وەرزدا بەیانیان ڕووەك ئەو ئاونگانەیان لەسەر گەڵاكان دروست دەبێت.

ـ مانگی بەجێماو لە سەفەری شەو
زەردە لە ترسی قاسپە قاسپی كەو... گۆران

لە شەودا مانگ دەردەكەوێت و دواتر لەگەڵ نزیكبوونەوەی بەیانی و خۆرهەڵاتن، وردە وردە شەوق و زەوقەكەی شەوی نامێنێ، كز و لاواز و زەرد و بێ شەوق دەبێ، تا لە ڕۆژدا ون دەبێت، هۆی ئەو لاوازی و كزبوون و ونبوونەشی دەركەوتنی خۆرە، بەڵام شاعیر دەڵێت: هۆی ئەمە بە هۆی ترسی مانگە، لە قاسپە قاسپی كەوی بەیانی، كە دیارە لەوكاتەی خۆرهەڵدێ، لەلایێك (كەو)یش وەكو هەر باڵدار و گیانداری‌كی تر لە خەو

ڕادەبێت و دەکەوتە جموجۆڵ، بۆ ئەوەش دەقاسپێنێ و ئەندامەکانی دەستەکەی خۆی وشیاردەکاتەوە، کە هەڵسن کاتی کار و کۆششە، لەولاشەوە لەوکاتەدا چونکە خۆر بە تاوتر و بە شەوقترە، بۆیە مانگەکە تینی تیانامینێ و کز دەبێت، هۆی ڕاستەقینە ئەوەیە، چونکە مانگ پەیوەندی بە کەوەوە نییەو لە کەو ناترسێت، دواتر مرۆڤ نییە لە ترسان ڕەنگی زەرد بێت، بەلاّم ئەو هۆیەی شاعیر بۆ زەردبوونی مانگ دەیهێنێتەوە، خەیاڵی شاعیریانە دروستی دەکات، ئەوەش (جوانی بایس)ە.

ـ تریفەی مانگە شەو لەسەر کەل و گرد

باسی یەکبوونی گەلی کوردییەکرد... خورشیدە بابان

تریفەی مانگ چونکە بە دەوری مانگەکە دروست دەبێت شێوەکەی بازنەییەکی خڕ و یەکپارچەییە، شاعیر دەڵێت: ئەوە بۆیە وایە، چونکە باسی یەکبوونی کورد دەکات و دەیەوێت تێمان بگەینێت، کە کورد دەبێت یەکپارچە بێت، ئەوەش خەیالاّ شاعیرانەیە، دەنا تریفەی مانگەشەو هەقی بەسەر یەکبوون و یەکنەبوونی چ گەل و نەتەوەیەکەوە نییە، بەم شێوەیە (جوانی بایس)ێکی جوان دروست بووە.

ـ ئەستێرە بەرزەکان ئەدرەوشێنەوە بە شەو

وەك من بە داخەوەن نە سرەوتیان هەیە نە خەو... پیرەمێرد

لەم دێڕەدا شاعیر باس لە (ئەستێرە بەرزەکان) دەکات، کە بە شەو دەدرەوشێنەوەو جوانن، وای لێکدەداتەوە، کە ئەوانیش چ سرەوت و چ خەویشیان نییەو وەکو شاعیر غەمبارن، بۆیە ناخەون و لە درەوشانەوەی

خۆیان بۆ ساتێکیش ناکەون و هەر تیشك بڵاودەکەنەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەستێرەکان وەکو ئادەمیزاد نینە پێویستییان بە خەو و سرەوتن بێت، بەڵکو هەر سروشتی خۆیان وەهایە، تا خۆر پەنهان بێت لە زەوی، ئەوان لە دڵی ئاسماندا بەو تیشکەی لە خۆریان وەرگتووە جوان بدرەوشێنەوە، کە خۆریش دەرکەوت، ئەوان وردە وردە تیشکەکانیان کزبێتەوە تا بگەنە ئاستی نەمان.

دووەم: موشاکەلە

ئەم هونەرە بریتییە لە باسکردنی شت بە وشەی غەیری خۆی، لەبەرئەوەی کەوتۆتە هاوەڵێتی ئەو، جا بە درووست (تحقیق) بیّ، یان بە خەملاندن (تقدیر).. بۆ نمونە:

- پاداشتی خراپە خراپەییێکی وەکو خۆیەتی.

لێرەدا مەبەست لە خراپەی دووەم پاداشتی دادگرانەیە بۆ خراپەکەی یەکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی لە هاوەڵێتی ئەودا هاتووە، بە هەمان وشە پاداشتەکە بە خراپە ناوزەد کراوەتەوە، ئەوەش درووستەکەیە.

هەرچی خەملاندنەکەیە، لە قورئانی پیرۆزدا (سیبغەتوڵڵا) لە بڕی (ئیمان بە ئەڵڵا) هاتووە، ئەوەش خەملاندنەکەیە، کە بە واتای ئەوە هاتووە، ئیمان وەکو (سیبغەتوڵڵا)یەو دڵان خاوێن و جوان دەکاتەوە.

هەندێ نمونەی ئەم هونەرە

ـ قەرزدارێك بۆ كڕینی ئۆتۆمبێلەكەی هەندێ پارەی لە یەكێك لە هاوڕێكانی قەرزكردبوو، ساڵێكی زیاتر پێچوو، نەیبوو قەرزەكە بداتەوە، خاوەن قەرزیش شەرمی دەكرد داوای پارەی خۆی بكاتەوە، ڕۆژێكیان ژن و پیاوەی قەرزار دەچنە ماڵی كابرای خاوەن قەرز، ژنەكە دەڵێت: ساڵێك و سێ مانگە ئۆتۆمبێلكمان كڕیوە.

كابرای خاوەن قەرز بە هەڵی دەزانێ، بۆ ئەوەی قەرزەكەیان بەبیربێنێتەوەو دەڵێت: چۆن چۆن؟! نا ئەوەندە نابێت، ئۆتۆمبێڵتان كڕیوە!

ژنە بێ ئاگا لەوەی كە چۆن تێكەوتووە، دووبارەی دەكاتەوەو دەڵێت: بە خوا ساڵی پار لە ئەوەندەی ئەوەندە كڕیومانە؟

كابرای خاوەن قەرز دەڵێت: وەڵڵا ئەگەر وا بێ! گەلەك لە مێژە سەیارەتان كڕییە!!

ـ دەڵێن: لە هەژارێكیان پرسی: شیعری (نالی)ت پێ خۆشترە، یان شیعری (بێكەس)؟

هەژارەكە وەڵام دەداتەوە: وەڵڵاهی لەفەیەكم پێ خۆشترە.

ـ ئاغایەك بە شوانەكەی خۆی گوت: هەر چاكە چاكە!

شوانەکەش لەبەر ئەوەی زۆری حەز لە (چایە) بوو، ڕستەکەی بە شێوەیەکی دیکە دووبارەکردەوە، گوتی: ئەرە وەڵڵا گەورەم.. هەر چا.. کە چاکە!

- لە جوتیارێکیان پرسی
چاوەڕوێی چی؟
پێتان بدەین تۆوی نایاب
یان پەینی کیمیاوی زۆر چاك
گوتی: سوپاس
چاوەڕوانین خوا بارانمان بۆ ببارێنێ.
واتە: چاوەڕووانی هیچ نینە لە ئێوە.

لە شیعری کلاسیکیشدا نمونەی موشاکەلە زۆر بەرچاو دەکەون، لەوانە:

- سەد قوببەیی خەورنەق و سەددی سکەندەری
ناگاتە بەیتە کاوڵی (نالی) و مەتانەتی... حاجی قادری کۆیی

(قوببەیی خەورنەق و سەددی سکەندەری) ئەمانە شتی ماددینەو چوێنراون بە (بەیتە شیعری نالی)، لەبەرئەوەی لە هاوەڵێتی یەك هاتوون، شاعیر هەڵی وەرگرتووەو گوتوویەتی بەیتە کاوڵی نالی، کە لە ڕاستیدا کاوڵ سیفەتی بەیتی درووستە کە (ماڵ)ە، نەك (بەیتی شیعر)، مەتانەت و هێز و قایمیش هەر هی بەیتە لە بەردو ئاسن دروستکراوەکانە نەك هی بەیتە

شیعر، بەڵام چونکە پێکەوە هاتوون شاعیر هەلی وەرگرتووەو موشاکەلەی لێ درووستکردووە.

ـ وەك موحەمەد حەنیفە بەیتی مەتین
نییە ئیللا حەساری قوستەنتین... حاجی قادری کۆیی

ئەمەش بە هەمان شێوەی پێشووە، بەڵام ئەمجارە بە هەڵگەڕێنراوەیی، چونکە بەیتی محەمەد حەنیفە چیرۆکە شیعرەو واتاییە، کەچی حەساری قوستەنتینییە لە ماددەی بەهێز و سەخت درووستکراوە، ئەمە لەبەر هاتنی وشەی بەیتەکە، کە شاعیر هەلی پێ وەردەگرێ، دێت موشاکەلەکەی پێ درووست دەکات و دوو شتی ماددی و مەعنەوی پێکەوە دەبەستێتەوە، کە لە ڕاستیدا پێکەوە نابەسترێنەوەو ناشێ پێکەوە بەراورد بکرێن، ئەمەش جوانییەکی دڵگیر پێشکەش دەکات.

ـ خۆ لابدەن لە باری گرانی حقوقی خەڵك
بنواڕە هەڵگری کە لە فیلەی حەماڵ ئەچێ... حەمدی

باری گرانی حقوق جیایە لە باری گرانی شتانی تر، چونکە شتانی تر کە باردەکرێن لەسەر مل، یان لەسەر هەر شتێکی تر شتی ماددیینە، بەڵام (حقوق) شتێکی مەعنەوییە، شاعیر لەبەرئەوەی ئەم دووشتانە پێکەوە هاتوون، موشاکەلەی درووستکردووەو بە گاڵتەو بۆ خۆشی ئەوەی حەقی خەڵکی لە ملە، ئەو کەسەی بە فیلەی حەمال چوواندووە، کە چ لێکچوواندنێك لە نێوان هەردووکیاندا نییە.

سێیەم: وەصفی لە بەرگی لۆمە

وەصفی لە بەرگی لۆمە لە عەرەبیدا (المدح بما یشبه الذم)ی پێدەگوترێت.. ئەو گوتەیەیە، کە تیایدا شاعیر سەرەتا لە بەرگی لۆمە کۆمەڵە پەسنێکی خراپ، بۆ شتێ، یان یەکێ ئاراستە دەکات، بەڵام لە پاشان بەشێوەیەکی تر بڕیار دەدات و دەریدەخات کە ئەو گوتانەی پێشووی کە لە بەرگی لۆمە دەبینران، نەك بە لایەوەی لۆمە نەبووە، بەڵکو وەصف بووە.. بۆ وێنە:

ـ خزمینە مەدەن پەنجە لە تەك عەشرەتی جافا

مێرووله نەچێ چاکە وەگژ قوللەیی قافا

خوێنڕێژو شەڕەنگێزو عەدوبەندو تەن و مەند

کامیان کە گەنە، شێرە لە مەیدانی مەصافا.. شێخ ڕەزا

خوێنەر کاتێ سێ نیوە دێڕەکانی یەکەمی ئەم پارچەیە دەخوێنێتەوە، سەرەتا وا هەست دەکات، شاعیر هاتووە لۆمەی عەشیرەتی جاف کردووەو کۆمەڵێ سیفات و کردەوەی خراپی خەڵکانی ئەو هۆزەی بە لۆمەوە خستۆتە ڕوو، بە شێوەیێك، کە تا سەر ئێسقان قێزیان لێدەکات و پێیان دڵتەنگە، بەڵام لە دوا نیوەدێڕدا، کە دەڵێت: (کامیان کە گەنە شێرە لە مەیدانی مەصافا)! ئینجا خوێنەر بۆی دەردەکەوێت، کە ئەو صیفەت و کردەوانەی سەروو، کە شاعیر خستویەتییە پاڵ پیاوانی ئەو عەشیرەتە، نەك بۆ ئەوەیە، بە هۆیەوەی ناشرینیان بکات و خۆیشی ڕەتیانبکاتەوە، بەڵکو زۆر دڵخۆشە بە بوونی ئەو ڕەوشتانەیان و وا دەزانێ لە سای ئەو ڕەوشتە چاکانەیاندایە، هەموو هەر شێرن، ئەمەش

(وەصفی لە بەرگی لۆمە)یە.

ـ ئێستەش نالێم وەرن ڕێزی لێ بگرن
من هەر دەلێم دەگەڵ کەسی ڕامەگرن... هێدی

لەم دێڕەدا نیوە دێڕی یەکەم کە دەڵێت (ئێستەش نالێم وەرن ڕێزی لێ بگرن)، سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە دەبات، کە لۆمەی وەسفکراوی کردووە، بەڵام لە پاشان کە دەڵێت (من هەر دەلێم دەگەڵ کەسی ڕامەگرن)، بەمە خوێنەر بۆی دەردەکەوێت سەرەتا بەهەڵە تێگەیشتووە، چونکە مەبەستی شاعیر وەسف کردنە، نەك لۆمەکردن، ئەوەش (وەصفی لە بەرگی لۆمە)یە.

چوارەم: لۆمە لە بەرگی وەصف

(لۆمەی لە بەرگی وەصف) لە عەرەبیدا (الذم بما يشبه المدح)ی پێدەگوترێت، پێچەوانەی (وەصفی لە بەرگی لۆمەیە) بریتییە لەو دەربڕینەی، کە شاعیر تێیدا سەرەتا بە باشی ستایشی یەکێك، یان شتێك دەکات و پەسنی دەدات، بەڵام دواتر دەریدەخات، کە لە گوتەکەی مەبەستی لۆمەیە نەك وەصف.. بۆ وێنە:

ـ گوڵە باغ گوڵە باغ گوڵی باغی
بێ عەقل و زۆر بێ دەماغی... فۆلکلۆر

لەم دێڕەدا بە گوڵەباغ وەصفی بەرامبەر دەکرێت، خوێنەر وا دەزانێ پەیامی دێڕەکە وەصفکردنە، بەڵام کە دێڕەکە تەواو دەبێ، دەردەکەوێ مەبەست لۆمەیەو لە بەرگی وەصف پێشکەش کراوە.

ـ ئەتۆ زەمم دەکەی، مەدحت دەکەم من

جەزای قەولی درۆ، با هەر درۆبێ... نالی

لە نیوە دێڕی یەکەمدا، شاعیر هاتووە، ڕوو لە هاوڕێکەی دەکات، ئەوەی کە هەمیشە لۆمەی دەکات، بەهەق و ناهەق بە بەرچاوی خەڵکانەوەی دەیشکێنێت، بەڵام پێی دەڵێت: کەچی من وەکو تۆ نابم بتشکێنمەوەو بە خراپییەکانت دا بڵێم، بەڵکو من وەصفت دەکەم، ئەمەش لە خۆیدا وەصف دەگەینێت، بەڵام لە نیوە دێڕی دووەمدا، کە شاعیر دێتە سەر وەڵامی ئەوەی، کە لە نیوە دێڕی یەکەمدا، بڕیاری کردنی داوەو دەڵێت، بۆیە مەدحت دەکەم، چونکە کە تۆ لۆمەی من دەکەی، درۆدەکەی، منیش بە هەمان شێوە دەبێ پاداشتی تۆ بدەمەوە، بۆیە ئەگەرچیش وەصفت لێ نەهێت، بەڵام وەصفت دەکەم.. لێرەشدا تێدەگەین، کە مەبەستی شاعیر لۆمەیە نەك وەصفکردنی بەرامبەری، ئەگەرچیش لە قاڵبی وەصفکردندا لۆمەکەی ئەنجام بدات، ئەوەش لە ڕەوانبێژیدا (لۆمەی لە بەرگی وەصف)ی پێدەڵێن، لەم نموونەیەدا، شاعیر بە ئاشکرا هۆی لۆمەکردنی بەرامبەرەکەی ئاماژە پێکردووە.

بەڵام جاری وا هەیە، شاعیر ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ هۆی لۆمەکردنی بەرامبەرەکەی دەکات، بۆ وێنە:

ـ ئەگەر شیعریێ بڵێم و نەشری کەم هیچم لە کەس ناوێ

لە فیکرا پەیڕەوی مەرحومی زاتی شێخ ڕەزا ناکەم.. موفتی پێنجوێنی

لەم دێڕەی (موفتی پێنجوێنی)دا، سەرەتا وای پیشان دەدات، کە (شێخ ڕەزا) لە لای زۆر بەڕێزو گەورەیە، بەڵام ناڕاستەوخۆ دێت گلەیی و لۆمەیەکی ئاراستەی (شێخ ڕەزا) دەکات، ئەویش وەنەبێ بڵێ (شێخ ڕەزا) ئەو سیفەتە خراپەی هەبووەو جێی خۆیەتی بەر لۆمەی بخەین، بەڵکو وەك ئاماژەمان بۆ کرد، سەرەتا شێخ ڕەزا زۆر هەڵدەنێ، لە دواییدا بە ناڕاستەوخۆیی لەوەی دەیڵێت، کە من لەسەر نەشرکردنی شیعری خۆم داوای هیچ شتێ لە کەس ناکەم وەك شێخ ڕەزا، ئەمە ئەوە دەگەینێت، کە شێخ ڕەزا لەم بارەیەوە سیفەتێکی خراپی بووەو لەسەر شیعرەکانی داوای شتی لە بەرامبەرەکانی کردووە.. بۆیە لە ڕاستیدا ئەگەرچیش بەرگی وەصف لە لایەن شاعیرەوە کرابێتە بەر ئەو دێڕەی لە بەرامبەر شێخ ڕەزادا، بەڵام لە ناواخندا لۆمەی دەکات و جۆرێکە لە (لۆمەی لەبەرگی وەصف)دا.

جۆرێکی تری (لۆمەی لەبەرگی وەصف) ئەوەیە، کە سەرەتا شاعیر پەسنێکی پەسندراو دەدات، بەڵام لە پاشان یەکسەر پێچەوانەکەشی دەڵێت.. بۆ وێنە:

ـ شکلی تەکیەو خانەقاهی شێخەکان

واقیعەن ڕەنگینە، ئەمما بۆ ڕیان... حاجی قادری کۆیی

لـەم دێـڕەدا، سـەرەتا شـاعیر دانـی بـەوە دانـاوە، کـە شـێوەی تەکیـەو خانەقای شێخەکان جوان و ڕەنگینن، ئەمەش وەصـفێکی چـاکە، بـۆ ئـەو خانـەقاو تەکیانـە، کەچـی دوای ئـەوە هـەر بـە ئاشـکرا دێـت عـەیبێکی گـەورەیان بـاس لێـوە دەکـات، ئـەویش ئەوەیـە دەڵێـت ئـەو شـوێنانە ئەگەرچی دەبێ بۆ خواپەرستی بینـا بکـرێن، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا بـۆ ئـەو مەبەسـتە بینـا نـەکراون و ڕیاکارییـان تێـدا دەکرێـت، ئـەوەش لۆمەیـەکی گەورەیـە ئاراسـتەی ئـەو دەامەزراوانـەی دەکـات، بۆیـە گەرچـی سـەرەتا وەصفێکیشی کردبن، بەڵام لە ڕاستیدا مەبەسـتی وەصـف نییـەو (لۆمـەی لەبەرگی وەصف)ە.

پێنجەم: ڕێبازی گوتەیی

لــە عەرەبیــدا (**المــذهب الكلامــي**)ی پێــدەگوترێت.. لــەلای (ئیبنــول موعتەز) بە هونەری پێنجەمی (جوانکاری) دانـراوە، (ئـیبن و ڕەشـیق) لـە بەشی دووەمی کتێبەکـەی خۆیـدا (العمـده) دەڵێـت: ((ڕێبـازێکی گوتـەیی فەلسـەفییە))، (زەرکەشـی)ش دەڵێـت: ((بریتییـە لـە پاسـاوهێنانەوە بـۆ واتای مەبەست، بە پاساوێکی ئەقڵی وەهـا هـیچ لاملێییکردنێـك بـۆ خـۆی نەهێڵێتەوە)).

لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕایانەش دەتوانین بڵێین: بریتییە لەوەی شاعیر، یان نووسەر لەسەر شێوازی کەلامییەکاندا بەرگری لەو بیرەی خۆی بکات، کـە پێشکەشی دەکات و بەرگریکردنەکەیشـی لـە بیرەکـەی خـۆی بـە بەڵگـەی

ئەقڵی وەهابێت، بەرانبەر چ بیانووێکی بۆ نەمێنێتەوەو یەکسەر بڕوای پێبکات.

لای پیرەمێردی شاعیر نموونەی وەها لە گەڵێ لە دێڕەکانی بە دیار دەکەون، بۆ نموونە:

- چاوم هەڵبڕی ئاسمانم دی
گوتم: بێ وەستا نەهاتۆتە دی
ئەگەر کردەوەی بێگانە بووایە
خۆ ئەشیا بێ ستوون ڕانەوەستایە
دیارە هەر چەرخێك پیاو دروستی کا
کاتێکت زانی سوواو تێك شکا... پیرەمێرد

شاعیر لێرەدا باس لەوە دەکات، کە ئەم ئاسمانە بێ خاوەن خەڵقنەبووەو ئەوەی خەڵقیشی کردووە زۆر ئەفرایندەو بەدیهێنەرێکی گەورەو بە توانا بووە، چونکە ڕاگرتنی ئەو ئاسمانە گەورەو فراوانە بەبێ ستوون، ئەمە کارێکی ئەقڵ قەبوڵی ناکات هیچ مرۆڤێك هەبێت لەسەر پشتی ئەو زەوییە پێی بکرێت، تەنانەت ئەو کارانەیش کە ئادەمیزاد دەیانکات، بە زوویی تێکدەچن، بەڵام کە ئەو کارەی خوا هەزارەها ساڵە بەو تەواوییە وەکو خۆی ماوە، ئەوە بەڵگەیەکی ترە لەسەر خالقیەت و تواناداری خوا لەو بارە.. واتە: ئەو کارەی ڕأگرتنی ئاسمانەکان بێ هیچ کۆڵەگەو ستوونێك، کارێکە هەر لە خوای تەنیا دەوەشێتەوە، لەبەر ئەوەی خاوەنی سیفاتی (قودرەت و کەماڵ)ەو لە هەموو شتێکدا تەواوە.

- ئەبێ بەخشندە مل کەچکا لە ڕاستی مووچەخۆری خۆی

سوراحی سەر فرودێنیٚ لە بۆ پیاڵە، کە تێیٚ کا بۆی... پیرەمێرد

شاعیر ئەم شیعرەی بۆ (شێخ مەحمود) ناردووە دوای ئەوەی شێخ چەند مانگێك لەسەر شیعریٚ:ی تری لێیٚ تورەبووەو نەیهێشتووە بگاتە لای، (پیرەمێرد)یش ئەوەی بەلاوە قورس بووە، هاتووە بەو شیعرەی دڵی چاککردۆتەوە، بە بەڵگەی ئەقڵی تێی گەیاندووە، کە بۆ ئەو گونجاو نییە لە کەس تورەبێت، بەڵکو دەبێت خاوەنی لێبووردن بێت لەگەڵ هاووڵاتیانی خۆی.. بۆیە لەو دێرەی سەروو نووسیویەتی: کەسی گەورە دەبێت لەگەڵ بچوکی خۆی لێبووردە بێت، چاوپۆشیکەربێت، هەمیشە کۆمەکی بکات، نەك پەلپی لێبگرێت و حسێب بۆ هەڵەکانی بکات. بەڵگە ئەقڵییەکەیشی ئەوەیە، کە دەڵێت: ئەدی ئەوە نییە سوراحی بەو گەورەییەی خۆی بۆ بەرداخێکی بچوك مل شۆڕدەکاتەوە تا پێی ببەخشێت و لێیشی بێزار نابێت؟!

- لقی شۆڕی درەخت میوەی ئەخۆن بیٚ ئەرکی بەرد و دار

پەلی بەرد بۆ پەلی بەرزە، لەقەش بۆ سەر پەلی بەردار.. پیرەمێرد

شاعیر بەردەوام دەبیٚ، لەسەر بەڵگە ئەقڵییەکانی وەکو چۆن کەلامییەکان وەها پاساو بۆ ڕاکانی خۆیان دێننەوەو بە شێخ دەڵێت: لقە شۆڕەکانی درەخت خەڵك پێویستیان بەوە نییە دار و بەردی تێبگرن، هەر خۆیان دەستیان پێی دەگات و بەرووبوومەکەی دەخۆن، بەڵام پەلی بەرد بۆ پەلی بەرزەو لەقەش بۆ سەر ئەو پەلانەیە، کە بەردارن و بەرزن، دەستی خەڵکی ئاسایی پێیان ناگات، ئەدی چییان لێبکات؟! واتە شاعیر

دەڵێت: تۆ پەلێکی بەرزی، خۆ پەلێکی نزم و ئاسایی نیت، بەرژەوەندی خەڵکیت لەلایە، ئەی چۆن خەڵك بۆ زامنکردنی ئەو بەرژەوەندییانەیان بەر پلارو شتی دیکەت نادات؟!

- دوو گوێ و زوبانێك دراوە بە تۆ

دوو ببیەو یەکێك بڵێ لەسەر خۆ... پیرەمێرد

واتە بۆیە دوو گوێ و یەك زوبانت پێدراوە، بۆ ئەوەی دوو قسە ببیسی و یەك قسە بکەیت، ئەدی نابینی خودا وەهای خەڵقکردووی؟! ئەدی کەوابێت بۆ وەها نەکەیت؟!

ئەم بەڵگانەی هەموو ئەو دێڕانەش، بەڵگەی ئەقڵی شاعیرن، بەرانبەر دەخەنە ئەمری واقیع، ناتوانێت ملکەچییان نەکات.

بەشی پێنجەم
مەدەنیەت و هەندێ بەهای ژیاری گرنگ
لە کۆمەڵگەی کوردی

بەها چییە؟

بەها سیفەتە لە شت، وای لێ دەکات ببێتە جێگەی ڕێز، واتە: ئەو سیفەتە وا دەکات ئەو شتە داواکراوو ویستراو بێت، جا ئەو ویست و داوایە لای تاکە کەس بێت، یان لای کۆمەڵە کەسێك بێت، بۆ نمونە: نەسەبی بەرز لای بنەماڵە گەورەکان بەهایەکی باڵای هەیە، دانایی لای زانایان بەهایەکی باڵای هەیە، ئازایی لای میر و سەرکردە سەربازییەکان بەهایەکی باڵای هەیەو بەم شێوەیە.

ژیار چییە؟

بەرهەمی بیری ئادەمیزادە، کە بە سوود وەرگرتن لە ئاین، لەسەر بنەمای دەیان و سەدان بەهای جۆراوجۆر و تەواوکەری یەکتر درووست دەبێت، لە ڕووی مەعنەوییەوە ژیان بەرەو پێش دەبات و بە هەموویان ژیارێك درووست دەکەن، لەسەر بنەمای ئەوە، ڕوواڵەتی جوان و کرێتی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو، یان دواکەوتوو پیشان دەدرێت و دەردەکەوێ، کە ئایا ژیارەکە پێشکەوتوو، یان دوواکەوتووە.

بابەتی بەها

بابەتی بەها گەڕانە بە دوای ئەوەی هەیە (مەوجود)، لەو ڕووەی، کە لەبەر خودی خۆی ئارەزووی لەسەرە، ئینجا ڕووانین لە بەهای شتەکان و شیکردنەوەو دەستنیشانکردنی جۆر و بنەماکانیان، جا ئەگەر بەها بە درانە پاڵی بۆ ئەو وێنە ونانە ڕاڤە کرا، کە لەسەر لاپەڕەکانی زەین

نەخشەکێشراون، ئەوا ڕاڤەکردنەکەی دەبێتە ڕاڤەیێکی خەون و میسالی، ئەگەریش بەها بە هۆکارە سروشتی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان ڕاڤە کرا، ئەوا ڕاڤەکردنەکەی، دەبتە ڕاڤەیێکی وجودی، بەڵام باشترین ڕاڤە ئەوەیە لە نێوان هەردوو ئەمانەی سەروو (واتای میسالی و واتای سروشتی) کۆبکاتەوە، چونکە ناکرێ وێنای یەك لەو مانایانە بە جیا لەوەی تر بکرێ، لە بەهادا، ئەگەر وەهاش نەبێ، ئەوا نە بەها هیچ بوونێکی دەبێ و نە بوون هیچ بەهاییێکی دەبێ.

بەها ژیارییەکانی کۆمەڵگای کوردی

کۆمەڵگای کوردی خاوەنی سەدان بەهای ژیاری پێشکەوتووە، لەم بەشەدا تیشك دەخەینە سەر چەند بەهاییێکی زۆر گرنگ، کە بە هۆیانەوە کۆمەڵگای کوردی جوان و بەڕێز و پێشکەوتوو دەکەوێتە بەر چاو، ئەوانیش بریتینە لە پانزە بەهاو دابەش دەبنە سەر شەش بووار، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١ـ بەهای ڕۆحی................ ١ بەها

٢ـ بەهای نیشتمانی .... ٤ بەها

٣ـ بەهای پەروەردەیی.......... ٢ بەها

٤ـ بەهای کۆمەڵایەتی.......... ٢ بەها

٥ـ بەهای سیاسی.............. ٤ بەها

٦ـ بەهای دەوڵەتی............ ٢ بەها

یەکەم: بەهای ڕۆحی

کۆمەڵێك بەهان بە هۆیانەوە ئادەمیزاد بەرەو ئەو ڕێگە ڕاستەیە دێت، کە خودای گەورە بە (سیڕاتی موستەقیم)ی ناودەنێ و دەیکاتە بنەمای سەرەکی بۆ گەیشتن بە ڕەزامەندی خۆی، چونکە بەمە ئادەمیزاد لەو چوارچێوەیەدا خۆی دەبینێتەوە، کە لە خولگەی درووستی تیا سووڕانەوەی خۆیەتی و بەوە لایەنی ڕۆحی ئاسوودەو ئارام دەبێت.

بەهای ڕۆحی زۆرن، گرنگترینیان ئەوانەی بە بنەمای سەرەکی ئەو بەهایانە دەژمێردرێن، چەندانێکن، لەوانە: خوداناسی.. پێغەمبەرناسی.. بەندایەتی... هتد، لەم بەشەدا تیشك دەخەینە سەر تەنیا یەکێکیان، کە ئەویش بریتینە لە: خوداناسی.

خوداناسی

بریتییە لە دۆزینەوەی خودای: خولقێنەری ئەرز و ئاسمانەکان و ئادەمیزاد و تەواوی مەخلوقاتەکان، بەو شێوەیەی هەیەو دوور لە هەموو ئیجتیهاد و بۆچوون و تێگەیشتنێکی نادرووست.

گرنگی خوداناسی

١- ئەگەر خودامان ناسی، ئەوا بڕوا بە پێغەمبەر و فریشتەو کتێبەکانی و هەموو شتەکانی دیکەش دێنین.

٢- پەیوەندی نێوان خوداو بەندەکان لەسەر ئەو بنەمایە ڕێك دەخرێ.

٣- بەوە ئادەمیزاد شوێن و ئەرکی درووستی خۆی لە نێو گەردوونی گەورەدا دەدۆزێتەوە.

بۆچی دەبێ خودای ڕاستەقینە بناسین؟

١- بۆ ئەوەی پێویستی ڕۆحیمان لە خواپەرستی و بەندایەتی بە درووستی پڕبکەینەوە، چونکە مۆری بەندایەتی لە تەوێڵی ئادەمیزاد دراوە، ئیدی ئەگەر بەندەی خودای ڕاستەقینەش نەبێ، خۆی دەکاتە بەندەی دار و بەرد و مشك و مەیمون و فیل و مانگاو هەر شتێکی تر.

٢- چونکە ئەقڵ و مەنتیق و واقیع ئەوە دەخوازن.. پێمان دەڵێن: غەیری (ئەڵڵا) کە خودای ڕاستەقینەیە، ئەو شتانەی تر هەموویان خولقێنراون، یان ئەستێرەو ئاسمان و مانگ و خۆرن.. ئەوانە بێگیانن و هەموویان بۆ خزمەتی مرۆڤەکان خولقێنراون، نەك بۆ ئەوەی مرۆڤەکان سەریان لێ تێك بچێ و بیانکەنە خودای خۆیان.. یانیش مشك و مەیمون و فیل و مانگاو هەر گیاندارێکی ترن، ئەوانیش دیسانەوە هەموویان لە خوار مرۆڤن و دیسانەوە بۆ خزمەتی مرۆڤەکان خولقێنراون، خوای گەورە مرۆڤی کردۆتە گەورەی هەمووان، ئیتر ئادەمیزاد بۆچی سوپاسی ئەو خوایە نەکات و بەندایەتیی بۆ نەکات، کە هەموو بەخششە لە ژمار نەهاتووەکانی لەگەڵ کردووە، بۆچی سوپاسی شتێکی دیکەی خوارە

خۆی بکات، کە هیچ زیان و سوود و هیچ دەسەڵاتێکی باش، یان خراپی بەسەر مرۆڤەوە نییە.

٣- بۆ ئەوەی ڕێز و پایە و نرخی خۆمان لە دەست نەدەین و نەبینە جێی گاڵتەی خەڵك و میللەتان.

٤- بۆ ئەوەی پشتی مەعنەوی بەهێزمان بۆ درووست بێ و تەنیا خۆمان بە هۆکارە مادییە بچووك و کەمەکان نەبەستینەوە.

٥- چونکە هەنگاوی یەکەمی ڕاستەڕێ بوون و ژیانە لە خولگەی درووستی مرۆیی، ئەگەر لەو هەنگاوە سەرکەوتین، ئەوا دەشێ کارەکانی ترمان هەمووی سەرکەوتن بەدەست بێنن، بەڵام ئەگەر لەوە شکستمان هێنا، ئیتر هەرچی بکەین لە ڕەزامەندی خوایی بەدوور دەبین و ئەگەر سەرکەوتنی دونیاییش بەدەست بێنین و تەکنەلۆجیاو شارستانییەتی چەندەی زۆر و پێشکەوتووشمان هەبێ، بەڵام ماڵی ڕاستەقینەی خۆمان، کە بەهەشتە، لە دەست دەدەین و بۆ هەتا هەتایە ڕیسواو ماندوو دەبین.

بەری خوداناسی

١- جولانەوەی ئادەمیزاد لە نێو خولگەی درووستی خۆی.

٢- بەرجەستەبوونی بەها ژیاری و ئاینییە باڵاکان لە کۆمەڵگاو درووستبوونی تاك و کۆمەڵگەی نمونەیی.

٣- دەستکەوتنی دونیاو قییامەت بۆ هەموو ئەوانەی خودادەناسن و بە خوداپەرستی دەژین.

دووەم: بەهای نیشتمانی

کۆمەڵێك بەهان، ئەرکن لەسەر مرۆڤەکان لە هەست و شعوری خۆیاندا بڕوایان پێیان هەبێ، لە مومارەسەی ڕۆژانەشیاندا پارێزگارییان لێ بکەن، چونکە هەموویان لە بەرژەوەندی گشتی نەتەوەن و بە فەرامۆشکردنیان زیانی گەورە بەر هەمووان دەکەوێت.

بەهای نیشتمانی زۆرن، گرنگترینیان ئەوانەی بە بنەمای سەرەکی ئەو بەهایانە دەژمێردرێن، چەندانێکن، لەم بەشەدا تیشك دەخەینە سەر چواریان، کە بریتینە لە: نیشتمانپەروەری.. پاراستنی داب و نەریت و کەلتوری نەتەوەیی.. ژینگە پارێزی.. بەرەوپێشبردنی بەرهەمی خۆماڵی.

یەك: نیشتمانپەروەری

نیشتمان پێکدێ لە خاك و خەڵك و ئاین و داب و نەریت و شارستانیەتی وڵات، نیشتمانپەروەری بریتییە لە خۆشەویستی هەموو ئەو شتانەی نیشتمان، کە هۆکاری ئارامی و دڵنەوایی و لێبڕان و بووژانەوەی هەمیشەیین.

ناسنامەی نیشتمانپەرورەری

نیشتمانپەروەری بەهایێکی ژیاری سروشتی (فیتڕی) گەورەیە، شتێکە لە ناخی ئادەمیزاددا ڕوواوەو لەگەڵ چاوکردنەوەی ئەو ئادەمیزادە نەش و نما دەکات و بەرەوپێش دەچێت.

گرنگی نیشتمانپەروەری

ئەگەر خەڵك نیشتمانپەروەر بوو، ئەوە کۆمەڵێك تایبەتمەندی گرنگییان لێ دەخوێنرێتەوە، لەوانە:

١- کەواتە لەسەر سروشتی ئادەمیانەی خۆیان بەردەوامن و ڕەوشت و خویان درووستە.

٢- ئەقڵ و بیریان گەورە دەبێ و ماف بە هەموو خەڵکێك دەدەن نیشتمانی خۆیان خۆشبووێ.

٣- نیشتمانپەروەری دەبێتە هۆی ئەوەی هەر خەڵکەو بە لێبڕاوی و دڵسۆزییەوە بۆ نیشتمانەکەی خۆی بکۆشێ و بەم هۆیەشەوە بووژانەوەو پێشکەوتنی بەردەوام بەدی دێن.

٤- ناسنامەی نیشتمانی بەهێز دەبێ و داهێنان و کەل و پەلی داهێنراوی نیشتمان (ماددی بێ، یان مەعنەوی)، گوزارشتکەری سروشت و زەوق و بیرکردنەوەی خەڵکی نیشتمان دەبێ، کە ئەم بەرهەمانە باشتر و گونجاوترین بەرهەم دەبن بۆ هەر نیشتومانێك.

٥- شارستانیەتی مرۆیی بە هۆی نیشتمانپەروەرییەوە ڕەنگاوڕەنگ دەبێ.

٦- تاکەکانی کۆمەڵگا یەکتریان خۆش دەوێت و ئاشتی و ئاسوودەیی لە نێوانیاندا بڵاودەبێتەوە.

نەبوونی نیشتمانپەروەری

نەبوونی نیشتمانپەروەری نەخۆشییەکی کوشندەیە، بە هۆیەوەی کۆمەڵگا بە گشتی و تاکەکانیش یەکە یەکەیان، زیانی گەورەیان بەردەکەوێ، لەوانە گرنگترینیان:

١- نەبوونی نیشتمانپەروەری پێچەوانەی ئەو سروشتەیە، کە ئادەمیزادی لەسەر خولقێنراوە، ئەوەش ناپەسندە.

٢- دڵسۆزی و لێبڕان کەم دەکەن و پاشکەوتن و پاشەگەردانی لە نیشتوماندا چەکەرە دەکەن.

٣- ئارامی کۆمەڵگا دەشێوێ و هەرکەسەو خۆی پێ لە هەمووان باشتر دەبێ، بەوەش کەس نابتە برای کەس و یەکێتی هاووڵاتیانی نیشتیمان، کە هۆکاری مانەوەو بەرەوپێشچوونە، لە نێو دەچێ.

٤- پاراستنی بەرژەوەندی و موڵکە گشتییەکان لەنێو دەچێ و گەندەلی پەرە دەسێنێ.

٥- ئەو نیشتومانەی ئەو نەخۆشیەی تیا بڵاودەبێتەوە، ژیار و شارستانیەتی لاوازدەبن و دەکەونە خانەی سڕانەوەو لەنێوچوون.

دوو: پاراستنی داب و نەریت و کەلتوری نەتەوەیی

داب و نەریت ئەو هەڵس و کەوت و سلوکەیە، کە خەڵکان لە هەر کۆمەڵگاییێك بن بە تێپەڕینی ڕۆژگار بەسوودوەرگرتن لە ئەقڵیەتی باو و

ئەو ئەزموونەی بۆیان درووستبووە، بووەتە یاسای نیمچە چەسپاو و بە گرنگییەکی گەورە بۆی دەڕوانرێ، لە ڕێکخستنی کاروبارە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگا.

کەلتوری نەتەوەییش بەشێکی ئەو داب و نەریتەیە، بەشەکەی تریشی هەموو ئەو شارستانیەتە گەورەیەیە، کە بە تێپەڕینی ڕۆژگار نەتەوە بەرهەمی هێناوە، بوونەتە شتێکی پیرۆز، چونکە سەروەری و هێزی مەعنەوی نەتەوە لەوێ بەرجەستە دەبێ.. پاراستنی ئەم داب و نەریت و کەلتورە نەتەوییانە بەهاییێکی ژیارییەو مایەی ئاسوودەیی هاونیشتمانییانە.

گرنگی داب و نەریت و کەلتوری نەتەوەیی

١ـ ئەمانە تامی ژیان لە کوردستان خۆش دەکەن و نمونەییێکی تایبەتی ژیار و شارستانیەت بەرجەستە دەکەن.

٢ـ هۆکاری باشن بۆ پەروەردەبوونی نەوەکان و پاراستنی ڕیزەکانی نەتەوەو پشت ئەستووربوونیان بەوەی کەوا لەم ڕووانەوە لە نەتەوەکانی تر دەوڵەمەندتر نەبن، هەژار تر نین.

٣ـ ژیان ئاسان دەکەن و گەلێ پەیوەندی کۆمەلایەتی و ئابوری و سیاسی بۆ هاوولاتیان ڕێکدەخەن.

فەرامۆشکردنی داب و نەریت و کەلتوری نەتەوەیی

أ - لەلایێ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە ماوەییێکی زۆری دەوێت و کارێکی ئاسان نییە.

ب - لەلاییێکی دیکە دەبتە هۆی ئەوەی داب و نەریتی گەلانی تر بێنە نێو کوردستان و بەمە جوانییەکەی کوردستان لە ڕووی داب و نەریت و ڕێکخستنی کاروبارەکانی ژیانەوە بشێوێ.

سێ: ژینگە پارێزی

ژینگە واتە: ئاو و هەواو خاك.. هەر سێ ئەمانە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ژیان و تەندروستی هاووڵاتیانەوە هەیە، پیسبوونیان زیانی گەورە دەگەینن، بۆیە پاکڕاگرتن و پارێزگاری لێکردنیان بۆ ئەوەی پیس نەبن، ئەرکێکی ئاینی و نیشتمانی گەورەیەو دەکەوێتە ئەستۆی هەموو تاکێك.

ژینگەپارێزی واتە: پاکڕاگرتنی سێ بنەماکانی ژینگەو پارێزگاری لێ کردنیان بۆ ئەوەی بە پاکی بمێننەوەو پیس نەبن.

باشییەکانی ژینگەپارێزی

ئەگەر ژینگەی وڵاتەکەمان پاراست، ئەوا ئەمانەی خوارەوە وەدی دێن:

١- دەستدرێژی ئادەمیزاد بۆ سەر سروشت دەوەستێت و سروشت بە جوانی و دڵگیری خۆی دەبێتە نمونەی دڵڕفێن و سەرنجڕاکێش بۆ ئاسوودەیی هاووڵاتییان.

٢- ئاو و هەواو خاك بە پاکی دەمێننەوە، بەوەش خەڵك لە نەخۆشییە جۆراوجۆرەکان، کە لە ئەنجامی پیسبوونی ئەو سێیانە درووست دەبن، پارێزراو دەبن.

٣- کەوابێ کۆمەڵگاکەمان نمونەی پێشکەوتنی ژیاری و ڕەوشتییە.

خراپییەکانی فەرامۆشکردنی ژینگە

١- بڵاوبوونەوەی دەردو بەڵاو نەخۆشی جۆراو جۆر.

٢- کەمبوونەوەی سەرچاوەکانی ئاوو لە دەستچوونی زەوییە بە پیتەکان و پیسکردنی هەوا بە گازە کوشندە مەترسیدارەکانی بەرهەمەکانی تەکنەلۆجیا و کارگە جۆراوجۆرە کۆنترۆڵنەکراوەکان.

چوار: بەرەو پێشبردنی بەرهەمی خۆماڵی

بەرهەمی خۆماڵی هەموو ئەو بەرهەمانە دەگرێتەوە، کە لە بووارە لێکجیاکانی کشتوکاڵ و ئاودێری و پیشەسازی و بیناسازی و شوێنەوار و

مێژوو و زانستەکان و ... هتد، تاکەکانی ناوەخۆی وڵات بەرهەمیان دێنن.. بەرەوپێشبردنی ئەم بەرهەمانە، واتە بەرەوپێشبردنی شارستانیەتی وڵاتەکە، بۆیە پێویستە و ئەرکی سەرشانی هاووڵاتیان بە گشتی و حکومەتیش بە تایبەتی پارێزگاری کردن لەو بەرهەمە خۆماڵییانەو بەرەوپێشبردنیانە، ئەوەش بە هاوکاری کردنی ماددی و مەعنەوی جۆراو جۆرەوە.

گرنگی بەرەوپێشبردنی بەرهەمی خۆماڵی

١- لەم ڕێگەیەوە تواناکانی نەتەوە گەورەتر دەبێ و شارستانیەتێکی گەورەتری بۆ درووست دەبێت.

٢- نەتەوە لەم ڕێگەیەوە بەرەو ئەوە دەچێ پشت بە بەرهەمی ناوخۆیی ببەستێ و پێویستی بە بەرهەمی دەرەکی نەمێنێ، بەوەش:

أ - لە پاشکۆیی وڵاتە گەورەکان ڕزگاری دەبێ.

ب - دراوو سامانە گرانبەهاکانی لە ناوەخۆ دەمێننەوەو بە ئاسانی ناچنە دەر.

٣- هەلی کارکردن لە وڵاتدا زۆر دەبێ و بێکاری یان بنەبڕ دەکرێت و یانیش نزیك دەبێتەوە لە بنەبڕ بوون.

٤- ئابوری و سیاسەت و پایەی وڵات بەهێز دەبن و لە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیدا حیسێبێکی گەورەتری بۆ دەکرێت.

٥- شتی نابەجیٚ و ناکۆك بە ژیار و شارستانیەتی نەتەوە نایێنە نێو وڵات و ئەوەی لە وڵاتیش بەرهەم دیٚ، هەمووی وەڵامی پێویستییەکانی نەتەوە دەبیٚ، بەو شێوەی ژیار و شارستانییەتەکەی پەسندیانە.

٦- شت و مەك بە شێوەییێکی گشتی، خواردن بن، یان کەل و پەلی جۆراوجۆر نرخیان هەرزان دەبیٚ و کوالێتییان باشتر دەبیٚ.

٧- کارکردن و داهێنان باڵدەکێشن و شوێنەوارێك بۆ تەمبەڵی و سستیکردن نامێنێتەوە.

فەرامۆشکردنی بەرهەمی خۆماڵی

فەرامۆشکردنی بەرهەمی خۆماڵی دەردێکی کوشندەیە میللەت سوك و لاواز دەکات، زیانی گەورە لە نەتەوە دەدات، لەوانە:

١- دەبتە هۆی ئەوەی پارەو سامانێکی زۆری نەتەوە هەمیشە لە وڵات بچێتە دەر و سوودێکی ئەوتۆی لیٚ وەرنەگیریٚ.

٢- بازرگانە چاوبرسییەکان بە خراپی سوود لە بێتوانایی وڵات لە بەرهەمهێنانی پێویستییە ناوخۆییەکان وەردەگرن، لەسەر حسێبی بەرژەوەندی نەتەوە خۆیان دەوڵەمەند دەکەن و شتی خراپ و بیٚ کوالێتی و گرێنتییان بۆ دەهێنن.

٣- وڵات سەنگی خۆی لە نێو کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی لە دەست دەدات.

٤ـ توانای ناوەخۆیی بەرەو مردن دەبڕێت و داهێنانی نەتەوەیی دێتەوە ئاستی سفر، ئەوەش گەورەترین کارەسات و خۆکوشتنە، کە ڕووبەڕووی ژیار و شارستانیەتی نەتەوەیی هەر وڵاتێك دەبێتەوە.

٥ـ بێ کاری و بێ پسپۆڕی بڵاودەبنەوەو خەڵك متمانەی بە نەتەوەو بە بەرهەمی نەتەوەیی نامێنێ.

سێیەم: بەهای پەروەردەیی

کۆمەڵێك بەهان دەستپێوەگرتنیان دەبێتە هۆی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی تاکەکانی نەتەوە، بەو شێوەیەی پێویستەو بەو شێوەیەی مایەی دڵخۆشی و هۆی سەرکەوتن و سەرفرازییە.

بەها پەروەردەییەکان چەندانێکن لەم بەشەدا تیشك دەخەینە سەر دووانیان، کە بریتینە لە: خوێندن.. پەروەردەکردن.

یەك: خوێندن

بریتییە لە پڕۆسەی بە دەستهێنانی پسپۆڕییەکی دیاریکراو، بۆ ئەوەی خاوەنەکەی لە ڕووی سلوك و بیر و پیشەوە پێبگات و سەرەنجام ببێتە تاکێکی بەسوود، بەو زانستەی بە دەستی هێناوە، خزمەتی گەل و

وڵاتەکەی خۆی بە شێوەیەکی تایبەت و مرۆڤایەتیش بە شێوەییێکی گشتی بکات.

قۆناغەکانی خوێندن

خوێندن بە پێی جۆری قوتابخانەو قۆناغەکانی تەمەن و ئەو گرنگیدانانەی ناوەندەکانی خوێندن هەیانە دەگۆڕێت، بە شێوەییێکی گشتی لە زۆربەی وڵاتاندا خوێندن بەسەر پێنج قۆناغ دابەش دەبێت، کە بریتینە لە: (سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی، خوێندنی پەیمانگاو زانکۆکان، خوێندنی باڵا (دبلۆمی باڵا ـ ماستەر ـ دکتۆرا).

جۆرەکانی خوێندن

بە پێی پسپۆڕییەکان خوێندن ئەم جۆرانەی خوارەوەی هەیە:

أ ـ خوێندنی زانستی جۆراوجۆر (زانستەکانی کیمیا و فیزیاو ئەندازیاری و پزیشکی و کارەباو ماتماتیك و زیندەوەرناسی و مرۆڤناسی و....).

ب ـ خوێندنی وێژەیی (گرنگی بە پسپۆڕییەکانی زمان و ئەدەب و مێژوو و جوگرافیاو کۆمەڵناسی و دەروونناسی و... دەدات).

ج ـ خوێندنی ئاینی (لە هەر وڵاتێك بە پێی ئاینی وڵاتەکە، بابەتەکانی دەگۆڕێت و پیاوی ئاینی درووست دەکات).

د ـ خوێندنی پیشەیی (پیشەسازی بە بەشەکانی وەکو: دارتاشی، میکانیکی...، کشتوکاڵ بە پسپۆڕییەکانی وەکو: سامانی ئاژەڵ و سامانی

ڕووەك و پیشەسازی خۆراك و ... بازرگانی بە جۆرەكانی ناوخۆیی و دەرەكی و ....هتد) دەگرێتەوە.

ئەو هۆكارانەی خوێندن پێویست دەكەن

١- خوێندن یەك لە هۆكارە هەرە گرنگەكانی پێشكەوتنی تاك و نەتەوەكانە، بە بێ خوێندن دواكەوتوویی و نەزانین بڵاودەبێتەوە، ئەوەش ستەمە، هەر یەكێك بیكات.

٢- خوێندن دەبێتە هۆی ئەوەی ژیان و شارستانییەت بەرەو پێش ببرێن و ئادەمیزاد ئاسانتر و بەرهەمدارتر ژیانی خۆی مومارەسە بكات.

ئامانج لە خوێندن

درووستكردنی نەوەیەكی چەكدار بە زانست و پسپۆڕییە جۆراوجۆرە پێویستەكانە، كە بە هۆیانەوە ژیان ڕازاوەتر و بەرەوپێشتر بچێت.

بەرهەمی خوێندن

١- كرانەوەی بیر و بەرەو پێشچوونی ڕۆشنبیری تاكەكان.

٢- درووستبوونی توانای زانستی زۆر و گەورە، كە بە هۆیانەوە ژیان ئاسان دەبێت، وڵات بەهێز دەبێت، مرۆڤایەتی بەرەوپێش دەچێت.

خوێندن لە ئەدەبیاتی کوردی

١- پیاوی نەخوێندەوار کوێرە.. (قسەی نەستەق)

٢- لای من بە خوێندەوارییە، ئای ی خوێندەوارییە

هەر میللەتێ عیلمی نەبێ، ئەوا دەردی کارییە... پیرەمێرد

٣ - بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنان

هەموو ئان و زەمانێك عەینی قەڵغان و سوپەرتانە

ئەحمەد موختار جاف

ئەو کاتانەی خوێندن ئامانجی خۆی ناپێکێ

خوێندن لە چەند بارێکدا ئامانجی خۆی ناپێکێ، لەوانە:

١- ئەگەر هات و قوتابییەکە بە هەڵە لە ئامانجی خوێندن تێگەیشت، ئیتر وای لێ هات، خوێندن بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە و بە هۆیەوەی بە دەستهێنانی کارێك بێت، بۆ خۆ پێگەیاندن، نەك بۆ وەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزەکان.

٢- ئەگەر هات و پڕۆگرامی خوێندن نەبوو، یانیش ئەگەر هەبوو، کۆن بوو و توانای ئەوەی نەمابوو، لەگەڵ پێشکەوتنە زانستییەکانی سەردەم خۆی نوێبکاتەوە.

٣- ئەگەر هات و ستافی مامۆستایان کاراو شارەزای تەواو نەبوون و بە دڵسۆزییەوە دەرسیان نەگوتەوە.

٤ـ ئەگەر هات و ژینگەی قوتابخانەو ناوەندەکانی خوێندن وەکو پێویست نەبوون و کەژێکی خۆش و ئاساییان بۆ تێگەیشتن لیٚ بەدی نەدەهات.

٥ـ ئەگەر هات و وڵات بە بارێکی نائاسایی و شەڕو شۆڕ و ململانیٚ خوێناوییەکاندا تێپەڕی و ئادەمیزاد نرخ و پایەی تایبەتی خۆی لە دەست دا، ئەوکاتە بێگومان خوێندنەکەش نرخی نامێنیٚ و ناتوانیٚ سوودێك بگەینیٚ.

٦ـ ئەگەر بەرپرسە باڵاکانی وڵات بیٚ پلان بوون و نەیانزانی لەو هەموو قوتابی و ناوەندانەی خوێندن مەبەست چییەو نەیانتوانی لە نرخ و بایەخی خوێندن تێبگەن.

٧ـ ئەو کاتەی خوێندن بووە چاولێکەری.

دوو: پەروەردە

بریتییە لە ئاشناکردنی تاك بەو بیر و ئاکارە جوانانەی، لە توانایان دایە، تاکێکی نمونەیی و سەرکەوتوو بەرهەم بێنیٚ، ئەوەش بە هەڵکەندنی ئەو بیرو ئاکارانە لە ڕێگەی وانەو ئامۆژگاری جوان و بە شێوازی کاریگەرەوە لەسەر لاپەڕەی دڵەکان.

بەرهەمی پەروەردە

١ـ بە هۆی پەروەردەی درووستەوە تاك دەخرێتە سەر سکەی ڕاستی و دەتوانیٚ ڕێگەی خۆی لە ژیان، بە باشترین شێوە تۆمار بکات.

٢ـ به هۆی پەروەردەوەی جوانەوە خۆشەویستی لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگا بڵاودەبێتەوەو ئارامی و ئاساییش بەرقەرار دەبێ.

٣ـ بە هۆی پەروەردەی درووستەوە ئادەمیزاد لە هەقیقەتی خۆی و دەوروبەرەکەیشی تێدەگات، ئیتر ستەم و چەوسانەوە بنەبڕ دەکرێت و کەس مافی کەسێکی دیکە پێشێڵ ناکات.

٤ـ تاکی پەروەردە بوو، دەبێتە تاکێکی بەسوود بۆ دونیاو بە هۆیەوەی لە دواماییشدا سەربەرز و ئاسوودە دەبێ.

نەبوونی پەروەردە

بە نەبوونی پەروەردە، هەموو ئەو شتانەی سەروو، کە وەکو بەری پەروەردە خرایە ڕوو، هەموویان لە دەست دەچن، کۆمەڵگا دەکەوێتە پاشەگەردانی و لە بارێکی نالەبار و ناڕەحەتدا ڕۆژانی ژیانی خۆی، بەو پەڕی ئازار و مەینەتی بەسەر دەبات.

ئەو سەکۆیانەی پەروەردە بەرهەم دێنن

١ـ دایك و باوك.. ئەمانە مامۆستایانی یەکەمی تاکەکانن، منداڵ بۆ یەکەم جار لە لای ئەوان چاو دەکاتەوەو وردە وردە پەروەردە دەبێ، بۆیە دەبێ زۆر هەستیار و وشیار بن، بە دەم شتێك نەڵێن، بە کردەوە خۆیان بە درۆ بخەنەوە، چونکە بەوە تۆی لاساری و خراپی لە منداڵەکانیان دەچێنن و وای لێ دێ، ناتوانن وەکو پێویستە پەروەردەیان بکەن.

٢ـ قوتابخانه.. له قوتابخانه‌دا مامۆستاو پرۆگرامیش زۆر گرنگن، ئه‌وانه قوتابی په‌روه‌رده ده‌که‌ن و بۆ ئه‌وه‌یان هه‌ڵده‌نێن، كه پێویسته، به‌ڵام ئه‌گه‌ر وه‌كو پێویست نه‌بوون، قوتابی له بۆشاییدا دێڵنه‌وه‌و ناچاره بچێ پێویستییه په‌روه‌رده‌ییه‌كانی خۆی له لایێكی تر پڕ بكاته‌وه، لێره‌شدا زۆربه‌ی جاره‌كان قوتابی به شتانێكی نادرووست په‌روه‌رده ده‌بێ، به‌وه‌ش خۆی و سه‌ره‌نجام نه‌ته‌وه‌كه‌شی زه‌ره‌رمه‌ند ده‌بن.

٣ـ ڕاگه‌یاندن.. كه‌ناڵه‌كانی ڕاگه‌یاندن ڕۆڵێكی یه‌كجار گه‌وره‌یان هه‌یه له‌سه‌ر په‌روه‌رده‌كردنی تاكه‌كان، چونكه له‌سه‌ر ته‌واوی ئاسته ته‌مه‌نییه‌كان و له‌سه‌ر ته‌واوی ئه‌قڵییه‌ت و ئاراسته بیرییه‌كان كار ده‌كه‌ن، ئه‌وانه ده‌بێ زۆر وشیارانه مامه‌ڵه بكه‌ن و له بایه‌خی ئه‌و سه‌كۆیه تێبگه‌ن، كه بیر و خه‌ونه‌كانیان بۆ بینه‌ر و بیسه‌ر و خوێنه‌ره‌كانیان ده‌گوازێته‌وه، باش بن نه‌وه‌یێكی باش و پێشكه‌وتوو به‌رهه‌م دێنن، خراپیش بن، خه‌ڵكی خراپ به‌رهه‌م دێنن. بۆیه ڕاگه‌یاندنی سه‌ركه‌وتوو، هه‌میشه به‌ها ژیاری و ئاینییه باڵاكانی نه‌ته‌وه‌كه‌ی له‌به‌ر چاو ده‌گرێ و له سای ئه‌واندا بیری جوان و به‌رنامه‌ی جوان و په‌روه‌رده‌ی جوان پیشكه‌ش ده‌كات.

سه‌رچاوه‌ی په‌روه‌رده

په‌روه‌رده له كۆمه‌ڵگای ئێمه‌دا سه‌رچاوه‌یێكی ده‌وڵه‌مه‌ندی هه‌یه، له زیاتر له ڕه‌هه‌ندێكه‌وه بیر و بابه‌ته‌كانی هه‌ڵدێنجێت، له‌وانه:

١ـ بەها ژیارییە پێشکەوتووەکان.. وەکو: خواناسی، خۆناسی، بەسوودبوون، چاکەکاری، دژ وەستان لە خراپییەکان... هتد.

٢ـ داب و نەریت و ئەزموونی گەورەی مرۆیی ئەوەی لە تێکستە میللی و فۆلکلۆرییەکان بەرجەستە دەبن.

٣ـ ئەقڵی پێشکەوتوو و سەردەمیانەی دونیا.

چوارەم: بەهای کۆمەڵایەتی

کۆمەڵێك بەهان بە هۆیانەوە کۆمەڵگا ئارام و ئاسوودە دەژی، بەرپرسی یەکەم لە وەدی هێنانیان تاکەکانن، ئینجا ئەرکی سەرشانی دامودەزگاکانی پەروەردەو ڕاگەیاند و ئۆرگانە فەرمییەکانی دیکەی حکومەتیشە بەرنامەڕێژییان بۆ بکات، بۆ ئەوەی هەمیشە پارێزراو بن و بە هۆیانەوە کۆمەڵگا لە ڕۆژانی زێڕین و هەنگوینی خۆی بژی.

بەها کۆمەڵایەتییەکان چەندانێکن لەم بەشەدا تیشك دەخەینە سەر دووانیان، کە بریتینە لە: خۆشەویستی.. هاوسەرگیری.

یەك: خۆشەویستی

بریتییە لە جێکردنەوەی بەرامبەر لە نێو دڵداو پێدانی ئەو پایەی شیاوە بۆی، بۆ نمونە: خودا لە هەموو کەس و یەکێکی تر گەورەتر و بە بەخششترە لەگەڵماندا، بۆیە شیاوی یەکەمین خۆشەویستییە لە لایەن

بەندەکانیەوە، لێرەوەیە دڵ بۆی دەکرێتە عەرش و خودا دەبێتە پاشای ئەو عەرشە.. ئینجا لە پێناوی خودا هەموو کەس و شتەکان و گەردوون و خولقێنراوەکانی خوداش بە گشتی، هەریەکەو جێیەکی شیاوی خۆیان لە دڵدا پێ دەدرێ، بەو مەرجەی هەموویان لە سای خۆشەویستی خودا بن و هەڵە نەکرێ لەوەی پایەی بەرزتریان پێ بدرێ.. ئەمە خۆشەویستی ڕاستەقینەیەو گرنگی تایبەتی خۆی هەیە.

فەلسەفەی خۆشەویستی

١- خۆشەویستی یەکێکە لەو چەمکە ئاینی و ژیاریانەی لە وەتەی ئادەمیزاد لەسەر پشتی ئەو زەویەیە، تەواوی ئاینەکان جەختیان لەسەر کردۆتەوەو بە گرنگیان نرخاندووە، پێغەمبەر (درووود و سڵاوی خوای لەسەر بێت) خۆشەویستی بە بناغەی ئیمان دەبەستێتەوە، بە شێوەیەك ئەگەر هەر یەکێك خوشك و برا ئیمانیەکەی خۆی خۆشنەوێت، ئەوا ئیمانی نابێت، دەفەرموێت: ناچنە بەهەشت تا ئیمان نەهێنن.. ئیمانیش ناهێنن، تا یەکتریتان خۆش نەوێت.. شتێکتان بۆ نەخەمە بەرچاو، ئەگەر کردتان، خۆشەویستیتان لە دڵی یەك درووست دەبێت: سڵاو بڵاوبکەنەوە. (واتە: زۆر سڵاو لە یەکتری بکەن).

٢- خۆشەویستی ئەو مانا ئەفسووناویەیە، کە لە ڕیشەدا گۆڕان بەسەر مرۆڤدا دێنێت و پاکی دەکاتەوە، ناسکی دەکات، ڕووخۆش و گەشاوەی دەکات، وای لێدەکات بە خۆشەویستییەوە بۆ هەموو دەوروبەری خۆی لە گیاندار و بێ گیان و ئادەمیزاد و خاك و خۆڵ و ئاو و

کانی و ئاسمان و ئەستێرەو ژیان بە گشتی بڕوانێت.. وای لێدەکات بە دڵسۆزییەوە کارەکانی ئەنجام بدات و ڕاستگۆیانە مامەڵە لەگەڵ خۆی و لەگەڵ دەوروبەری بکات. وای لێدەکات ببێتە کەسێکی شیرین و ئێسکسووك و خۆشەویست لەلای هەمووان!!

ئەو هۆکارانەی خۆشەویستی بەرقەرار دەکەن

ئەو هۆکارانەی کورد خۆشەویستییان پێ بەرقەرار کردووە، زۆرن، لەوانە گرنگترینیان:

١- ئایین.. دەق و واقیعی مێژوویی زۆری لە خۆگرتووەو جەخت لەسەر خۆشەویستی دەکەنەوە.

٢- ئەقڵ و ئەزموون.. هەموویان جەخت لەسەر باشی و پێویستی خۆشەویستی دەکەنەوەو دەریانخستووە، بە بێ خۆشەویستی ژیان مەحاڵە.

بەرهەمی خۆشەویستی

١- کۆمەڵگاییێکی ئارام و خۆش بەرهەم دێنێ، هەموو کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کێشەکانی تر دووردەخاتەوە.

٢- دڵنیایی و ئاسوودەیی بڵاودەکاتەوەو وا دەکات، هەموو کەس و هەموو شتێکیش، تەنانەت لە گیاندار و بێگیانیشەوە بە مافەکانی خۆی بگات، هیچ یەکێکیان ستەمی لێ نەکرێت.

٣- ژیان ئاسان دەچێتە پێش و وڵات پڕی پێکەنین و هاوکاری دەبێت.

٤- پەڕتەوازەیی و ڕق و قین زیندە بەچاڵ دەبێت و یەکدەنگی و یەکڕیزی باڵ دەکێشێت.

٥- کۆمەڵگا بەهێز دەبێت و دوژمن بە ئاسانی ناتوانێ فێڵیان لێ بکات و درزیان لە نێودا درووست بکات.

٦- هەرکەسەو خەریکی کار و چالاکییەکانی خۆی دەبێت و چی بۆ خۆی دەوێت ئەوەی بۆ خوشك و براکانی دەوێ و چی بۆ خۆی پێ خۆش نییە، ئەوەشی بۆ خوشك و براکانی پێ خۆش نابێ.

دوو: هاوسەرگیری

هاوسەرگیری واتە: پەیوەندی نێوان کوڕێك کە دواتر بە (مێرد) دەناسرێ و کچێك کە دواتر بە (ژن) دەناسرێ، بۆ درووستکردنی خێزانێکی تازە، لەسەر ڕەزامەندی هەردوولایان و بە پێی پەیمانێکی پیرۆز.

گرنگی هاوسەرگیری

١- درووستبوونی ئارامی دەروونی بۆ کوڕان و کچان، چونکە ئادەمیزاد کە گەیشتە تەمەنی ژنهێنان و شووکردن، ئیتر لەماڵی تایبەتی خۆی نەبێ، ئارامی بە خۆیەوەی نابینێ.

٢- درووستبوونی یەکە سەرەکی و بنجییەکانی کۆمەڵگا، کە خێزانە لە ژنهێنانەوە درووست دەبێ، بەوەش کۆمەڵگا لەسەر ڕاستەڕێی بەرەوپێشچوون دەڕوات و لە شلەژان و بێڕێزی و درووستبوونی کێشەی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر ڕزگاری دەبێ.

٣- نەتەوە لە ڕێگەی ژنهێنانەوە بە شێوەییێکی شەرعی و یاسایی زیاد دەکات.

٤- لەم ڕێگەیەوە مافی منداڵ و مافی ژن و مافی پیاو و مافی کۆمەڵگاش بە گشتی وەدی دێت.

باشترین کات بۆ هاوسەرگیری

لە ڕووی شەرعی و زانستییەوە باشترین کات بۆ هاوسەرگیری ئەو کاتەیە، کە هەریەکە لە کوڕەکە و کچەکە:

١- ئەقڵیان کراوە بێ و بە باشی ئیش بکات.

٢- توانای هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی درووستبوونی خێزانە تازەکەیان هەبێ، بتوانن پارێزگاری لە مانەوەی بکەن، بتوانن بە یەکتری ڕازی بن، بتوانن خەرجی پێویست بۆ ژیانی نوێیان زامن بکەن.

٣- بتوانن بەرپرسیارییەتی ئەخلاقی لە بەرامبەر منداڵەکەنیان بگرنە ئەستۆ و پەروەردەییێکی درووستیان بکەن و ڕێگەییێکی سەرکەوتنیان بۆ بخەنە سەر پشت.

پێوەرەکانی هاوسەرگیری

خەڵکی بۆ هاوسەرگیری چوار پێوەریان هەیە، ئەوانیش:

١ـ لەبەر دەوڵەمەندی کچەکە، یان دەوڵەمەندیماڵی باوکی کچەکە.

٢ـ لەبەر جوانی کچەکە.

٣ـ لەبەر ئەوەی کچەکە لە بنەماڵەیێکی ناسراو و گەورەیە.

٤ـ لەبەرئەوەی کچەکە خووڕەوشتێکی بەرزی هەیە و دیندارێکی باشە.

پێغەمبەر (دروود و سڵاوی خوای لەسەر بێت) هانی موسلمانانی داوە، ئەوەی چوارەم هەڵبژێرن، دیارە ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر ئەوانەی یەکەم و دووەم و سێیەم دیندار نەبوون، بەڵام ئەگەر دینداربوون و سیفاتەکانی تریشیان تیا بوو، ئەوە ئیسلام دژی ئەو بارە نییە.

بەڵام مەبەست لە فەرموودەکە ئەوەیە: تەنیا دینداریییەکە بەردەوامی دەبێ، بەڵام دەوڵەمەندی و جوانی و دەسەڵاتی بنەماڵەی کچە، ئەوانە هەموویان هەرەشەلێکراون بە تیاچوون و نەمان و مەرج نییە تا سەر بمێننەوە.

پێنجەم: بەهای سیاسی

کۆمەڵێك بەهان ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە ئارامی کۆمەڵگاو بەرەوپێشچوونی وڵات، چونکە مافی تایبەتی تاك و نەتەوەکانن، بنەمان

بۆ سەرکەتن و ژیان بە هۆیانەوە نەبێ، واتای درووستی خۆی لە دەست دەدات.

بەها سیاسییەکان چەندانێکن لەم بەشەدا تیشک دەخەینە سەر چواریان، کە بریتینە لە: ئاشتی.. ئازادی.. لێبووردەیی.. سەربەخۆیی.

یەك: ئاشتی

یەکێکە لە بەها ژیارییە گەورەکان، بریتییە لە هەڵگرتنی دڵی سپی لەگەڵ یەکتری و درێژکردنی دەستی سپی بۆ یەکتری و بەکارهێنانی زمانی سپی لە بارەی یەکتر، بەو شێوەیەی کۆمەڵگا هیچ گرفت و کێشەیێکی گەورە، یان بچووکی بۆ درووست نەبێت و زۆر بە ئارامی و ئاسایی بەرەوپێش بچێت.

ئەو هۆکارانەی ئاشتی بەرقەرار دەکەن

ئەو هۆکارانەی کورد ئاشتییان پێ بەرقەرار کردووە، زۆرن، لەوانە گرنگترینیان:

١ـ بڕوابوونی تەواو بەوەی، کەوا: ئاشتی فاکتەری سەرەکی ژیانەو بە نەبوونی ئاشتی ژیان پەکی دەکەوێت، ترس و دڵەڕاوکێ و دواکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابوری درووست دەبێت، بەوەش زیان بەر هەموو تاکێك دەکەوێت.

٢ـ نەبوونی بیری خۆپەرستی بە شێوەیێکی گشتی و جەختکردنەوە لەسەر خواپەرستی و کارکردن بەوەی خوا پێی خۆشە، کە هەموو لاییێك

نیازی پاکیان لێك هەبێت و کەس تەماعی لە ماڵ و موڵکی کەس نەبێ، چونکە ئەگەر وەها کرا ئاشتی بەرقەرار دەبێ، ئەگەریش بە پێچەوانەوە کار کرا، ئەوا شیرازەی ئاشتی دەشێوێ و لە بەین دەچێ.

٣ـ دەقەکانی ئاینی ئیسلام و مێژووی کوردی موسلمانان، کە جەخت لەسەر گرنگی و بایەخی ئاشتی دەکەنەوەو دەیسەپێنن.

بەرهەمی ئاشتی

١ـ ئاوەدانبوونەوەو بەرەوپێشچوونی ژیان لە کوردستان هەر لە کۆنەوەو تا ئەمڕۆ، کە دەبینین لە هەموو کونج و لایێکی کوردستان ژیان و شارستانیەتێکی ڕەسەن و گەورە بەدی دەکرێ.

٢ـ هەر کاتێك ئاشتی هەبووبێ: دڵنیایی و ئاسوودەیی بڵاوبۆتەوەو خەڵك لە کێشەی دەروونی و ناڕەحەتی جۆراوجۆر دەربازی بووە.

٣ـ پێکەوە ژیان لە نێوان کوردی موسڵمان و کەمە نەتەوەیی و ئاینییەکانی تر بەرقەرار بووەو هەر لە کۆنەوە تا ئێستا کوردستان بووەتە لانەیێکی خۆش و جێی شانازی و نمونە بۆ مرۆڤدۆستی و خۆشەویستی.

ئاشتی لە ئەدەبیاتی کوردی

١ـ ئاشتی کاسەی ماڵە.. ئاشتی هیوای گەلانە.. (پەندی پێشینان و قسەی نەستەق)

٢ـ لە شیعری کوردیشدا (گۆران) دەنووسێت:

ئاشتیخواز! ئاشتیخواز! ئاشتی خوازی کورد!

به ئاشتی سەرئەگریٚ گشت نیازی کورد!
ئەی برا جەژنەکەت پڕ نان و گولٚ بیٚ!
نان بۆ تیٚری سك، گولٚ نەشەی دلٚ بیٚ!
ئەی براو خوشکەکان! ئەی وردو درشت!
ئاشتییە ئازاد و بەختیار کا گشت!!

دوو: ئازادی

یەکێکە لە بەها ژیارییە گەورەکان، بریتییە لە ئازادکردنی تەواوی ئادەمیزاد لە دەستنیشانکردنی عەقیدەو دەرخستنی بیرو ئەنجامدانی چالاکییە جۆراوجۆرەکانی، بۆ بە دەستهێنانی بژێوی خۆی و بەرەوپێشبردنی ژیان لە کۆمەڵگاکەی، بەو شێوەی بڕوای پێ هەیەو لەو سنوورەی زیان بە ئازادی یەکێکی دیکە نەگەینێت.

ئەو هۆکارانەی ئازادیی بەرقەرار دەکەن

ئەو هۆکارانەی کورد ئازادییان پێ بەرقەرار کردووە، زۆرن، لەوانە گرنگترینیان:

١- ئاینی کوردی موسلمان، کە لە هەموو ڕوویێکەوە ئادەمیزادی ئازاد کردووەو بۆ هیچ مەسەلەیەکی زۆر گرنگیش نەیویستووە، بەندە بە بێ ئازادی خۆی و بە نابەدڵی ئەنجامی بدات، یان بە هۆی ستەم و زوڵمێکەوە لەسەری بیکات.

٢- بڕوابوونی کورد بەوەی کەوا، ئازادی مافێکی بنەڕەتییەو ژیان لە ئازادیدا زۆرتر پێشدەکەوێ وەك ئەوەی لە زەوتکردنی ئازادی.

بەرهەمی ئازادی

١- چالاکبوونی تاك، چونکە شتێك ناکات بە زۆر بێ و ئەوەی دەیکات ئارەزوومەندانەیەو بەو پەڕی ئازادی خۆیەتی.

٢- بڵاوبوونەوەی دڵسۆزی و لێبڕان و داهێنانی گەورە، چونکە هەرکەسەو بە ئازادی ئیش دەکات و ترسی ئەوەی نییە بە هۆی بیروڕاو چالاکییە بیری و زانستیی و بازرگانی و هەر چالاکییەکی دیکەی ئازاری پێ بگات.

٣- ئیشکردنی بیر و بەرەوپێشچوونی، کە بە هۆیەوەی ژیانیش زۆرتر بەرەوپێش دەچێ، چونکە هەموو وەرچەرخانێکی گەورەو بچووکی ژیاری و شارستانی، تەنها بە هۆی ئەو بیرەوە دەبێ، کە لە کۆمەڵگا درووستبووەو بەرەوپێشهاتووە.

٤- پسپۆڕی بەرەوپێش دەچێت و هەرکەسە مافی خۆی وەردەگرێ.

ئازادی لە ئەدەبیاتی کوردی

١- حەیف نییە ئادەمیزاد ئازاد نەبێ.. ژیان بە دیلی ناچێتە سەر.. (پەندی پێشینان و قسەی نەستەق)

٢- ئازاد ئەبم ئازاد ئەبم

بە ئازادی من شاد دەبم

هاوپشتی عەدل و داد ئەبم
گەل شیرینە فەرهاد ئەبم
قولنگی عەزمم لا پۆڵایە
بێستونم لە لا بایە... شێخ سەلام

لەولاوەش دژەبەهای ئازادی، کۆیلایەتییە، ئەوەش ژیان دەوەستێنێ، چەوسانەوەیەکی نابەجێ بەرهەم دێنێ و چالاکی و لێبڕان و دڵسۆزی دەمرێنێ، بۆیە شاعیرانی کورد و ئەدەبیاتی کوردیش بە گشتی زۆر دژی کۆیلایەتیشیان نووسیوە، بۆ نمونە:

من نامەوێ قەت بەندە بم
یاخۆ فێری دەسندە بم
یا لای میری پەسندە بم
یا وەکو مەل پەڕندە بم
لە عاستی گەل شەرمندە بم
ڕوو زەردی خواو هەم بەندە بم... شێخ سەلام

سێ: لێبووردەیی

بریتییە لە ڕێزگرتن لە بەرامبەر و قەبوڵکردنی و ڕازی بوون بە جیاوازی ئاینی و جیاوازی ڕۆشنبیری و شێوەکانی گوزارشتکردن و سیفاتە مرۆییە لێکجیاکان.

چەمکی لێبووردەیی بەستراوەتەوە بە مافەکانی مرۆڤەوە، بە کورتی واتە: وەرگرتنی هەڵوێستێکی ئیجابی و باش لە بەرامبەر خەڵکی بە گشتی، تیایدا دان بنێی بە مافی هەمووان و ئەو ئازادییەی خودا بە بەندەکانی داوە لێیان زەوت نەکەی.

لەگەڵ ئەوەشدا لێبووردەیی مانای ئەوە نییە: قەبوڵی ئەوە بکەی، خەڵك بە ناوی ئازادییەوە پیرۆزییەکانی تۆ پێشێل بکات و سوکایەتی بە بیروباوەڕ و مافە تایبەتییەکانی تۆ بکات، یان ناچاربی، ئەوەی ستەمێکی لێکردی بیبەخشی، چونکە بەخشین دەبێ بە ڕەزامەندی بێ، نەك بە هۆی هەبوونی فشارەوە لە سەرت.

کەناڵەکانی لێبووردەیی

لێبووردەیی دەشێ لە لایەن تاك و دەشێ لە لایەن دەوڵەتیشەوە بەرجەستە بکرێت، ئەوانیش بەم شێوەیە:

١ـ تاك لە سنووری پەیوەندییەکانی خۆی لە گەڵ دەوروبەری لەو کەس و دەزگایانەی لەگەڵیان دەژی.

٢ـ دەوڵەتیش لە هەردوو بواری ناوەخۆ لەگەڵ هاووڵاتیانی و دەرەوەش لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی دیکەش، کە پەیوەندی جۆراوجۆر پێکەوەیان دەبەستێتەوەو لە ئەنجامی مامەڵەکردنی بەردەوامیان لەگەڵ یەك، دەشێ کێشەی جۆراوجۆر لە نێوان تاك و دەوروبەرەکەی، یان دەوڵەت و دەوروبەرەکەی درووست ببێت، ئەو کێشانەش لێبووردەیی نەبێ، شتێکی دیکە ناتوانێ چارەسەریان بکات.

گرنگی لێبووردەیی

کۆمەڵگەی مرۆیی جیاوازی زۆری لە بیروڕاو ئاین و هەڵوێستی سیاسی هەیە، هەریەکەو بەرژەوەندی تایبەتی خۆی هەیە، ئەو بەرژەوەندییانە زۆرجار لە بەریەکتری دەوەستن، لێبووردن چارەسەرە بۆ ئەوەی هەمووان مافی ژیانیان پێ بدرێ و هەمووان بە ئابڕوومەندی و بە سەربەرزی و ئاشتییەوە بژین، کەواشبێ لێبووردەیی گرنگترین بەهای ژیارییە، کە دەتوانێ هاوسەنگی لەنێو کۆمەڵگادا بپارێزێ و زامنی ئەوە بێت، کێشەو گرفتی گەورە لە ناویدا ڕوو نەدات.

بەرهەمی لێبووردەیی

١- لێبووردەیی دەبێتە هۆی درووستبوونی ئارامی و دڵنیایی لە نێو کۆمەڵگا.

٢- لێبووردەیی زامنە بۆ پێکەوە ژیان و گفتوگۆی ئازاد و ئەقڵانی نێوان تاك و ڕێکخراو و دەوڵەتەکان.

٣- هۆکارێکە بۆ سەرکەوتن بەسەر توڕەیی و وەرگرتنی هەڵوێستی توند لە بەرامبەرە جیاوازەکان.

٤- بەرجەستەبوونی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی و بەدەستهێنانی دەستکەوتە هاوبەشەکان.

٥- کرانەوەی ڕۆشنبیرییەکان بە ڕووی یەك و بەدەستهاتنی دەستکەوتی هاوبەش بۆ هەمووان.

٦- پارێزراوبوونی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکانی.

بوارەکانی لێبووردەیی

١- لێبووردەیی ئایینی

٢- لێبووردەیی لە بواری بازاڕو مامەڵەکردن

٣- لێبووردەیی لە بوواری ڕۆشنبیری

٤- لێبووردەیی نەتەوە زمان جیاوازەکان لەگەڵ کەمینە نەتەوەییەکانی هاوبەشیان لە نیشتومان.

ئەو هۆکارانەی لێبووردەیی بەرهەم دێنن

١- گفتوگۆی ئەقڵانی ئامانجدار.

٢- کەژی هێمن و ئارام.

٣- هەبوونی ئازادی بۆ هەمووان.

٤- دلگەورەیی تاکەکان.

٥- لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە باڵاکان.

٦- خوێندن و ڕۆشنبیری.

چوار: سەربەخۆیی

بریتییە لە ڕزگاربوونی تاك، یان نەتەوە لە هەر کۆت و بەندێکی دەروونی بێ، یان لە هێزێکی داگیرکەری دەرەکی، بۆ ئەوەی بتوانرێ بڕیارە درووستەکان بە ئازادی و بێ کاریگەری و ستەمی کەس لە ژیانی تاك و نەتەوەکان وەربگیرێ.

جۆرەكانی سەربەخۆیی

١ـ سەربەخۆیی تاك

بریتییە لە ڕزگاربوونی تاك لە هەواو ئارەزووە شەیتانییەكانی خـۆی، هەروەها لـە ژێـر دەسـتی هـەر كـەس و هێزێكـی سـتەمكار، بـەو شـێوەی بتوانێ: خۆی بڕیارە ستراتیژیەكانی ژیانی خۆی بدات و بەو پێیـە هـەنگاو بنێ، كە بڕیاری لەسەر داوە، بێ ئەوەی ترسی لێپرسینەوەو سزای كەسی لە دواتردا هەبێ.

٢ـ سەربەخۆیی نەتەوە

بریتییـە لـە ڕزگـاربوونی نەتـەوە لـە ژێـر دەسـتی داگیركـەر، بـە هۆكارێكی خەباتی عەسكەری، یان هەر هۆكـارێكی دیكـە، بـەو شـێوەیەی بتـوانێ خـۆی ڕەسمـی سیاسـەت و دەسـەڵات و پێشـكەوتنی تـەواوی بووارەكـانی نەتەوەكـەی بكێشـێ.. بـەڵام نەتـەوەش دەشـێ شـێوەكانی سـەربەخۆییی بگـۆڕێ، لەبـەر ئـەوە زیـاتر لـە وێنـەیێكی سـەربەخۆیی نەتەوەیی هەیە، لەوانە:

أـ سەربەخۆیی مەرجدار (ناتەواو)

بریتییە لە ڕزگاربوونی میللەتێك لەژێر دەسـتی داگیركـەر، بـەڵام لـە ڕێگـەی دان و سـتانێك لەگـەڵ داگیركەرەكـە، كـە بـە هۆیـەوەی هەنـدێ مەرجی داگیركەر دەكەوێتە سەر میللەتی سەربەخۆخواز.

ب ـ سەربەخۆیی بێ مەرج (تەواو)

بریتییە لە ڕزگاربوونی میللەتێك لەژێر دەستی داگیرکەر، بەبێ ئەوەی هیچ حسێبێك بۆ داگیرکەرەکە بکات و بێ ئەوەی داگیرکەر نرخی ئەوەی مابێت هیچ مەرجێك لەسەر میللەتی سەربەخۆخواز بسەپێنێت.

گرنگی سەربەخۆیی

١ـ هەست کردنی تاك، یان نەتەوەی سەربەخۆ بە کەسایەتی تایبەتی خۆی و خولانەوەی بە تەواوی تواناکانی، مادام سەربەخۆیەو کەس ستەمی لێ ناکات.

٢ـ بەهێز بوونی پەیوەندی نێوان کەس و نەتەوە سەربەخۆکان، مادام خاوەنی بڕیاری خۆیانن و کار بۆ بەرژەوەندییە هاوبەش و گشتییەکان دەکەن.

٣ـ نەمانی کێشەو ململانێ و شەڕ و کوشتار، مادام داگیرکاری و چەوسانەوە نەماوەو هەر کەس و نەتەوەیەك سەربەخۆیی خۆی بە تەواوی وەرگرتووە.

بۆچی دەبێ سەربەخۆ بین؟

١ـ چونکە ئەوە مافی مرۆڤەکانەو دەبێ پێشێل نەکرێ.

٢ـ بۆ ئەوەی هەست بە بوونی خۆمان بکەین و بە تەواوی تواناکانمان کار بکەین.

٣ـ بۆ ئەوەی بە کێشەو گرفتە ناخۆش و تواناکوژەکان خەریك نـەبین و کۆششـەکانمان بـۆ داهێنـان و ئاوەدانکردنـەوە بـێ، نـەك بـۆ ململانـێ و شەڕە خوێناوییەکان.

ئەگەر مافی سەربەخۆیی زەوت کرا؟

ئەگــەر مــافی ســەربەخۆیی زەوت کــرا ئــەوا خــەبات و شۆڕشــی بەدەستهێنانی سـەربەخۆیی بـەردەوام دەبـێ و هـەتا ئـەو سـەربەخۆییە وەردەگیرێ، نە نەتەوەی ستەمکاری سەربەخۆیی زەوتکەر و نە نەتـەوەی ستەملێکراوی سەربەخۆیی لێ زەوتکراویش نـاتوانن بـە ئـارامی و هێمنـی بــژین، بــەڵکو بــەردەوام خــوێن و مــاددە دەڕژن و لــە کــاروانی بەرەوپێشچوونی ژیان دوا دەکـەون، نمونـەی ئەمـە هـەموو ئـەو وڵاتانـەی تورکیاو عیراق و ئێران و سوریایە، کـە مـافی سـەربەخۆیی کوردانیـان تیـا زەوتکراوە، دەبینین تیایاندا:

١ــ شـۆڕش و ڕاپـەڕینی کـوردیش بــە درێـژایی ســەدەی بیسـتەم نەپسـاوەتەوەو سـەرەنجام چ ئـەو وڵاتــە سـتەمکارانەو چ کـوردیش.. تواناکانیـان بـۆ دژایـەتی کردنـی یـەك کورتبۆتـەوەو وەکـو پێویسـت نەیانتوانیوە داهێنان و تەکنەلۆژیاو شارستانیەتیان بەرەوپێش ببەن.

٢ـ خوێن و ئابورییەکی زۆر لە هەردوولا ڕۆییوە، کـە ئەگـەر کـوردیش سەربەخۆ بووایە، دەبووە وڵاتێکـی هاوپـەیمان و دۆسـتیان و ئـەو هـەموو زیانە ماددی و گیانییەش لە هەردوولادا نەدەکەوت.

شەشەم: بەهای دەوڵەتی

کۆمەڵێك بەهان لەسەر بنەمای ئەوانەوە دەوڵەت دادەمەزرێ و خەڵکی بەدەورەوە کۆ دەبێتەوە، بە پارێزگاری لێکردنیان دەوڵەت دەبووژێتەوە و بەهێز دەبێ و بەرەوپێش دەچێ، بە دەستبەرداربوونیشیان دەوڵەت لاواز دەکەوێت و خەڵکی لێ دەبێتەوە و بەرەو ڕووخان دەچێت.

بەها دەوڵەتییەکان چەندانێکن لەم بەشەدا تیشك دەخەینە سەر دووانیان، کە بریتینە لە: دادگری.. مافی مرۆڤ.

یەك: دادگری

بریتییە لەوەی هەر یەکەو هەقی خۆی پێ بدرێ، ئەگەر باش بوو بە باش و ئەگەر خراپ بوو بە خراپ، بەبێ دروستکردنی جیاوازی لە نێوان خەڵکی، لەسەر بنەمای خوێن و ڕەنگ و زمان و شتی دی.

لە وەتەی ئادەمیزاد هەیە ئەم بەها ژیارییەی دادگری بایەخی تایبەتی پێ دراوەو بە بناغەو هۆکاری مانەوەی ژیان و کۆمەڵگاو دامەزراوە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینییەکان و تەواوی دامەزراوەکانی تر و بە بناغەو بنەمای سەرەکی دەوڵەتداری دانراوە.

ئەو هۆکارانەی دادگری بەرقەرار دەکەن

ئەو هۆکارانەی کورد دادگرییان پێ بەرقەرار کردووە، زۆرن، لەوانە گرنگترینیان:

١- ئایین.. کە بە توندی جەخت لەسەر دادگری دەکاتەوە.

٢- ئەدەبیاتی سەرزاری و نووسراو، کە جەخت لەسەر گرنگی دادگری دەکەنەوە.

٣- ئەقڵیەت و جیهانبینی کورد، کە تەواو لەوە گەیشتووە: دادگری واتە: ژیان و ستەمکردن و نادادگری واتە: مردن.

بەرهەمی دادگری

١- بەهێزبوونی دەوڵەت و نەمانی جیاوازییە نابەجێکان لە نێوان هاووڵاتیان و ئاسوودەبوونی هەمووان بەو دادگرییەی لە سایەی دەژین.. بووژانەوە دەبێت و وڵات بەرەو پێش دەچێت.

٢- بەهێزبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کۆبوونەوەی نەتەوە بە دەوری ئەو دادگریەی هەیە، ئەوە نەتەوە بەهێز دەکات و لە مەترسییەکان دەیپارێزێت.

٣- بەدەستهاتنی مافە گشتی و تایبەتییەکان و یەکسان بوونی لاواز و بەهێز بە هۆی دادگری، ئەوەش ئارامی دەروونی و متمانەو خۆشەویستی لە نێو کۆمەڵگادا بڵاودەکاتەوە.

٤- جوانبوونی هەموو ئەوانەی بە دادگری دەجولێنەوەو بەرزبوونەوەی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسییان.

٥- نەمانی زوڵم و ستەم و ڕزگاربوونی خەڵك لە مەترسی بێدادی و زیان پێگەیشتن بە هۆکارە ناڕەواکانی ئەودیو دادگری.

٦- بەرەوپێشچونی کۆمەڵگاو درووستبوونی کێبڕکێیەکی مرۆڤدۆستانە بۆ داهێنان و پێشکەوتن، چونکە دەزانرێ هەر کەسەو بە هەقی خۆی بەرەوپێش دەچێ و کەس بە هۆکاری لابەلای بێ مانا بەسەر کەسی تر زاڵ ناکرێ.

دوو: مافی مرۆڤ

بریتییە لە کۆی ئەو مافانەی ئادەمیزاد هەریەکە و بە پێی پێگەی درووستی خۆیان لەسەر یەکتری هەیانە، پێویستە هەمیشە پارێزگارییان لێ بکرێ و بە بایەخەوە بۆیان بڕوانرێ، ئەمەش گشتێکی پێکەوە گرێدراوە، دەبێ لە هەموو کات و شوێنێکدا هەبێ، نابێ پارچە پارچە بکرێت و مافی یەکێك بەسەر ئەوانی تردا تۆخبکرێتەوە، یان لە کاتێکی دیاریکراو جەختی لەسەر بکرێتەوەو دواتر لە بیربېرێتەوە، یانیش بە قسە باسییان لێوەبکرێ و بە کردار جێبەجێ نەکرێ.. ئەم ئەرکە مافپارێزییەو لە ئەستۆی دەوڵەت و کۆمەڵگاشە بەجێی بێنن.

خاوەن مافەکان بریتینە لە:

١ـ دایك و باوك.. هۆی هاتنە دونیامانن، بەخێوکەر و پێگەیێنەرمانن، ماندووبوونیان هەموو بۆ منداڵەکانیانە، بۆیە مافی ئەوەیان هەیە ڕێزیان بگرین و نەك ئازاریان نەدەین، بەڵکو لە ئازارەکانیان کەم بکەینەوە.

٢ـ منداڵ.. خوای گەورە وەکو بەخششی گەورە بە بەندەکانی بەخشیون، دەبنە مایەی دڵخۆشی و دەبنە یارمەتیدەر و هاوکاریکەری باشی پڕۆژەکانی دایك و باوك، ئایندەی ماڵ و وڵات دەکەوێتە دەستی ئەوان، بۆیە: مافی پێدانی سۆز و خۆشەویستییان هەیە، مافی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی سەرکەوتووانەیان هەیە.. دەبێ دەوڵەتیش باشترین کەژیان بۆ ئەو مەبەستە بۆ مسۆگەر بکات.

٣ـ مامۆستا.. فێرکەر و پێگەیێنەری ڕەوشتی و زانستیمانە، ئەگەر بەو شێوەیە بوو، مافی ڕێزگرتن و سوپاسکردنی هەیە.. دەبێ دەوڵەت پێگەی شیاوی خۆیان پێ بدات.

٤ـ ئادەمیزاد بە گشتی.. بۆ ئەوەیە هاوکاری یەك بکەن و لەسەر بنەماکانی ڕێز و خۆشەویستی و پەیوەندی باش لەگەڵ یەکتری بجولێنەوە، بۆیە مافی ڕێز و خۆشەویستی و دۆستایەتی و هاوکارییان هەیە.. دەبێ هەموویان لە لایەن دەوڵەتەوە دەستی سۆز و هاوکارییان بۆ درێژ بکرێ و مافی ژیانیان بە باشترین شێوە بۆ زامن بکرێت.

٦ـ کرێکار و جوتیارو ئەندازیار و پزیشك و زاناو ڕۆشنبیر و تەواوی دەستەو توێژ و چینە لەیەکجیاکان، ئەوانەی هەر خزمەتێك پێشکەش بە

کۆمەڵگا دەکەن، مافی ڕێزلێگرتن و هاوکاریکردن و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان هەیە.

٧- ژنان و قوتابیان و لاوان و وەرزشوانان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە گشتی.. هەموویان مافی ئەوەیان هەیە، دەوڵەت پارێزگارییان لیّ بکات و مافەکانی ژیان و سەربەرزییان بۆ زامن بکات.

بەرهەمی پارێزگاری کردن لە مافەکانی مرۆڤ

١- ئەگەر دەوڵەت تەواوی مافەکانی هەموانی پاراست، ئەوا بۆ خۆی هەمیشە بەهێز و سەرکەوتوو دەبیّ و خەڵکیش بە هۆیەوەی سوودەبینن و لای هەمووان جوان و خۆشەویست دەبیّ.

٢- بە ڕەچاوکردن و پارێزگاری کردن لە مافەکان کۆمەڵگا ئارام و خۆش دەژیت و کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییە ناخۆش و جەرگبڕەکان هەرەشەی لەبەریەك هەڵوەشانەوەی لیّ ناکەن.

٣- هەموو لایێك هەست بە دڵنیایی دەکەن و وڵات بەرەوپێش دەچێت.

٤- کۆمەڵگاش پشتگیری و چاوەدێری و کۆمەکی خوایی بۆ مسۆگەر دەبێت و بەهۆیەوەی بەهێز و سەرکەوتوو دەبیّ.

٥- ژیار و شارستانیەت دەچێتە پێش و نەتەوە بۆ تەمەنێکی درێژتر دەمێنێتەوە.

٦- دەستی دوژمن و ناحەزان دەبڕدریّ و کەس ناتوانیّ بە هیچ بییانوویێك دەست لە کار و بارە ناوخۆییەکانی نەتەوەی وەها وەربدات.

٧ـ ئەگەر هەموو لا دان بە مافی یەك دابنێن، چی دژایەتی و ڕق و قین و چەوسانەوەو شەڕە نادرووستەکانە، کە بە درێژایی مێژوو و بە تایبەت لە سەدەی ڕابردوو تا ئێستا ڕوویان دا، هیچیان ڕوویان نەدەداو هەموو گەل و نەتەوەو تاکێك مافی خۆی وەردەگرت و ئەو هەموو خوێن و گیان و سامانە ماددی و مەعنەوییە بە فیڕۆ نەدەچوون، بە نابەهەق لەنێو نەدەبران! !

نەبوونی مافی مرۆڤ

١ـ بڵاوبوونەوەی جیاوازی لە نێوان خەڵکی و بەوە بێئومێدبوونیان لە ژیان بە ئاسوودەیی و کارایی.

٢ـ بڵاوبوونەوەی تەمبەڵی و هەوڵنەدان وەکو پێویست بۆ بەرەوپێچشبردنی وڵات و نەتەوە.

٣ـ هەموو ئەو بەرهەمانەی لە برگەی پێشوو، کە بە هۆی دەستەبەرکردنی مافی مرۆڤ دەست دەکەوتن، بە نەبوونی مافی مرۆڤ، هەموو ئەو دەستکەوتانە دەفەوتێن و ژیان و شارستانیەت بۆ دواوە دەگەڕێنەوە.

تاكی مەدەنی و كۆمەڵگەی مەدەنی

یەك: تاكی مەدەنی

تاكی مەدەنی واتە - تاكی ژیاری (حەزاڕی) - .. كەسێكە بە ژمارەییێك بەهای ژیاری دەناسرێتەوە، بە هەموویان وای لێدەكەن: كەسێكی بێ زیان بێ، بەسوود بێ، ڕۆڵێك بگێڕێ لە بەرەوپێشبردنی ژیان، بەوەش دەبێتە نمونەیێكی باڵاو دەبتە شیاوی ئەوەی بە شانازییەوە چاوی لێ بكرێت.

ئەو سیمایانەی تاكی مەدەنی پێ دەناسرێنەوە

تاكی مەدەنی كەسێكە شوێن و بەهای درووستی خۆی لەو گەردوونەدا دۆزیوەتەوە، دەزانێ چییە و دەبێ چی بكات؟ بۆیە دەبێتە كەسێكی پاك و بەو سیمایانەی خوارەوە دەناسرێتەوە:

١- كەسێكە لێبڕاوەو ژیان بە گرنگ وەردەگرێ.

٢- ڕاستگۆیەو فێڵ لە خۆی و لە هیچ كەسێكیش ناكات.

٣- دڵسۆزەو لە غەمی بەرەوپێشبردنی خۆی و نەتەوەكەی و وڵاتەكەی و مرۆڤایەتییە بە شێوەییێكی گشتی.

٤- دەستپاكەو شتێك مافی خۆی نەبێ، بە ناهەق دەستی بەسەردا ناگرێ.

٥ـ ڕۆشنبیرەو بڕوای بە جیاوازییە ئاینی و نەتەوەیی و ناوچەیی و بیروڕا جیاوازەکان هەیە، ڕێز لە هەمووان دەگرێ و چارەسەری ناکۆکی و جیاوازییەکان بە گفتوگۆی درووست و ڕەچاوکردنی مافی هەمووان لە ژیاندا دەکات.

٦ـ کەسێکە دادگرەو ستەم نە لە خۆی و نە لە کەسی تریش ناکات.

٧ـ کەسێکە خۆشی بۆ خۆی و بۆ هەمووان دەوێت و ئەوەی بۆ خۆی حەزی پێ نەکات، بۆ کەسیشی ناخوازێ.

گرنگی تاکی مەدەنی

تاکی مەدەنی پێویستییەکی گەورەی کۆمەڵگای مرۆییە، هەر وڵات و نەتەوەییێك ژمارەی تاکە مەدەنییەکانی زۆرتر بن، ئەوا پێشکەوتووتر و جوانتر دەبن و زۆرتر دەتوانن ببنە نمونەی باڵا بۆ نەتەوەو وڵاتەکانی تر، چونکە:

١ـ ژیان بە هۆی تاکی مەدەنییەوە بەڕێوە دەچێ و بە هێمنی هەنگاوەکانی بەرەو پێشەوە دەچێ.

٢ـ کۆمەڵگا بە هۆی تاکی مەدەنییەوە بەسەر کێشەکانیدا زاڵ دەبێت و ئاسوودەیی و خۆشی و ئارامی باڵی بەسەردا دەکێشێت.

٣ـ دامودەزگا حکومی و ناحکومییەکان بە هۆی تاکی مەدەنییەوە بە تەواوی توانای خۆیان دەکەونە خزمەت گەیاندن بە وڵات و هەموو بووارە زانستی و کۆمەڵایەتی و ئابوریی و ئاینی و ڕۆشنبیرییەکان و ئەوانی دیکەش بە باشی دەبووژێنەوە.

٤ـ دامەزراوە سەرۆكایەتییەكانی وڵات خاوەن پلان و بەرنامەی ڕوون دەبن و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بە شێوەی ئاشتی و لە ڕێگەی سندوقی دەنگەوە ئەنجام دەدرێت.

دوو: كۆمەڵگەی مەدەنی

كۆمەڵگەی مەدەنی پێناسەی زۆری بۆ كراوە، لەوانە گرنگترینیان:

ـ كۆمەڵگەی مەدەنی دەفرێكە تەواوی دامەزراوەو ڕێكخراوە ناحكومییەكانی كۆمەڵگا دەگرێتەوە.

ـ كۆمەڵگەی مەدەنی هەموو شتێكە، دەوڵەت نەبێ.

ـ كۆمەڵگەی مەدەنی بنواری هاوبەندییە مرۆییە ناسەركوتكەرەكانە، كە لەسەر هەڵبژاردنی ئازادی تاكەكان دادەمەزرێ.

ـ كۆمەڵگەی مەدەنی گوزارشتە لە بەشداری ئازادانەی بە كۆمەڵی ڕێكخراو لە بنواری گشتیدا لە نێوان تاك و دەوڵەتدا.

كورتەییێكی مێژوویی

لە كۆتایی ساڵانی هەفتای سەدەی بیستەمدا، زاراوەی كۆمەڵگەی مەدەنی بووە یەك لەو زاراوانەی بە شێوەییێكی هەمیشەیی لەسەر زاری پێشەنگانی بزاڤە كۆمەڵایەتییەكان و بانگەشەكەرانی بیری دیموكراتی دووبارە دەكرایەوە، ئەوەش لەبەر چەند هۆیەك:

١ـ زۆربوونی وشیاری تاك بە مافەكانی مرۆڤ.

٢ـ ئارەزووی هاووڵاتیان بۆ بەدەستهێنانی زۆرترینی مافەكان.

٣ـ درووستبوونی بیری چاودێری خستنە سەر حكومەت و لێپرسینەوە لە بودجەو كارو چالاكییەكانی.

٤ـ دانانی چەند یاسایەك بۆ سیەسەتی حكومەت و لێكجیاكردنەوەی دۆسیەی عەسكەری وڵات لە دۆسیەی هاووڵاتیبوون و كاری مەدەنی.

٥ـ جەختكردنەوە لەسەر مافی هاووڵاتی لە بەشداریكردنی كارایانە لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەكانی كۆمەڵگا.

٦ـ جەختكردنەوە لەسەر مافی كەسانی لاواز و هەژاری نێو كۆمەڵگا.

(ئەمانی قەندیل) دەڵێت: لەگەڵ كۆتایی سەدەی بیستەم و دەركەوتنی سەدەی بیست و یەكیش كۆمەڵگای جیهانی بەهێزەوە بیرۆكەی كۆمەڵگەی مەدەنیی فەرزكرد و وای ژمارد، كە: كۆمەڵگەی مەدەنی بزووتنەوەییێكی كۆمەڵایەتی جیهانییە، دروشمەكەی بریتییە لە: (ئەی هاووڵاتیانی جیهان لە پێناو باڵادەستكردن و بەهێزكردنی كۆمەڵگەی مەدەنی یەكبگرن).

تایبەتمەندییەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی

١ـ كۆمەڵگاییێكە لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی ئازادانەی تاكەكانی دادەمەزرێ.

٢ـ بریتییە لە كۆمەڵێك ڕێكخراوی شارستانی ناحكومی.

٣ـ ڕێكخراوەكانی ئەو كۆمەڵگایە بۆ سوودی گشتینە نەك بۆ پڕكردنی گیرفانی هەڵسووڕاوانی.

٤- ڕێکخراوەکانی ئەم کۆمەڵگایە لە بنجدا لەسەر کاری خۆبەخش و بەشداری هاووڵاتیان دامەزراوە.

٥- کۆمەڵگاییێکە بەشداری دەکات لە تێرکردنی پێویستی و چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگا و کێشەی ئەو ئەندامانەی هەیەتی.

٦- کۆمەڵگاییێکە جۆرێك لە چاودێری دەخاتە سەر دەوڵەت و لە ڕێگەی فشار و سوودوەرگتن لە یاساوە داوای شەفافیەت دەکات و لە دژایەتی گەندەڵی دەوەستێ.

٧- جیاوازی قەبوڵ دەکات و دژی یەك جەمسەری دەوەستێ.

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

کۆمەڵگەی مەدەنی ژمارەییێکی زۆری ڕێکخراو لە خۆی دەگرێ، گرنگترینیان بریتینە لە:

١- کۆمەڵە و ڕێکخراوە ئەهلییەکان.

٢- نەقابە پیشەییەکان.

٣- سەندیکا کرێکارییەکان.

٤- یانە وەرزشییەکان.

٥- یانەو ڕێکخراوەکانی مامۆستایانی زانکۆ.

٦- پارت و حیزبە سیاسییەکان.

٧- یەکێتی پیاوانی کار.

٨- مزگەوتەکان و سەنتەرە زانستی و ڕۆشنبیرییە ئایینییەکان.

٩- ڕێکخراوەکانی قوتابیان.

١٠- ڕێکخراوەکانی ژنان.

١١- ڕێکخراوەکانی لاوان.

گرنگی کۆمەڵگەی مەدەنی

کۆمەڵگەی مەدەنی لەو ڕۆژەوەی لەو چوارچێوە نوێیەوە بانگەشەی بۆ کراوە، گرنگی گەورەی هەیە، ئەمە لەبەرئەوەی:

١- لە لایێك هەمیشە ڕۆشنبیری و بیری ژیاری بڵاودەکاتەوە، بۆ وشیاربوونەوەی تاکەکان و تێگەیشتن لە ماف و ئەرکەکانیان.

٢- لەولاوە جەماوەری حیزب و ڕێکخراوەکانیش، دەکاتە چاودێر بەسەر یەکتری و بەسەر حکومەت و ئۆرگانەکانیشی، لەوەی کەوا چەندە شەفافن و چەندە پڕۆژەو کارەکانیان دەڕژێتە خانەی بەرژەوەندی گشتی.

٣- بە هەموو ئەوەش کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی و تاکی مەدەنی، دەبنە پێویستییەکی سەردەم و جێگەی بایەخ دەبن.

سەرچاوەکان

یەکەم : سەرچاوەکانی کوردۆلۆجی

١- ئـەکرەم قـەرەداغی، بیبلۆگرافیـای کـورد و کوردسـتان، سـلێمانی، ١٩٩٩.

٢- فەرهاد پیربالّ، زێڕی ناو زبلّ، سلێمانی ١٩٩٩.

٣- کلثومة جمیل عبدالواحد، کردسـتان فـی عهـد الساسـانیین، اربیـل، ٢٠٠٧.

٤- کاوە هاوراز، رۆژهەڵاتناسی، هەولێر، ٢٠٠٣.

٥- هـەروەها کتێبـەکانی (تـاریخ الطـبری، کامـل فـی التـاریخ، صـورة الارض، البدایة و النهایة).

دووە م: سەرچاوەکانی بەشی جوگرافیای کوردستان

١ـ د.عەبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای کوردستان، چاپی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.

٢ـ د. نیشتمان بشیر، الکورد والسلاجقة، نامەی دکتـۆرای پێشکەشـکراو بە بەشی مێژووی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠١.

٣ـ کوردسـتان و کـورد، د. عەبـدولڕەحمان قـاسملۆ، لـە بڵاوکراوەکـانی بنکەی پێشەوا، ١٩٧٣.

سێیەم : سەرچاوەکانی بەشی زمان

١- د.ئــەوڕەحمانی حــاجی مــارف، فەرهــەنگی زاراوەی زماننـاســی، سلێمانی ٢٠٠٤.

٢- جـەمال نەبــەز، زمــانی یــەکگرتووی کوردی،یــەکێتی نەتــەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بڵاوی کردۆتەوە،ئەلمانیا،بامبێرگ، ١٩٧٦.

٣- د.بــەکر عومــەر عــەلی و شــێرکۆ حەمەئــەمین، زار و شــێوەزار، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٤- حوسێن محەمەد عەزیز، سـەلیقەی زمانـەوانیی و گرفتـەکانی زمـانی کـوردیی، بەڕێوەبـەرێتی گشـتی چـاپ و بڵاوکردنـەوە، چـاپخانەی کـارۆ، سلێمانی،٢٠٠٥.

٥- زبێـر بـیلال، مێـژووی زمـانی کـوردی،وەرگێڕانی لـە عەرەبییـەوە یووسف رەئوف عەلی، (دار الحرية للطباعة)، بەغدا، ١٩٨٤.

٦- سـەلام نـاوخۆش، فەرهـەنگی ئۆکسـفۆردی نـوێ، چـاپی سـێیەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٧- سەلام ناوخۆش، پێنج دیدار لە بارەی زمانی ستاندەرەوە .

٨- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، زمانەوانی، بەرگەکانی (یەکـەم و دووەم و سێیەم)، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩.

٩- سەدیق بۆرەکەیی، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی، یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨.

١٠- شـەرەفخانی بدلیسـی، شـرفنامە، هـەژار کردوویـەتی بـە کـوردی، چاپی یەکەم، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا،١٩٨١.

١١- د. علی عبدالواحد وافـی، علـم اللغـة، دار نهظـة ر لطباعـة و النشـر، ١٩٦٧.

١٢- د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، سەرنجێ لە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی،چاپی یەکەم، چاپخانەی (سلمان الاعظمی)،بەغدا، ١٩٧١.

١٣- د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ،بۆ زمان، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە،چاپخانەی شڤان، سلێمانی،٢٠٠٥.

١٤- فەرهاد پیربال، ئینجیل لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا، دهۆك، ١٩٩٩.

١٥- فوئاد حەمە خورشید، زمانی کوردی دابەشبوونی جوگرافیای دیالێکتەکانی، و: حەمە کەریم هەورامی، بەغدا، چاپخانەی (افاق العربیه)، بەغدا،١٩٨٥.

١٦- قەیس کاکل، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان، دەزگای موکریانی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.

١٧- د.کەمال فوئاد، زاراوەکانی زمانی کوردی و زمانی ئەدەبی و نووسینیان، گۆڤاری زانیاری، ژ.٢، بەغدا، ١٩٧١.

١٨- کوردۆ ئەحمەد، فێربوونی زمانی فەرەنسی بە ئاسانی، هەولێر، ٢٠٠٤.

١٩- گۆڤاری هاڤیبوون، ژمارە(١٩-٢٠)،٢٠٠٨.

٢٠- گۆڤاری زمانناسی، ژمارە (٣)، ٢٠٠٩.

٢١- محەمەد ئەمین هەورامانی، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراورددا،دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا،١٩٨١.

٢٢- محەمـەد ئـەمین هەورامانی،مێـژووی ڕێبـازی زمـانی کـوردی، لـە بڵاوکراوەکـانی مەڵبەنـدی رۆشـنبیری و کۆمەڵایـەتی انکـۆی سـەلاحەدین، ١٩٩٠.

٢٣-محەمەد ئەمین هەورامانی،سەرەتاییێك لە فیلۆلۆژی زمـانی کـوردی، بەرێوەبەرایـەتی گشـتی ڕۆشـنبیری کوردی،چـاپخانەی مەعاریف،بەغـدا، ١٩٧٤.

٢٤- محمد معروف فتاح، زمانـەوانی، زانکـۆی سـەلاحەدین، چـاپخانەی دار الحکمە، بەغدا، ١٩٩٠.

٢٥- نافیع دیبەگەیی، بنەماکانی رێنووسـی کـوردی لاتینـی، سـلێمانی، ٢٠٠٦.

26ـ نـەریمان عەبـدوڵلا خۆشـناو(٢٠١٠)، ڕێزمـانی کـوردی ـ بەشـەکانی ئاخاوتن، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

27 ـ نەریمان خۆشـناو، ئـەرك و گریمانـەکانی زمـان، گ. زانکـۆی نـوێ، ژ.(٢٦)، تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ٢٠٠٧ .

28ـ د.نـەریمان عەبـدوڵلا خۆشـناو(٢٠١٣)، زار و زمـان، چـاپی یەکـەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

سەرچاوە ئینگلیزییەکان

1-Aitchson,j, 1993,Linguistics,London.

2-Crystal,D, 1993 , Language and Languages, London.
3-Fromkin,v,Robert Rodman and Nina hyams;2003,An introduction toLanguage,7th ed.
4-Wardhaugh,R,1990,An introduction to sociliinguistics, Cambridge.
5-Yule,G.2006.The study of Language,3rd ed, Cambridge.

سەرچاوەکانی هەردوو بەشی (ئەدەب و ڕەوانبێژی) بریتین لە:

یەکەم: کتێب بە زمانی کوردی:

١ ـ ئەرِیستۆتلس، هونەری شیعر (پۆیتیکا)، و: حەمید عەزیز، سلێمانی ٢٠٠٥

٢ ـ د. شوکرییە ڕەسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب،مطابع التعليم العالي، هەولێر، ١٩٨٩.

٣ ـ عەلائەدین سەجادی، مێژووی پەخشانی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٠.

٤ ـ هۆراس، هونەری شیعر، و: حەمید عەزیز، چاپی دووەم هەولێر ٢٠٠٥.

دووەم: کتێب بە زمانی عەرەبی:

٥ـ د. احمد مطلوب، البلاغة العربية، مطبعة جامعة الموصل، الموصل، ١٩٨٠.

٦ــ أرسطو، الخطابة، ت: د. عبدالرحمن عبدي، دار الرشيد للنشر، بةغداد، ١٩٨٠.

٧ـ الخطيب القزويني، الأيضاح في علوم البلاغة، طبعة ايران، دون سنة الطبع.

٨ـ سعدالدين التفتازاني، شرح المختصر، الجزء الثاني، ايران، دون سنة الطبع.

٩ـ د. محمد حسن عبدالله، فنون الأدب، دار الكتب الثقافية، الكويت، الطبعة الثانية، ١٩٧٨.

١٠ــ محمود البستاني، القواعد البلاغية، ط ١، طبعة ايران، دون سنة الطبع.

١١ــ د. ميشال عاصي، الفن والأدب، الطبعة الثانية، المكتب التجاري للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت،١٩٧٠.

١٢ـ د. ناصر الحاني، المصطلح في الأدب الغربي، منشورات دار المكتبة العصرية، صيدا- بيروت، ١٩٦٨.

١٣ـ يوسف ابو العدوس، البلاغة والأسلوبية، الطبعة العربية الأولى، الأهلية للطباعة والنشر، عمان، ١٩٩٩.

١٤ــ يوسف المنجم، موسوعة الأمثال الشعبية (الجزء الأول)، من الأنترنيت.

١٥ــ (M.labbe Gi. Vincent)، نظرية الأنواع الأدبية، ت: د.موحسين عون، جزء الأول، مطبعة دار النشر للثقافة، قاهيرة، ١٩٧٨.

سێیەم: ئەو کتێب و سەرچاوانەی نموونەیان لێ وەرگیراوە، بریتینە لە:

دیوانەکانی: ١٦ـ ئەحمەدی کۆر، ١٧ـ بێخود، ١٨ـ بێکەس، ١٩ـ پیرەمێرد، ٢٠ـ حەسەنی دانیشفەڕ، ٢١ـ خورشیدە بابان، ٢٢ـ دەشتی، ٢٣ـ شێخ ڕەزای تالەبانی، ٢٤ـ شاربازێری، ٢٥ـ قانیع، ٢٦ـ گۆران، ٢٧ـ مەلای جزیری، ٢٨ـ موفتی پێنجوێنی، ٢٩ـ نالی، ٣٠ـ نوری وەشتی، ٣١ـ هێدی،... هەروەها هەریەکە لە:

٣٢ـ ئازاد دڵزار، حاجیلەکانی دەشتی هاموون، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.

٣٣ـ ئەژی گۆران، نەبا غەریبێ جێت بگرێ، چاپخانەی ئەسعەد، بەغداد، ١٩٧٨.

٣٤ـ ئەنوەر قادر محەمەد، زایەڵە، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی فەرهەنگی سوێد، ١٩٨٨.

٣٥ـ حەمید گەردی، گوڵێك لە گوڵستانی کوردستان، پەندی کوردی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٢.

٣٦ـ خەلیل محەمەد دهۆکی، تە چ ڤیاو من نەزانی، دار الحریە **للطباعة**، بەغدا، ١٤٠٢ هـ، ١٩٨٢.

٣٧ـ سەباح ڕەنجدەر، شەڕی چڵ ساڵە، ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.

٣٨ـ سعاد سلێڤانەیی، سۆزما، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، سپیرێز، ٢٠٠٦.

٣٩ــ عەبـدولڕەحمان بـێلاف، گوڵـدانی فرمێسـك، هـەولێر، چـاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٦.

٤٠ـ د. عەلی شەریعەتی، یەك لە پـەنای خـاڵ و سـیفڕی بـێ بڕانـەوە، و: هەژاری موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٤.

٤١ـ عومەر سەیدە، بەرەو شێت بوون، چاپخانەی وەزارەتی پـەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.

٤٢ـ مارف ئاغایی، زەوی سـەخت و ئاسمـان دوور، چـاپخانەی شـوعاع، تەورێز، ١٣٧٧ هـ.

٤٣ــ مــەلا عەبـدی، نازنـاوی شـاعیرێکی میللـی دەشـتی هــەولێرە، (دەستنووس)

لەگەڵ گەلێ سەرچاوەی تـریش، کـە ئەگـەر ڕاسـتەوخۆش سـوودیان لـێ وەرنەگیرابێ، ناڕاستەوخۆ سـوودیان لـێ وەرگـیراوەو لێـرەدا ئاسـان نییـە درێژە بە ناونیشانی هەموویان بدەین.